

مەحموود
دەوڵەت
ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی
حەوتەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
١
و: سیامەند شاسواری

ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

# زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ــ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




# بەرگی حەوتەم

٢٢٣٥

کەلیدەر

بەرگی حەوتەم

# بەشی بیست و یەکەم

## بەندی یەکەم

با!

چەماو و توند و خۆڕاگر، عەبدۆس یاڵ و شانی دابوویە بەرەوە و هەنگاوی لە ناو گژەباکەدا ئەنا. شاقەلەکانی کەوا سەڵتەکەی لە پشت پێیەوە زۆر بە توندی ڕائەشەکا و لە ڕۆیشتنی وەک مەلەکردنی لە ناو بادا، بە هەر هەنگاوێک ئەژنۆی ئەچەمایەوە. لە گژەباکەدا، بەو جۆرەی کە لم و ڕێگە و بیابانی داگرتبوو، عەبدۆس لە تاقە دارێک ئەچوو هەوڵێکی دژوار و سەخت ئەدا، خۆی لە بەر هێرشی باهۆزەکەدا ڕابگرێ.

پۆل پۆل پێ و سم و ناڵ، سیکەسیکی سینە و تەڕاد و یاڵ، زرینگە زرینگی زنجیر و پۆستاڵ و مامزە، فیشەفیشی پەلکی لووت و هەزار هەزار ماینی بۆر لە پانتایی هەزار مەیدانی بیابانی، با. گسکدەر و بەزەبر و بەلەز، ئەتوت خەوش و خۆڵ و دڕک و داڵی لە بن هەڵکێشاوە و بۆ هەر کوێ و ناکوێی ئەبا. چی هەبوایە لە گژەباکەدا لوولی ئەدا و ئەچەمایەوە و ئەخولایەوە و ئەوەی وەکوو گزیچار و چاڵووک پەرت و پەلا و لێرە و لەوێ خۆیان ڕاگرتبوو و بەناچار -عەبدۆس ئاسا- لە خەم و چەمێکی بە ئازاردا، بە ڕق ئەستووری و دژواری، خۆیان لە بەر گوژمی گژەباکەدا ڕاگرتبوو.

با، نەک هەر وشکە با بوو و نەک هەر تەنها خۆڵەبا بوو و نەک

تەنها هەر ڕەشەبا بوو.

با، بای خەزەڵوەر بوو. پایز، سەری بە ئاژاوەی هەڵێنا بوو.

لە گژەباکەدا، چەپکی زیوین و ڕێکوپێکی پرچی عەبدۆس، لە دەرەوەی کڵاوە لبادە سوور وشترییەکەی بە شێوەیەکی پەرێشان ڕائەتەکا. پێڵوەکانی نەختێ ئاوسا بوون و بۆ ئەوەی بتوانێ چاوەکانی لە زەبری نەرمەلم و خۆڵ بپارێزێ، ئەوەندە هاتبوونەوە یەک دەمی تیژی خەنجەر مەگەر بە ئاستەم بە نێوانیاندا تێپەڕ بوایەت. لە ئەنجامی هاتنەوە یەکی پێڵووەکانی، چرچی قەراخی چاوەکانی، زۆر قووڵتر خۆیایان ئەکرد. لێوەکانی وشک و لێک نووساو، لووتی کشاوی کەوتبوویە سەر سمێڵە بۆرەکەی، چەناگەی کشاو و زیاتر هاتبوویە پێشەوە، ئێسکی لاجانگەکانی لە مووی ماش و برنجی قەراخ گوێکانی دەرپەڕیبوو و بە هێڵێکی لار و دیار ئەخزانە ناو گۆنای تازە تاشراوی و بەرەو چاڵی ژێر گۆنای بە لێژێیەکی کشاو گرێ ئەدرا بە قاپی ئەستوور و ڕەقی شەویلکەی بنەوەی. لە دوو لاوە چەرمی دەمارەکان، ملیان دا ئەدووری بە دەفەی شانیەوە.

نووکی سێوکەی بن ملی عەبدۆس، وەک هەمیشە لە بن تێخی دەلاکدا بریندار ببوو و شوێنی برینەکە بە توێژێکی تۆز داپۆشرابوو. هەرچەند چەقۆی بەپەلە و تۆپزی دەلاکی ناودالانی کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا ئەمجارەیان برینێکی تریشی لە سەر گۆنای چەپی عەبدۆس بەجێ هێشتبوو، بەڵام تاشینی ڕیش و دەور مل و پاشانیش شۆردنی لەشی ماندوو لە گەرماوی چۆڵی دەمەو بەیان، گیانێکی تازە و سووکەڵەی بە کابرای لە حەپس بەردراو دابوو؛ بەڕادەیەک کە بۆ خواردنی پاروەنانێکیش لە شار ڕانەوەستابوو -چونکە نان لە ڕێگەشدا ئەجاورێ و- یەکسەر کەوتبوویە ڕێ و بۆ ئەوەی بگاتە قەڵامەیدان، خۆی دابوو بە دەس ڕێگە و بیابانەوە:

«کۆچی بەرەو گەرمێن ئەبێ کۆتایی هاتبێ!»

عەبدۆس بیستبووی کە گوڵمحەمەد لە قەڵامەیدان ناوەندی دانابوو و، کێ بوو ئەوە کە نەزانێ گوڵمحەمەدی کەلمیشی لە داوێنی

بەرانەکێو و دەوروبەری سەنگرد و گوند ئاواییەکانی دامێنی سوڵتان بێجوقەیە؟ لەم بارەشەوە عەبدۆس کەم بیری لێ نەکردبوویەوە. ئەوەندە و ئەو ڕادەیەی گوڵمحەمەد ناوبانگی دەرکردبوو، لە ئەندێشەی عەبدۆسدا ئێستە ئەو قۆچ-بەرانە بوو بە جوقەیەک لە جەنگەڵی شاخ، وەستاو لە سەر بەرزترین لوتکەی کێو بە دفرەیەکی سەرخۆش و بڕوایەکی بێخەوش، قەف قەف لێژایی کوێستان و، دامێن دامێن گردی لمینی بنارەکان و، بڕە بڕە شیو و سارا و، پەنجە پەنجە درەختەکان و، مەیدان مەیدان دەشت و دێم و بیابانی خستۆتە بن نیگای و لێی ڕاماوە، بە بەرە سمدەستێکی شۆخ، پێستی خاراوی کێو ئەخورێنێ.

«دووکەڵی بالاّ بڵیندی نان، لە تەنووری ماڵەکانی خەڵکەوە تەنوورەی بەستبوو.»

ئەو هەموو پیاهەڵدان و ئەفسانەیەی عەبدۆس سەبارەت بە ناوبانگی شکۆمەندیی و گەورەیی خوشکەزا بیستبووی، نەی ئەتوانی شانازی بە خۆیەوە نەکات. گوڵمحەمەد دەمەکانی پڕ لە ناوی خۆی کردبوو. خەڵکی بە ناو گوڵمحەمەدیان بانگ ئەکرد و بە گومان بۆی ئەگەڕان. لە سایە و سێبەری دیوارە کۆنەکاندا و لە هەتاوی بەتاوی کێڵگەدا، لە مێرگی دەشتەکانی لۆکە و بێستانی تەڕەکاڵ و هەروەها لە پاڵ ئاخوڕ و سەراوی مەڕەکاندا، لە ڕێگە و لە ناو تۆزی سمی ئەسپاندا و ڕێگەی نێوان وچانە و وچان و، لە قەراخی قورسی شەوانە، لە تەنگی ئێوارەی دووکانە تاریکەکان و لە بن تێخی سەرتاشەکان، لە پرسەی کەسانیاندا، ناوی گوڵمحەمەدیان ئەوتەوە. سەرە ساکارەکان لە هەموو جێیەک باسی گوڵمحەمەدیان ئەکرد؛ باسی هیوا و ئومێد و ئارەزووەکانی خۆیانیان ئەکرد لە بیچم و کەسمی گوڵمحەمەددا.

ئەم گوڵمحەمەدە بەڵام کێ بوو؟

ئەمە پرسیاری هەموان بوو بە تامەزرۆیی ناسینی گوڵمحەمەدەوە. بەو مەرجەی کە هەڵکشاوی و شکۆی پیاو ببینن

و ئەو بینین و یادە لە یادیاندا وێران نەبێ. چونکە گوڵمحەمەد بۆ مەردم، بۆ دەسکورت و نەدار، بۆ ئەو جەماوەرە زۆرە و ئەو خێڵە مەزنەی هەزاران هەزار چاوی چاوەڕێی ڕزگاریدەر، نموودێکی جێگە هیوا و پێگەیشتوو بوو. ئومێدێکی زیندوو بوو. تاودانەوەی ڕۆشن و ئاشکرای ئارەزووە سەرکوتکراوەکان بوو. ئەوینێک بوو. ئەوینێک کە لە خاک ڕووا بوو. لە خاکەوە ڕوا بوو و لە خاکدا خەملا بوو و ئەم ئەوینە پڕ ئومێدە کە لە هەناسەدانی خەڵکیدا هەناسەی ئەدا، نەی ئەتوانی زمانە و زمان بە تاریکستانە تەنگ و دژوێن و دڕنیەکانی زینداندا بگەڕێ و تێپەڕ ببێ، بە بێ چنگ وەردان لە سینەی عەبدۆس، هەر بەو جۆرەی کە عەبدۆس نەی ئەتوانی بە بێ هوروژمی شالاوی شەوق بۆ ناو دەمارەکانی، ناوبانگی پڕ لە شانازیی هاوگیانی خۆی ببینێ و لێی لابدات.

«ئەی بەرەکەت لەو شیرەت بێ، بڵقیس!»

لەگەڵ ڕابوون و ڕاسانی گوڵمحەمەد، عەبدۆس بە نووکی درەوش و گەرمای قامچی و هەروەها بە نەشتەری جنێو، ئاگادار کرابوو و ئەمە هەمان ئەو کاتە بوو کە گوڵمحەمەد لە کونی دیواری زیندانەوە خۆی دەرباز کردبوو. تاودانەوەی کردار و کردەوەی گوڵمحەمەد بەو جۆرەی کە دەنگی دابوویەوە، نموودێکیتری گوڵمحەمەدی لە ئەندێشەی عەبدۆسدا نەخشاندبوو. نەخش و نیشانێک لەوپەڕی ئەوەوە کە عەبدۆسی شوان لەمەوبەر لەسەریدا بوو. ئەوەی عەبدۆس بەر لەمە دەربارەی یاخی ئەیزانی، تارماییەکی گوماناوی و ڕواڵەتێکی دزێو بوو لە ڕق و تووڕەیی و کرێتی کە ڕوخسارە دیارەکەی چەتەگەری و تالان و برۆ بوو. چنگ و چاوی خۆ مەڵاس داوی خەم و پێچی ملە و ناوڕێ، تینووی هێرش و پەلامار. تارماییەکی ترسناکی ئەو کەسانەی نەخۆش و لەوپەڕی خۆیدا بێبەزەیی. دڕندەی دووپێ، سەد ددان و هەزار چنگاڵ. دز، بە گەورەیی شمشێرە گەورە ژەنگ گرتووەکان. دزانی هاولانەی دڕندەکان. ئەو ناکەسانەی کە بە بێ بیرکردنەوە لە کەڵپە خوێناوییەکان، بە بێ بینینی خەنجەری نینۆکەکانیان نەت

ئەتوانی وێنەیەکی تریان لە زمانی گێڕانەوەدا لێوەربگری.

بەڵام ئەو جۆرەی کە بە هەموو لایەکدا بڵاو ببۆوە، گوڵمحەمەد، نە لەو دڕندە دوو پێ و سەد ددانانە بوو و هەروەها نە هاولانەی دڕندەکان. گوڵمحەمەد دەستی پارێزەر بوو و خەڵکی بیابان نەک هەر بەدەستیەوە وەڕەز نەبوو، بەڵکوو لە سایەی ئەودا ڕێژەن و فراوانی ڕۆزییان دەسکەوتبوو. هەرچەند هێشتاش بەو ڕادەیە لە بڕوا نەگەیشتبوون و هەروەها ئەو جەربەزەیان پەیدا نەکردبوو کە ئامێزی یارمەتی بۆ بکەنەوە. بەڵام نەشیان ئەتوانی بیشارنەوە شادمانی خۆیان لە بینین و بیستنی ئەوەی کە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە لە ترسی گوڵمحەمەد کەوتوونەتە پەلەقاژێ. کە ئەیان بینی و ئەیان بیست هەموو ئەوانەی خۆیان فش ئەکردەوە، ئێستە لە ڕێگەی مەرایی و زمانلووسیەوە هەوڵئەدەن خۆیان بە یار و ئاشنا و هاوپیاڵەی گوڵمحەمەد بناسێنن و وای پیشان بدەن کە لە ژێرەوە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ کوڕی کەلمیشی لە ڕووی هاوکارییەوە، هەرچەند ئەم خۆنواندنە ڕێگەی لەوە نەئەگرت گوڵمحەمەد باجی خۆی لەوانەش وەربگرێ.

ئەو یاخیانەیتر کە عەبدۆس ناوبانگی بیستبوون، هەموو هەوڵیان ئەوە بوو بچنە ڕیزەوە و ببن بە هاونشینی داراکان و خاوەن دیوەخان و بەرەنجامی کاریشیان ساردبوونەوە بوو بە گوللەیەکی گەرم لە پێچی ملەیەکدا. زۆری تریشیان ئەنجامەکەیان سەرشۆڕ کردن و خۆ بە دەستەوەدان بەدەست دەسەڵاتی با و، وەرگرتنی پسوولەی تاوانکردن لە دیوانی میری و بوون بە تفەنگدار لای حکوومەت. بۆ ئەوەی بتوانن بە بێ ترس و خەمی تەمێ بوون درێژە بە چەتەیی و تالانکردن بدەن، بەو جۆرەی کە جیهەنخان کردبووی و بەو جۆرەی کە ئەیکرد ئێستاکانێ!

گوڵمحەمەد بەڵام بەو جۆرەی لە گوێ و زمانی خەڵکدا بوو؛ ڕێگەی بۆ عەیاری دەرئەبرد و بە گومانی خەڵک گوڵمحەمەد خودی قانوون بوو. ڕابوو و ڕاساو و دژبەر لە بەرامبەر دەوڵەمەندەکان و مل

بەکوێن و دەسگرەوەی هەژاران و نەداران. گوڵمحەمەد، ئەم قانوونە نەناسراوە، عەیارداوەریی بە گوێ و بەچاو وەرئەگرت و فەرمانی دادوەرانەی خۆی بە دەست و بە زمان بەڕێوە ئەبرد. بەو شێوازەی کارکردن و بەو پێوانەی کردار کە گوڵمحەمەد هەڵیبژاردبوو، ئەو جۆرە داوەری و کار بەڕێوە بردنە بە کام و دڵی ئەو خەڵکە بوو کە هەزاران ساڵە، ئەوەندەی چاویان لە جوامێر بوو، خودی ڕاستی و ئەوپەڕی ڕاستەقینە بوو:

«دەستی ئەو دزە ببڕدرێ و قاچی ئەو یەخسیرە بکرێتەوە.»

عەبدۆس لە هەمان کاتدا شتۆکەیەکی دڕدۆنگی لە هەنگاونانیدا هەبوو. دوودڵی و ترس و گومانی ئەوەی مایەی تێڕامان بوو و ڕەنگە ببێتە هۆی ناڕەزایی. دەنگی گومان و دڵەخورپێ لە بەرەنجامی کار و کرداری گوڵمحەمەد، یان خۆفی ئەوەی کە گوڵمحەمەد بە تەقەی گوللەیەک -پڵینگی هۆگری مانگ- لە سەر شاخی هەزار بە هەزار بەر ئەبێتەوە، یان مل بۆ مەزنی و شکۆی دەسەڵات کەچ ئەکات و وەک گورگێکی ڕام بە چۆکا دێت؟!

«وا نەبێت و واش. نە ئەم و نە ئەو؟!»

ڕێگەیەکیتر. عەبدۆس، ئارەزوومەندی بەرەنجامێکیتر بوو. هیوا خوازی ڕێگەیەک کە خۆشی نەی ئەزانی چۆنە و تاسەمەندی ئەنجامێکی نامۆ و خۆزگەیەکی نادیار. ڕیشەی لە ڕۆژگارانی دێرینی پڕ لە دژواری و دەرد. حەزێکی نامۆ، ئارەزوویەکی پێوار. نەزانای ویست و خواستی خۆی.

ماراڵ و دلاوەر چییان لێ ئەهات و هەمیش دلاوەر و گوڵمحەمەد؟!

ئەوەی عەبدۆس لە دلاوەر و گوڵمحەمەد لە حەپس دیبووی و بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو، سەرەڕای ئەو هەمموو خۆڕاگری و ژیرییەی گوڵمحەمەد پیشانی دابوو، دڵنیای نەئەکرد کە ئەو ململانێ نهێنی و ئاشکرایە، کۆتاییەکی ئارامی هەبێ. چونکە ئەوەی ڕووی دابوو کێشەیەکی نیوەکارە بوو و ئاڵوسکاو و هەرگیز نەی ئەتوانی

لە ئەندێشەی عەبدۆسدا بە بێ نیگەرانی بێ. ئاڵۆزتر لە هەمووی ئەوە بوو کە عەبدۆس نەی توانیبوو شوێنی خۆی لەو هاوکێشەیەدا بدۆزێتەوە. لەو گەردەلوولەی لە هەڵچووندا بوو، عەبدۆس خۆیشی هێشتا نەی ئەزانی کێیە و چکارەیە و، نەی ئەزانی چ دۆخێکی هەیە و لە چ هەڵوێستێکدا ئەبێ بوەستێ. نەی ئەزانی چی لە دەس دێ و ئەبێ چی بکات؟

ون لە ئەندێشەی خۆیدا و وون لە گژەبای بیاباندا!

ڕەنگە ئێوارە نزیک ببوویەوە، لەو ڕووەوە کە با شین هەڵگەڕابوو و وا پێ ئەچوو ڕەنگی گۆڕیوە. ڕەنگە ئێوارە بوو. بەڵام نە هیچ نیشان و ئاسەوارێک لە ئاسمانی تەنگ و مۆندا هەبوو کە عەبدۆس، ئەم پەروەردەی بیابان و با و بارینە بتوانێ کاتی ڕۆژ دیاریی بکات. بە ناچاری لە بەرامبەر لمەکەدا هەڵوەستەیەکی کرد، ڕاما و کەوتە گەڕان بۆ بەرجەوەنی گوندێک، ئاواییەک، یا خود گیانلەبەرێک یان نموودی قەڵاتێک. هیچ بەڵام، هەر هیچ. هیچ دیار نەبوو و نەبوو، مەگەر بیابان و با. مەگەر با و مەگەر بیابان. ڕێگە و دیسان ڕێ. ئەو شۆپ و شوێنەوارەی بۆی ئەگەڕا مەگەر ئەیتوانی بیدۆزێتەوە؟ ئەوەی لە سەر خاک بەژێر خاکەوە ببوو. مەگەر زەوییە کێڵراوەکان کە وەردی ڕوخساریان بە توێژێکی خاکی گژەبا داپۆشرابوو، نیشانە و ڕێگەیەک بوون بەرەو ئاوەدانی. کێڵگەکانی قەراخ ڕێ، وزەی تازەی ئەژنۆکانی عەبدۆس بوون:

«تا قەڵامەیدان ئەبێ زۆری نەمابێ!»

جەمسەری یەکەم کۆڵان، یەکەم پەنای با بوو کە عەبدۆس پێی نایە ناو دێ و تۆز و خۆڵی لکاوی سیلەی چاوەکانی بە دڵی پەنجەی سڕییەوە. ئەمەش ئاوی ڕەوان هەرچەند بە زەلیلی و بە ڕوخسارێکی تۆزاوییەوە بە شیوەڵی جۆگەکەدا تێ ئەپەڕی. شادی و شادمانی لە سەیرکردنی ئاوەکە، ناخی گەش ئەکردەوە نەشی ویستایەت. عەبدۆس دەسبەجێ لە قەراخ ئاوەکە دانیشت و پەردەی تۆز و خۆڵی لە چاو و ڕوخسار و بناگوێی شۆردەوە.

چەند بەنرخ و چەند بەبەها! ئەتوت مرۆڤ ئەکا بە یەکێکیتر. هەروەک مارێک کە کراژ ئەخات. کونەکانی پێستی ڕوخساری عەبدۆس بە گەشی و تازەیی هەناسەیان ئەکێشا. هەستی جەوانی. پاش شۆردنی دەموچاوی عەبدۆس ئەیتوانی هەڵسێ و وەک بڵێی ماندوێتی ڕێگە هیچ کارێکی تێنەکردبێ، هەواڵی کەسوکار و خزمەکانی بپرسێ. کەلمیشیەکان!

لەم کاتە نامۆ و لە پێچ و خولی ئەو گژەبایەدا کە ئەتوت ئەیەوێ شەو و ڕۆژ لێک بئاڵێنێ، چاوەڕێ ئەکرا خەڵکی سەریان بردبێتە ژوورەوە و کەس لە کۆڵان و ڕێگەوبان‌دا نەبینرێ. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی عەبدۆس ئەی بینی ئەم و ئەو خۆیان لە کەسەخەوە ئاڵاندووە و وەک بڵێی بۆ مەبەستێکی تایبەت، بەرەو مەیدان ئەڕۆن و لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان، دەنگی جاڕدان بە دەم باوە پچڕپچڕ ئەبوو و جەماوەری بانگ ئەهێڵا بەرەو مەیدانی قەڵا:

ــ دزەکان ... ئەهێنن بۆ... مەیدان... مەیدان... ئەهای...

عەبدۆس دەسرەی لە گیرفانی دەرهێنا، بە پەلە پێڵوو و مژۆڵی سڕییەوە و پاشان لە کاتێکا وەک هەمیشە دەسرەکەی بە دەور مل و بن چەناگەی‌دا ئەهێنا ڕابوو و لەتەک تاک و تەرای خەڵکەکە بەرەو مەیدان کەوتە ڕێ.

مەیدان پڕ بوو لە حەشامات و با. ژن و پیاو و مناڵ. چەند چەند و پۆل پۆل لە هەموو لایەک وەستابوون. عەبدۆس بەرەو کەناری دیوارەکە چوو و لە لای چەند پیاوەوە کە خەریکی تەماشای ئەوە بوون کە هێشتا ڕووی نەدابوو، وەستا. گەنجە شەل -کازم- بە شەلەشەل لە ناو ئاپۆرەکەدا خولەی ئەهات و بە دەمی ئاوەڵە و چاوانی پڕ لە پێکەنینی، مزگێنی ئەدا بەم و بەو:

ــ ئەیانهێنن، ئەوەندەت نەزانی هێنایانن سەگبابانە!

ــ وەرە بزانم میرزا کازم! وەرە بزانم چ هەواڵ و مژدەیەکت پێیە کە کردووتەتە سەربان و جاڕ ئەدەی؟

کازم بەرەو لای دەنگەکە شەلی و وتی:

ــ گەنە دزەکانیان دوێشەو گرتووە. خەریکن بە ناو گونددا ئەیان گەڕێنن. خودی گوڵمحەمەد خان فەرمانی داوە بە ناو گوند و ئاواییەکاندا بیانگێڕن بۆ ئەوەی جەماوەر بیانبینن و تف و نەحلەتیان بکەن. ئێستەش ئەوا ئەیانهێنن بۆ ئێرە. لە ڕێگەی سەرمەزارەوە وا بەڕێوەون!

کازم جارێکیتر کەوتە ڕێ و شەلەشەل دوور کەوتەوە بۆ ئەوەی زمان بە زمان هەواڵەکە بە پۆل پۆلی خەڵکی چاوەڕوان ڕابگەیەنێ و عەبدۆس پاش ڕوونکردنەوەی گەنجە شەلە، بەر گوێی کەوت:

ــ ئاسایشیان لە ڕێگەوبان هەڵگرتبوو!

ــ هەژارکوژ بوون!

ــ رەبەن و نەداریان ڕووت ئەکردەوە، ناپیاوانە.

ــ خۆیان لە قەرەی داراکان نەئەدا!

ــ نەیان ئەوێرا!

ــ تەنها باسی جەربەزە نییە، سروشتیان خوێڕیانە بوو، خاڵۆ گیان.

بانوو کە ماوەیەک بوو خۆی بە دایەنی گوڵمحەمەد ناودێر کردبوو، بە شەوق و شادمانی بە ناو ئاپۆرەکەدا ئەگەڕا و ئەیوت:

ــ ئاخرەکەی گەیشتن بە قسەکەی من؟ گەیشتن؟ هەر ئێستە ئەبینن. هەر ئێستە بەچاوی خۆتان ئەبینن کە ئەم گەنەدزانە کێن. ئەموت، من ئەموت... بەڵام ئێوە گومانتان لە قسەی من هەبوو. ئێستە ئەبینن... خۆتان ئەبینن...

بانوو تێپەڕی و عەبدۆس بیستی کە وترا:

ــ لەو ڕۆژەوە کە هیوای لە کوڕەکەی بڕاوە، گوڵمحەمەدەکان بە کوڕی خۆی ئەزانێ.

ــ ئا لێرەدا بوو ئەو ئێوارەی لەغاوی ئەسپەکەی گوڵمحەمەدی گرت و وتی ناهێڵم بە قەڵاتەدا تێپەڕی، ئەگەر پیاڵەیەک چا لە ماڵی من نەخۆیتەوە!

ــ بانوو، خاتوونە ئیتر!

ـ لەو ڕۆژەوە گوڵمحەمەد خان مووچەی بۆ بڕیوەتەوە!

ـ ئێستە ئیتر لە ماڵی گوڵمحەمەد خان خۆی خاوەن سفرەیە!

ـ باوابێ. بەڵام ئەم شتانە بۆ بانوو نابێ بەو کوڕەی بیکاتە پەردەوە!

ـ کێ چووزانێ؟ ڕەنگە کوڕەکەی گەڕایەوە. مرادی بانوو زۆریش دەست و پێ سپیلکە نەبوو!

عەبدۆس کشایەوە و پاڵی دا بە دیوارەکەوە و نیگای بە ناو مەیدانەکەدا گەڕان بەڵکوو ئاشنایەک بدۆزێتەوە. بەڵام چڕی ئەو تۆز و مژەی ناو مەیدانەکەی داگرتبوو، بەرەگەی ڕوانینی تەسکەوە کردبوو. بۆیە عەبدۆس هەم بۆ ئەوەی شەکەتی ڕێگە سووک بکات و هەمیش بتوانێ بە سەر مەیدانەکەدا بڕوانێ، خۆی هەڵدایە سەر دیوارەکە و شوێنێکی بۆ دانیشتن دۆزییەوە.

هەراو و هوریایەک لای سەرووی مەیدانەکەوە بەرز بوویەوە و دەسبەجێ سەرەکان بەرەو هەورازی ئەو کۆڵانەی بەرەو دەرەوەی قەڵات ئەچوو، وەرگەڕا و هەنگاوەکان بەرەو ئەوێ کشا:

ـ هێنایانیان! هێنایانیان!

جەماوەر وەک بەرەوپیریان بچن، ڕۆیشتن و عەبدۆسیش لە دیوارەکە دابەزی و بە دوایاندا کەوتە ڕێ.

دز و دزبگیر بە شیوی هەورازەکەدا شۆڕ ببوونەوە. دوو پیاو، لە نێوان چەند سواری بە تفەنگ و ڕەختەوە، پشتاوپشت لە کەرێکی دێز و پشت ڕووت سوار کرابوون و لە یەکەم نیگادا وەکوو یەک کەس دیار بوون. بەڵام بە هەر هەنگاوێکی کەرەکە، ئاشکراتر ئەبوو کە ئەم تاقە کەسەی سواری کەرە ڕووت، هاوتایەکیشی پێوە بەستراوە. گوریسێک بە دەوری شان و سینە و قۆڵیاندا. ئێستە ئەوا بە ئاشکرا ئەبینرا کە دوو پیاوی سوار، یەکیان ڕووی لە بەرەوەیە و ئەویتریان بەرەوپاش.

خانمحەمەد و بەگمحەمەد لە بەردەمی گیراوەکان، بە سواری ئەسپ، ئارام و بێگەم ئەهاتن و سوارێکیتر کە لای عەبدۆس نائاشنا بوو -توغرول- لە دواوە ئەهات و ئەویش سوارە. جەماوەری پێشواز،

ڕێگەیان بۆ سوارەکان ئەکردەوە، بەڵام سواران ئەتوت پەلەیان نییە. زۆر لەسەرخۆ و بەئەسپایی، لەغاویان بۆ ڕۆیشتن شل کردبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بەدڵی حەز و بەچاوی تێر سەیری دزەکان بکەن.

سواران گەیشتبوونە جێ و لە مەزڵ بوون و ئەگەر پێیان لە ئاوزونگی بەر نەئەدا یان بە خێرایی بەرەو ماڵەوە نەئەچوون بەس بۆ پیشاندانی گیراوەکان بوو و خەڵکیش ئاگاداری ئەو مەبەستە پەلەیان نەبوو. کەوتبوونە زمان شیرینی و تەوس و پلاری ڕقەبەرانە یان گاڵتەئامێز هاویشتن؛ بیانووی خەندە و کەناندنی ئەوانی‌تر.

ــ ئەهای... بوژدنی، ئێستە بچۆرە داڵانەکەم!

ــ عەلی چەخماخ بۆ لە فشەفش کەوتوویت؟

ــ قەفی سمێڵەکەت بەرەوخوارە چەخماخ خان!

ــ خۆزگە خۆت ئەبینی بوژدنی! چاوت بووە بە قنی مریشک!

ــ سوورییەکەی لە قنی عەنتەر ئەچێ!

ــ ڕەنگە لە بەر زۆری گریان؟!

ــ کارت پێی نەبێ، بێئازاری بەندەی خوا! تۆ دیوتە یان بیستووتە بوژدنی تا ئێسیە پێی لە مێروولەیەک نابێ؟!

ــ نەوەڵڵا. لانیکەم ئەوە ئەزانم بوژدنی ئازاری بە مێروولە ناگات!

ــ بەس کاری بە بەندەی خوا هەیە، بەس کاری بە بەندەی خوا هەیە.

ــ تەرێق بەرەوە، شەرم بکە! ناپیاوی بێغیرەت!

ــ سمێڵەکانی چەخماخ سەیرکە، لنگاولنگ بووە!

ــ بەڕاست لای چەپی سمێڵی چی لێهاتووە عەلی چەخماخ؟ هوو... هوو...

ــ سمێڵەکانی بوژدنیش لنگاولنگە. ئەویش نیوەی دۆڕاندووە!

ــ سمێڵ بۆ پشت لێوی جوامێرە، نەک بۆ ژێر لووتی ناپیاو!

ــ ئەبوا ئەو چوارتاڵەشیان بتاشیایەت!

ــ ئەوەندە مەدە بە سەر ئەو دایک باشەدا! ئەتەوێ لەوەش بە

زەلیلتر ببینی؟

ــ هوو... هوو... هوو...

گەیشتنە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە، جەماوەر بە دەوری دزەکاندا کە ئێستە ئیتر تەنها خۆیان بوون، ئاڵقەیان دابوو. گەنج و مێرمنداڵ کەوتبوونە هوو لێکێشان و یەکیان -ڕەنگە کازمە شەل- مشتێک خۆڵ و کای کرد بە سەر دزەکاندا و لە لایەن ئەوانیتریشەوە پاتە کرایەوە و خۆی بوو بە هۆیەک بۆ پێکەنین و گاڵتە و پلار و گەپجاڕی.

خانمحەمەد کە ڕکێف بە ڕکێفی براکەی، لە قەراخ ئاڵقەی تەماشاکەران لە سەر ئەسپەکەی دانیشتبوو و باڵای کشاوی ڕاست ڕاگرتبوو، پەڕەیەک کا کەوتە سەر سمێڵی و ختووکەی پەلکی لووتی ئەدا، بە بای دەست لای دا و لە ئەسپەکە دابەزی. کازم بەرەو ڕووی شەلی و هەوساری ئەسپەکەی لە دەست خانمحەمەد وەرگرت بۆ ئەوەی وەک باوە، ئەسپەکە بگەڕێنێ. خانمحەمەد دەستی ئازاد لە هەوساری ئەسپەکە، هێنای بە خەمی بڕۆیدا و وتی:

ــ ئەسپەکە ئارەقەی پێوە نییە، سەردار بانگ بکە!

کازم «بە سەر چاو»ی وت و هەوساری ئەسپەکەی دا بە شانیدا و بە قەراخ ئاپۆرەکەدا، بەرەو کۆڵانێک کە بەرەو ماڵی سەردار ئەچوو، کەوتە ڕێ. بەڵام هێشتا بە لای خەڵکەکەدا تێ نەپەڕیبوو، کە ئەسپەکەی خانمحەمەد، هەڵسایە سەر پێ و دەستی هێنا و ئەیویست کازم بە پشتا بدا بە عەرزدا. هەندێک لە ئاپۆرەکە ئاوڕیان لە ئەسپەکە دایەوە و خۆیان کێشایەوە. بەڵام غوڵامەڵڵاجان کە ببووە هۆی ڕەمکردنی ئەسپەکە، چوارلکی ئاسن بە دەستیەوە، نەڕاندی و هاشاوڵی برد بۆ ئەوەی جەماوەرەکە قاش بکات و خۆی بگەیەنێتە ناو مەیدانەکە. قوباد بە قولاپی دەست و بازوو بە دژواری لە ناو جەماوەرەکەدا ڕایگرت:

ــ چی ئەکەی پیاو؟ شێت بوویت؟!

غوڵامەڵڵاجان وەک بڵێی گوێی خنی بوو و زمانی هەڵبڕیبوو بە نەڕاندن و جنێودان:

ـ هۆی... بوژدنی، بوژدنی زۆڵەزا، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە تۆڵەی خۆمت لێ بکەمەوە، ئەی نامەردی نمەک بە حەرام! گوێرەکە ئازیزەکەم، گوێرەکە ئازیزەکەم تۆی کوڕی قەحپە دزیت، ئەی قورمساخی بێشەرەف! گوێرەکە نازەنینەکەم هێشتا لە شیر نەگیرابوویەوە. مانگاکەم شیری وشک کرد لە عەزرەتی گوێرەکەکەی، زاڵمی بێ بەزەیی. هەر ئێستە شارەگت ئەبڕم و کارێک ئەکەم دایکت لە عەزرەتی تۆ فرمێسکی خوێن دابڕێژێ، زۆڵی توخمی زۆڵ.

غولامەللاجان کە لە ناو ئاڵقەی بازووەکانی قوباددا گیرابوو و بەگمحەمەدیش چنگی لە بنی دەسکی چوارلکەکەی گیردابوو، ئەتوت خۆی لە بیر بردۆتەوە، یەکبەند کەفی ئەچەراند و خۆی ڕائەژەند و جنێوی ئەدا:

ـ سواڵکەربەچەی هەژارکوژی بێ بەزەیی! تەنها دەرەقەتی هی وەک من دێی گەنەدزی قورمساخ! منم و مانگایەک، ڕسق و ڕۆزی مناڵەکانی من بە گوانی ئەو تاقە مانگایەوە بەستراوە. ئەویش تۆ... تۆی نمەک بەحەرام، دێیت و گوێرەکە شیرخۆرەکەی من ئەدزی؟!

خانمحەمەدیش، کە لە دوورەوە وەستابوو، فەرمانی دا چوارلکەکە لە دەست کابرا وەربگرن. بەگمحەمەد بە چێوپێچێک، چوارلکەکەی لەدەستی غولامەللاجان دەرهێنا و کابرای دایە دەست قوباد و یەکیتر، بۆ ئەوەی بیبەنە لایەکەوە و هێوری بکەنەوە. پیاوەکان، جووتیاری هەڵچوویان بردە بن دیوارەکە و دایاننا، بە بێ ئەوەی بۆ تاوێکیش دەمی داخات:

ـ من گوێرەکەکەمم ئەوێتەوە. من گوێرەکەکەمم لە خودی بوژدنی ئەوێتەوە. بیدەنە دەستم تا بیکەم بە گوێرەکە! بەس بیدەنە دەستم گوێرەکەی لێ دروست ئەکەم!

دەنگێک بە غولامەللاجانی وت:

ـ سەردار! سەردار!

غولامەللاجان دەنگی خۆی خواردەوە. عەبدۆس سەری وەرگێڕا و سەیری کرد. بە قەراخ جۆگەی ئاوەکە و لە هەمان کۆڵانەوە کە

عەبدۆس هاتبوویە ناو قەڵامەیدانەوە، ئەوا گوڵمحەمەد ئەهات لەگەڵ دوو پیاو کە لەملاولایەوە هەنگاویان ئەنا. جگە لە گوڵمحەمەد کە عەبدۆس ناسیەوە ستاری پینەچی بوو. گوڵمحەمەد لەسەرخۆ هەنگاوی ئەنا و تۆزێک شەلین بە قاچی ڕاستیەوە هەست پێ ئەکرا. خەڵک بە ڕێزی سەردار، کۆڵانیان کردەوە و سەردار بەرەو مەیدان ڕۆیشت.

عەبدۆس، ئەیویست تا کۆتایی کاری دزەکان خۆی دەرنەخات، بە بێ ئەوەی بۆ تاوێکیش خوشکەزا لەچاو ون بکات. بۆیە دەسڕی ملی بۆ سەردەم و نووکی لووتی هەڵکێشا و لە سەر بەرزترین تۆپەڵە لمی بن دیوارەکە درێژەی بە تەماشاکردن دا. هەڵبەت لە هەموو شوێن و هەموو کاتێک ئەوە گوڵمحەمەدی کوڕی بڵقیس بوو کە لە چەقی نیگای خاڵۆی خۆیدا بوو و چاوە تامەزرۆکانی کابرای لەگەڵ خۆی ئەگێڕا بە هەر هەنگاو و هەر نیگا و هەر کردەوەیەکی.

عەبدۆس، لە هاتنی گوڵمحەمەددا، بە یەک نیگا سەرتاپێی بە شەوقەوە هەڵسەنگاندبوو و ئەوا لە تێپەڕینی ئارامی سەرداردا، یەک بە یەکی نیشانەکانی بە حەزەوە ئەدایە بەر نیگا، وەک بڵێی ئەیەوێ لەبەریان بکات، ئەگەر با دەرفەتی پێ بدایەت. کڵاوی لار بە سەرەوە و چۆخەی نیوداشت بە شانیەوە و تۆزێکیش شەلین لە قاچی ڕاستیدا. ئەوانە بوو عەبدۆس توانیبووی بە یەک نیگا بیانبینێ. ئێستە بە هەر هەنگاوێکی سەردار هەڵی ئەگرت، ڕوخساری لە پشت گەردی باوە ئاشکراتر خۆیای ئەکرد. تەنانەت هەنیەی تۆزگرتوو و چاوەکانی کە بە هۆی باوە برێک هاتبوویەوە یەک و، دەستەیەک لە کاکۆڵی کە لەژێر کڵاوە لبادەکەیەوە کەوتبوویە دەرەوە و لە بەر چاوی عەبدۆسدا سەمایان ئەکرد، دیار بوو. هەروەها ڕەختی فیشەکی ڕاست و چەپ لە سەر کەوا ڕەشەکەی لە بن چۆخەکەیەوە، دەمانچە و دوگمەکانی مەچەکبەندە چەرمینەکەی ئەبینرا. شەلینەکەی گوڵمحەمەد لە دڵی عەبدۆس نیشت کە ڕواڵەتێکی سەنگین و فرەوەری پی ئەبەخشی و عەبدۆس ئەم نموود و نیشانانەی زۆر لا پەسەند بوو.

ــ ئەی خان‌ئاپۆ کوا؟!

بەگمحەمەد ئەوا چووبوویە سەربان و کێشکی ئەدا. مابوو خانمحەمەد و کابرای تفەنگدار لە ناو مەیدانەکە و لە ناو ئاڵقەی خەڵکەکەدا، لە نزیک دزەکانەوە کە هەروا بە سواری و سووکایەتی پێکراو مابوونەوە:

ــ خان‌ئاپۆ لە سەرمەزار مایەوە!

شێوەی بەتەوس و تاڵی وشەی خانمحەمەد، گوڵمحەمەدی ناچار کرد زیاتر نەپرسێ و "بۆ"کەی دابنێ بۆ دوایی. لەو ڕووەوە کەکارێک لە بەر بوو و خەڵکی چاوەڕێ بوون بزانن چی ڕوو ئەدات. گوڵمحەمەد بە لای براکەی‌دا تێپەڕی و بەرەو بوژدنی هەنگاوی نا و لە بەرامبەری‌دا وەستا. سیمای ماندوو و داگیراوی بوژدنی، کە لە نیگای بێ‌ڕێزی و سووکایەتی پێکراوی خەڵکی‌دا توێژێکی لێڵی بێزاری و بێهوودەیی لێ نیشتبوو، کە چاوی بە گوڵمحەمەد کەوت لەپڕ ترسی لێ نیشت و برووسکەی خۆف چاوە خڕ و کەوگەکەی خستە جووڵە و دەسبەجێش چاوی لە چاوی گوڵمحەمەد دزییەوە.

ــ دایانگرن!

توغرولی تفەنگدار، بڕنەوەکەی دا بە شانی‌دا و دەستی لەو گوریسەی دوو دزەکەی پێ بەسترابوو گیر کرد و بە زەبرێک هەردووکیانی لە کەرەکە خستە خوارەوە. ئەوا دوو دز پشتاوپشتی یەک بە شان‌دا کەوتبوون و لە بن گوشاری پەتەکەدا چاوەکانیان تێک نابوو و توانای ئەوەیان نەبوو گۆنا و لاجانگیان لە عەرزەکە بکەنەوە.

گوڵمحەمەد وتی هەڵیانسێننە سەرپێ.

قوباد هاتە پێشەوە و یارمەتی دا. دزەکانیان هەڵسان و لە سەر پێ ڕایانگرتن. بوژدنی و عەلی چەخماخ شان بە شان، وەستێنرابوون



لە ناو مەیدانەکە. هەر کامە و ڕووی بەرەو لایەک. خانمحەمەد لە قەراخی ناوەوەی ئاڵقەی ئاپۆرەکە وەستابوو و گوڵمحەمەدیش نزیک دزەکان و ستار خۆی لە ناو حەشاماتەکەدا ون کردبوو، بەڵام نەک لە چاوی عەبدۆس ون ببێ. عەبدۆس تەنانەت نیگا تیژەکانی

ستاریشی ئەبینی کە زیاتر ئاگای لە تەماشاگەران بوو تا بابەتی تەماشا کردنەکە. دەنگی گوڵمحەمەد، جارێکیتر سەرنجی عەبدۆسی ڕاکێشا بۆ ئاڵقەی ناو مەیدانەکە.

ـ هەرچی براوە لە دەست و کیسەی ئێوە براوە. ئەم گەنەدزە سواڵکەرانە تا ئێستا هیچیان لە من نەدزیوە. ئێوە... هەر کام لە ئێوە... هەروەها هەر کام لە خەڵکیتری ئەم مەڵبەندە، ئەم دووپشکانە بە جۆرێک پێیانەوە داون. دووپشکن ئیتر، دووپشک نین؟ دووپشک بە خۆشیەوە ئەدات. ئێستەش خۆتان ئەزانن. ئێستەش بە خۆتانە چییان ...

دەنگی خاڵۆ قالاو لە قەراخ حەشاماتەکەوە بەرز بوویەوە:

ـ خۆت سەردار. خۆت داوەری. مەهێڵە ببێ بە هەر کەس بۆخۆی!

غولامەڵڵاجان، هەرچەند ئیتر چوارلکی بە دەستەوە نەبوو، بەڵام هەروا تووڕە بوو. خۆی لە ناو خەڵکەکەوە کێش کرد بۆناو مەیدانەکە، لە کاتێکا دەستەکانی بە سەر سەری خەڵکەکەوە ڕائەوەشاند بە دەنگی بەرز وتی:

ـ بیاندەنە دەس من، گوڵمحەمەد خان! ئائەم بوژدنیە قوڕمساخە بدەنە دەس من تا تێی بگەیەنم نابێ گوێرەکەی شیرەخۆرە لە سینگی دایکی بکاتەوە و بیبات و سەری ببڕێ. سەری ئاژەڵی شیرەخۆرە؟ من پێستی گوێرەکەکەم لە کاروانسەرای حاجی زەمان ناسیەوە، خان. شۆێنم هەڵگرت و دەس بە دەس ڕۆیشتم تا بۆم دەرکەوت ئەو کەسەی یەکەمجار پێستەکەی فرۆشتووە ئەم بوژدنیە بووە. جەرگم سووتاوە، گوڵمحەمەد خان. گوێرەکەی من، ڕەبەنە مێیینەش بوو. ئەگەر بمایەت ئەبوو بە مانگا. مانگاکەشم لە دیقی گوێرەکەکەی شیری وشک کرد. مانگایش وەکوو مرۆڤە، چ جیاوازی هەیە؟ لە عەزرەتی گوێرەکەکەی شیری وشک بوو. هەموو خەڵکی ئەوە ئەزانن. زەرەد لە سەر زەرەد. بزانە ئاخر ئەمە تاوان نییە؟! گوێرەکەی من هێشتاش شیرەخۆرە بوو. پروسکی هێشتا نەمەیبوو.

چۆن مرۆڤ دڵی دێ چەقۆ بنێتە ملی ئاژەڵی شیرەخۆرە؟ مەگەر ئەوەی زۆر دڵڕەق بێ. ئاخر چۆنت توانی گۆشتی ئەو کۆرپەیە لە بن ددانەکانتدا بجووی، بی پیر؟! چۆنت توانی، بێ بەزەیی؟ لێمگەڕێ با ئەو چاوانەی لە کالانە دەربهێنم، سەردار!

خانمحەمەد دەستی هەڵێنا و وتی:

ــ زمانت ڕاگرە تۆزێک، غولام! تۆزێ خۆت ڕاگرە!

گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ دەسکی ماوزێرەکەی و جارێکیتر چاوی بڕییە بوژدنی. بوژدنی لێوەکانی لەرزین و پێڵووەکانی بە بێ ئەڤان کەوتنە پرتەپرت و زمانی کە خەریک بوو بکەوێتە دوو، لاڵ بوو. دەنگێک لە ناو ئاپۆرەکەوە وتی:

ــ مێشکی بپژێنە بەرپێی، سەردار!

یەکیتر وتی:

ــ بیتۆپێنە، دەستت نەڕزێ!

بە تەوسەوە وترا:

ــ بوژدنی خۆی مردووە. لە ترسا ڕیاوە بە خۆیدا و گیانی دەرچووە.

ــ لانیکەم زمان هەڵبڕە، خوێڕی!

بوژدنی گوێ و چاوی لە یافتی دەنگەکان، دەستەکانی ئەوەندەی کە ئازاد بوو ڕاوەشاند و پچڕپچڕ وتی:

ــ نکووڵی لێ ناکەم، سەردار. نکووڵی... نکووڵی ناکەم. ئەڵێم... ڕاستیەکەی ئەڵێم... ڕاستیەکەی ئەڵێم... خودی ڕاستیەکەی... سەردار. قاچەکانت ماچ ئەکەم... سەردار. بەس مەمدە دەس ئەمانە خان... پێت... دەستت... بڵێ شانم بکەنەوە، سەردار!

دەنگی گاڵتە پێکردن، دیسانەوە بەرز بوویەوە:

ــ سەیری بکەن! پاڵەوانەکە بوو بە مشک! ئەی قوڕت بە سەر خوێڕی!

ــ بیدە بە دەستی کوڕی ئەڵلاجانەوە! لێی گەڕێ با تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە.

بوژدنی، وەڵامی خەڵکی دایەوە بە گوڵمحەمەد:

ــ گووم خوارد... بێجام کرد، سەردار! من...

گوڵمحەمەد وتی:

ــ سەرڕێ بە خەڵک ئەگرن، خەڵک ڕووت ئەکەنەوە و لەو لاشەوە قاو دائەخەن ئەوە کاری گوڵمحەمەدەکانە؟ کاتێکە بۆقەتەی ملت ئەگرن ئەڵێی گوڵمحەمەد ناردووتی! بۆ کاری وا ئەکەی، ناپیاو؟

بوژدنی لە بن گوشاری دەمارەکانیدا، پێڵووە کەم مژۆڵەکانی لێک دا، لێوی خۆی گەست وتی:

ــ هەزار جار گووم خوارد، سەردار. من هەڵە بووم!

گوڵمحەمەد کە هەنگاوێک لێی چووبوویە پێشەوە و دەمبەدەمی بوژدنی وەستابوو، گوڕاندی بە سەریدا:

ــ کێ پێشی کردوویت؟ کێ شتی دزراوت لێ ئەکڕێ و بۆت ساخ ئەکاتەوە؟ دژبەری ئێمە کێیە؟ هەر لێرە و لە بەر دەمی ئەم خەڵکەدا بە دەنگی بەرز ئەبێ بیڵێی! بڵێ، بڵێ با هەموان بزانن!

بوژدنی وەک بڵێی تف لە دەمیدا وشک ببوو، کپ و بە پاڕانەوەوە وتی:

ــ پێتان ئەڵێم سەردار. ئەیڵێم!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بۆ سەرڕێ تەنها بە خەڵکی هەژار ئەگرن؟ بۆ تەنها خەڵکی نەدار و ڕووتەڵەتان ڕووت ئەکردەوە؟ بۆچی لەوانەتان نەئەدزی کە هەیانە؟

بوژدنی دیسانەوەش لالایەوە:

ــ پێتان ئەڵێم گوڵمحەمەد خان، بە شەرەفت ئەیڵێم. بە نهێنی هەموو شت بە خۆتان ئەڵێم!

ــ بە نهێنی؟!

گوڵمحەمەد ئەوەی وت و سەیری خەڵکەکەی کرد و پێکەنی. خەڵکەکەش کەوتنە پێکەنین. گوڵمحەمەد بە بوژدنی وت:

ــ تۆم هێناوەتە ئێرە و بۆ ناو ئەم خەڵکە بۆ ئەوەی تایبەتی

و نهێنی نەبێ، خۆش غیرەت! جا تۆ ئەتەوێ بە نهێنی بە منی بڵێی؟ ئەرێ؟ نەخێر! چی بووە و هەیە، ئەبێ هەر لێرە بیڵێی! هەر هەمووی. کێ فێری کردووی ئەمکارانە بکەی؟ ئەگەر من تۆم پێش کردووە بچی خەڵک ڕووت بکەیتەوە و شتی دزیم بۆ بهێنی هەر لێرە بەو خەڵکە بڵێ. بڵێ و هیچ مەترسە، بێخەم بە!

ــ زمانم... زمانم ببڕە، سەردار! نەء، نەء. وەڵڵاهی نەء، خەڵکینە، نا!

ــ ئەی کێ ئەو قسەیەی خستۆتە سەر زمانت؟ کێ تۆی ناردووە؟ ئەبێ ئەوە بڵێی!

ــ ناوێرم، سەردار! ناوێرم. دەرفەتم بدە... ئەمانم بدە... بە نهێنی بە خۆتی ئەڵێم!

ــ هەر لێرە! هەر لێرە و بە دەنگی بەرز!

دەنگی عەلیخان چەخماخ بەرز بوویەوە:

ــ ئەیانویست ناوت بزڕێنن، سەردار!

بوژدنی بۆ ئەوەی لە هاوبەندەکەی دوا نەکەوێ، دەسبەجێ هاتە دەنگ:

ــ خۆت دوژمنەکانت باشتر لە ئێمە ئەناسی، سەردار! هەر ئەوانەی کە بەران لە بەر پێتدا سەرئەبڕن. هەر ئەوانەی کە دانیشتنیان لەگەڵ تۆ ئەکەن بە گۆپاڵ و ئەیکوتن بە سەر جووتیار و ڕەشاییدا. هەمان ئەوانەی کە من ناوێرم ناویان بهێنم. دوژمنەکانت گوڵمحەمەد خان!

گوڵمحەمەد وتی قۆڵیان بکەنەوە. قوباد و غولامەڵڵاجان، پەتەکەیان کردەوە. عەلی چەخماخ ڕانەوەستا، بەربوویەوە و وەکوو شتێ لەسەرخۆی چوو. بەڵام بوژدنی خۆی ڕاگرت و لەپڕ باوەشی کرد بە ئەژنۆی گوڵمحەمەددا، تەوێڵی لە خاکەکە وەردا و کەوتە گریان. گوڵمحەمەد، قاچی لە ناو دەستی بوژدنی دەرهێنا، کشایەوە و وتی هەڵیسێنن. خانمحەمەد ماندوو و بێتاقەت و بوغزاوی، یەخەی بوژدنی گرت و بە زەبرێک، چۆکی لە لا قەبرغەی کابرا گیر دا و

هەڵیساند، ڕاست ڕایگرت و وتی:

ــ لە سەگ ئەچێ، سەگباب!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ چاوی ببەستن، دیارە نایەوێ ئاقڵ ببێ!

ــ ئەتەوێ چیم بە سەر بهێنی، سەردار؟!

ــ ئەمەوێ بتکوژم، سەگی زۆڵەزا! ترسەنۆکی بێغیرەت!

ــ من خۆ وتم، سەردار. من خۆ هەموو شتێکم وت. من خۆ وتم ئەیانەوێ ناوت بزڕێنن! من خۆ وتم ئەیانەوێ وا بڵاو ببێتەوە کە تۆ جووتیارەکان ڕووت ئەکەیتەوە! من خۆ وتم... تەنها منیش نیم کە ئەو کارەم کردووە. لە سەرانسەری ئەم مەڵبەندەدا، لە هەموو ناوچەکە... لە هەموو شوێنێک، چی لەم گەنەدزییانە ئەکرێ ئەیانەوێ ناوی تۆی لە سەر دابنێن. من خۆ...

خانمحەمەد پشتوێنە پەشمەکەی بوژدنی کە لە دەوری ملی داکەوتبوو، بە بێ گوێدانە لالانەوەی ئەو، دا بە سەر چاویدا، لە پشتەوە گرێی دا و وتی:

ــ ڕێگە بدە هەروا بە زیندوویێتی بیخەمە قەبر، ئەم گەووادە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ گوللەیەک ئەکەین بە حەرامی، بە جەهەننەم! چاوی ئەویتریش ببەستن!

خانمحەمەد، عەلی چەخماخی هەڵساند، لە سەر لاقە لەرزۆکەکانی ڕایگرت و کاتێکە بە دەسڕ چاوی ئەبەست وتی:

ــ ئەمەشیان کە بەر لە مردن مردووە! ڕەنگە دەرپێکەشی پڕ کردبێ خێری باوکی!... لە سەر پێ ڕاوەستە ئیتر، گەوواد!

عەلیخان چەخماخ بە زۆر خۆی بە سەر پێوە ڕاگرت و بە دەنگێک کە بە ئاشکرا ئەلەرزی وتی:

ــ من مەکوژە سەردار! من حەوت سەر خێزانم هەیە. با ببم بە نۆکەرت. من ناچار بووم ئەمکارە... خان. بهێڵە هەتا ماوم ڕکێفت بۆ ڕابگرم، سەردار!

گوڵمحەمەد بە بێ گوێدانە لالانەوەی عەلیخان چەخماخ، وتی:
ــ بیبەنە بن دیوارەکە!
چوار پیاو هاتنە بەرەوە و دوان بە یەک، دزەکانیان برد بۆ لای دیوارەکە.
گوڵمحەمەد وتی:
ــ ناوچاویان بنێن بە دیوارەکەوە!
خانمحەمەد هاواری کرد:
ــ چۆڵی بکەن! لای دیوارەکە دوور بکەونەوە!
عەبدۆس لە ناو جەماوەرەکەوە، بە قەراخ دیوارەکەدا کشایەوە و پیاوان سینە و تەوێڵی دزەکانیان نا بە دیوارەکەوە و خانمحەمەد بە ئەمازەی براکەی ڕووی کردە خەڵکەکە و لە هەمان کاتدا کازمە شەل بە چەند گۆزە و دێزە شکاو و تەنەکەوە هات. خانمحەمەد سواڵەت و تەنەکەی لێوەرگرت و بە سەر سەری دزەکانەوە لە سەر دیوارەکە بەریز دایکردن و خۆی کشایەوە. گوڵمحەمەد دەستی دایە ماوزێرەکەی، نیشانەی گرت و تەقەی کرد. دەنگی سواڵەت و تەنەکە تێکەڵ بوو و تەنەکەی بەتاڵ چوو بە حەوادا. پارچە گۆزە داباریــن بە سەر سەر و شانی دزەکاندا و جووتە دز لە حەیبەتان بەربوونەوە.
قاقای پێکەنین، پێکەنین لە پێکەنیندا. قاقای بەگمحەمەد لە سەر بانەوە. ڕووی پێکەنینی ئاپۆرەکە بەرەو ئاسمان بوو. چەخماخ و بوژدنی، وەک بلێی تازە زانیبوویان هێشتا نەمردوون، سەر و شانیان لە سەر کۆڵەکەی دەست بەرز کردەوە و بە دەنگی شکاو کەوتنە پاڕانەوە:
ــ سەردار، سەد جار گوومان خوارد، خوێنمان مەڕێژە، سەردار!
گوڵمحەمەد، هەنگاوی نایە پێشەوە و وتی:
ــ تۆ بوژدنی! ناوەکانیان بڵێ! یەک بە یەک!
بوژدنی پاڕایەوە:
پێتان ئەڵێم سەردار، پێتان ئەڵێم.
ــ هەر لێرە!

ــ هەر لێرە، سەردار.
ــ هەر ئێستە!
ــ هەر ئێستە، سەردار!
گوڵمحەمەد وتی چاویان بکەنەوە. کردیانەوە.
گوڵمحەمەد وتی:
ــ لەسەر بەرزاییەکە ڕایانگرن!
بەرزاییەکی بەرزتر لە کەرەکە بە دەستەوە نەبوو. کازمە شەل، بە دەم شۆخی و گاڵتەوە، کەرەکەی بردە بن دیوارەکە و چەخماخ و بوژدنی دیسانەوە سواری کەر کرانەوە و ناچار کران بە سەر پێوە بوەستن. زیاتر لە تەریق بوونەوە، ترس لەنگەری دزەکانی تێک ئەدا و ئەمە وای لێ ئەکردن ڕێگەیەک بۆ خۆ ڕاگرتن بدۆزنەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە عەلیخان چەخماخ ناچار بوو لە ناو قاقای پێکەنینی خەڵکەکەدا دەست بە لێواری دیوارەکەوە بگرێ بۆ ئەوەی لە سەر پشتی کەرەکە نەخزێتە خوارەوە. بەڵام بوژدنی توانیبووی قاچی ڕووتی لە بن مل و لە سەر مۆغەرەی پشی کەرەکە، ئاسۆیی دابنێ و جێ پێی خۆی توند بکات و بە بێ تەریق بوونەوە لە پێکەنین و گاڵتەی بینەران، بە ڕوخساری گرگرتوو و ڕیشی پڕ و وەک دڕوو، لێوی بکرۆژێ و هەوڵبدا ئەوەی کە ئەبوا بیڵێ لە مێشکیدا سوک و سەنگینی بکات.
خانمحەمەد کە دیار بوو سات بە سات زیاتر تووڕە ئەبێ، لە کاتێکا ملی ڕائەکێشا و سێوکەی بن ملی بەرجەستەتر ئەبوو، نەڕاندی:
ــ قسە بکە ئیتر، سەگی سەگباب! خۆ ناتەوێ گەوهەر هەڵبڕێژی!
گوڵمحەمەد کە لە ناو جەغزی بینەراندا وەستابوو، جارێکیتر وتی:
ــ قسە بکە بوژدنی! کێ ناچاری کردی سەر ڕێ بگری؟!
بوژدنی لە وەڵامدا وتی:
ــ یەکەمیان ئاتاجی، سەردار. پاشان... پاشانیش کە سەر ڕێم گرت. هەندێک هانیان دام. نازانم چۆنی بڵێم. ئەوان بایان کردە

قولم.

ــ چۆن؟ بە چ شێوەیەک؟ تەنها بە قسە؟!

ــ نەء! زۆرتر... زۆرتر بەوەی کە ماڵی دزراویان لێ ئەکڕیم. ئەیانکڕی و نرخی باشیشیان بۆ دائەنام.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بەرزتر! بۆ هەموانی بڵێ، با بۆیان دەربکەوێ؟ دەی... بڵێ بۆچی زوڵمت لە هەژاران ئەکرد؟ بۆچی تەنها ڕەبەنەکانت ڕووت ئەکردەوە؟ لەم ماوەیەی بوویت بە ڕێگر، تەنانەت یەکی دارات ڕووت نەکردۆتەوە! هەماری دەوڵەمەندێکت نەبڕیوە! جارێکیش پەلاماری ڕانی ئاغەییت نەداوە. بەڵام کاژیلەی شوان و گوێرەکەی جووتیار و دوو مەن قەندی ڕەشایی، جلی بووکێنی کچە جووتیار، پێڵاوی ڕێبوار و چوارمەن قۆزاخەی ماڵە جووتیارێک... ئەم جۆرە کارانە، ئەم جۆرە گەنەدزییانە، ئەم جۆرە چاوچنۆکیە... ئەمانە... ئەمکارانە... جا بۆ خەڵکەکەی ڕوون بکەرەوە بۆچی؟ بۆ؟ بۆ نیوەشەوێک نەت دا لە دەرگای ماڵی ئاغەیەک و باجت لێوەرنەگرت؟ بۆچی تەنها لە جووتیار و ڕەشاییت ئەدزی؟!

بوژدنی جارێکی‌تر لێو و سمێڵە تەنکەکەی گەست، ترساو و دڕدۆنگ وتی:

ــ ئەتەوێ ڕاستیەکەی بڵێم، سەردار؟

گوڵمحەمەد لەپڕ تووڕە بوو و بە قۆناخی ماوزێڕەکەی کوتای بە قەڵەمەی قاچی کابرادا. کابرا لە سەر کەرەکە کەوتە خوارەوە، بە هەر دوو دەست قاچی گرت و ڕوخساری تێکچڕژا، بە بێ ئەوەی بوێری بچووکترین دەنگی لێوە بێ. گوڵمحەمەد، پێی نایە سەر ملی و بە نەفرەتەوە نەڕاندی:

ــ ئەی چیم ئەوێ؟ ویستوومە درۆ بکەی؟! ها؟ تا ئێستە پێت وابوو داوات لێ ئەکەم درۆ بکەی؟! ها؟

ــ نەء. سەردار. نەء، سەد جار...

ــ رابە!

بوژدنی ڕابوو و بە دژواری خۆی لە سەر پێیەک ڕاگرت و لە کاتێکا دەستەکانی کردبوو بە سپەری دەموچاوی، زەلیلانە وتی:

ــ ئەڵێم، سەردار. ڕاستیەکەی ئەڵێم. هەمووی... بە سەر چاو... بە سەر چاو سەردار!

خانمحەمەد کە ئیتر لە داخا خۆی ئەخواردەوە، لە ناخافڵ ملی بوژدنی بە دەستە درێژەکەی گرت و لە عەرزەکە گەوزاندی و پچڕپچڕ و دەم پڕ لە جنێو نەڕاندی:

ــ گاڵتەجاڕت خستۆتە ڕێ، کوڕی گەوواد؟! هەر لێرە بتخنکێنم...

گوڵمحەمەد، دەستی براکەی گرت و بە بوژدنی وت:

ــ هەڵسە و وەڵام بدەرەوە، پیاو!

بوژدنی خۆی تەکاند و وتی:

ــ ئەترسم، بە قورئانی خوا ئەترسم!

ــ لە کێ ئەترسی؟

ــ لەو کەسانە!

ــ کێن ئەو کەسانە؟

ــ ئەوانەی کە شتەکانم لێ ئەکرن.

ــ ئەو کەسانەی فێریان کردوویت هەژار کوژی بکەی؟

ــ بەڵێ خان، هەر ئەوانە. ئەمانم نییە خان. ئەمانم نادەن. سەرەونگوومم ئەکەن. بەزەییان پیامدا نایەتەوە. ئەمکوژن. لێیان ئەترسم. بە خوا و بە پێغەمبەر ئەترسم.

لە کاتی قووڕەقووڕ گریانی بوژدنیدا، کە چاو و ڕووی بە هەر دوو دەست داپۆشابوو و لەو بێدەنگیەدا کە کەوتەوە، عەلیخان چەخماخ کە هەروا لە سەر پشتی کەرەکە ڕاوەستابوو، هەر دوو دەستی گرتبوو بە لێواری دیوارەکەوە، هاواری کرد:

ــ من ئەڵێم، سەردار! من ئەیڵێم. ئەوان داوایان لێکردین کە ئێمە خەڵک لە دژی گوڵمحەمەدەکان بورووژێنین؟ ئێمە جووتیارەکان وەڕەز بکەین و وای پیشان بدەین کە گوڵمحەمەدەکانین و خەریکین جووتیار و ڕەشایی ئەچەوسێنینەوە. هەڕەشەی ئەوەیان لێکردین

نینۆکمان دەرئەهێنن ئەگەر دەست بۆماڵی داراکان ببەین. تەنها جووتیار و بەس جووتیار. بەدناو کردنی سەردار. ئەوان نەخشەیان کێشابوو، ئێمەش ناچار بووین بە قسەیان بکەین، خان. ناچاریی. هەر ئەمە و ئێستە ئیتر پارێزمان نییە. نە گیانمان پارێزراوە و نە... من... من ڕاستیەکەی ئەڵێم. ڕاستیەکەی بە خوایەتی خوا قەسەم. ئای... خەڵکینە من ڕاستیەکەی ئەڵێم. ئێستاش داوا لە گوڵمحەمەدی سەردار ئەکەم خۆم و ژن و مناڵم بپارێزێ. من لە ئەمڕۆوە ئیتر ئەبم بە خزمەتکاری سەردار و لێی دوور ناکەومەوە. ئەگەر سەریشم لەدەس بدەم، ئیتر لێرە ناڕۆم. من ئەمانم ئەوێ. یان مەرگ یان ئەمان!

چەخماخ خۆی لە سەر پشتی کەرەکە خستە خوارەوە و هەڵات و باڵی چۆخەکەی گوڵمحەمەدی بە هەر دوو دەست گرت:

ـ من ئیتر ناڕۆم. من جگە لە خزمەتی تۆ بۆ هیچ کوێ ناچم، سەردار! من ئەبێ قەرەبووی ناجوامێریەکانم بکەمەوە. ئەوانە، داراکان دۆستی تۆ نین، سەردار. دۆستی منیش نین. ئەوان ئەیانەوێ هەموو شتێک و هەموو کەسێک بکەن بە هێسرێک و سواری ببن. ئێمە بە جۆرێک و ئەوانیتر بە جۆرێک. ئەو دەوڵەمەندانەی خۆیان ئەلکێنن بە گوڵمحەمەدی سەردارەوە بۆ ئەوەیە کە زیاتر جووتیاری نەدار بچەوسێننەوە و بترسێنن.

گوڵمحەمەد دەستی دایە بن باڵی چەخماخ و بەرزی کردەوە، بەڵام عەلیخان چەخماخ هەروا درێژەی ئەدا بەوەی لە دەروونیدا قوڵپی ئەدا:

ـ ئەوانە پیاوەتی نازانن چییە. هەزار ڕوویان هەیە و هەزار جۆر فێڵ ئەکەن، لەبەردەمی تۆدا کلکەسووتێ ئەکەن، بەڵام لە پشت سەرت پیلانت بۆ ساز ئەکەن و پاپۆشت بۆ ئەدوورن. قوڕیان کردووە بە سەری مندا. بزانە، بزانە چییان بە من نەکردووە. بزانە چۆن ڕوویان ڕەش کردووم. من لە بنار بۆخۆم ڕەزێکی باشم هەبوو. بەڵام ئێستە... ئێستە سەیر بکەن. ڕەزەکەمیان بە هەزار فێڵ و ناپیاوی لە

دەستم دەرهێنا و قوڕیان کرد بە سەرمدا و پاشانیش... پاشانیش...

خانمحەمەد، بێئارام و تووڕە، لە پشتەوە چنگی کرد بە شانی چەخماخدا، ڕایوەشاند و وتی:

ــ کێ ئەم قسانەی فێرکردن، کێ؟ ئەوە بڵێ، کێ؟!

عەلی چەخماخ، سەر و پووزی وەکوو ئەسپ بەرزکردەوە، چاوەکانی بەست و بە ڕقەوە هاواری کرد:

ــ نەجەف سەنگردی دەست و زمانیانە، بەڵام ئەو بە تەنها نییە! ئەمکارە تەنها تایبەت بە ئێمەش نییە. لات و لووتەکان کۆ ئەکەنەوە و ناچاریان ئەکەن بەناوی گوڵمحەمەدەوە هەموو کارێک بکەن. وردە وردە دەستەیەکیش دروست کراوە شەوانە ئەچنە سەر نامووسی خەڵکی. زۆر ژنیان بێڕوومەت کردووە. هەمووشی بەناوی گوڵمحەمەدەکانەوە!

گوڵمحەمەد ئیتر هیچی نەوت. ڕووی وەرگێڕا و لەکاتی تێپەڕین بە ناو خەڵکەکەدا، بە خانمحەمەدی وت:

ــ بوژدنی ببەستن بە کلکی ئەسپەوە و یەک دوو مەیدان بیگەڕێنن، ئەمی‌تریشیان بهێنن بۆماڵەوە و تێری بکەن. بە هەموو شەلیاوەکانیش[1] بڵێ لای ئێوارە بێنەوە بۆ مەیدان، کارمان پێیانە. با هەمووان گوێیان لێبێ!

لە کۆڵان، دیسانەوە دوو پیاو لەگەڵ گوڵمحەمەد بوون. یەکیان ستاری پینەچی و ئەوەی کەش هەمان کابرا بوو کە عەبدۆس نەی ئەناسی. گوڵمحەمەد تۆزێک ئەشەلی و لە نیگای عەبدۆسدا، بەو چۆخە درێژ و قژ و کڵاوەوە کاتێکە لە بادا ئەکشا، ڕۆیشتنەکەی یەکباو و سەنگین خۆیای ئەکرد. ئەو بە قورسی هەنگاوی ئەنا و، دوو پیاو لەمبەروبەریەوە هاوئاهەنگ لەگەڵی پێیان هەڵئەگرت.

عەبدۆس نیگای بە دوای کوڕی بڵقیس‌داوە خۆی لە ناو حەشاماتەکە کێشا کەنارەوە و ڕاوەستاو. گوڵمحەمەد ئەڕۆیشت و خانمحەمەد بە

ــــــــــ

١ ــ شەلیاو: robbed ناو شەلیای، ماڵدزراو، رووتەوە کراو ع مسلوب N ranet د غارت شده.

کارەکان ڕائەگەیشت لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا، عەبدۆس حەزی ئەکرد لە خانمحەمەد نزیک ببێتەوە.

بەڵام خانمحەمەد خەریکی ڕاپەڕاندنی فەرمانی براکەی بوو، لە ناو هەرا هوریای ئاوێته بە گاڵتە و پێکەنینی جەوانەکاندا. بە سەر سەری بوژدنیەوە وەستابوو تا ئاڵقەی گوریسەکە لە شانی کابرا توند بکەن.

غوڵامەڵڵاجان سوار ببوو و سەیری دواوەی ئەکرد تا کاری بەستن بە کلکی ئەسپەکەوە کۆتایی پێ‌بێ. کار تەواو بوو. خانمحەمەد دەستی دا بە سمتی ئەسپەکەدا و ئەسپ لە ناو قیژە و هەرای حەشاماتەکەدا دایە غار. غوڵامەڵڵاجان، دەورێکی مەیدانەکەی دایەوە و لە ناو شۆری قیژەوقاژی خەڵکەکەدا کە خۆی لە بەر سینەی ئەسپەکە لائەدا، بوژدنی بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا و بەرەو لێژایی ڕاستە کۆڵانێک کە سەری لە ناو مەیدانەکە بوو، لەغاوی ڕاستکردەوە و دەسکەوساری ڕاوەشاند. بوژدنی وەکوو باڵی داڵێک بە دوایدا ڕائەکێشرا و لە ناو تۆز و خۆڵ و تەپەی سمی ئەسپ و قیژە و هەرای خەڵکەکە، لە چاو ون بوو.

خانمحەمەد، ئەسپەکەی خۆی دا بە توغرولی تفەنگدار بۆ ئەوەی سواری ببێت و پێی وت:

ــ مەهێڵە بیکوژێ!

توغرول سەری نایە سەر بەرکۆی زینەکە و بە شۆپی تۆزەکەدا دایە غار. خانمحەمەد لەغاوی ئەسپەکەی بەگمحەمەدی لە دەست کازم وەرگرت و پێی وت بکاتە سەربان و جاڕ بدات. شەلیاوەکان بانگ بکات لای ئێوارە بێن بۆ مەیدان بە فەرمانی گوڵمحەمەدی سەردار. کازم چوو بۆ جێ‌بەجێکردنی فەرمانەکە. ڕێگەی بەرەو بانی گرتەبەر و خانمحەمەد بە ناو خەڵکەکەدا ڕێگەی کردەوە و لە ڕۆیشتندا بە عەلی چەخماخ، کە لە بن دیوارەکەدا تەخت ببوو، وتی:

ــ هەڵسە وەرە بە دوای مندا!

خەڵکی ڕێیان بە چەخماخ دا:

ـ هێشتاش کاتی مردنت نەبوو، بڕۆ بۆ خۆت!
ـ بەختت یار بوو، بڕۆ!
ـ لەوە ناچێ نیهادی پیس بێ چەخماخ. هەر کەس نانی دڵ و دەروونی خۆی ئەخوا.
ـ هەندێکیش داری دڵ و دەروونی خۆیان ئەخۆن، خاڵو قالاو!
عەلی چەخماخ، شەل و ماندوو بە دوای خانمحەمەددا کەوتە ڕێ و ڕۆیشت، تا لە ناو خەڵکەکە بەرەو کۆڵان بڕوات. ئاپۆرە ئەتوت دڵنیگەرانی ئەوەی بە سەر بوژدنی دێ، بە دەم گفتوگۆوە پۆل پۆل بڵاوەیان لێکرد. هەندێک لە لێواری ئەستێڵەکە و کۆمەڵێک بەرەو دەرەوەی قەڵات و تاک و تەرا بەرەو ماڵەکانیان بوونەوە. لەم کاتەدا کازم جاڕی دا و با دەنگی ئەوی لە ناو مەیدانەکە بڵاو کردەوە:
ـ بە فەرمانی سەردار، لای ئێوارە، هەموو ئەوانەی دزییان لێکراوە بێن بۆ مەیدان بۆ لای ئەستێڵەکە! بە فەرمانی سەردار...

## بەندی دووەم

عەبدۆس لە سەر جێی خۆی وەستابوو. تاک و بێگانە، هەر کەس بە لایەکدا ڕۆیشتبوو، مەگەر ئەو کە هەروا لە قەراخی ئەستێڵەکە وەستابوو. دارێک بە دەستەوە و توربێنە دڕاوێک بە شانیەوە. شوانێکی بێ ڕان، لە قەراخ ئاو. بەس ئاو و با. با هێشتاش بە هەمان شێوە کە هەڵیکردبوو، ئەیوژاند و نەرمە شەپۆلی ئەخستە سەر ئاوی ئەستێڵەکە و ئەیلەراندەوە. لە مەیدان ئیتر کەس نەمابوو. خەڵکی پشت لە با و بەرەو ماڵەکانیان ئەرۆیشتن. هەندێک، زیاتر گەنجەکان، بەرەو دەرەوەی گوند ڕۆیشتبوون و چاوەڕوانی بەرەنجامی کارەکەی غولامەڵڵاجان و بوژدنی بوون. هەرچی چۆن بێ کەس لە مەیدان نەمابوو، مەگەر عەبدۆس خاڵۆی گوڵمحەمەدی سەردار.

ئەو خووەی کە عەبدۆس هەیبوو و ئەگەر نەی بوایەت، ڕەنگە ئەو هەستی بەتاک کەوتن و بێگانە بوونە، تێکی بشکاندایەت. بە بێ ئەوەی خۆی بە خۆی بزانێ هەستی غەوارەبوون ئەوەندە تێیدا بەهێز بوو کە نەی ئەتوانی دڵشکاو نەبێ. دڵشکاو و چاوەڕوان لە قەراخ ئەستێڵەکە ڕاوەستابوو. ڕەنگیشە وەستانی بێگانەئاسا لە قەراخی ئاوەکە و لە ناو مەیدانی چۆڵدا، دڵی شکاندبوو. چونکە لە ناخی بەهێزترین پیاویشدا، مناڵێک هێلانەی هەیە و لە هەناوی عەبدۆسیشدا ئەو مناڵە زمانی بۆ گلەیی کردن هەڵبڕیبوو.

کەس لە کەسان عەبدۆسی نەدیبوو. عەبدۆسیش خۆی پیشان

نەدابوو. بۆیە هەر کەس کاری خۆی ئەنجام دابوو و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشتبوو. عەبدۆسیش خامۆش و تەماشاچی ڕاوەستابوو، تا هەموو شت تێپەڕیٚ و تێپەڕیبوو. کار کۆتایی هاتبوو و هەر کەس بەرەو شوێنی خۆی ڕۆیشتبوو و ئەویش ئەیتوانی لەگەڵیان ڕۆیشتبا. بێگومان کەسەکانی بینینی ئەویان لە بەر گران نەئەهات. ئێرە قەڵامەیدان بوو و نەک هەر قەڵامەیدان بەڵکوو هەموو گوندەکانی مەڵبەندەکە لە بن دەسەڵاتی گوڵمحەمەد دایە. گوڵمحەمەدی سەرداریش کەس نەبوو جگە لە کوڕی بڵقیس و بڵقیسیش خوشکی عەبدۆس بوو. ئەی عەبدۆس بۆچ وا لەپڕ لە گرێی ئەو غەوارەبوونەی خۆیدا داگیرابوو؟ گیرۆدەی هەستێکی ناسک و بەرهەستی مناڵانە و بەزەبر. هەستێکی ئازاردەر و سەیر ئەوەی کە دڵخواز. هەستی ڕەزامەندی، لە سەر زەمینەی ئازار و تۆران. هەستێکی ڕەزامەندیی لە بڕوای تەنهایی، بیٚ هیچ یاوەر و کەس، لە سەر هەموو پانتایی دەشت و بەرینیی ژیان و ئەو زەمینەی لێی وەستاوی. هەستێکی خودایی لە تەنهایی مەزن و پڕ شکۆی زەویدا. ترس و با، لێتی هەڵکردووە.

ــ ئا کاکە، بۆ وا مات و حەپەساوی! غەوارەی؟!

بانوو بوو. عەبدۆس سەیری کرد. ژنێکی پەڕپووت، بەڵام متمانە بەخۆ، بە ڕوخسارێکی چرچ و نیگایەکی ڕوون. شانی هەندیٚ بۆ بەرەوە چەمابوو و پەنجەکانی قەف قەف لە هەر بەندێکیدا.

ــ بۆ وا مات و پەرۆشی، کاکە؟ ڕێبواری؟ جێت ئەویٚ؟ بۆ شەو ڕەنگە ئەمێنیتەوە؟ غەریبی کام مەڵبەندی؟

ــ لەوە ناچیٚ زۆریش غەوارە بم، خوشکیٚ. ئەبیٚ جێیەکم هەبیٚ!

ــ ئەی بۆ ناچی بۆ لای سەردار؟ بۆ سەر سفرەی کوڕی من؟ لەو کاتەوە گوڵمحەمەدی سەردار لێرە نیشتەجیٚ بووە هەموو غەوارەیەک میوانی سفرەی ئەوە. هەر کەس لەهەر کوێوە بێت و بۆ هەر کویٚ بچیٚ، لە سەرای سەردار میوان ئەبیٚ. ئەی تۆ بۆ وا پەرۆش و داگیراوی؟

عەبدۆس وتی:
ــ راستەکەی ... ڕێگەی سەرای سەردار نازانم.
ــ سەرای سەردار خۆ زانینی ناوێ! لە بەردی دیوار بپرسە، پیشانت ئەدا. لەگەڵ خودی سەردار بڕۆیشتایەتی!
ــ چاوم لێی بوو ئەرۆیشت، بەڵام تووڕە بوو. وتم ڕەنگە دەماخی میوانی نەبێ.
ــ بۆ خۆت بینیت لە چی تووڕە بوو. نەبوویت و نەتبینی؟
ــ بۆچی نا، بووشم و بینیشم.
ــ خۆ گوێشت لێ بوو؟
ــ بیستم و شایەت بووم. کاری ڕۆژگار هەروایە ئیتر.
بانوو کەوتبوویە ڕێ و عەبدۆسی لەگەڵ خۆی ئەبرد و لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەو ئەیوت:
ــ چاوی دادگەر هەق بە کار و کرداری کوڕەکەم ئەدا. ئەشبێ تووڕە بێ. گوڵمحەمەد ئاوێنەیە و، ئەیانەوێ ئاوێنە بە خۆڵەمێش بڕووشێنن و خراپی بکەن. دڵیان کوێرە. خافڵن لەوەی کە خۆڵەمێش ئاوێنە پەرداخت ئەکات. بەدناوی و ڕیسوایی بۆ خۆیان ئەمێنێتەوە، ڕوورەشی هەر هی خەڵووزە. ئەوەت خۆ بیستووە چاڵکەن خۆی لەبنی چاڵە. خۆ بیستووتە؟... تووڕەبوونی سەردار لە درۆ و دووڕەنگیە. ئەمە چ پەیوەندییەکی بە سفرە و سەردارەوە هەیە؟ ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ڕێبوار و میوانی سەردارەوە هەیە؟ ئەگەر چاوەکانیشی -چاوم بە بنی پێی- لە دەس دابێ، هەزار جار زمانم لاڵ. دیسانەوەش بەرامبەر بە میوان ڕوو گرژ ناکا. لەملاوە وەرە. وادیارە لە دوورەوە هاتووی، شەکەت و ماندووی. بە لاپرەسەنی نەبێ ئەمەوێ بپرسم لەکام لاوە دێی؟
ــ لە شارەوە، خودی شار.
ــ شاری سەبزەوار، شاری نەیشاپوور، یان شاری توربەت؟
ــ لە شاری سەبزەوارەوە.
ــ بەخێر و خۆشی. لەو لایانە... کوڕەکەی من نازانم لە کامە

مەڵبەند سەربازە. نازانم براگیان. خوا هەموو جەوانەکان بپارێزێ و تەندروست بیان نێرێتەوە بۆ ناو کەسوکاریان و گوڵمحەمەدیش لە ئێمە نەسێنێ. ئەو کوڕی هەموو دایکەکانە، خوا ڕاوەستاوی بکات. ئالأی هەمیشە شەکاوە بێ. ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا...

لەگەڵ جۆگە و لە بای ناو کۆڵانەکەدا ئەرۆیشتن و بانوو بە بێ ئەوەی بهێڵێ با بدا بە ناو گفتوگۆگەیاندا، قسەی ئەکرد و شەوقی ژنە بۆ وتن و وتن، حەزی عەبدۆسی بۆ گوێگرتن، فرەتر ئەکرد. هەر بۆیەش بوو عەبدۆس نەیزانی لە کوێ و چۆن و کەی گەیشتنە بەر دەرکی سەرا، مەگەر ئەو کاتەی کە بادی گوڵمحەمەدی بینی لە پەنای دیوارێکی نزمدا، چۆکی لە پاشوەندا لە سەر سێ پێ وەستاوە و مل با ئەدات.

ــ ئەمە سەرای سەردارە، کاکە گیان.

دەرگا نیوە ئاوەڵە بوو. بانوو پێی نایە ناو هەشتیەکە و خۆمانە چووە ژوورەوە و عەبدۆسی لەگەڵ خۆی برد.

لەسەر سەکۆی هەشتی و لای دیواری حەوشە، هەندێ خەڵک دانیشتبوون و وەستابوون. وا دیار بوو چاوەڕێ ئەکەن. عەلیخان چەخماخ، لە بەر دەرگای هەمار، لە ئاڵقەی چەن پیاوی تفەنگداردا خەریکی خواردن و گفتوگۆ بوو. ئەوەی بەڵام سەرنجی عەبدۆسی ڕاکێشا شەودێز بوو. بە ڕووتی لە نزیک دارتووەکە وەستابوو. عەبدۆس بێ ئەڤان پێی سست کرد و چاوی بڕییە شەودێز. باڵا بەرز، بە سینەی پان و سمتی پتەو و باسکی باریکەوە، گوێی بچووک و یاڵی بڵیند و چاوەکانی وشیار وەکوو مرۆڤ. هەر بەو ئەندازەیەش جوان و تیژ. ئیتر ئەو جوانووە سرک و چەمووش و بێ ئوقرەیە نەبوو، بەڵکوو ئەسپێکی چالاک بوو شەودێز. تاودانەوەی تێپەڕینی ڕۆژ و شەو و مانگ و ساڵ.

ــ ماراڵ، وەرە بزانە کێ هاتووە؟

گوڵمحەمەد چۆخەی دا بە شانیدا، لە دەرگاوە هاتە ناو هەیوان و عەبدۆس لە بوورینی نیگایدا توانی ستار لە پشت

سەری گوڵمحەمەدەوە ببینێ لای دەرگای ژوورەکە. بریسکەیەک لە چاوەکانیدا و پێکەنینێک لە سەر لێوی. گوڵمحەمەد لە هەیوان هاتە خوارەوە و یەکسەر بەرەو عەبدۆس ڕۆیشت بە شەوقەوە و، عەبدۆسیش بە هەمان کێشەرەوە بەرەو گوڵمحەمەد چوو و لە لای کەردووەکە پەنجەیان لە پەنجەی یەک نا و باوەشیان بەیەکدا کرد و بە دیدار و نەوازش گۆنا لە گۆنا. بانوو چۆخە کەوتووەکەی گوڵمحەمەدی هەڵگرتەوە و ئەو کارئاسکانەی بە دەوری سەرداردا خولەیان ئەهات، کردەوە نا کەردووەکە.

ـ چرای دڵت ڕوون کردمەوە، خاڵۆ عەبدۆس، خەریک بوو دڵم بە تەواوەتی بۆت بێتاقەت ئەبوو. با بچینە سەرەوە، فەرموو!

دەستی عەبدۆس لە دەستەکانی ستاردا بوو. لای بەرهەیوانەکە وەستابوو:

ـ زۆر بەخێر هاتی خاڵۆ عەبدۆس! بە ڕاستی دڵم بۆت تەنگ ببوو. شوکور خۆ تەندروستی ئیشەڵڵا!

گوڵمحەمەد قۆڵی خاڵۆی گرتبوو کە دەستی چەپی لە ناو دەستی ستاردا بوو و عەبدۆس لە نێوان دوو پیاودا خەریک بوو لە دوو پلیکانە کورتەکەوە پێ بنێتە ناو هەیوان. بانوو چۆخەکەی گوڵمحەمەدی دایە دەستی. گوڵمحەمەد چۆخەی دایەوە بە شانیدا و دەستی دا بە شانی بانوودا و بە شیرینی وتی:

ـ خۆش خەبەر بی هەمیشە، دایە. خۆش خەبەر!... وەرە وەرە خاڵۆ گیان تا بتبەم بۆ لای ماراڵ. کچەکەت زۆر شەرمنە، چی لێ بکەم!... تۆیش میرخان بەجێ مەهێڵە ستار. جارێ با خاڵۆ ببەمە سەر، پاشان...

گوڵمحەمەد هەر بەو جۆرەی کە قۆڵی عەبدۆسی ڕاگرتبوو، لە هەیوانەکە پەڕییەوە و بەرەو پلیکانی باڵەخانە بردی:

ـ دار و توربێنەکەت لە خوارەوە دانێ، هەر لێرە. ئای... کوڕە، وەرە ئەم دار و توربێنە ببە لە لایەکەوە دای بنێ.

ـ هاتم سەردار!

کازم بەرەو دار و توربێن شەلا و گوڵمحەمەد و عەبدۆس بە پلیکانەکانی باڵەخانەدا سەرکەوتن.

ــ کوڕەکەمت نەدیوە خاڵۆ. من و ماراڵ ڕاوەستابووین تۆ بێیتەوە و ناوی بنێی، خاڵۆ!

ستار هەروا لە بەردەرگای دیوەخان لە بەرهەیوانەکە وەستابوو و سەیری ڕەفتاری پڕ لە شادمانی گوڵمحەمەدی ئەکرد کە زۆر مناڵانە و پاک بوو و سەیر ئەوە بوو ئەو شەوقە سادە و سەمەرەیەی لە بن پێستی خۆیشی‌دا هەست پێ ئەکرد. عەبدۆس و گوڵمحەمەد گەیشتنە بەر دەرگای باڵەخانە و بەر لەوەی کە بە هەراوهوریای تامەزرۆی گوڵمحەمەد، بچنە ژوورەوە، بانوو سەرنجی ستاری ڕاکێشا کە لای کۆڵەکەی بەرهەیوانەکە، بە دڕدۆنگیەوە ڕاوەستاوە و نازانێ چی بکا. ستار چوو بۆ لای بانوو و بانوو نیگای لەو خەڵکەی بەڕیز لە بەر دیواری حەوشە وەستابوون یان دانیشتبوون، بە ستاری وت:

ــ ئەمانەی بۆ سکاڵا و بناشت هاتوون، دەمێکەیە چاوەڕێن. تۆ خۆت بە جۆرێک لە سەردار تێ بگەیەنە. باش نییە خەڵکی وەکوو بەردەرگای شێتخانە، چاوەڕوان بن.

ــ باشە دایە، خۆم تێی ئەگەیەنم! دەورێک چایان بۆ ببە تا سەردار بێتەوە خوارەوە. نان و قاوڵتیت خۆ پێداون؟

بانوو لە کاتێکا لە کات تێپەڕین‌دا، بە تەوسەوە وتی:

ــ لای ئێوارەیە، دایکەکەم. با ناهێڵێ خۆر خۆی دەرخات. قاوڵتی کەی بوو. وردە وردە ئەبێ شێو لێ بنرێ.

ستار بە خۆی و بە ناشیگەری خۆی پێکەنی و بانوو بەرەو ئەو خەڵکەی هاتبوون بۆ دادخوازی، لە دوور و نزیکەوە هاتبوون بۆ سەرای سەردار و بۆ قەڵامەیدان، ڕۆیشت و بە گومانی خۆی هۆی دواکەوتنی کارەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. هەرچەند بانوو خۆی باشتر ئەیزانی کە کۆبوونەوەی دادخوازان لە سەرای سەردار، کاری ڕۆژ و دووان نییە. چونکە خەڵکی بۆ چارەسەر کردنی بچووکترین گیروگرفتیش ڕوویان لە گوڵمحەمەد ئەکرد و بۆ کلیلی کردنەوەی گرێ کوێرەی گرفتەکانیان لە

دەستەکانی گوڵمحەمەددا ئەگەڕان. هەر لە شەڕی ژن و مێردایەتیەوە بگرە تا تێک هەڵچوونی تیرە و هۆز و کێشەی زەوی؛ لە سەر ئاو و باخ و دێبەر و پەز. گوڵمحەمەد لە دادوەری خۆیدا شێوەیەکی تایبەت بە سروشتی خۆی هەبوو. بێ پێچ و پەنا و ڕووت و یەکڕوو، هەرچەند -هەندێ جاریش- توندوتیژ و ئەم شێوە و شێوازە بەدڵی مەردم بوو. چونکە ڕەوتەکەی درێژ نەئەکردەوە و بە جارێک، یەک لایی ئەکردەوە و ئەیخست بە لادا. دادخوازەکانیش زۆرتر ئەو کەسانە بوون کە لە حکوومەت و ئاغە هیوایان بڕابوو و بڕوایان پێیان نەمابوو و ڕوویان لە سەرای سەردار ئەکرد لە قەڵامەیدان.

لەم ئومێدەدا کە خەڵکی بە گوڵمحەمەدیان بەستبوو، لەم ڕووکردنەی خەڵک بۆ سەرای گوڵمحەمەد، ستار هیوای پێ بەستبوو و بێباکانە بیری لێ ئەکردەوە، بڕوای وابوو ئەگەر ئەم شێواز و پێڕەوە سادە و هەندێ جار توندوتیژەی گوڵمحەمەد پەسەندی دڵی خەڵکەکەیە، لە بەر ئەوەیە کە سەرداری کەلمیشی هێشتا نە خاوەن زەوی و جووتیار بوو و نە خاوەنی ڕان و گوند و شوان. چونکە لە گومانی ستاردا، ئەگەر وای لێ بهاتایەت، نەک هەر لە دادوەری کردندا، بەڵکوو لە کرداری ڕۆژانەشیدا شێوەیەکی تری ئەگرتەبەر، لایەنی خۆ گرتن. ئەو گوڵمحەمەدەی ئێستە هەبوو، سەرداری بێ قەڵا و بێ کاروان بوو. خانی بێ ڕان و دارای بێ جووتیار بوو، بۆیەش بوو کە لەگەڵ جووتیار بوو. دەسەڵات بوو، بەڵام نەک بە زەوی و داراییەوە. دەسەڵاتی دژی دەسەڵات بوو. بۆیە پەسەندی دڵی مەردم بوو، چونکە مەردم لەگەڵ دەسەڵات ڕاهاتوون. خۆشەویست بوو و ئازیز، چونکە دەسەڵاتی دژی دەسەڵات بوو. خودی بە دەسەڵات و دڵسپاردن بە دەسەڵات و بڕوا کردن بەوەی کە دەسەڵاتێک هینی تۆیە، بڕواکردن بەوەی کە دەسەڵاتێک هاوسروشتی تۆیە و لە تۆ زاوە و لە تۆوە باڵای کردووە، جەماوەر بە لای گوڵمحەمەددا ڕائەکێشێ. مەردم بۆ لای خۆی ڕائەکێشێ. لە ستایش کردنی گوڵمحەمەددا، خەڵکی پەسنی خۆیان ئەکرد. لە ئەوینیاندا بۆ گوڵمحەمەد، خەڵکی بۆ ئەوینی خۆیان

ئەگەڕان. لە باوەڕی گوڵمحەمەددا خەڵکی دەستەبەر بوونی کەمترین بوونیان بۆ خۆیان ئەخواست و، لە دەربڕینی خۆشەویستی خۆیاندا، بوغزی خۆیان ئەشاردەوە. لە بڕواکردن بە دەسەڵات، بڕوابوون بە خۆیان خۆیا نەئەکرد. کە وا بوو دەسەڵات لە لایەن مەردمەوە ستایش ئەکرا، ڕواڵەتێکی بە بوغز و ڕواڵەتێکی بە خۆشەویستی. چونکە دەسەڵات دەستەبەری ژیان بوو و نیشانەی مەرگ. بەڵام لێرە، لە دیمەن و نموودی گوڵمحەمەدی سەرداردا، خەڵکی دەسەڵاتیان بە ئەوین و بە ڕێز و نەوازشەوە ستایش ئەکرد.

ئەوەی لە بڕوای ستاردا، گوڵمحەمەدی سەرداری لە سەر هەڵدێر ڕاگرتبوو، هەمان غیرەت و ناتەبایی دەسەڵات بوو. غیرەت و ناتەبایی دەسەڵاتی گوڵمحەمەد لەگەڵ دەسەڵاتی باو. لەگەڵ دەسەڵاتی سەپاوی ئاسایی. گرێ. جەنگ لەگەڵ گوڵمحەمەد بە گومانی ستار، ئێستە دوو لایەنی هەبوو. یەکیان ئەوەی کە دەسەڵاتی گوڵمحەمەد، ئەبوایە لەگەڵ دەسەڵاتی سەپاو بگونجێ و یەک ئاراستە وەربگرێ؛ ئەوی تریشیان، واتە دەسەڵاتی ناتەبای گوڵمحەمەد ئەبوایە تێک بشکێنرێ. لە بەر ئەوەی لە مەڵبەندێکدا، دوو سەر ناتوانن بەرز ببنەوە، مەگەر لە جەنگ و ململانێدا.

کە وا بوو ڕێگە بەکام گەرداودا تێئەپەڕی، بەم جۆرەی کە ئەرۆیشت؟

ستار لەم گەردەلوولەی هەڵیکردبوو و خۆی لە سەرهەڵدانیدا ناکاریگەر نەبوو، نیگەرانی چەند و چۆنەکەی، نەی ئەتوانی تەزی پێدا نەیەت. چی ڕوو ئەدا و چۆن ئەبێ؟ پیاوێک لە ناو خەڵکەکە ڕابببوو و خەریک بوو لە قووڵایی بڕوایان جێگەی خۆی ئەکردەوە. نەک جێگە بکاتەوە. جێگەی کردبوویەوە. جێگەی کردبوویەوە و لەنگەری خستبوو. ئەم پیاوە لە سەر دوندی شاخ وەستابوو، گێژەنێکی خۆف بەهەر دەستێکیەوە، لە بەر دەمیشیدا لاڕێیەک نە کەمتر لە گێژەنی خۆف. با لە هەموو لاوە چ بێداد ئەکات لە هەڵکردنی بێ ئەمانی خۆیدا بۆسەر ئەم باگرەی سەر دوندی شاخ. شاقەلی چۆخەکەی

سەردار بە دەم باوە ئەشەکێتەوە!

ــ شەرمت لێ ئەکا، خاڵۆ عەبدۆس. ڕاستەکەی پێی وایە تاوانی کردووە! سەبارەت بە من و خۆی. بەڵام ئەوەش ئەزانێ چرایەک کە بۆ ماڵ پێویستە لە مزگەوت حەرامە!... ئەوە تۆ خۆ هێشتا لێرە وەستاوی ستار خان؟ چی بووە؟

ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد کە شەلین لە قاچی ڕاستیدا، شان بە شانی عەبدۆس لە دوا پلیکانی باڵەخانە هاتە خوارەوە و پێی نایە سەر عەرز:

ــ ئەزانم کە پاش هەڵاتنی ئێمە، ئازاریان دابووی خاڵۆ عەبدۆس. ستار بۆی گێڕامەوە. جا خۆیشت بۆمان بگێڕەوە، جەنابی سەروان چۆن قنی سووتابوو!

لای کەردووەکە و بەر سەکۆکە، جارێکیتر عەبدۆس بۆ سەیرکردنی شەودێز پێی سست کردبوو. گوڵمحەمەد، لەتەک خاڵۆی خۆیەوە وەستاو و وتی:

ــ ڕاستەکەت ئەوێ، ئەو ئەسپە لە لایەن تۆوە بە من گەیشتووە خاڵۆ!

بزەیەک بە ڕوخسارەوە، وشکە چینێک لە سەر عەرزی بەیار، عەبدۆس وتی:

ــ هەر ئەسپێک شیاوی ئەو پیاوەیە سواری لێوەرئەگرێ. پیرۆزت بێ! شەودێز ئاخرەکەی سواری خۆی دۆزییەوە. ئەو ئەیزانی ڕکێف بە کێ بدات. پیرۆزت!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ پێت نەوتین ناوی کوڕەکەمان بنێین چی؟!

عەبدۆس پێی نایە ناو هەیوانەکە و وتی:

ــ کوڕێکی وشیارە. خوا بۆمانی بهێڵێ. ناوێکی هەر بۆ پەیدا ئەبێ. خۆشناو و خۆشبەخت بێ.

ستار کە شانی دابوو بە کۆڵەکەوە، کەوتبوویە نێوانیان و هاودەمیان بوو. عەبدۆس سەیری کرد، پێکەنی و وتی:

ــ لەسەر ڕێم بۆ کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا، لای پیرەخاڵۆ پیاڵەیەک چام خواردەوە. ئەو ڕووداوی هەڵاتنەکەی بۆ گێڕامەوە. هەر هەمووی لە بن سەری تۆدا ئەزانی!

ستار سەری‌داخست و عەبدۆس بەخۆشزمانی و بەشۆخی درێژەی دا:

ــ تینووی خوێنتە، مەگەر نەکەویتە دەستی!

دەنگی پێکەنینی گوڵمحەمەد لە باکە ئاڵا و لەگەڵی‌دا، عەبدۆس و ستاریش کەوتنە پێکەنین.

ــ بانوو، بانوو! هێنایانی!

گوڵمحەمەد خۆی تیژتر لە ستار و عەبدۆس تێگەیشت کە بانوو، دادخوازەکانی بە دوای خۆی‌دا ڕیز کردووە و بەرەو ئەو ئەیانهێنێ. بۆیە گوڵمحەمەد لە کاتێکا ئەچوو بە پێشوازیانەوە، بە ستاری وت:

ــ میرخان بەتەنها بەجێ مەهێڵن! خاڵۆ عەبدۆس ببە بۆ ئەوێ، ستار. پیاڵەیەک چا بخۆنەوە با من بزانم ئەتوانم چییان بۆ بکەم.

میرخان کاتی نیوەڕۆ هاتبوو بۆ سەردانی گوڵمحەمەد و ستار هێشتاش نەی زانیبوو بە چ مەبەستێک هاتووە بۆ سەردانی گوڵمحەمەد. ستار عەبدۆسی برد بۆ ژووری میوانخانە. دوو پیاوەکەی بەیەک ناساند و خۆی هاتە دەرەوە و لای کۆڵەکەی بەرهەیوان بوو بە تەماشاچی دادوەریی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد لە لێواری هەیوانەکە دانیشتبوو و سکاڵاکەران، پیاو و ژن و مناڵ، لە بەرامبەری دانیشتبوون و ناوبەناو وەستابوون. لە پێش هەموویانەوە و لە بەر پێی گوڵمحەمەد، ژنێک لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو و مناڵێکی ساڵەوەختینە لە سەر ڕانی دانابوو، زمانی بە سکاڵا هەڵبڕی:

ــ ژێر سەری بەرز بۆتەوە سەردار، لەخۆی دەرچووە. کچەکەی من لە لای کۆن بووە. ئەڵێن ئەو ژنە جادووی لە زاواکەم کردووە، بە جۆرێک کە بڵێی سەری وەرگێڕابێ. کچەکەم خەریکە دیق ئەکا، سەردار. بووە بە قاڵۆرە. کچەکەم هێشتا نەبووە بە بیست ساڵ، بەڵام سەیری ڕەنگ و ڕوخساری بکەی، وا ئەزانی پیربووە. ڕەنگی بووە بە کای

زەرد. چاوەکانی بە قووڵا چووە، سەردار. لە بەر چاوی کچەکەم، کابرا لەگەڵ ژنە دەسبازی ئەکا. لە بەر چاوی کچەکەم پێکەوە لێ‌ئەدەن و ئەخۆن و خەریکن. غەمێکی کەم نییە بۆ ئێمە سەردار. ئاخر ئەو ژنەش خزمی خۆمانە. مەڕوماڵاتمان تێکەڵە. پەزمان سەری لە ناو یەک دایە. ماڵ و ژیانمان پێکەوەیە، یەک ڕەوەندین. بەیانی تا ئێوارە چاومان لە ناوچاوی یەک دایە، ڕوومان لە ڕووی یەکدایە. بەڵام ئەشکەنجەیە، خان. جەزرەبەیە، سەردار. کار و ژیانمان وەستاوە. قسە ئەکەین ئەبێ بە شەڕ. قسە ناکەین دیق و ئەشکەنجەیە. ژیانمان ئەگەر تێکەڵ نەبوایەت ڕەنگە چارەیەکمان بۆ بکردایەت سەردار. بەڵام پێکەوەین. پێکەوە زۆزانمان کردووە و ئەبێ پێکەوە بچین بۆ گەرمێن. پارەی ئاومان پێشەکی داوە. ناتوانین هەوار بگۆڕین. ناتوانین بەش بەش ببین. ناتوانین جێ و ڕەوەندیش لێک جیا بکەینەوە. پارەی ئاوی بیرمان داوە و تازە بیری ترمان دەسناکەوێ. داماوین سەردار!

ژنە خێڵاتی بوو. بەڵام بە گوتە و سەر و ڕواڵەتی، جیاواز بوو لە ژنانی خێڵی کەلمیشی، بەو جۆرەی ستار ئەی بینی. خۆش ئاوازتر قسەی ئەکرد بە وشەی فارسی‌ترەوە و پێ ئەچوو هی سنووری خوارووی خوراسان بێ. پێچەوانەی ژنانی خێڵەکی باکووری خوراسان.

گوڵمحەمەد پرسی:

ــ هەوارتان لە کوێ خستووە و زاواکەت ناوی چییە؟

ژنە لە وەڵامدا وتی:

ــ ڕەوەند لە چلگەزان ـە و زاواکەشم ناوی ئەسکەندەرە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بەیانی دێین بۆ ئەو ناوە. بەیانی.

ــ بۆ چاشت چاوەڕێتان بین سەردار یان بۆ شێو؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ وەختی بێ وەخت. نامێنینەوە. ناخافڵ دێین. مەهێڵە زاواکەشت بزانێ. نان و خواردنت ئەگەر پێ نییە بچۆ وەربگرە. لە لای بانوو!...

ژنە هەڵسا و منداڵەکەی گرت بە کۆڵیەوە و وتی ڕێگەی زۆر دوور نییە و بەر لە تاریکان ئەگاتەوە ڕەوەند:

ــ ڕێژەن بکەوێتە ماڵ و سفرەت، سەردار. سایەت بەرز و ڕاوەستاو بی. خوات لەگەڵ بێ. خوا بتپارێزێ!

ژنە لە ناو خەڵکەکە دەرکەوت و گوڵمحەمەد چاوی لێبوو بانوو، قۆڵی پیاوێکی گرتووە و ئەیهێنێ. کابرا هەرچەند خوێن بە تەوێڵ و شانی بەرەکەکەیەوە وشکەوە ببوو، بەڵام وا پێ ئەچوو هێشتاش دڵی بە هۆی ئەو خوێنەوە لێی ڕۆیشتبوو، ئەخێورێتەوە. چونکە ڕوخساری وەک مانگەشەو سپی هەڵگەڕابوو و چاوەکانی لە بنی کالانەدا تارمایی کەوتبوویە سەری. تا گەیشتنی کابرا کە بە دژواری هەنگاوی ئەنا، گوڵمحەمەد ڕووی لە کازمە شەل کرد و وتی پیاڵەیەک نەباتداخی بۆ بهێنە. کازم چالاکانە بەرەو ژووری دیوەخان چوو و کابرا لە بەر پێی گوڵمحەمەد لە سەر عەرزەکە دانیشت. دەستی کرد بە کۆڵەکەی لەشی و بۆ ئەوەی بێتەوە بە خۆیدا چاوی لێک نا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. کازم بە پیاڵەیەک نەباتداخەوە گەیشت. بانوو پیاڵەی لێوەرگرت و خۆی لە لای کابراوە دانیشت بۆ یارمەتیدانی و بە گوڵمحەمەدی وت:

ــ خەڵکی خورسوفە.

کابرا لێوە وشکەڵاتووەکانی بە نەباتداخ تەڕ کرد، پێڵووی هەڵبڕی و زمانی گلەیی و گازندەی کردەوە:

ــ ئاو... دوو کاژێر و نیو ئاوی تاپۆ، سەردار. ئەم دوو کاژێر و نیوە بیست ساڵە من وەری ئەگرم و کشتوکاڵی پێ ئەکەم. بە درێژایی ئەم بیست ساڵەش واتە لەو کاتەوە من لە بیرم بێ، حاجی خورسوفی چاوی لەو ئاوەیە و ئەیەوێ لە دەستمی دەربهێنێ. هەتا ئەمساڵ کە لە ڕێگەیەکی ترەوە دەستی داوەتێ. هاتووە و هاتووە و کەوشەنی لە سەر ئاوڕێژەکانی زەوییەکەی من هەڵبەستووە و دەراوی لێداوە بۆ ناو زەوییەکانی خۆی. ئاوڕێژی هەر زەوییەک لە سەر هەمان زەوییە. دەراو ئەبێ بەیار بێ. ئەبێ بوورە بێ بۆ ئەوەی دەق بێ، ساف بێ

و کاتێکە باران ئەبارێ ئاوەکە بگلێنێ و بیهێنێ بۆسەر دێمەکاڵەکە؛ هەموو دنیا ئەمە ئەزانێ. دەراوی دێمەکاڵ کاتێکە کەل نەکرێ و پێرۆکی کەوشەنەکەی لێ ببەسترێ، پەنگ ئەخواتەوە. زەوییەک کە پەنگی خواردەوە و کێڵرا، ئاوی باران ئەخواتەوە و ئیتر ڕێگە نادا باراناو بە دێمەکاڵەکە بگات. چ جایە ئەگەر کەوشەنی پەلیش لە بنیەوە هەڵبەسترابێ. ئیتر... ئەوەی، ئەوەی کە ئەمکارە چ واتایەکی هەیە، سەردار؟ واتاکەی ئەوەیە کە دەستێک بێت و پارووەکە لە دەمی من بدزێ. واتە دەستێک بێت و خاک بە سەر سەرچاوەی ڕسق و ڕۆزی مندا بکا. ئاخر ئەگەر ئاو نەبێ دێمەکاڵ بەکاری چی دێ؟ ئەبێ بەرەڵڵای بکەی ئیتر، سەردار! یانیش لە ڕووی ناچارییەوە بە چوار قەران هەرزانفرۆشی بکەی. ئەویش بە هەمان کەس کە دەراوەکانی لێگرتووی! چونکە خۆ خەڵکیتر ئەو زەوییەت بە دراوێکیش لێ ناکرن! ئێستە... ئێستەش... چووم و بە زاواکەی کە گزیریەتی ئەڵێم بۆ ئەو کارەت کردووە...

شانەکانی کابرا ڕاشەکا و لە کاتێکا لێوی خۆی ئەکرۆشت بۆ ئەوەی ڕێگە بە قوڵپی گریانەکەی بگرێ، پچڕپچڕ و بە دژواری درێژەی دا:

ــ بەرم بە گاکانیان گرت، سەردار. بەرم با گاکانی حاجی خورسوفی گرت. زوڵم ئیدی لە ڕادەی تێپەڕیوە. خۆم هەڵدا و پەتی کەڵەوەی گاکانم بڕی. بەڵام... بەڵام ناخافڵ لەوەی ناپیاوانە لە پشتەوە لێم ئەدەن. پێمەڕە نەبوو. وابزانم بە دەسکی ئامووڕەکە دایان بە تەپڵی سەرمدا. خۆت ئەبینی، سەردار. ئەوەتا ئەبینی. بۆسۆم لێناوە و بەستوومە. ئێستە، ئێستەش... ئەگەر دارەکە بەر لاجانگەم کەوتبا، ئێستە لە بن خاک بووم، سەردار!

گوڵمحەمەد لە بێدەنگی ئەو بوغزەدا کە گەرووی کابرای ڕێک ئەگووشی، پرسی:

ــ تۆ وەهابی. ناوت وەهابە، وایە؟

چاوەکانی کابرا، بە بریسکەی ئاشنایەتی ئاوێتە بوو و بە

مایەیەکی لێڵی خەفەتەوە، بێ توانای شاردنەوەی ئەو جەخارەی شەوقی لێ نیشتبوو، وتی:

ــ سەردار... سەردار! ڕەبەنی وەکوو من لە کوێوە ئەناسی؟ چۆن ناوی خەڵکی وەکوو من لە بیری سەردار ئەمێنێ؟! بەڵێ... بەڵێ... من وەهابم، خولامی سەردار.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ هەڵسە برۆ بۆ چێشتخانە، تۆزێ نان و ڕۆن بخۆ، هەڵسە! با تۆزێ گیان بێتەوە بە بەرتدا. تۆ خەریکی لە سەر خۆت ئەچی. بە سواری هاتی؟

ــ نەخێر نیمە، سەردار.

ــ بەو دارەتەوە بە پێی پیادە هاتووی؟... زۆر چاکە، شەو لێرە بمێنەوە. بەیانی تەتەرت لەگەڵ ئەنێرم بۆ ئەوەی بچێ بۆ لای حاجی خورسوفی. جارێ برۆ تۆزێ نان و ڕۆن بخۆ. کازم! برۆ چوار پێنج سیر ڕۆنی زەرد بدە بە وەهاب با بیخوا. ڕابە!

بانوو لە کاتی هەڵسانی وەهابدا، دەستی دایە بن باڵی و بەرەو چێشتخانە، دایە دەست کازم. کازم وەهابی خستە بەر خۆیەوە و بانوو گەڕایەوە بۆ ناو خەڵکەکە و چووە لای کچێکەوە کە بە دوورکەوتنەوەی بانوو، بە ترس و ناباوەڕییەوە هەروا چاوی تێبڕیبوو و وا دیار بوو هێشتاش چاوی هەر لەوە. گوڵمحەمەد لێگەڕا بانوو لە کچە نزیک ببێتەوە و کاتێکە کچۆڵە چنگی لە داوێنی کراسەکەی بانوو گیردا، گوڵمحەمەد سەیری بانوو و پاشان کچەی کرد و لێی پرسی:

ــ تۆ چی کچم. تۆ لێرە کارت چییە؟ دایک و باوکت لە کوێن؟ کچی کێی؟

کچۆڵە نیگای دزیەوە و ڕووی لە ناو کۆشی کراسەکەی بانوودا شاردەوە و ئەتوت دەمی خۆی بە کراسەکەی بانوو ئاخنی. بانوو کچەی هەڵساند و لە پەنای خۆیدا ڕایگرت و بە نەرمی بەرەو گوڵمحەمەد بردی. دەستی نایە سەرشانی سەردار، دانەوییەوە و سەری بردە بن گوێی و بۆ تاوێک بە سرتە هەندێ شتی پێوت، بە ڕادەیەک کە ستار

هەستی کرد مووی دەموچاوی گوڵمحەمەد بە ئاشکرا وەکوو پەڕی کەڵەشێر لە کاتی پەلاماردان‌دا شیش ڕاوەستا و کالانەی چاوەکانی ئەتوت خەریکن ئەتەقن و وای لێهات خۆی پێ ڕانەگیرێ. ڕابوو و نەڕاندی:

ــ نەخێر! گوو ئەخوا گەووادی قوڕمساخ! هەموو ددانەکانی هەڵئەکێشم! ئەم کچۆڵە هێشتا منداڵە، دەمی هێشتا بۆنی شیری خاوی لێدێ. من ددانەکانی کابرا هەڵئەکێشم. بلێ هەر ئێستە بیهێنن بۆ ئێرە ئەو بێغیرەتە! ئەهای... کازم.

کازم دەسبەجێ لە چێشتخانە شەلیە دەرەوە و لە دوورەوە هاواری کرد:

ــ بەڵێ سەردار!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ وەرە بڕۆ باوکی ئەم کچە هەڵگرە و بیهێنە بۆ ئێرە. لەگەڵ خودی کچە بڕۆ!

کچە لەپڕ باوەشی کرد بە ناوقەدی بانوودا و دای لە پرمەی گریان:

ــ بانوو گیان نا، من ناڕۆم. مەهێڵە لێرە بڕۆم. من لەم ماڵە ناڕۆم. ناڕۆم. ئەی خوایە گیان!

گوڵمحەمەد لە گریان و شەپۆڕی کچەدا تۆزێ خامۆش بوو و پاشان بە کازم کە هاتبوویە بەرەوە و چاوەڕێ بوو، وتی خۆی بڕوات و باوکی کچە بهێنێ. کازم «بە سەر چاوی» وت و شەلی بەرەو چوار پێی دزەکان، سواری بوو و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە چوو. بانوو دەستەکانی کچەی لە خۆی کردەوە و بردی بۆ هەیوان و لای دیوارەکە داینا:

ــ چاکە، چاکە. زۆر چاکە. هەر لێرە ڕات ئەگرم، لە لای خۆمان. مەترسە، مەترسە. ئارام بگرە کچم. ئارام بە ئیتر!

گوڵمحەمەد ئەماژەی بە پیاوێک لە تەنیشت ستارەوە کرد و وتی:

ــ ئا، تۆ بڵێ!

کابرای لێوکەت کە زۆر وردیلە و ناچار خۆیای ئەکرد و هەر لە سەرەتاوە وەکوو ژیژوویەک خۆی کز کردبوو بە کڵاوە کۆنەکەیەوە کە تا سەر برۆی داپۆشابوو، چاوی لە گوڵمحەمەد نەئەترووکاند. ستار ئەی بینی جارجارە نیگای ئەگوێزرێتەوە بۆ سەر ئەو کەسەی گوڵمحەمەد لەگەڵی ئەدوێ و دەسبەجێ بە هەمان سووری و ڕاشکاوی چاو ئەبڕێتەوە گوڵمحەمەد. ئێستەش کە لەگەڵ ئەویان بوو، هیچی نەوت. بەس لە سەر ئەژنۆ خزا، لە نزیک پێی ستار ڕاوەستا و وەک بڵێی ئەیەوێ سوجدە ببات، نووشتایەوە و دەستەکانی کە تا ئەم کاتە ئەتوت لە بن باخەڵیدا شاردوویەتەوە، ئازاد کرد و خاچ ئاسا بردی بۆ باڵەکانی کراسەکەی و هەموو جلەکانی -کراس و عابای کۆنەی- وەکوو کیسەیەک داکەند و پشتی کە بە زەبری شووڵ و قامچی هەزار هێڵی لە سەر نەخش کرابوو، خستە بەرچاوی سەردار و هەموو بینەرانی تر و لە هەمان کاتدا کە هەنیەی لە سەر عەرز بوو، بە دەنگێک کە ئەتوت لە دڵی خاکەوە دێتە دەرەوە، وتی:

ــ زوڵم، زوڵم! ماڵت کاول بێ زوڵم! ماڵت کاول بێ زوڵم!

دەنگدانەوەی فیکەی بەگمحەمەد لە سەر بانەوە و دەنگی هەنگاوە خێراکانی بەرەو پاساری بانەکە، نیگای ڕچاوی گوڵمحەمەد لە سەر پشت و لاکەلەکەی شین هەڵگەڕاو و خوێناوی و هەزار هێڵی کابرای لێوکەت قۆستەوە و بەرەو براکەی وەری سووڕاند. بەگمحەمەد بە ڕەختی حەمبەلی فیشەک و بڕنەو بە دەست، ئەوەندە هاتبوویە بەر پاساری بانەکە پەنجەی بنی کڵاشەکەی ئەبینرا و هەروەها ڕوخساری هەڵچووی بە کەوانێکی نەرم هاتبوویە پێشەوە و چاوی بڕیبوویە براکەی.

ــ ئا، چی بووە؟!

لە وەڵامی براکەیدا، بەگمحەمەد وتی:

ــ دوو سوار، دوو جەندەرمە. خەریکن ئەگەنە نزیک قەڵات. لە ڕێگەی خوارەوە دێن. هەر ئێستە لە تەختیدێو تێپەڕین.

گوڵمحەمەد پرسی:
ــ کاکم لە کوێیە؟ خانمحەمەد؟
ــ ئەبێ لەو ناوە بێ، دیارە خۆی حەشار داوە.
گوڵمحەمەد وتی دووربین بۆ هەموو لایەک بخە، ئەوە هاتم!
بەگمحەمەد لە لێواری بانەکە کشایەوە و لە ورگی گومەزی بانەکە، پڵینگ ئاسا سەرکەوت و گوڵمحەمەد دەسبەجێ چۆخەی دایە دەست ستار و لە کاتێکا بەرەو پەنجەرەی باڵەخانە ئەچوو، بە ستاری وت:
ــ بڵێ جلەکانی لە بەر بکاتەوە ئەو کابرا!
لەبەر پەنجەرەی باڵەخانە سەری بەرز کردەوە و بانگی کرد:
ــ تفەنگەکەی من، ماراڵ!
پەنجەرە دەسبەجێ کرایەوە و ماراڵ، برنەوەکەی هەڵدا بۆ شووەکەی. گوڵمحەمەد، برنەوەکەی لە حەوادا گرتەوە و بەرەو پلیکانەکانی سەربانی باڵەخانە، بە بێ ئەوەی چاوی لە براکەی بێ، بانگی کرد:
ــ چی ئەبینی، بەگ؟
دەنگی بەگمحەمەد لە وەڵامدا بیسرا:
ــ خەریکن دێن، کاکە!
ــ کەم و زۆر نەبوون؟
ــ نەخێر، هەر ئەو دووانەن!
ــ ئەم لاوە چی؟ سێ لاکەیتر؟
ــ هیچ دیار نییە، ئەگەر لە نەدیو خۆیان دانەشاردبێ!
گوڵمحەمەد سەرکەوتبوویە سەر پلیکانەکان و لەگەڵ هەڵوەستەیەک لە پێچی بەر دەرگای باڵەخانە، بە بەگمحەمەدی وت:
ــ بانەوبان برۆ. دزە بکە و بچۆرە سەریان. پێم وانییە باروتیان هێنابێ، ئەگەر دوو کەس بن. ئاگات لێ بێ لە خۆوە تەقە نەکەی. تفەنگەکانیان لێوەرگرە و بیانهێنە بۆ ماڵەوە! دووربینەکە هەر لەوێ دابنێ لای کولاوکەکە.

بەگمحەمەد لە سەربانەوە بازی دایە سەر دیوارەکە. گوڵمحەمەد هەڵکشا سەربان و بانوو دەرگای حەوشەی داخست. عەبدۆس لە ژوورەکەوە هاتە هەیوان و ستار، دادخوازەکانی بەرەو چێشتخانە ڕێنوێنی کرد و عەلیخان چەخماخ کە لەشی بە هۆی شەکەتی لە خەودا ئارەقەی کردبوو، سەری لە سەر کیسەی ئاردەکە وەرگەڕاند و پرخەی برِا. لە پەنا دیواری باڵەخانە، گوڵمحەمەد سەیری عەبدۆسی کرد و وتی:

ـ هیچی وانییە، خاڵۆ. میرخان بەجێ مەهێڵە!

عەبدۆس دڵخوازی گوڵمحەمەد، وەرگەڕا و چووەوە ژوورەوە و بەرامبەر میرخان، لە سەر ئەژنۆیەک دانیشت و ئانیشکی دادایە سەر جێوبانەکە. میرخان هەرچەند وای پیشان ئەدا باکی نییە لەوەی ڕەنگە لە سەرای سەردار ڕوو ئەدات. بەڵام نەشی ئەتوانی ئارام بگرێ. پشتی لە جێوبانەکە کردبۆوە و لە سەر هەر دوو ئەژنۆ دانیشتبوو و دەستەکانی خستبوویە نێوان ڕانەکانی و چاوەکانی بە بێ ترووکاندن لە دەرگاکە بڕیبوو و لێویشی هەروا بەسترابوو و ڕێکی ئەگووشا کە هێڵێکی وەکوو لێو لە لای چەناگەیەوە هاتبوویە پێشەوە و ژێر لووتی دیار نەبوو. ڕەنگی ببوو بە سێبەر و نەک بە ڕەنگی دیوار. چونکە پێستی بۆر و ڕەشتاڵە بوو و ڕوخساری بە ڕواڵەت ڕەق و پڕ ئێسک بوو. بەڵام عەبدۆس ئەیتوانی یافتی قووتدانی تفی دەمی لە بن مل و جووڵانی سێوکەی ملی میرخاندا بەجوانی ببینێ:

ـ لەوێ... دۆڵابێکی لێیە، خان! شوێنێکی هێمنە.

ـ ها؟!

میرخان بەڕاست سەیری عەبدۆسی کرد و عەبدۆسیش بە هەمان مایە، دۆڵابەکەی پیشانی میرخان دا و وتی:

ـ زەرەدی نییە، خۆ حەشار ئەدەی تا مەترسیەکە تێپەڕێ!

ـ ئا... خۆ بیرێکی خراپیش نییە! ژیرانەیە! بۆنا؟... ئەرێ؟

میرخان لە وتنی ئەو وشانەدا کە خۆیشی تێی نەئەگەیشت، یەک دوو جار چاوی ترووکاند و پاشان لە بن نیگای بە متمانەی عەبدۆسدا

جووڵا و ورده ورده بزووت و پاشان هەڵسا و چوو بۆ لای دۆلابەکە و پاش ساتێک بە دەم پێکەنینەوە کە لە ددانەکانی عەبدۆس‌دا خۆی پیشان ئەدا، لە ناو دۆلابەکە ون بوو. عەبدۆس تۆزێ ڕاما و پاشان هەڵسا و لە کاتێکا پاژنەی گیوەکانی هەڵئەکێشا، پرسی:

ـ جێگەکەت چۆنە، میرخان؟

دەنگی میرخان کپ و گڕتر لە دیوارەکەوە هات:

ـ تۆزێک تەنگ و ترجە، گیوەکانم بۆ بهێنە ئەگەر بە زەحمەتی نەزانی، زۆر سپاست ئەکەم!

عەبدۆس گیوەکانی میرخانی بۆ برد و پاشان بەرەو هەیوان لە دەرگا چووە دەرەوە.

دەنگی دەرگای حەوشە هات و عەبدۆس بەرەو ئەوێ چوو بە درێژایی هەیوان و ڕیزی کۆڵەکەکان‌دا. لای دەرگای هەمارەکە عەلیخان چەخماخ هەروا خەوتبوو، خەوی مەرگ. لە تاریکایی ناو هەماردا هەندێ سێبەر لە هاتوچۆدا بوون و خەریکی چپەچپ. عەبدۆس سەرنجی نەدا و بەرەو لای سەرووی هەیوانەکە کشا و ڕاست بەرامبەر بە ناو دەرگای هەشتیەکە سووچی بەرامبەر بە دەرگای حەوشە، چاوەڕێی کرد. تای دەرگا کرانەوە بە دەستی پیاوێک کە عەبدۆس پێشتر نەی دیبوو. تفەنگدارێکی‌تر.

تفەنگدار کشایەوە و خانمحەمەد لە پێشەوە هاتە ناو هەشتیەکە و لە کاتێکا هەوساری ئەسپەکەی بەگمحەمەدی ئەدا بە دەست کابرای تفەنگدارەوە کە هێشتاش خەواڵوو بوو، بۆ ئەوەی لە بەهاربەندەکە بێگەڕێنێ. گەڕایەوە بەرەو دوو جەندەرمەکەی بە دوای‌دا ئەهاتن. ئەماژەی پێکردن ئەسپەکانیان بدەن بە مەدڕەزا و بە کابرای تفەنگدار کە خەریک بوو دەرگای بەهاربەندەکەی ئەکردەوە و وتی:

ـ ...هەوساری ئەسپەکان وەرگرە، مەدڕەزا!

بەگمحەمەد لەسەربان پەیدای بوویەوە، ئەتوت بانەوبان ڕۆیشتووە و گەڕاوەتەوە و ئەیەوێ شوێنی خۆی لە بەرزایی بانەکە لە گوڵمحەمەد وەربگرێتەوە. گوڵمحەمەد خۆی بۆ لای بەگمحەمەد

هاتبوو و کاتێکە دووربینەکەی ئەدایەوە بە براکەی، پاش وتووێژێکی کورت کە عەبدۆس نەی ئەبیست، بەرەو هەشتیەکە هات. لە پێچی پلیکانەکان دابەزی و زۆری نەبرد لە ناو دەرگای هەشتیەکە پێی نایە حەوشە. چۆخەکەی لە دەستی ستار وەرگرت، بە بێ گوێدانە جووتە جەندەرمە کە لە بن دیوارەکە ڕاوەستابوون، لە خانمحەمەد نزیک بوویەوە و بە زمانی خۆیی لێی پرسی چی لە بوژدنی کردووە. خان لە سەر شانی براکەیەوە سەیری کابراکەی خۆی بە دوای غولامەڵلاجاندا بەڕێی کردبوو، کرد و وتی:

ـ ڕەنگە هەر لەوێ لە ناو گەون و چاڵووک کردوویەتەوە و لێی گەڕاوە داڵ و سیسارک چاوەکانی دەربهێنن!

گوڵمحەمەد بە بانووی وت جەندەرمەکان ببات بۆ هۆدەی تەنیشت دیوەخان و خۆی بۆ لای کابرای تفەنگدار چوو و پشت لە جەندەرمەکان کە بە دوای کازمدا بەرەو ژووری تەنیشت دیوەخان ئەچوون، پرسی:

ـ کوشتتان؟!

توغرولی تفەنگدار کە لەغاوی ئەسپەکەی ئەبەست بە سنگەوە شانی ڕاست کردەوە و لە وەڵامدا وتی:

ـ نەخێر سەردار، هێشتا زیندوو بوو! خۆم گوێم نایە سەر سینگی.

گوڵمحەمەد، توغرولی تفەنگداری لەگەڵ ئاخوڕ و ئالیک بەجێهێشت و خۆی چوو بۆ لای تەیمانی بەهاربەندەکە، بۆ لای خانمحەمەد. بەڵام خان و عەبدۆس یەکدییان بینیبوو و خەریکی چاک و خۆشی بوون. گوڵمحەمەد ویستی لێیان بگەڕێ بەڵام خانمحەمەد بە قسە ڕایگرت و وتی:

ـ ڕەخت و تفەنگیان پێ نەبوو. ئەڵێن لە لایەن فەربەخشەوە پەیامیان هێناوە.

ـ ئەزانم... ئەزانم.

گوڵمحەمەد بە ڕێی خۆیدا بەرەو هۆدەی جەندەرمەکان برابوون

بۆ ئەویٚ، ڕۆیشت و خانمحەمەد و عەبدۆسی بەجیٚ هیٚشت لیٚک تیٚر ببن؛ هەروەها ستاریش کە نزیکی نزیکترین کۆڵەکەی بەرهەیوانەکە بە تەنها وەستابوو. خانمحەمەد، خاڵۆی خۆی -کە بەتەمەن زۆریش لەو گەورەتر نەبوو- بە قسەوە گرتبوو، هەڵبەت نە زۆر بە گەرمی. زیاتر بە پرس و جۆ و ئەو جۆرەی ستار بۆی ئەچوو، پرس و جۆ دەربارەی هەڵاتن و ناوبانگی گوڵمحەمەد بە سەر ئەوانیتردا کە عەبدۆس دیبوونی و بە دەم ئاخافتن و بە دەم باوە بە ڕاستەی هەیوانەکەدا ئەچوون بۆ ئەوسەر و ئەگەڕانەوە.

هەرچی چۆن بیٚ، خانمحەمەد وەک بڵیٚی ستاری نەئەبینی. هەر لە سەرەتاشەوە ستاری نەبینیبوو. ئەو دووانە لە یەکەم دیدارەوە، نەیانتوانیبوو یەک بگرن. هەوڵدانی ستاریش سوودی نەببوو هیچ، بەرەنجامی پیٚچەوانەشی بەدیهیٚنابوو. بۆیەش ستار لە بەردەمی خانمحەمەدی کەلمیشیدا، هیٚشتاش نەی ئەتوانی ئارام بیٚ. شک و گومانی خانمحەمەد لە هەر کەس و هەر شت، ئەوەندە توند و ئاشکرا بوو کە ستار نەی ئەتوانی خۆی لە توند و تاڵی هەڵسوکەوتی ئەو بپاریٚزیٚ.

خانمحەمەد بە لووتی کشاو و ڕەقەڵ و چاوی تیژ و تەویٚلی دەرپەڕیو، لە هەموو دارەتیٚکدا تووڕە و ناڕازی ئەهاتە پیٚش چاو. هەر ئیٚستەش جارجارە کاکیلەکانی ڕیٚک ئەگووشران و پەلکی کەپۆی ئەپەڕین و سەرەڕای ئەوەی کە نیگای ئەشاردەوە، بەڵام ستار هەستی ئەکرد لە شتیٚک یان لە کەسیٚک تووڕەیە. هەرچەند هەمیشە وا دیار بوو و سەرەڕای ئەوەی ستار هەوڵی دابوو نیٚوانی لەگەڵ خۆش بکات. بەڵام نەیتوانی هەستی هەڤاڵەتی کابرا بە لای خۆیدا ڕابکیٚشیٚ. لە هەموو ڕیٚگەیەکەوە تیٚوە چووبوو و بیری لە هەموو شیٚوازیٚک کردبۆوە، بەڵام دیسانەوەش بیٚ بار گەڕابوویەوە.

خانمحەمەد نە جەوان بوو کە بە هۆی هەندیٚ پیٚچ و خەمەوە کە بۆ جەوان دیٚتە بەرەوە، ستار بتوانیٚ لیٚی نزیک ببیٚتەوە و، نە ئەوەندەی تەمەن هەبوو کە گەڕابیٚتەوە و دامرکابیٚ. ئەو لە سنووری

نێوان سی و چلدا بوو. واتە دفرەی جەوانی بە وێڕای ئەزموونی ئاوێتەی لێزانیەوە، لە لای هەبوو و وای دیاری ئەکرد ئەزموونی پێویستی پاشەکەوت کردووە و پێوەری چاکە و خراپەی کرداری خۆی دۆزیوەتەوە. ئەم بڕوایەش لە خانمحەمەدی کەلمیشیدا نیشانەیەکی پڕ لە شانازیی هەبوو، بە بێ کەمترین تاودانەوەی کێماسی لە پێگەیشتوویی‌دا. چونکە پیاوێکی وەکوو خانمحەمەدی کەلمیشی کە کارمایەی ژیانی لە کێشە و جەنگ و ململانێدا خەملێبوو، لەم تەمەنەی ژیانی‌دا نەی ئەتوانی دابمرکێتەوە. لێزانی لە جەنگ و ململانێدا، لە پوختەیی شێوازی هەڵسوکەوتی، ئامادەیی لە بەرامبەر هەر ناڕەوا و ناڕەواییەکدا، ترس و بۆسە و ڕق، ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە ڕێگەیان بە کەوتن و مل‌بەکوێنی نەئەدا. بۆیە خانمحەمەد لە بەرامبەر ستاری پینەچی‌دا، نە پیاوێک بوو بە ڕەوشتی نەرم و نیانی مرۆییەوە، بەڵکوو ڕەوەزێک بوو لە قەبارەی پیاوێک‌دا کە سەرکەوتن پیای‌دا لە دژوارترین کارەکان ئەچوو.

خانمحەمەد، بە بانگ هێشتنی گوڵمحەمەد سەری بردبوویە ناو هۆدەکە، عەبدۆس خەریک بوو ئەچوو بۆ دیوەخان و، ستار لە ناو تۆزی پاشکۆی باکەدا، هەروا لە بەرهەیوان، شانی دابوو بە کۆڵەکەکەوە و وەستابوو. توغرولی تفەنگدار لە کاری ئاخوڕ و ئەسپ ببوویەوە و خەریک بوو ئەچوو بۆ چێشتخانە. بانوو کچۆڵەی هێنابوویە دەرەوە و بەرەو سووچی حەوشە ئەیبرد. دەنگی گفتوگۆی میرخان و عەبدۆس بە مایەیەک لە گاڵتە و خۆشزمانی ئەبیسرا و بەگمحەمەد لە سەر بانی سەرا بە ئارامی پیاسەی ئەکرد. بە سەر یەکەوە، سەرای سەردار خەریک بوو لە گەرمای پاش بادا، قورسایی ئێوارە و خامۆشی بێوەختی لێ بنیشێ.

ــ وەرە ئەم نامەیەم بۆ وەخوێنە، ستار خان!

خودی سەردار بوو. لە دەرگا هاتبوویە دەرەوە. بەرەو ستار ئەهات و بە دەست ئەماژەی بە ستار ئەکرد لە شوێنی خۆی و دوور لە گوێ‌بیسی جەندەرمەکان ڕابوەستێ. ستار نیو هەنگاوی هەڵگرت

و گوڵمحەمەد گەیشت. لە لێواری هەیوان داینا و کاغەزەکەی دا بە دەستیەوە و وتی:

ــ بزانە مەبەستی فەربەخش چییە؟ چاو و زمانی پیاوەکانی جێ متمانە نین!

ستار لە بەر نیگا و سەرنجی گوڵمحەمەد، کە زوو زوو لە سەر نامەکەوە بۆ نیوروخی ستار ئەگوازرایەوە، دەقی نامەکەی جارێک لە بەر خۆیەوە خوێندەوە و پاشان ڕووی کردە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ داوای لێکردووی پاکانە بکەیت لە لای حکوومەت!

ــ دەی؟ دوای ئەوە؟!

ــ ئەیخوێنمەوە.

ستار کەوتە خوێندنەوەی نامەکە و وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ، هەمووی بۆ گوڵمحەمەد خوێندەوە. زمانی نامەکە نادۆستانە نەبوو. جێجێش ڕەگەیەکی هاودەردی و ئەوەی کە ناچار بووە ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر. کۆتاییەکەشی نەک بە ئاشکرا، تێی گەیاندبوو لە ناوەندی پارێزگاوە بە نووسین نارەزایی خۆیان لە شێوەی کارکردنی فەربەخش دەربڕیوە و لە پەردەدا منەتی خستبوویە سەری و بە گوڵمحەمەدی ئەوت کە تا ئەمڕۆ چەندە لە توانایدا بووە و بۆی کراوە لێبووراوە و چاوپۆشی کردووە. وتبووی لەمەودوا ئەو چاوپۆشی کردنەی بۆ نالوێ. لە کۆتاییشدا داوای لە سەردار کردبوو بە ڕەسمی و لە بوونی نوێنەری ناوەندا چاویان بە یەک بکەوێ. هەروەها گوڵمحەمەد لەگەڵ فەربەخش بچن بۆ مەشهەد بۆ دیدارێکی دۆستانە و لەگەڵ فەرماندەی گشتی دابنیشن بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ تێبینی و:

ــ ئیتر خۆشیت!

نامەکە تەواو بوو. ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد شان بە شانی ستار لە سەر لێواری هەیوانەکە دانیشتبوو. بێ جووڵە و خامۆش و نیگای لە بەر پێی خۆی. بەڵام بێگومان لە ناوەوە ئەکوڵا. چونکە ڕەگی لاجانگ و تەوێڵی زیاتر هەڵسابوو و خوێن بە گۆنا و بناگوێیدا گەڕابوو و هەرچەند ستار نەی ئەتوانی جگە لە

سێبەرێک لە نیگای گوڵمحەمەد ببینێ، بەڵام هەستی ئەکرد کە تیشکی چاوەکانی لە قووڵایی خاکەکە ڕۆ چووە.

ستار ئەوەی ئەزانی لەم کات و ساتەدا نابێ هیچ بڵێ. هەرچەند ئەو قسەیە ڕێ پیشاندەر و مەڵهەمیش بێ. بۆیە ئەبوا بێدەنگ بێ تا خودی سەردار ئەکەوێتە دوو. دواندن یان پرسیار. ڕەنگیشە بە بێ قسە هەڵسێ و گراوی مەبەست و نیهادی خۆی، بەرەو لایەک بڕوا و لەگەڵ خۆی خەڵوەتی بکات. یانیش ئەوەی کە لەپڕ ڕابێ و پێ لە ئاوزەنگی بنێ. یان... نەء. وا دیار بوو گوڵمحەمەد ئەمجارەیان لەمپەرێکی دژواری هاتبوویە سەر ڕێ و بۆی دەرئەکەوت پەڕینەوە لەو لەمپەرە پیویستی بە چەم و خەمێکیتر هەیە:

ــ کە وا بوو... بە گومانی فەربەخش تەنها یەک ڕێ ماوەتەوە! کە سەر بە ڕێگەی ئەواندا ببەم؟ تۆ چی دێ بە بیرتدا؟

ــ هیچی ڕوونتر لەوەی وتتان بە بیری منیش ناگات!

گوڵمحەمەد وەک بڵێی نە هیچی لە ستار پرسیوە و نە وەڵامی لێوەرگرتووە، لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ واتە... من ئەو کارە ئەکەم؟! ئەتوانم؟!

بە بێ چاوەڕێکردنی وەڵام هەڵسا، بەرەو شەودێز چوو. لای شانی ئەسپەکە وەستا، پەنجەی کرد بە کاکۆڵی قەرەدا و لە نەوازشی هەنیەی ئەسپەکەدا، وەک بڵێی نەک لەگەڵ کەس، وتی:

ــ شێویان بۆ ئامادە بکەن!

بانوو بەرەو چێشتخانە چوو و گوڵمحەمەد بەرەو هۆدەی جەندەرمەکان. شانی دانەواند و سەری بردە ژوورەوە و لە کاتێکا نامەکەی لە نێوان پەنجەکانیدا ڕائەوەشان، سەیرێکی نامەکەی کرد و وتی:

ــ سڵاوی من بە جەنابی فەربەخش بگەیەنن و بڵێن چاوەڕێی وەڵام بێ!... وتم شێوتان بۆ ئامادە بکەن.

ــ زۆر سپاس سەردار. شەو ئەبێ لە شار بین. جەنابی سەرتیپ چاوەڕێی وەڵامە. دەرفەت ئەخوازین بۆ ڕۆیشتن!

ــ چۆنتان پێخۆشە وا بکەن.

دوو جەندەرمە لە بەر نیگای دڕدۆنگی خانمحەمەد پشتیان لە جێوبانەکان کردەوە، کڵاویان کردە سەریان و هەڵسان. خانمحەمەدیش هەڵسا و لە براکەی، کە لە ناو هۆدەکەدا پیاسەی ئەکرد، نزیک بوویەوە. خانمحەمەد گیرۆدەی ئەشکەنجەی پرسیارەکەی خۆی چووە پێشەوە. بەڵام گوڵمحەمەد دەرفەتی نەدا و وتی:

ــ یەکی بیست و پێنج تمەنیان پێ بدە!

گوڵمحەمەد ڕۆیشتە دەرەوە و لە بەرهەیوان وەستا. خانمحەمەدیش گوتەی براکەی جێبەجێ کرد. جەندەرمەکان دەرکەوتن و لە بەرامبەر گوڵمحەمەددا کڕنۆشیان کرد. گوڵمحەمەد، نەیانی بینی. ئەسپەکانیان بۆ هێنان. جەندەرمەکان ئەسپەکانیان وەرگرت، جارێکیتریش بەر لەوەی لە دەرگا بچنە دەرەوە، کڕنۆشیان بۆ گوڵمحەمەد برد. گوڵمحەمەد سەیری کردن و ئەوەندە چاوەڕێی کردن تا کەوتنە ڕێ. بانوو کەوتە بەریانەوە دەرگایان بۆ بکاتەوە. خانمحەمەد لەگەڵیان تا بەر هەشتیەکە ڕۆیشت. گوڵمحەمەد ڕاوەستا تا جەندەرمەکان لە ناو داڵانەکەدا ون بن و هەروا چاوی بڕیبوویە شۆپیان. بە ڕۆیشتنە دەرەوەیان، کازمە شەل بە کەرە ڕووتەکەوە لە کاتێکا پیرەمێردی بە سواری کەرەکە ئەهێنا، لە ناو هەشتیەکەوە هاتە حەوشە و ملی کەرەکەی بەرەو ڕووی سەردار هێنا. گوڵمحەمەد بە بینینی پیرەمێرد کە لە هەموو شت زیاتر برۆی درێژ و خۆڵەمێشی و سمێڵە شۆڕەکانی سەرنجیان ڕائەکێشا، چۆخەکەی ڕێک کرد و چوو بەرەوپیری. لای ملی کەرەکە، بەر لەوەی کابرا دەرفەتی سڵاوکردن پەیدا بکات، زللەیەکی قورسی کێشا بە بناگوێیدا، بە جۆرێک کە پیرەمێرد سووڕا و بەر لەوەی ئەوبەری ڕوومەتی بە زللەی دووەم شینەوە ببێ، خۆی لە سەر کەرەکە هەڵدایە خوارەوە. کازمە شەل کەرەکەی بردە لایەکەوە و گوڵمحەمەد سەرشانی عاباکەی کابرای گرت. کابرای گرمۆڵە بووی بەرز کردەوە و لە چاوترووکانێکدا چنگی لە شانی بەردا و بە پشتی دەست زللەیەکی لە گۆنای چەپی کابرادا،

که مێزەر و کڵاوەکەی کەوتە ناو کەردووەکە و خۆی چەمایەوە، ئەژنۆی لە عەرزەکە چەقی و هەروا مایەوە، لە کاتێکا هەر دوو دەستی قونجاندبوو و بردبووی بۆ ژێر ناوکی و بە ئاشکرا ئەلەرزی. گوڵمحەمەدیش بەو ڕقە خەستەیەوە نەڕاندی:

ـ کچەکەت دەساڵیش نابێ، ناپیاوی جەڵەب! ئەتەوێ بستە مناڵێک بخەیتە باخەڵی نێرەکەرێکی بێگانە بەس بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆتی بکەیتەوە؟! ئەتەوێ چەندە مارەیی لەبری وەربگری؟ چەند؟! قسە بکە کە کارم هەیە!

پیرەمێرد نەیتوانی هیچ بڵێ. بەس هەر دوو مشتی بەرزکردەوە و کوتای بە تەوێڵی خۆیدا و هەر بەو دارەتەوە سەری چەماندەوە و کەوتە گریان. گوڵمحەمەد نیگای لێوەرگێڕا و خانمحەمەدی بینی لە پشت سەری کابراوە وەستاوە. گوڵمحەمەد پێی وت:

ـ بزانە چ دەردیەتی! پاشان پەیام بنێرە بۆ ئەو گەووادەی هاتووە ئەو کچۆڵەیە ببات بۆ ماڵی خۆی. هەر ئەمڕۆ لە قەڵامەیدان بڕوات و شوێنی ون بکات؛ ئەگینا ئەڵێم بیخەسێنن. تۆیش پیری چەپەڵ، ئەگەر جارێکتر ببیسم ئەتەوێ کاری وا بکەی ئەدەم برۆکانت بتاشن! سپێون!

گوڵمحەمەد ڕانەوەستا. پیرەمێردی بەجێ هێشت بۆ خانمحەمەد، کە خەریک بوو هەڵی ئەساندە سەرپێ و خۆی بەرەو دیوەخان چوو و لەوێ، لای دەرگاکە ئاوڕی دایەوە و لە دوورەوە لێی پرسی:

ـ ناوی نەحست چ ژەهریمارێکە؟

کابرا ئەوا خەریک بوو کڵاو و مێزەرەکەی لە سەری ئەنا، کەوتە دۆعاکردن و گوڵمحەمەد جارێکیتر داخوڕی بە سەریدا و بە تەشەرەوە لێی پرسی:

ـ ئەڵێم ناوی نەگبەتت چییە؟ نامەوێ دۆعام بۆ بکەی.

پیرەمێرد بە ترسەوە سەیری خانمحەمەدی کرد و پاشان حەپەساو و بەپەڕی داهێزرانەوە، وتی:

ــ خاک، سەردار!
ــ پاش خاک؟
ــ کامیل، سەردار!

گوڵمحەمەد بیستی و نەی بیست چووە دیوەخان و پیرەمێرد چاوی بڕییە خانمحەمەد و بە داماوییەوە پرسی:

ــ سەردار چیم بە سەر ئەهێنیێ، خان؟ من... من بە سەری خۆت مەبەستم خراپ نەبووە... نەبووە ئەگەر ئەمویست ئەو کارە بکەم، خان. تۆ بەزەییت پێمدا بێتەوە، خان. تۆ یارمەتیم بدە خان!...

ستار هێشتاش لای کۆڵەکەی بەرهەیوان وەستابوو و سەیری ئەوەی ئەکرد وا ڕووی ئەدا. پیرەمێرد ئەوا زەلیل و شکاو، وەک سەگێکی لێدان خواردوو بە دوای خانمحەمەددا بەرەو هەیوانەکە ئەکشا، ئەکێشرا، ئەپاڕایەوە و دەستەکانی بە لاڵانەوە لە هەوادا بەرز و نزم ئەکردەوە. بانوو کچۆڵەی پیرەمێردی دابوویە پەنای خۆی، لەسووچی حەوشەکە وەستابوو و سەیری ئەکرد. کازمە شەل، قۆڵی نابوویە سەر یاڵ و ملی کەرەکە و چەناگەی لە سەر پشتی دەستی دانابوو، بە نیگایەکی شۆخ ئەیڕوانیە ڕووداوەکە. کچە هەروا خۆی لە پشتی بانوودا داشاردبوو و ڕووی دەرنەئەخست. ستار شانی لە کۆڵەکەکە کردەوە و کەوتە ڕێ، بە لای هەماردا تێپەڕی و بیمێنێ بۆ خانمحەمەد کە لە سەر لێواری بەرهەیوان دانیشتبوو و قونداخی تفەنگکەی لە سەر عەرز دانابوو و لوولەکەی نابوو بە چاڵی شانیەوە، وەستا بۆ سەیرکردن. پیرەمێرد، لە بەرامبەریدا کۆمەوە ببوو و درێژەی بە گفتوگۆکە ئەدا:

ــ چەرچیە خان. خەریکی کڕین و فرۆشە. دەستی بە دەمی ئەگات. ئاتاجی کەس نییە. وتم ئەم کچەی پێ بدەم بیبات بەڵکوو... بەڵکوو بە شیربایییەکەی بتوانم ئەم ساڵە تێپەڕێنم. ئاخر خۆ هێشتا زستان نەهاتووە، بەڵام کەنووەکەی من گسکی لێدراوە. بە سەری خان، سوێندم بەم کات و وەختە ناچارم... ناچاریی... لە ناچاریی‌دایە خان. ئەگینا کامە باوک ڕازی ئەبێ بەوەی... بەوەی... بەوەی کە...

پیرەمێرد جارێکیتر مشتەکانی کوتا بە سەریدا و چاوەکانی بە دەستەکانی داپۆشی و شانەکانی کەوتنە لەرزین. خانمحەمەد بە بێ گوێدانە پەژارە و جەخاری کابرا، لێی پرسی:

ــ بە چەن مەن دانەوێڵە ئەیگۆڕیتەوە؟

پیرەمێرد بە بێ ئەوەی چاوەکانی پیشان بدات، بە منجەمنج وتی:

ــ بە سێ حەوت مەن.

خانمحەمەد پرسی:

ــ گەنم یان جۆ؟

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

ــ کەوتۆتە سەر هیممەتی کابرا!

خانمحەمەد هەڵسا و وتی:

ــ سەردار مەبەستی وابوو بت بەستێتەوە بە دارەوە بەدبەختی قوڕ بە سەر. بەڵام ئەم یەکجارەش من بووم بە دەستەبەرت. جارێکتر بۆ ئەم جۆرە کارانە ڕێت نەکەوێتە ئێرە.

پیرەمێرد پاڕایەوە:

ــ ئەگەر... ئەگەر ئەمجار ڕێم بدەی بڕۆم، ئیتر بێجا ئەکەم... بێجا ئەکەم ئیتر، خان، بەس ئەمجارە...

خانمحەمەد، بە بێ گرنگیدان بە گفت و کڕنۆشی کابرا، بەرەو دیوەخان چوو. لەوێ دەستی نا بە تەوێڵی دەرگاکەوە و سەری بردە ژوورەوە و بە زمانی خۆیی لەگەڵ گوڵمحەمەد دوا. گوت و بێژێکی کورت. پاشان سەری هێنایەوە دەرەوە و لە پیرەمێرد، کە بە دوایدا هاتبوو بۆ لای بەرهەیوانەکەی بەرامبەر دیوەخان، پرسی:

ــ چەن سەر نانخۆرت هەیە؟

ــ حەوت سەر خان!

ــ چەنیان بچووکن؟

ــ سیانیان، کوڕێک و دوو کچ!

جارێکیتر خانمحەمەد سەری بردەوە ژوورەوە و بە زمانی خۆیی،

ئەوەی لە کابرای وەرگرتبوو بۆ گوڵمحەمەدی گێڕایەوە و پاش تۆزێک گەڕایەوە و کازمە شەلی بانگ کرد و خۆی و پیرەمێرد بەرەو دەرگای هەمار کەوتنە ڕێ. بە لای ستاردا تێپەڕی و بە کازمی وت:

ــ کاتێکە بارەکەت داگرت، بگەڕێ و چەرچیەکەش بدۆزەرەوە و بیهێنە بۆ ئێرە با سمێڵی هەڵپڕووزێنم.

عەلی چەخماخ، هێشتاش سەری لە سەر فەردەی ئاردەکە لای دەرگای هەمارەکەوە خەوتبوو. خانمحەمەد پێی دا لە شانی و بەئاگای هێنا:

ــ هەڵسە ئەو فەردە ئاردە بار کە، ئادەی فیلەتەن، هەڵسە!... چەخماخ!

کازمە شەل، خۆی کشاندە بن دیواری هەیوانەکە و خانمحەمەد لە نیگای بێ باوەڕ و حەپەساوی پیرەمێرددا پێی وت:

ــ ئەگەر قەناعەت بکەی ئەتانگەیەنێتە نەورۆز!

بانوو خۆی کچۆڵەی هێنایە پێشەوە و خانمحەمەد بە بانووی وت:

ــ تێی بگەیەنە نەترسێ ئیتر. پێی بڵێ دەرگای ئەم سەرایە هەمیشە ئاوەڵەیە... تێگەیشتی کچم؟

فەردەی ئاردەکە عەلیخان چەخماخ دای بە سەر پشتی کەرەکەدا و تۆزی ئاردەکەی لە شان و قۆڵی تەکاند و وەک بڵێی خەون ببینێ ناباوەڕ لەو کارەی ئەنجامی دابوو، کشایەوە، پشتی دا بە دیوارەکەوە و وەستا. کازمە شەل ملی کەرەکەی بەرەو دەرەوەی دالانەکە ڕاکێشا و پیرەمێرد وەک بڵێی وڕ ببوو، بە ئەمازەی دەستی خانمحەمەد بە دوایدا کەوتە ڕێ. لە کاتێکا هەر هەنگاوە ئاوڕی ئەدایەوە، سەیری خانمحەمەدی ئەکرد، دەستی ئەنایە سەر ناوکی، کڕنۆشێکی ئەکرد و ئەکەوتەوە ڕێ سەر بە دوای کەرەکەدا. بانووش کچۆڵەکەی لەگەڵ خۆی ئەبرد و ئەی چرپاند بە گوێیدا.

ــ بڕۆین چایەک بخۆینەوە وەستا ستار! بۆ وا مات بوویت؟!... دادخوازەکان تەواو نەبوون؟

خانمحەمەد بەرەو ڕووی ستار وەستابوو. ستار سەیری خانمحەمەدی کرد و بە تاڵی وتی:

ــ پێموانییە، خان!

خانمحەمەد وتی:

ــ بڕۆین چایەک بخۆینەوە. ئەمکارانە تەواو نابن. هاتوون با هاتبێتن. بەمزووانە تەواو نابن.

ستار کەوتە تەک خانمحەمەد بەرەو دیوەخان و وتی:

ــ مرۆڤ ئەبینێ، بە چاوی خۆی ئەبینێ و ناتوانێ بڕوا بکات!

خانمحەمەد بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە شانی دانەواند و وتی:

ــ دنیا بێ سەروبنە وەستا ستار. وەرە پیاڵەیەک چا بخۆینەوە!

لە دیوەخان، گوتەی پڕ لە سکاڵای میرخان گەرم ببوو و زیاتر پەرەی ئەسەند. میرخان لەهەر ڕستەیەکیدا، دادگەری گوڵمحەمەد و ڕەوایی ئەو دادوەرییەی ئەسەلماند و قەڵەوتر و ڕەنگیتری ئەکرد و لە هەموو بۆنەیەکدا لە سەر ئەم خاڵە ئەوەستا و جەختی لە سەر ئەکرد. بە دانیشتنی خانمحەمەد و ستار، میرخان تۆزێک لەبەریان هەڵسا. یاڵڵایەکی وت و دەسبەجێ خانمحەمەدی گرت بە شایەت و ڕووی قسەی تێکرد:

ــ جگە لەمەیە خان؟! من ئەتوانم بچم بۆ زاڵگەی جەندەرمە و سکاڵا بکەم. بێکەس و کاریش نیم. خۆتان باشتر ئەزانن. ئەتوانم دەرەقەتی دەدانە لات و لووتێش بێم. ئەی بۆچی لە مەڵبەندی شەشتەمەدەوە کەوتومەتە ڕێ و هاتووم بۆ قەڵامەیدان؟ بۆ ئەوەی کە بڕوام بە دادوەری و مافپەروەری گوڵمحەمەد خانی سەردار هەیە. ئەزانم کە ئەوانە پیاوی ئەوە نین بتوانن گوتە و فەرمانی سەردار پشت گوێ بخەن و جێبەجێی نەکەن... لەمە دڵنیام. دڵنیام و ئامادەم مەرج ببەستم ئەگەر گوڵمحەمەد خان پەیامێک بنێرێ یان فەرمانێکی مۆرکراو بدا بە من و من ئەو فەرمانەی گوڵمحەمەد خان سەردار ببەم بۆ دزمین و پیشانی بدەم، ئەو لات و لووتانە دەس لە سەر من و باخم هەڵئەگرن. وەکوو ڕۆژ لێم ڕوونە ئەگەر

ناوی گوڵمحەمەد خان ببەم، ڕێی خۆیان ئەگرن و ئەڕۆن!... ئاخر... خۆزگە گوتەیەکی بەکەڵکیان هەبوایە کە بیکەن. خۆزگە... ئەمەش بوو بە قسە، تۆ بیت و قورئان؟ ئەمەش بوو بە قسە کە یەکێک بێت و قسە و گفتی مردوو، گوتەیەک کە تەمەنێکە مردووە، دووبارە زیندوو بکاتەوە؟ ئەمەش بوو بە داوا کە ژمارەیەک کۆ ببنەوە و شەڕی با و باپیرانیان زیندوو بکەنەوە؟ کە چی؟ گوایە باوەگەورەی میرخان ئەم باخ و باخاتەی -کە ئەو زەمانە بەیار بووە- لە باوکی ئەوان بە هەرزان کڕیوە! تا ئێستە کام دادگا برای لەبری برا دادگایی کردووە کە من بێم و تاوانی باوەگەورەم بدەمەوە؟! ئەمە چ جۆرە بیروباوەڕێکە، ئەمە چ کارێکە بە شەو بدەن بە سەر باخەکەدا، سەد نەمامی هەڵووژەی من هەڵکێشن و هەر لەوێش ئاگری تێبەردەن؟ ئەم بڕیارانە لە کوێی کتێبی خودادا نووسراوە؟ گوناحە ئەمکارانە!... جا بۆچی ئێستە داوێتی لەسەریان ئەو کارە بکەن؟ هەه! ئەگەر گوێتان لێبێ پێکەنین ئەتانگرێ سەردار!... لە بەر ئەوەی بەر گوێتان کەوتووە لە شوێنێک شتێک بە ناوی جووتیارانەوە دەروستکراوە کە خۆی بە پشتیوانی جووتیاران ئەزانێ! ڕژاونەتە ئاش و ئەوەندەیان لە براکەم داوە خەریکە بمرێ. جەوانی ئاوا لێهاتوو و ئازایان شەل و کوت کردووە! لەماڵەوە کەوتووە و ناتوانێ جووڵە بکات! باوەڕ بفەرموون مناڵەکانم ناوێرن بچنە کۆڵان! ڕێک و ڕەوان ڕایانگەیاندووە کە من، نەک هەر من، هەموو میرخانەکان ئەبێ باربکەن و لە گوند بڕۆن! واتە من ئەبێ بار بکەم و لە گوندی باوباپیرانم بڕۆم! گوێتان لێمە؟!... لە هیچ لایەنێکەوە پارێزراو نین، لە هیچ لایەنێکەوە! لە ڕاستیدا وەکوو تاوانکردەیەک ڕۆژم ئەکەم بە شەو و شەوم ئەکەمەوە بە ڕۆژ. هیچ دڵنیا نیم ئەمشەویش نەچن و دیسانەوە نەمامیتر هەڵنەکێشن. کێ چووزانێ هەموو باخەکەش نەسووتێنن. کەم ڕووی نەداوە ئەم ئاگر تێبەردانانە، ئەمساڵ. هەم لە مەڵبەندی زەعفەرانی و، هەم لە مەڵبەندی باشتین، هەم لە مەڵبەندی لای سەرەوە، هەم لە بن گوێی خۆماندا. چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئاگردانی دەشت

و خەرمان و لە ڕیشە هەڵکێشانی نەمامی باخەکان؟ کاولکردنە ئیتر، جگە لەمەیە خان، جگەلەمەیە؟!

میرخان نەی ئەزانی گوتەکەی چۆن تەواو بکات. نەی ئەزانی ئایە لێرەدا بیبڕێتەوە یا دیسانیش بڵێ. بۆیە دەستەکانی بە حەواوە مابوو و چاوە قەڵەو و پرسێنەرەکەی لە سەر ڕوخساری دانیشتوان ئەبڵەق ببوو. گوڵمحەمەد هیچی نەئەوت. ستاریش سەری داخستبوو و عەبدۆسیش چون بە ئەرکی خۆی نەئەزانی وەڵام بداتەوە، خامۆش بوو. بەس تەنها خانمحەمەد بوو کە ئەیڕوانیە میرخان و میرخانیش سپاسداری ئەو، هەستی ئەکرد خانمحەمەد دەردناس و هاودەردی ئەوە. سەرەڕای ئەوەش هیوای بە داوەری گوڵمحەمەدی سەردار هەبوو و تا ئەو ڕای دەرنەبڕیایەت، میرخان هەروا سەر لێشێواو ئەبوو و نەی ئەزانی چی بکا و چی ئەبێ ئەنجام بدات.

ــ کاریان بە بەڕێزت هەیە، سەردار!

گوڵمحەمەد ئاوڕی لە دەنگەکە دایەوە. عەلیخان چەخماخ لە دەرەوەی دەرگاکە وەستابوو و بۆ ئەوەی ڕوخساری دیار نەبێ دانەویبوویەوە و دەست و تەوێڵی نابوو بە هێڵی باڵشمەی دەرگاکەوە و سەیری گوڵمحەمەدی ئەکرد. گوڵمحەمەد چالاکانە هەڵسا و ئاتەکی چۆخەکەی گرت بە دەستیەوە و پرسی:

ــ کێ بێ؟

عەلیخان چەخماخ دەست و تەوێڵی لە چوارچێوەی دەرگاکە کردەوە و وتی:

ــ لە "سەرمەزار"ەوە هەتووە. ئەڵێ ناوی قەمبەرە. دەم و ددانی خوێناوییە. زۆر ئەکڕووزێتەوە.

گوڵمحەمەد لە دەرگاکە چووە دەرەوە و عەبدۆسیش هەڵسا تا بە دوای گوڵمحەمەددا بڕوات. دیار بوو لەوە زیاتر تاقەتی بیستنی قسەکانی میرخانی نەماوە. چووە دەرەوە. مانەوە خانمحەمەد و ستار و میرخان. خانمحەمەد پیاڵەکانی گرت بە بن شێری سەماوەرەکەوە و قوڵفەی قۆرییەکەی گرت بە دەستیەوە، لە بن چاوەوە سەیرێکی

ستاری کرد و وتی:

ــ لە دەرەوە چ باسە، وەستا ستار؟

ستار تێگەیشت کە خانمحەمەد بوونی ئەو بە زیادی ئەزانێ، هەروەها ئەیتوانی بۆی بچێ کە خانمحەمەد بە چ مەبەستێک ئەیەوێ لەگەڵ میرخان تەنها ببێ. بۆیە لەکاتی ڕابوردندا، ڕەخنەی لە خۆی ئەگرت کە نەیتوانیوە پێشبینی بۆچوونی خانمحەمەد بکات، بەر لەوەی پێی بوترێ! چونکە ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە کات و هەست و دارەتی خانمحەمەد، خۆی ئەیتوانی هەنگاوێک بێ بۆ کەمکردنەوەی وشکی و بەدگومانی ئەو بەرامبەر بە ستار. ستار لانیکەم، پێی وابوو کە ناسین و تێگەیشتنی کەسێک لە هەلومەرجی تایبەت و هەستان بە کردار و ڕەفتارێک بە ئاقاری ڕەزامەندی دەروونی ئەو کەسەدا، ئەتوانێ ببێتە هۆی لێک نزیک بوونەوە. خزمایەتی دەروونی ئەو دوو ئێنسانە، هەرچەند یەک لەو دووانە خانمحەمەدی کەلـمیشیش بێ... بەڵام ئەمجارە و ئێستە، کار لە کار ترازابوو و ستار ئەبوایە زیانی کەمتەرخەمی و زەرەدی ئەو ناوشیارییەی خۆی بسەلمێنێ. بۆیە بە دارەت و کردارێکی بێ کەسم و بێ نیشان، وەک خزینی بەردێک بە سەر سەهۆڵدا، بێواز و نارەزا لەخۆی، پێی نایە ناو هەیوان.

لە ڕۆیشتنە دەرەوەی ستاردا، خانمحەمەد پیاڵەی چاکەی نایە بەردەست میرخان و بە بێ ئەوەی بهێڵێ دەرفەتی لەدەس بچێ، پرسی:

ــ پێشکەش چیت هێناوە بۆ سەردار؟

میرخان، جزدانەکەی لە گیرفانی کەسەخەکەی دەرهێنا، چەپکەیەک پارەی لێدەرهێنا و لە بەر ئەژنۆی خانمحەمەد داینا و بەکپی وتی:

ــ خۆت قرەکە بخە بە لایەکدا، خانمحەمەد! بەس نامەوێ وەخت و ناوەخت درک لە سەر ڕێم قیتەوە ببێ، خان! ئەمەوێ شەوانە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە. مرۆڤ ئەگەر نەتوانێ بەرووبووی باخەکەی -لە هەمان یەکەمجارەوە کە ئاو ئەکاتە بن درەختەکانی- لە ناو

هەماردا ببینێ، چۆن ئەتوانێ پارەی وەک گیان شیرینی بۆ هەزار جۆر کەرەسە و پێداویستی خەرج بکات؟ مرۆڤ ئەبێ بتوانێ بەرهەمی باخەکەی لە هەماردا ببینێ، بەرلەوەی درەختەکان گۆپکە بکەن و چرۆ بدەن! ئەگینا چ هیوایەک؟ بەڵام ئەم بێسەروپێیانە ئەمساڵ ڕەشیان کردم! ئەمرۆ متمانەی بەیانیم نییە، تێئەگەی؟!... لەگەڵ یەک دوو بار هەڵووژە پایزەی سووری ئاماڵ ڕەش چۆنی؟ سەردار چی؟

خانمحەمەد کە لە میانەی گوت و بێژی میرخان‌دا پارەکەی خستبوویە گیرفانی. پیاڵەی چاکەی هەڵقوڕاند، هەڵسا و وتی:

ـ شەو لێرە ئەبی؟ پێموابێ ئێمە ئەبێ یەک دوو وچان بڕۆین و بگەڕێینەوە. ئەگەڕێینەوە. لەڕێگە هەوڵی خۆمی لەگەڵ ئەدەم بەڵکوو بتوانم کاکەبرا ڕازی بکەم. ئەڵێم پاش شێوکردن جێگەت بۆ ڕاخەن.

میرخانیش ڕابوو:

ـ نازانم... نەخێر خان، شەو نامێنمەوە. دڵم بەرایی نادا. ئۆقرەم نییە. ئەبێ بڕۆم. بەس تکام ئەوەیە...

ـ دڵنیا بە، هەر چۆنێک بووە ڕازی ئەکەم بێین بۆ ئەو ناوە بۆ سەردان. دڵنیا بە ڕازی ئەکەم.

خانمحەمەد نەوەستا تا گوتەی چەند پاتە کراوی میرخانی دزمینی ببیسێ. شانی دانەواند و باڵای بەرزی گواستەوە بۆ هەیوان و لەوێ کەوتە تەماشای ئەو کەسانەی لە بەر ناوداڵانەکەدا کۆ ببوونەوە و پاش تۆزێک چوو بۆ لایان.

قەمبەر، کابرای کە وترا لە سەرمەزارەوە هاتووە، لە ناوداڵان لە سەر پارچە بەردێک دانیشتبوو، ئانیشکی نابوویە سەر کەشکەی ئەژنۆی و سەری داخستبوو. گوڵمحەمەد پاڵی دابوو بە کۆڵەکەی بەر ناوداڵانەوە، قاچە بەئازارەکەی ئازاد کردبوو و پەنجەی لە گوڵی قایشەکەی گیردابوو. عەبدۆس لای پارچە بەردەکە و نزیک قەمبەر سەرمەزاری لە بن دیوارەکە وەستابوو. ستار لە سەر سەکۆی ناوداڵان هەڵترووشکابوو و پەنجەکانی لێک هەڵپێکابوو.

خانمحەمەد کە لە پیاوەکان نزیک بوویەوە، میرخان لە ژوورەکە هاتبوویە دەرەوە و بەرەو بەهاربەندەکە ئەچوو. خانمحەمەد بە بەردەم عەبدۆسدا تێپەڕی، چووە ناو هەشتیەکە و لای ستارەوە لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت و چاوی بڕییە نیوروخی گوڵمحەمەد. سەردار داگیرابوو. ناوچەوانی گرژ ببوو. برۆی چینی تێکەوتبوو، ڕەگی تەوێڵی شووشی بەستبوو و وا دیار بوو ماوەیەکە لەو دارەتەدا ماوەتەوە.

کابرای سەرمەزاری، هەمانی ناوی قەمبەر بوو، هەنیەی نابوویە سەر پشتی دەستی. شانە داتەکاوەکانی دەرپەڕیبوو و جارجارە ئەجووڵایەوە. دیار و نەدیار وا پێ ئەچوو ناتوانێ ڕێگە بە تەقینەوەی بوغزی گەرووی بگرێ. بۆیە تەنها لەرزینەوەی شانەکانی ئەو بوو لە دەنگی کپی گەرووی‌دا، کە بێدەنگیەکەی ئەشکاند.

خانمحەمەد، جارێکی‌تر و ئەمجارەیان پرسا، چاوی بڕییە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد بە چاو وەڵامی دایەوە و سەیری میرخانی کرد کە خەریک بوو کورتانی هێسرەکەی ڕێک ئەکرد و خەریکی هەڵکێشانی پاژنەی گیوەکانی بوو. میرخان پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشا. هەوساری هێسرەکەی ڕاکێشا و بیمێنێ بۆ لای گوڵمحەمەد، سەر و شانی چەماندەوە و دەستی بۆ سینەی بەرز کردەوە و بەر لەوەی زمانی بۆ کڕنۆش بکاتەوە، گوڵمحەمەد پێی وت:

ـ شەو لەم کوختەی ئێمە بمایەتیتەوە، خان!

میرخان لەبەردەمی گوڵمحەمەددا ڕاوەستا و کڕنۆشی کرد:

ـ سایەت کەم نەبێ، سەردار. ئەبێ بڕۆم. چاوەڕێم ئەکەن.

ـ ئێرەش ماڵی خۆتە، مەبەست ئە...

ـ هەڵبەت سەردار، هەڵبەت. ڕاوەستاو و پایەدار بی. سفرەت پڕ بەرەکەت بێ، سەردار!... مەبەستەکە... مەبەستەکەم بە خان ڕاگەیاند. هەوەڵ خوا و دووەم چاوی هیوامان لە ئێوەیە. چاوەڕێتان ئەبم. شەوێک لە دزمین لادەنە لامان.

گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی میرخان لەکۆڵ ببێتەوە، دەستی خستە ناو دەستی و وتی:

ــ ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا!

میرخان دەستی گوڵمحەمەدی بە هەر دوو دەست گرت، بە سەری‌دا چەمایەوە و وتی:

ــ هیوام بە جەنابتە گوڵمحەمەد خان، هیوام بە ئێوەیە!

گوڵمحەمەد دەستی لە دەستەکانی کابرا دەرهێنا و وتی:

خێر پێش، خێر پێش. نیگەران مەبە!

میرخان کە هەوساری هێسرەکەی دابوو بە شانی‌دا، بە ماڵاواییەک بە چەماندنەوەی سەر و شانی بە نێوان پیاوەکان‌دا تێپەڕی و لە بن گوێی خانمحەمەددا کە بۆ بەڕێکردنی هەڵسابوو، داواکارییەکەی دووپات کردەوە و هەوساری بۆ دەرەوە ڕاکێشا. خانمحەمەد، لە ناو دەرگاکە تا ڕۆیشتنی میرخان، ڕاوەستا و پاشان دەرگاکانی دەروازەکەی پێوەدا و گەڕایەوە بەرەو براکەی و پرسی:

ــ ئەکرێ پێم بڵێی چی ڕووی داوە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بڵێ زین بکەن! ئەڕۆین بۆ سەرمەزار!

خانمحەمەد نیگای سەرگەردانی گواستەوە بۆ سەر کابرای سەرمەزاری و هەروا بە حەپەساوی بەرەو دەرگای چێشتخانە چوو کە تفەنگدارەکان لەوێ کۆوە ببوون. دەنگی دان و وتی:

ــ زین بکەن، زین بکەن!

عەبدۆسیش هەڵسا و بۆ یارمەتیدانی زینکردنی ئەسپەکان بەرەو بەهاربەند چوو.

ستار هەڵسابوو. گوڵمحەمەد سەیری کرد. ستار هاتە بەرەوە و بەرامبەر گوڵمحەمەد، لای کۆڵەکەی هەشتیەکە بە خامۆشی وەستا. گوڵمحەمەد لە بن ددانی‌دا بۆڵاندی:

ــ «گورگ! گورگ! تاوێک چاوی لێ خافڵ بکەی هەڵئەدڕێ!»

پاشان وەک ناخودئاگا، بەرەو کابرای سەرمەزاری چوو و لە نزیکیەوە پێی تەوسی کوتا بە زەوی‌دا:

ــ ئیتر چی؟!

قەمبەر سەرمەزاری بە ڕاوەشاندنێکی لەپڕ سەری بەرز کردەوە و چاوە ترساو و سوورەکەی بە هۆی خاک و سووکایەتیەوە، بڕییە گوڵمحەمەد، بە بێ ئەوەی بتوانێ لەرزینی ئاشکرای لێو و گۆناکانی ڕابگرێ. کابرا ئەتوت سام گرتوویەتی نەکا گوڵمحەمەد دەستی لێ بەرز بکاتەوە و لێی دا. بۆیە وەک لە نیگای گوڵمحەمەددا ئەفسوون کرابێ، بێ ئەڤان لە سەر پارچە بەردەکە ڕابوو، شانی نا بە دیوارەکەوە، بە لێو و چەناگەی لەرزۆکەوە، وتی:

ــ من... من هیچ تاوانێکم نییە، سەردار. من... من... ئەگەر سەردار بفەرمێ، من سکاڵاکەم وەرئەگرمەوە. وەری ئەگرمەوە، سەردار. بەڵام... بەڵام بێوەژنی براکەی من هێشتا کاتی نەگەڕاوەتەوە. هێشتاکانێ نەگەڕاوەتەوە. تا سێ مانگ و دەرۆژەکەی تەواو نەبێ، تا تەواو نەبێ، هێشتا... گڵی سەر قەبری براکەم وشکەوە نەبووە ئاخر، هێشتا ئاوی سەر قەبرەکەی دانەمرکاوەتەوە، سەردار! براکەم... براکەی من...

خانمحەمەد کە کاری زین و لەغاوی ئەسپەکانی دابوو بە تفەنگدارەکان، خۆی لە بەهاربەندەوە هات بۆ لای براکەی و پرسی:

ــ خۆت چی؟ قەرەت بۆ ئامادە بکەم یان بادی؟ لە بەر ئازاری قاچت ئەڵێم!

گوڵمحەمەد ڕووی تێکرد و وتی:

ــ سواری بادی ئەبم. تۆ خۆت لە ماڵەوە بە. بەگمحەمەد ئەبەم!

خانمحەمەد بەرەو عەبدۆس، کە لە بەهاربەندەکە ئەهاتە دەرەوە، چوو و وتی:

ــ خاڵۆ، سەیرێکی تەنگە و لەغاوی بادی بکە خۆت، تا من ئەمانە بەڕێ ئەکەم.

خانمحەمەد چووە بەهاربەند و عەبدۆس بە ناو پیاوەکانی ناوداڵاندا چووە کۆڵان بۆ ئامادەکردنی بادی و، گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد و پرسی:

ــ تۆ چی ئەکەی؟ لێرە ئەمێنیتەوە، یان...

ستار قسەکەی سەرداری تەواو کرد:

ـ دێم ئەگەر ڕێگە لە کارەکان نەگرم!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ کە وا بوو پاژنەکانت هەڵکێشە!

ستار گاڵتەکەی گوڵمحەمەدی بە پێکەنینێک وەرگرت و بۆ ئەوەی لەوانیتر دوا نەکەوێ، بەرەو هۆدەکە کەوتە ڕێ، بۆ ئەوەی کڵاو و پشتێن ببەستێ. هەر لەم کاتەدا، دەرگای حەوشە کرایەوە و کازمە شەل هاتە ژوورەوە و هەواڵی هێنا:

ـ خەڵکەکە ئامادەن، سەردار! شەلیاوەکان. داواکارەکەی کچی خاڵۆ کامیلیش هەڵاتووە!

گوڵمحەمەد سەرێکی لەقاند و کازم درێژەی دا:

ـ هەمان کە هاتبوو بۆ کڕین و فرۆش. خانمحەمەد خان ویستبووی بیدۆزمەوە و بیهێنم بۆ ئێرە. بەڵام دیارە بە خۆی زانیوە و هەڵاتووە!

گوڵمحەمەد ئەیزانی کۆتایی بە ڕووداوەکە هاتووە. پاشان پرسی:

ـ چوارپێیان پێیە خەڵکەکە؟

ـ دووان سیانێک هێسر و ئەسپیان پێیە و چەن کەسێکیش پیادەن.

گوڵمحەمەد بەرەو باڵەخانە کەوتە ڕێ و بە کازمی وت:

ـ بە پیادەکان بڵێ بێن بۆ ئێرە، ئەسپ وەربگرن. ئەسپ لە بەهاربەند هەیە. بە سوارەکانیش بڵێ سەرەتا ئەچین بۆ سەرمەزار!

کازم «بە سەر چاو»ی وت و گەڕایەوە و دەنگی عۆراندنی بادی هات. خانمحەمەد بەرەو کابرای سەرمەزاری چوو و لە هەمان کاتدا کە چاوی لە سەرکەوتنی گوڵمحەمەد بوو لە پلیکانەکانی باڵەخانە سەرئەکەوت، بە سەر ئەماژەی بە کابرای سەرمەزاری کرد بچێ بە دوایدا.

ستار لە دەرگا هاتە دەرەوە و قونداخی بڕنەو و ئاتەکی چۆخەکەی گوڵمحەمەدی بینی لە ناو دەرگای باڵەخانەدا ون بوو. هاوکات

پەنجەرەی باڵەخانەش داخرا و پەردەی قەیفەی سپی دادرایەوە.

ماراڵ، پشت لە پەنجەرەکە و ڕوو لە پیاوەکەی وەستابوو. گوڵمحەمەد کوڕەکەی بەرز کردەوە کە لە قاچی ئاڵابوو. نای بە سەر شانیەوە و پاش تۆزێک نایە سەر جێوبانەکە و ڕوانیە ماراڵ کە خامۆش و لێو بەستراو چاوی تێبڕیبوو و وتی:

ــ ئەگەڕێمەوە. زووش ئەگەڕێمەوە. گورگە دیسانەوەش شاکاری کردووە. ئەبێ بڕۆم ئەگینا ئەوەندەت نەزانی ئاژاوەیەکی ساز کرد!... دڵی تۆ ئەڵێ چی؟!

ماراڵ هاتە بەرەوە، باوەشی کرد بە پیاوەکەی‌دا، دەستەکانی هێنایە سەرەوە بۆ سەروو دەفەی شانی، سەر گۆناکانی ماچ کرد و وتی:

ــ ئەو کاتانەی وەکوو مناڵت لێ دێ، وا ئەزانم دایکتم!

گوڵمحەمەد بە دڕدۆنگی پێکەنی و وتی:

ــ باش بوو بیرت خستمەوە. ئەمشەو دایکم و باوکم ئەبێ بگەنە ئێرە. ڕەوەندیش تا ئێستە ئەبێ دامەزرابێ. بڕیارە سەمەن و تەمووریش بهێنن. بە بانوو بڵێ جێیان بۆ دامەزرێنێ. خۆشم هەر جۆر بووە ئەگەڕێمەوە. ئەگەر دەمەو بەیانیش بووبێ. بڵێ بزانم. دڵت ئەڵێ چی؟

ماراڵ بە شیرینی پێکەنی و دیسانەوەش چاڵێکی نەرم کەوتە ژێر گۆنای. گوڵمحەمەد گۆنای نا بە گۆنای هاوسەرەکەیەوە و وەک بڵێی ئەچرپێنێ بە گوێی‌دا پێی وت:

ــ ئەمشەو باوکت قسەی زۆرە. تۆیش ئەتوانی چی گلەییت لە من هەیە پێی بڵێی. بەڵام نامەوێ دڵی بشکێنی. بە هۆی منەوە زۆریان جەزرەبە داوە.

ماراڵ دەستی نا بە سینەی پیاوەکەیەوە، بە بێ ئەوەی بیەوێ پێکەنینە شۆخەکەی ببڕێ، وتی:

ــ بڕۆ، بە ئاگا ئەبم تا دێیتەوە. بە سواری بادی ئەڕۆی؟

گوڵمحەمەد وتی کە بە سواری بادی ئەڕوا و دەستەکانی وەکوو

دوو باڵ کردەوە و وتی:

ــ ئەی ئاوا بڕۆم؟!

ماراڵ چاوی لە بڕنەوی شووەکەی، کە بە هاتنە ژوورەوە هەڵی پەساردبوو بە دیوارەکەوە، دەستی برد بۆ ماوزێڕەکەی بە کەمەرییەوە بوو، وتی:

ــ ئەی ئەمە چییە؟ ئەمەش خۆ پڕە!

گوڵمحەمەد وەڵامی ژنەکەی نەدایەوە. ماراڵ سوورِا، پەردەکەی لادا و لە ناو ڕیزی تفەنگەکان‌دا، بڕنەوە زێوار زیوەکەی هەڵگرت و بەرەو مێردەکەی ڕایگرت. گوڵمحەمەد تفەنگەکەی لە دەست ژنەکەی وەرگرت و ساتێک لەو دارەتەدا مایەوە. ئەمە یەکەمجار نەبوو گوڵمحەمەد، لە کاتی ڕۆیشتن بۆ مەبەستێک تفەنگی لە دەس ماراڵ وەرئەگرت و، نەی ئەشاردەوە کە ئەم دەستاودەست کردنەی تفەنگەکەی بە ودمی چاکە زانیوە و دڵی پێ بەستووە. بۆیە بوو کە لە هەر ڕۆیشتنێک‌دا، ئەگەر دەرفەتی بکردایەت، وای بە فەڕ ئەزانی تفەنگەکەی لە دەستی ماراڵ وەربگرێ.

ماراڵ لای یەخدانی مەخمەرپۆش چۆکی دادا، سەری یەخدانەکەی هەڵدایەوە و بە تەوێڵی ڕایگرت، دەستەکانی برد بۆ ناو یەخدانەکە و ڕەختی لۆخەندانی دەرهێنا. هەڵسا و خۆی فیشەکدانی بە شانی مێردەکەیەوە ڕازاندەوە، هەنگاوێک کشایەوە، وەستا و وتی:

ــ ئیتر چی؟

گوڵمحەمەد دەستەکانی، دوو باڵی هەڵۆ، کرایەوە و نە بە قسە، ماراڵی بۆ ئامێزی بانگهێشت و ماراڵ کاتێکی کورت بەڵام بەپێز سەری نا بە شانی گوڵمحەمەدەوە. پاشان گوڵمحەمەد هەنیەی ماچ کرد و وتی:

ــ دڵی بلّقیس گەرم ڕاگرە. سەفەرێکی زۆر مەترسیدار نییە.

ماراڵ کوڕەکەی لە سەر جێوبانەکە هەڵگرت و لە بەردەمی گوڵمحەمەددا ڕایگرت. گوڵمحەمەد، چەناگەی تۆزقاڵۆکەی مناڵەکەی لە ناو پەنجەکانی‌دا کرد بە تیکە، پێکەنی و وتی:

ـ ئەمشەو کە لە دەوری یەک کۆ ئەبنەوە، ناوێکیش بۆ ئەم پیاڤۆکەیە بدۆزنەوە. بڕیار وابوو دایکم فاڵی بۆ بگرێتەوە... خواتان لەگەڵ! دەی ئیتر!... نەحلەت لە شەیتان. بۆ هەروا بە دەور خۆمدا خولەم دێ، ژنە؟! هەهە. هەر بەڕاست هەندێ جار ئەبم بە مناڵ!

مارالیش بە دوای گوڵمحەمەددا لە پلیکانەکان چووە خوارەوە. پیاو و ئەسپ لە حەوشە نەمابوو. ئەسپ و هێسر لەغاو کرابوو و برابووە دەرەوە. بەس شەودێز، لای دارتووەکە دۆش دامابوو، بە دەور خۆیدا ئەخولایەوە و سمی ئەهێنا بە زەویدا. گوڵمحەمەد لە خوار پلیکانەکان پێی سست کرد و وەستا. شەودێز چاو و گوێی تیژ کرد. ئەسپ و سوار تاوێک سەیری یەکیان کرد. گوڵمحەمەد نەیتوانی بە ئاسانی تێپەڕێ. پێی نایە ناو کەردووەکە و بەرەو ئەسپەکە چوو. ئەسپ سەر لە نوێ ئارامی لە بەر بڕا، بە کلک ڕاوەشاندن و یاڵ و سمدەستەکانی. گوڵمحەمەد دەستی بەرز کردەوە. قەرە ئارام بوو و سەری دانەواند. گوڵمحەمەد پەنجەی کرد بە یاڵی قەرەدا و بە نینۆک تەوێڵی خوراند. قەرە قەپۆزی هێنا بە سینەی سوارەکەیدا. گوڵمحەمەد گۆنا و گوێی هێنا بە گوێی ئەسپەکەدا و قەرە دەستی هەڵێنا و بە ئەسپایی هەوای شەق کرد. گوڵمحەمەد لێی جیا بوویەوە، لە کەردووەکە هاتە دەرەوە و قەرە جارێکیتر گوێ و چاوی بۆ سوارەکەی تیژ کرد و لێی نواڕی و ملی، کەوانێکی نەرم، هەروا مایەوە.

گوڵمحەمەد، لە دەرەوەی کەردووەکە، لای مارال، مناڵەکە بە باوەشیەوە، وەستا و دەستی بۆ بانوو ڕاوەشاند:

ـ ئەمشەو میوانت هەیە بانوو! بڵقیس، بڵقیس دێت.

بانوو لە بەردەمی ئەو دادخوازانەی مابوونەوە، لای دیواری چێشتخانە وەستابوو. گوڵمحەمەد ئەماژەی بە عەبدۆس کە لە هەشتیەکەوە هاتبوو بۆ حەوشە و بەرەو ڕوویان ئەهات کرد و بە بانووی وت:

ـ خاڵۆ عەبدۆسم ئەمشەو میوانی تۆیە. بە دادخوازەکان بڵێ

بەیانی. ئێستە ناچارم بڕۆم، بانوو.

بانوو، قاپێک بە دەستیەوە بەرەو ناودالآن چوو و هەر بەو خامۆشیەی گفت و قسەی گوڵمحەمەدی گوێ لێگرتبوو. گوڵمحەمەد ڕووی لێوەرگێڕا. عەبدۆس گەیشتبوو. نزیکی گوڵمحەمەد وەستابوو:

ــ ئەو شوێنەی بۆی ئەچی من کەڵکم نابێ؟!

گوڵمحەمەد دەستی نایە سەر شانی خاڵۆی و لە کاتێکا دەستی مارالی گرتبوو و لەگەڵ خۆی ئەیبرد بەڕێدا، هەنگاوی بەرەو ناودالآنەکە نا و وتی:

ــ دارکاریم مەکە، خاڵۆ! خۆت ئەزانی چیها کاری مەزن لە دەستی تۆ دێ. تۆ ئەوەت سەلماندووە! بەڵام حەز ئەکەم ئەمشەو لە لای کچەکەت بمێنیتەوە. پێکەوە بدوێن و ماندوێتی سالآن لە لەشت دەربکەی. جگە لەوە خۆشکیشت تۆزێکیتر پەیدای ئەبێ. کەلمیشیش دێ و هاودەمی نییە. ئەوەش بڵێم کە کارێکی گرنگمان لە بەر نییە، پێش ئەوەی بخەون ئێمە دێینەوە. تا سەرمەزار ئەچین، لەوێشەوە غاری ئەدەین بەرەو سەنگرد. مەترسیمان لە پێش نییە. ئەمشەو لەگەڵ نەوەکەت نامۆییت بشکێنە! نابێ لەوە زیاتر ڕایانبگرم. بە هیوای خوا!

کازمیش لەم کاتەدا شەلیە ناوەوە و وتی:

ــ کا و خەلەیان هێناوە، سەردار. هەشت باری وشتر کا و یازدە شەڵتەی خەلەش بە کۆڵی کەر.

گوڵمحەمەد چووە ناو هەشتیەکە و وتی:

ــ بڵێ ماڵەکان لە مەیدان مۆڵ دەن. خانمحەمەد وەریانئەگرێ. خاڵۆ عەبدۆسیش یارمەتی ئەکات.

گوڵمحەمەد لە هەشتیەوە پێی نایە ناو کۆڵان و بانوو قاپی ئاو بە دەستیەوە، خۆی لە سەر ڕێ لادا و لای دیوارەکە وەستا. بادی تەیار بوو. گوڵمحەمەد چنگی لە بەرکۆی جیازی وشترەکە گیر دا و بە ملی وشترەکەدا هەڵگەڕا و لە سەر جیازەکە دانیشت. لە پێچی کۆڵانەکەوە پێشەنگی کاروانەکە، لە بن باری کادا دەرکەوت. گوڵمحەمەد هەی

لە وشترەکەی کرد. بانوو قاپە ئاوەکەی پژاند بە دوایدا و تا سوار لە پێچی کۆڵانەکە ون نەبوو، چاوی لێ نەترووکاند. پاشان وەرگەڕا و هاتەوەماڵەوە.

ماراڵ و عەبدۆس، لەتەک یەکەوە لە ناو هەشتیەکە مابوونەوە و نیگایان لە کۆڵانی چۆڵ بوو کە لەو سەریەوە پێشەنگی کاروان وەستێنرابوو، هەوساری بە شانی وشترەوانێکەوە. هاتن و چوونەکەی بانوویان هەر بەرچاویش نەکەوتبوو. کوڕەکەی گوڵمحەمەد بە قەڵاندۆشکانی دایکەوە، پەنجەی بۆ کڵاوەکەی عەبدۆس برد. عەبدۆس ئاوڕی لێدایەوە. ماراڵ ڕووی لە باوکی کرد و ئەو دووانە کە ئەتوت یەکەمجارە یەکدی ئەبینن، ڕووبەڕوو سەیری یەکتریان کرد. خامۆشی. خامۆشیەکی نامۆ. عەبدۆس بۆ ئەوەی ئەو خامۆشیە تێک بشکێنێ، دەستی بۆ وەرگرتنی مناڵەکە بەرز کردەوە، کوڕەی لە قەڵاندۆشکانی ماراڵ بەرز کردەوە و وتی:

ــ گومانم نەئەکرد پاڵەوانێکی ئاوەهات گیر کەوتبێ، کچێ!

ماراڵ پێکەنی و ڕووی لە پەنای پشتی باوکیدا شاردەوە. عەبدۆس لە هەشتیەکەوە چووە حەوشە و عەلیخان چەخماخ دەستی بە گوڵی کەمەربەندەکەیەوە، پووزەوانەی هەڵکێشراو، قنج و قۆز ـ نەک ئەوەی تۆزێک بەر لە ئێستە ـ لە لێواری بەرهەیوانەکە هاتە خوارەوە و لە تێپەڕین بە لای عەبدۆس، بە ناوداڵاندا بەرەو کۆڵان وتی:

ــ تا تۆ بگەی من لە سەر بارەکان ئەمێنمەوە! پاشان بە دوایاندا ئەڕۆم و پێیان ئەگەمەوە.

## بەندی سێیەم

دەسکەوساری لەغاوی وشترەکە لە سەر بەرکۆی جیازەکە، ڕێگەی بە مینەگەکە دابوو ئازاد بێ و سوارەکەشی چۆخەی ئازاد بە سەر شانیەوە، یەکبەر لە سەر جیازەکە دانیشتبوو، پێی خستبۆوە سەر پێ، دەستی ئاسوودەی نابوویە سەر دەسکی ساف و دەستنەوازی بڕنەوەکەی. شەو و ڕێگەی داژووت. بە درێژایی ڕێگە، لە قەڵامەیدان بۆ سەرمەزار و لە سەرمەزارەوە تا ئەم کاتە و ئەم وچانەی ڕێگەکە، ئارام و خامۆش، لە پێش دەستەکەیەوە، لە سەر پشتی بادی دانیشتبوو و ئەتوت تاق و تەنهایە. تەنها بە نەست و دارەت، تەنها بە بیچم و جەستە.

ستار لەلاوە داژووت و تفەنگدارە سوارەکان لە هەردوو بەرەوە. کەوانێکی شکاو لە پشت سەری وشترەکەی سەردارەوە. گوندییە شەلیاوەکان، سوار و پیادە، بە زۆری دوو پشتە سواری چوارپێکان. لە ناو کەوانەکەدا بە تێکەڵی لێیان ئەخوڕی و ئەرۆیشتن. بەگمحەمەد و خانئاپۆ لە میانەی کەوانەکەدا و لە دوای سوارەکانەوە، شان بە شان ڕکێفیان لێکی ئەدا و بە ئاهەنگی دەستە ئەهاتن، لۆقە یان وێرغە. بەس دەنگی سمی ئەسپان و هێسران بوو کە لە ناو دەنگی هەناسەکاندا لە عەرز بەرز ئەبوویەوە.

با، بە تەواوەتی خەوتبوو و کاتێکە سواران گەیشتبوونە سەرمەزار کاری خانئاپۆ لە سەرمەزار کۆتایی پێهاتبوو، هەرچەند بە کپی و لە

پاڵەوە، بەڵام نەک بە بێ ڕیسواییش. لە سەرمەزار خەڵکی چووبوون بە پێشوازیی سەردارەوە و بە دوای ئەوەشدا سەیری ڕووداوەکەیان لە ماڵی بێوەژنەکەی برای قەمبەردا کردبوو.

بەر لە دابەزین، ستار کاتەکەی بە هەل زانیبوو و داوای لە گوڵمحەمەد کردبوو ڕێگەی بدات کە ڕووداو و باسەکە لەگەڵ سەرمەزارییەکان بکاتەوە. بۆ ئەوەی ئەگەر لە ناو ئەوانیشدا کەسانێک هەبن دزییان لێکرابێ، بکەونە تەکیان. گوڵمحەمەد بە باشی زانیبوو و بەر لەوەی لە بەر ماڵی بێوەژن دابەزن بە خەڵکەکە ڕاگەیەنرابوو.

ـ «ئێستە لە کوێ ئەتوانین شمەکی دزراو بدۆزینەوە؟ بوژدنی دە جاریش ئاوی بە سەردا خواردۆتەوە!»

ستار لە وەڵامدا وتبووی:

ـ «ئەڕۆین بۆ ئەو شوێنەی کە شوێنیەتی. ئەو جێگەیەی هەموو شمەک و کەلوپەلی دزراو لە سەر یەک کەڵەکە کراوە!»

ئەسپەکەی خانئاپۆ لەو بەری دیوارەکە، گوڵمحەمەد توانیبووی بیبینێ. دابەزیبوو و دابووی لە دەرگا:

ـ «بەس قەمبەر و ستار!»

قەمبەر و ستار بە دوای گوڵمحەمەددا وەژوور کەوتبوون و خانئاپۆ بە بینینی گوڵمحەمەد، مووی زبر و کورتی ڕیشی شووش ڕاوەستابوو و دەمی داچەقابوو. بەپێی پەتی و بە تۆی کراسێکەوە، لە ناو داڵانەکەدا ڕاوەستابوو و پەنجەی لە سەر دەسکی کورتی تفەنگەکەی وشک ببوو. گوڵمحەمەد هەنگاوێک لێی چووبوویە پێشەوە، دەستی بردبوو، تفەنگەکەی لە دەستی مامی دەرهێنابوو:

ـ «جلەکانت لەبەرکە!»

خانئاپۆ وەکوو منداڵێکی گوێڕایەڵ وەرگەڕابوو و ڕۆیشتبوو، خۆی لە بەر کردبوو و لە بەرامبەر گوڵمحەمەد وەستابوو، گوێڕایەڵی فەرمانێکیتر، خامۆش و بێدەنگ:

ـ «ئەسپەکەت زین کە!»

خانئاپۆ وای کردبوو و گوڵمحەمەد قۆڵی قەمبەری گرتبوو،

بردبوویه سووچی دالانەکە و ژنەکەشی بانگ کردبوو:

ــ «...هەر لەوێ، لە پشت دەرکاگە ڕاوەستە. خۆ دەنگم ئەبیسی؟!»

ــ «بەڵێ... خان!»

گوڵمحەمەد بە جۆرێک کە ژنە ببیسێ، بە قەمبەری وتبوو:

ــ «ژنی براکەت، ئەوسا کە ئەگەڕێتەوە، لە خۆت مارە ئەبڕی! نەبیسم لێت دابێ، قوتار!»

لە سەرمەزار کە هاتبوونە دەرەوە، ستار پرسیبووی:

ــ «ئەگەر ئەو ژنە... ڕازی نەبێ شووی پێ بکا چی؟»

گوڵمحەمەد زۆر بە سادەیی و ڕابردە وەڵامی دابوویەوە:

ــ «ڕازی ئەبێ. ژن نانی ئەوێ و پیاو!»

ئارام و بێ دوو، لە بەردەمی دەستەکەوە لە سەر پشتی وشترەکە دانیشتبوو و ئەتوت تاق و تەنهایە. تەنها بە نەست و دارەت، تاق بە بیچم و جەستە. چۆخەی بە دەم باوە و پێ لە سەر پێ، دەستی بە ئاسوودەیی نابوویە سەر قونداخی لووس و دەستنەوازی بڕنەوەکە، شەو و ڕێی داژووت. وەک بڵێی نە هیچ ڕووی داوە و نە بڕیارە هیچ ڕوو بدات.

بەگمحەمەد و خانئاپۆ لە ناوقەدی کەوانەکە و لە دوای سوارەکانەوە، شان بە شان و ڕکێف بە ڕکێف داژووتن. ستار کە هەر لە سەرەتای ڕێگەوە، ڕوخ و ڕوخسار و کردار و هەڵسوکەوتی خانئاپۆی خستبوویە ژێر سەرنجی خۆی، ئەوا بە ئاشکراتر ئەیبینی کە خانئاپۆ خۆی داوەتە پەنای بچووکترین برازای خۆی؛ بەگمحەمەد. تا ئەم کاتە و ئەم شوێنە خانئاپۆ بۆ ساتێکیش لە بەگمحەمەد دوور نەکەوتبوویەوە و بۆ تاوێکیش بەرودوای ئەسپەکەی ئەو لێی نەخوڕیبوو. سەرانسەری ڕێگەکە شان بە شان و دەم بە دەمی بەگمحەمەد هاتبوو و تێگەیشتن لەو هەڵسوکەوتە بۆ هەر کەس کە لێیان ورد بوایەتەوە، دژوار نەبوو.

رووخانی وره‌ی خان‌ئاپۆ، پاش ئه‌وه‌ی له سه‌ر جێگه‌ی ژنه‌ی سه‌رمه‌زاری ده‌رکێشرابوویه ده‌ره‌وه، نه‌ک هه‌ر له کرداری دامرکاوی‌دا، به‌ڵکوو له هه‌ست و دڵ و ده‌روونی له‌کاتی ئاخافتن له‌گه‌ڵ به‌گمحه‌مه‌د، که بۆنی سووکایه‌تی و بچووک بوونه‌وه‌ی لێ ئه‌هات، زۆر به زه‌قی ئاشکرا بوو. وه‌ک بڵێی خان‌ئاپۆ، ئه‌یویست به زمانی مه‌رایی، ڕه‌وایی ڕه‌فتاره‌که‌ی پێشووی خۆی به برازاکه‌ی که له جێی کوڕی بوو، بسه‌لمێنێ. ئه‌م جۆره ڕه‌فتاره‌ش له لایه‌ن یه‌کێکی وه‌کوو خان‌ئاپۆوه، له ڕوانگه‌ی ستاردا به‌ر له‌وه‌ی سه‌یر و سه‌مه‌ره بێ، گاڵته‌ئامێز و خه‌مبار بوو.

به‌گمحه‌مه‌دیش، وه‌ک کاردانه‌وه‌ی شێوه‌ی ڕه‌فتاری مامی، وه‌ک به خۆڕسک، هه‌ڵوێستێکی نه‌شیاوی وه‌رگرتبوو. وا ده‌رئه‌که‌وت له به‌رامبه‌ر مامی‌دا خۆی به گه‌وره دابنێ. سه‌ر له‌قاندن و نیگا خواره‌کانی له ڕووی خۆبه‌زل زانینه‌وه، نه له نیگای ستار شاردراوه بوو و نه ئه‌یتوانی کاریگه‌رێتیه شۆخ و گاڵته‌ئامێزه‌که‌ی له به‌رچاو نه‌گرێ:

ئاده‌میزاده ئیتر! سه‌رکوێرترین مرۆڤیش له خۆفریودان‌دا، به‌هره‌یه‌کی هه‌ڵکه‌وتوانه‌ی هه‌یه!

جه‌وانی ساویلکه، له‌و نسکۆ کاتیه‌ی به سه‌ر مامی هاتبوو، له‌پڕ تووشی چ دفره‌یه‌کی نه‌زانانه هاتبوو. گوێکانی ستار ئه‌گه‌ر هه‌ندێ تیژتر بوایه و گوته‌کانی جارجاره‌ی به‌گمحه‌مه‌دی ببیستایه‌ت، ڕه‌نگه گوێی له ئامۆژگاریی و ڕه‌خنه‌گرتنی سووک و ساویلکه‌ش ئه‌بوو. به‌ڵام ئه‌وه‌ی که له‌م نێوانه‌دا بۆ ستار سه‌رسووڕهێنه‌ر بوو، خۆڕاگری و هه‌ڵنه‌چوونی پیر و پسپۆڕانه‌ی خان‌ئاپۆ بوو، ئاوێته‌ی بڕوایه‌کی مناڵانه‌ی پیاوێک که خۆی له ته‌نگانه‌دا ئه‌بینی. خان‌ئاپۆ، ئه‌م پیاوه به‌وه‌جه زه‌مینیه که له چاوی ستاردا په‌یکه‌ری ڕاسته‌قینه‌ی بوێری بوو. ئه‌و پیاوه‌ی که گڵ و ماهه‌کی بوونی به ڕاستی نیشانه‌ی بوون بوو، که خوو و ڕه‌وشتی بێ که‌موکووڕی و به ڕاستی نیشانه‌ی ڕووت و ڕه‌های سروشت و خووی ئێنسانی خاک و زه‌وی بوو، تاکه‌ی

و تا چەند ئایە ئەیتوانی لەو تەنگانە ساختەیەی خۆی و دەوروبەر بە سەریدا سەپاندوویانە، خۆی ڕابگریٚ؟ تاکەی لەو پەردەی شەرم و لە کۆت و بەندی ترسی ئەندیٚشە و گومانی خۆی و ئەوانیتردا ئەیتوانی بمیٚنیٚتەوە و پەلەقاژە بکات؟ نەء، ئەم دارەتە، ئەم دارەتی گیروگازە ناتوانیٚ زۆر بخایەنیٚ.

وچانیٚکیتر، لە پیٚچی ڕیٚگە بەولاوە، لە سەنگرد نزیک ئەبوونەوە و خانئاپۆ هیٚشتاش هۆ و مەبەستی چوونەکەی بۆ خۆی دیاریی نەکردبوو. دەرفەتی ئەوەی نەکردبوو. گریمان دەرفەتیشی هەبووبیٚ و مەبەست و هۆی چوونەکەی لە بەگمحەمەد پرسیبیٚ؛ بەڵام ئایە ئەمە ڕەوا بوو؟ ئەمە ڕەوا بوو کە خانئاپۆ فەرمان و شیٚوازی فرمان لە بەگمحەمەد وەربگریٚ؟ هەرچەند بەگمحەمەد چاوی ئەو بیٚ -کە بوو؟ ئەوەی کە خانئاپۆ چۆنیٚتی ئەرکی خۆی لە بەگمحەمەد بپرسیٚ، ئایە بە واتای ئەوە نەبوو کە داوای لیٚ ئەکا ئەرک و کاری خانئاپۆ، ئەو دیاری بکات؟ ئەی شویٚن و پلەی خانئاپۆ چی لیٚ ئەهات؟ بەڕاست مەگەر ئەم پیاوە چی کردبوو؟

«خویٚنی بیٚتاوانم خۆ نەڕژاندووە؟!»

ئاوزەنگی لە تەڕادی ئەسپەکەی کوتا و هەی لیٚکرد بۆ هەڵدانەوەی ئەو پەردەیە، کە خەریک بوو ئەیخنکاند. ئاژووت بۆ شکاندنی ئەو کۆتەی یەخسیری کردبوو. دڵ یەکدڵە. دڵ لە ناو مشت، «با» لە سەریدا و نیگای بەبڕوا لە چاویدا، غاری دا و لە چاوترووکانیٚکدا خۆی گەیاندە لای وشترەکەی گوڵمحەمەد، خاوی کردەوە و کەوتە تەکی. بەڵام ئەمە هیٚشا سەرەتای کار بوو. دوواندن و هیٚنانە قسەی گوڵمحەمەد قۆناخیٚکیتر بوو و ئەبوایە دەرەقەتی بیٚ و خامۆشیەکەی پیٚ بشکیٚنیٚ. گیٚژەنیٚکیتر ئەوە بوو کە ئەنجامەکەی ئەبوایە تازەکردنەوەی هەڤاڵەتی نیٚوان خۆی و ئەو -لەم کاتەدا- بیٚ و ئەوە دژوارترین قۆناخی ئەوکارە بوو کە خانئاپۆ بۆ جیٚبەجیٚکردنی غاری دابوو. دژوارتریش ئەوەی کە دەستەبەری دۆستایەتی و نویٚکردنەوەی، ئەبوایە حەزی دڵ بیٚ. کە ئەوە پیٚوەری

بڕوای گوڵمحەمەد بوو. بۆیە چەندەش دژوار و ملکەچانە، ئەبوایە شەقڵی ئەم ساردوسڕییەی مۆری بێدەنگی لێدرابوو، بشکێنیّ و ئەم وەستانە کوشندەیە بورووژێنیّ. ئەمکارەش، مەگەر بە ئاخافتن ئەگینا مەیسەر نەئەبوو. خانئاپۆ لێوی تەڕ کرد تا گیانی شۆخی وشە کە خووی ئاسایی ئەو بوو لە خۆیدا ڕاچەنێنیّ و بژیەنێتەوە. ناچاری تاوهێنانی ئەو لەرزینەی خزابوویە دەنگی، لەگەڵ گوڵمحەمەد کەوتە ئاخافتن:

ــ رەنگە ئەتەویّ تا سەد ساڵیتر لە بەرامبەرمدا هەر وەک بەرد بی. ها؟! ئەریّ؟! خۆ مەبەستی وات نییە، هەتە؟!

لە خامۆشی گوڵمحەمەددا، دەرفەتی نەدا و دیسان وتی:

ــ چی بووە مەگەر؟... ئاسمان خراپ بووە؟! ئەریّ؟

پاشان چاوەڕوانی وەڵام، ڕوخسار و نیگای خولیای بەرزکردەوە بۆ سەر وشترەکە، تا ئەو کاتەی گوڵمحەمەد لای کردەوە و چاوی بڕییە مامی خۆی. ئەو هەروا خامۆش بوو. بەڵام لە بەختی خانئاپۆ شەو نەی ئەهێشت چاوەکانیان بە ڕووتی چنگ لێک بچەقێنن. گرنگ ئەوە بوو کابرا دەنگی کرابوویەوە و لەرزینەکەی نەمابوو، ئاواز و گرێی خۆش ئاهەنگی خۆی دۆزیبوویەوە. بۆیە بێباکانە درێژەی دا:

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟! پێت وایە دۆخینم لە مناڵ و پاکیزە ترازاندووە؟! ژنە بێوەیە، قیت و قنج بە دیواردا هەڵئەگەڕیّ. زۆریش لە خوای بوو کە من چوومەتە پاڵی! شتێکی زیادەی دەسنەکەوتبیّ، کەمی نەهێناوە؛ دڵنیابە!... جگە لەوەش مەگەر ئێمە کێین؟! ئادەمیزاد نین؟! ها، ئادەمیزاد نین؟! ئەتەویّ من پیاو نەبم؟!... لە کویّ بەڵێنی وام داوە؟ ئەیهوو! ئاخر منیش ئەبوا بیرێک لە خۆم بکەمەوە یان نا؟! ئاخر ئادەمیزاد... پێویستی بە هەندیّ شت هەیە یان نییە؟ هەیەتی ئیتر، چاوەکەی من! هەیەتی! من خۆ لە ئاسمان ناژیم. نەشم وتووە پاک و بێگەردم. وتوومە؟ کەی من شتی وام وتووە؟... دە شتێک بڵیّ ئاخر، پیاو! نەکا ئەتەویّ، منی مامت لەم تەمەنەدا تەمیّ بکەی؟ دەبڵیّ دەی؟!

تاپۆی دیوارەکانی سەنگرد. گوڵمحەمەد لەغاوی بادی ڕاکێشا و خاوی کردەوە. بەگمحەمەد ئاژووت بۆ لایان. گوڵمحەمەد وتی:

ـ سێ کەس دابنێ بە دەوری قەڵاکەوە. دوو کەسیش بۆ بەردەرگای ماڵی نەجەف ئەرباب. ئەگەر شتێک بوو، تیرێک بەحەوادا بتەقێنن. شەلیاوەکانیش هەموویان بێنە ژوورەوە.

پاشان ڕووی کردە خانئاپۆ و وتی:

ـ خەریکین ئەڕۆین نەجەف ئەرباب تەمێ بکەین. تەمێ، بەس ئەوەندە! نابێ خوێن بڕژێنرێ.

گوڵمحەمەد باڵی ڕاوەشاند و دەنگی هەڵێنا:

ـ ئێوەش گوێتان لێ بوو؟ نابێ خوێن لە لووتی کەس بێت!

دەرگای قەڵاکەی نەجەف ئەرباب بە گوڵمێخی قەبە، ڕازێنرابوویەوە. دەروازەی سەرا، لە ڕادەبەدەر گەورە بوو و جگە لەوە تازەیی تەختەی دەرگاکان، تەنانەت لە شەویشدا، لە هەموو شت زیاتر ئەیدا بەچاودا. دەروازەی سەرا بە گوێرەی دیوارە بەرز و ئەستوورەکانی قەڵا بوو. دیواری وەک شوورە. شوورەی قەڵا. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە باوکی نەجەف ئەرباب، قەڵاکەی بۆ خۆی سازکردبوو. بەو برج و وارش و بەو قەبارەیە. بە مردنی خۆیشی ڕازاندنەوە و پەرداختکردنی بۆ نەجەف بەجێ هێشیبوو. نەجەف ئەربابیش کێماسیەکانی تەواو کردبوو. برج و شوورەی پێکهێنابوو، قفڵ و کێلوونی تۆکمەی لێدابوو و تێیدا مەزڵی کردبوو. تا کار و کرداری باوکی، ئەویش بەو شێوازە درێژە بدات و بۆ خستنەسەر و زیادکردنی ئەوەی باوکی بە میرات بۆی بەجێ هێشتبوو، هەر لە باخ و زەوی و پەز و پاتاڵ.

ئەوا لەو بەری شوورەی بەرز و ئەستوور و چوار برجی چوار سووچی قەڵاکە، شوێنێکی گشتی و جێداری لێ بوو بە بارستایی زیاد لە ئەندازەی دانیشتوانی ناو سەرا. هەر کاتیش پێویستی بکردایەت دەرگا لە سەر خۆیان دابخەن، دانیشتوانی ناو سەرا ئەیانتوانی چەندین مانگ لە ناوەوە بژین بە بێ ئەوەی نیازیان بە دەرەوە هەبێ. چونکە

ئەوەی پێداویستی ژیانێکی بەتەواوەتی گوندنشینی بوو، لە ناوەوەی سەرا تەیار کرابوو. هەر لە هەماری خەلە و پاشەکەوت، بیری ئاو، سەرتەنوور تا بەهاربەند و گەوڕ بۆ چوارپێی جۆراوجۆر: ئەسپ و هێسر و مەڕ و کەر و وشتر. ژوور و هۆدەی چەندین جۆری جیاواز: میوانخانە، شانشین، هۆدەی دانیشتن بۆ خۆیی و گەدە و شوان و ڕێبوار، بە تەنوور و چێشتخانە و هەیوانەوە.

ــ بە ئاغەت بڵێ گوڵمحەمەدی سەردار هاتووە!

کابرای تفەنگدار کە لە برجی سەر دەرگاکەوە سەری دەرهێنابوو، بە بیستنی ناوی گوڵمحەمەدی سەردار لە زمانی محەمەدڕەزای گوڵخانمەوە، سەری دزییەوە و ون بوو. خانئاپۆ ئەماژەی بە کوڕی گوڵخانم کرد چەکوشی دەرگاکە بکوتێ. محەمەدڕەزای گوڵخانم چووە پێشەوە و چەکوشی دەرگای تەقاند. خانئاپۆ کڵاوی پاش دا و تۆزی ناوچەوانی بە لەپی دەست سڕییەوە و جارێکیتر میلی برنەوەکەی تاقی کردەوە.

گوڵمحەمەد لە مەیدانی بەر دەرکی سەراکە، هەروا یەکبەر لە سەر جیازی بادی دانیشتبوو. چۆخەکەی یەک شاخ بە شانیەوە، دەستی لە سەر ناوقەدی ساف و پەرداختکراوی تفەنگەکەی و نیگای لە سەر دەرگای داخراو نەئەگواستەوە. بەگمحەمەد لە پاشی خەڵکەکەوە لە قەراخ دیوارەکە وەستابوو و چاوی بڕیبوویە برجەکە. ستار دەستەکانی لە سەر کەللەی زینەکە دانابوو و هەوڵی ئەدا بە جێگۆڕکێ لە سەر زینەکە ئازاری ڕان و سمتی کەم بکاتەوە. عەلیخان چەخماخ، نەک یەکدڵ و لێبڕاو بەڵکوو دوودڵ و داگیراوی ئەندێشەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ نەجەف ئەرباب، چەپی سمێڵی بە ددان گرتبوو و ئەیجاوی. خەڵکی شەلیاویش، بە سوار و پیادەیانەوە، لە پشت دەرگا و لە قەراخ شوورەی نەجەف ئەرباب ڕاوەستابوون. وەک بڵێی تێگەیشتبوون لە پێناوی وەرگرتنەوەی مریشک و بزن و گوێرەکە و یەک دوو مەن قەند و تەنەکە نەوت و یەک دوو تەختە پێستە و چەند هیزە دۆشاوی ترێ خۆیان تووشی چ خەنیمێک کردووە!

پەشیمانی لە بنەوە.

ـ دەرگاکە بکەرەوە، میر عەولا!

ئەمە دەنگی نەزۆر ڕەزامەندانەی نەجەف ئەرباب بوو لە پشت دەرگاکەوە لە ماوەیەکی کورتەوە بیسرا و دەسبەجێ دەنگی زنجیر و قفڵ و کێلوونی دەرگا، یەک بە دوای یەکدا هات و تا دەرگای گەورە و قورسی دەروازە بە جیڕەیەکی وشک و تیژ کرانەوە و میر عەولا، خۆی و فانۆسی بە سەر دەستەوە لە ناو هەشتیەکەدا هات بە پیریانەوە، لە کاتێکا نەجەف ئەرباب لە بەر ناودالانەکە لە حەوشە چاوەڕێی ئەکردن:

ـ بلّێ بفەرموونە ژوورەوە!

میر عەولا گەدە، بەر لەوەی دەم بکاتەوە بە دووپاتکردنەوەی گوتەی ئاغەی، ناچار بوو لە بەرامبەر هێرشی ئەسپەکەی بەگمحەمەددا بکشێتە دواوە، چونکە بەگمحەمەد ئەبوایە بە فڕکەیەک ناو حەوشەکە سەیر بکات و بگەڕێتەوە. وای کرد. نەجەف ئەرباب ئەوا خۆی هاتبوویە ناو هەشتیەکە و بە ترسەوە داوای لێ ئەکردن دابەزن و بفەرموون:

ـ بەخێر هاتن، بفەرموون سەردار!

گوڵمحەمەد بەو کۆلانەیدا سوار و پیادە بۆیان کردبوویەوە، بە سواری ئاژووت بۆ ژوورەوە و بە بێ گوێدانە گەدەی نەجەف کە ئێستە لەو بەری دالانەکە دەرگای بەهاربەندەکەی کردبوویەوە، چووە حەوشە و بە دوایدا سوار و پیادە هاتنە ژوورەوە، مەگەر محەمەدڕەزای گوڵخانم و یەکیتر. عەولا گەدە، سەری بردە دەرەوە و بەر لەوەی تاکانی دەروازەکە داخاتەوە، پرسی:

ـ ئێوە چی؟ نایەنە ژوورەوە؟

محەمەدڕەزای گوڵخانم لە وەلامدا وتی:

ـ ئێمە لێرە ئەبین. ڕسق و ڕۆزی ئێمە بهێنە بۆ ئێرە!

عەولا گەدە تای دەرگای بە ئارامی پاڵ نا و محەمەدڕەزای گوڵخانم، سەری نا بە درزی دەرگاکەوە و فەرمانی دا:

ـ چا! چا لە بیر نەکەی یەکەمجار. ئێمە تینووی چاین!

ـ هەر ئێستە، هەر ئێستە بۆتان ئەهێنم.

عەولا گەدە کێلوونی دەرگاکەی خست و لە هەشتیەکەوە چووە حەوشە و بە ناو حەشاماتەکەدا ڕۆیشت و وتی:

ـ لە بەهاربەندەکە جێگە بۆ چوارپێکان هەیە، سەردار. ئاخوڕ و ئالیک و...

گوڵمحەمەد بە شیوی ملی وشترەکەدا خزایە خوارەوە و خانئاپۆ لە وەڵامی عەولا گەدەدا وتی:

ـ جارێ با لێرە بن، باشە بۆیان. کۆزەرە بکەرە بەریان!

نەجەف ئەرباب بە عەولا گەدەی وت کۆزەرە بکاتە ئاخوڕەکانی بن دیوارەکە بۆ چوارپێکان. گوڵمحەمەد هەوساری وشترەکەی دا بە براکەی، یەخەی چۆخەکەی دایەوە بە شانیدا و هەر لەوێوە کە وەستا بوو، چاوی لە برجەکە، بە نەجەف ئەربابی وت:

ـ بەو پیاوەت بڵێ بێتە خوارەوە!

دەسبەجێ، نەجەف ڕووی کردە برجەکە و بانگی کرد:

ـ وەرە خوارەوە جەمەل. لە برجەکە وەرە خوارەوە!

جەمەل تفەنگدار لە برجەکە هاتە دەرەوە و لە گوێی بانەکە مایەوە. نەجەف جارێکیتر پێی وت دابەزێتە خوارەوە و جەمەل وەکوو کاژیلەیەکی گورجوگۆڵ لە پلیکانەکانەوە هاتە ناوداڵان. گوڵمحەمەد سەیری خانئاپۆی کرد و لەگەڵ نەجەف ئەرباب بەرەو شانشین کەوتە ڕێ. خانئاپۆ لەغاوی بادا و لە سووڕانێکی خێرادا تفەنگی لە ناو دەستی جەمەل تفەنگچی دەرهێنا و هەڵیدا بۆ عەلیخان چەخماخ. ئەویش بە حەواوە گرتیەوە و جەمەل تفەنگچی لای جەنجەڕی بیرەکە، کاتێک هاتەوە بە خۆیدا کە تفەنگەکەی بەدەست عەلی چەخماخەوە تاقی ئەکرایەوە.

هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە بەگمحەمەد بیستبووی نەجەف خان دەستی خستۆتە سەر کچی حاجی خورسوفی، هەمیشە ئارەزووی ئەوە بوو شاخ لە شاخی نەجەف بگیرێنێ، بەڵام ئەمە کارێک بوو نەی ئەتوانی بە دڵخوازی خۆی پێی هەڵسێ. بەتایبەت ئێستە و

لەم دیدارەدا کە گوڵمحەمەد بۆی هاتبوو، بەگمحەمەد نەی ئەتوانی هیوای ڕووبەڕوو بوونەوەی نەجەف ئەربابی هەبێ؛ مەگەر ئەوەی کە شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی بدایەت. بۆیە باشترین کار بۆ ئەو ئەوە بوو بەرەو برجی بەتاڵ بڕوات و ببێ بە کێشکی سەربان؛ لەو ڕێگەیەوە کە جەمەل دابەزیبوو. لە ڕێگەی پلیکانی ناودالانەوە. بۆ ئەمکارە، دابەزی و لەغاوی بادی لە پشتی زینی ئەسپەکەی خۆی گرێ دا و بەرەو بان چوو. لە ڕێدا عەولا گەدەی بە باوەشێک گوڵەجۆوە لە بەهاربەند ئەهاتە دەرەوە ڕاگرت و پرسی:

ـ ئەو برجانەیتر چی؟ تفەنگچیان تێدایە؟

ـ نەخێر خان، نەخێر!

بەگمحەمەد لێی لادا و پاش تاوێک لە بانەوە دەستی بۆ مامی ڕاوەشاند، بۆ ئەوەی لە کاری خۆیدا ئاسوودە بێ و چووە ناو برجەکە. خانئاپۆ دابەزی. لەغاوی ئەسپەکەی بەگمحەمەدیشی گرت و بەرەو ئاخوڕەکانی قەراخ دیوارەکە بردنی. لەوێ هەوساری بادی لە زینی ئەسپەکەی بەگمحەمەد کردەوە و لە خەواندنی وشترەکەدا، بە عەولا گەدەی وت خەمی وشترەکەش بخوات. بەوانیتریشی وت ئەسپ و چوارپێیان ببەنە بن دیوارەکە و خۆیان لە هەیوان دانیشن. خۆیشی لەگەڵ ستار و عەلیخان چەخماخ و غولامەڵلاجان، چوون بۆ شانشین؛ سڵاو و سڵاو.

گوڵمحەمەد پاڵی بە جێوبانەکەوە نیگای تیژ و سمێنەری چەقاندبووە ناوچەوانی نەجەف ئەرباب، کە ڕاست لە بەرامبەریدا لە سەر هەر دوو چۆک دانیشتبوو و ئەوی لە بێدەنگیەکی کوشندەدا ڕاگرتبوو. ئەوەندەی خانئاپۆ و ستار دانیشتن، گوڵمحەمەد وتی:

ـ بە میوانەکەشت بڵێ بێت بۆ ئێرە، نەجەف ئەرباب!

چاوە خڕ و شینەکانی نەجەف ئەرباب کە تا ئێستە لە گوڵمحەمەد ڕەمیان ئەکرد، ئێستە لێڵ ببوون و بە ناچاری کەوتە سەر چاوی و کەوتە تەتە پەتە:

ـ میوان... میوان؟!

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی دەرفەتی هەڵاتن بە چاوی نەجەف ئەرباب بدات، وەکوو هەڵۆیەکی زاڵ بە سەر نێچیرەکەیدا، وتی:

ــ تارمایی هێسرەکەی حاجی خورسوفیم لەو کاتەی گەدەکەت دەرگای گەورەی کردەوە بینی! ئەسپێکی بێگانەش وەکوو شتێک لەوێ بوو. حاجی خورسوفی نابێ بەو زووە خەوتبێ. ئەو کەللە وشکە پیاوی خەو نییە. ڕەنگە کچەکەشی لەگەڵ خۆی هێناوە؟ وایە؟ لە کەیەوە وای لێهاتووە کە بووک دێ بۆ خوازبێنی زاوا؟!

گوڵمحەمەد هەرچەند پرسیاری ئەکرد، بەڵام چاوەڕێی وەڵام لە لایەن نەجەف ئەربابەوە نەبوو. چونکە بە ئاشکرا دیار بوو نەجەف زمانی لە گۆ کەوتووە. بۆیە وتی:

ــ بڵێ بیهێنن بۆ ئێرە!

نەجەف ئەرباب ناچار بە ئەسپایی ڕابوو و وتی:

ــ ئەگەر نەخەوتبێ!

ــ هەڵیسێنە!

گرمەی دەنگی گوڵمحەمەد، ئەتوت لە ناو دەرگاکەوە نەجەفی حەوا دایە دەرەوە. نەجەف بە پەلە لە لێواری هەیوانەکەوە خۆی هەڵدایە حەوشە و لە کچەکەی عەوڵا گەدە کە لای بیری ئاوەکە وەستابوو بۆ ئاو هەڵگۆزین و جەنجەڕی بیرەکەی هەڵئەسووڕاند، نزیک بوویەوە و وتی حاجی بانگ بکات و بەر لەوەی بگەڕێتەوە، داوای لێکرد زووتر چا ئامادە بکەن و بە باوکیشی بڵێ شێو ساز بکات:

ــ بڵێ یەکێک لە پەروارەکان سەر ببڕێ!

کچی عەوڵا گەدە دۆڵچەی ئاوەکەی هەڵکێشا، لە سەر بەردی قەراخ بیرەکە داینا و خۆی چوو بە دوای فرمانەکەیدا. نەجەف گەڕایەوە بۆ شانشین و دیسانەوە سڵاوی کرد. بەر لەوەی نەجەف ئەرباب لە سەر جێگەکەی دابنیشێ گوڵمحەمەد ڕووی کردە عەلیخان چەخماخ کە تفەنگ بەدەست لای دەرگاکە وەستابوو و بە نەجەف ئەربابی وت:

ــ ئاشناییت نەدا لەگەڵی؟!... ها، نەجەف خان، عەلی چەخماخ

ناناسیتەوە؟! چ ماوەیەک ئەبێ یەکدیتان نەدیوە!... ها؟!

نەجەف ئەرباب سەری بەرەو عەلی چەخماخ وەرسووڕاند و گەڕایەوە و چاوی بڕییە بەرپێی و بێدەنگ مایەوە. گوڵمحەمەد بە بێ زەمینەچینی و بە بێ پێشەکی وتی:

ــ دەستت ئاڵوودەی ئەمکارانە مەکە، نەجەف ئەرباب! تا زووە دەس لەم پیلانە پڕوپووچانە هەڵگرە. ئەم کوڵەفیتنەییە دابنێ بۆ پیرە ئاغەکان. تۆ بۆ قومار بە جەوانی خۆت ئەکەی؟! قومارە ئەمە. حەسێبی دۆڕاندنت کردووە؟! بردنەوە و دۆڕاندنی ئەم قومارەت لێکداوەتەوە؟... ها؟ لەم قومارەدا چی ئەبەیتەوە ئەگەر بەرندە ببی؟ لەوە زیاترت ئەبێ کە ئێستە هەتە؟! نەء، نەخێر، زیاترت نابێ! بەڵام ئەگەر بدۆڕێی چی؟ ئەگەر بدۆڕێی؟ ئەزانی چەندە بە گران بۆت تەواو ئەبێ؟ نەء، پێم وانییە بیرت لە دۆڕاندن کردبێتەوە! بەڵام من بە برا گەورەی خۆت بزانە و لێم ببیسە ئەگەر ئەڵێم قومار لە سەر جەوانی خۆت مەکە. ئەمە شێتێتیە کە مرۆڤ جەوانیی خۆی بە قومار بدۆڕێنێ. ئەویش قومارێک کە بەرندە بوون تێیدا نادیارە. بەڵام دۆڕانەکەی مسۆگەرە. تەنانەت لە بەرندە بوونیش‌دا، ئەگەر بردنەوەیەکی تێدا بێ، لەوەی هەتە زیاترت بەرناکەوێ. کردووتیانە بە سەر دارەوە، نەجەف! کێ ئەو قسانەی خوێندووە بە گوێتدا؟ کێ جادووی کردووی؟ بەڵێنی چییان پێداوی؟ ئەیانەوێ بتکەن بە بەردی سەر سەهۆڵ. ئەوە ئەزانی؟ خۆت ئەوە ئەزانی وا خەریکن یاریت پێ ئەکەن؟... بزا لە کاتی خۆیدا چۆن لاڵ ئەبی؟ ئەی ئەوان لە کوێن لەبری تۆ قسە بکەن؟ لە کوێن ئەوانەی خۆیان لە جێی باوکت داناوە؟ کوان؟!

نەجەف ئەرباب نەک هەر زمانی لکابوو بە مەڵاشوویەوە، سەریشی بەرز نەئەکردەوە سەیری گوڵمحەمەد یان ئەوانی‌تر بکات.

گوڵمحەمەد بە عەلیخان چەخماخی وت:

ــ وەرە بەرەوە! تفەنگەکەت خۆ پڕە؟

ــ بەڵێ سەردار!

ــ وەرە بەرترەوە، وەرە مەترسە! هەر لێرە... هەر لێرە لە لای ئەربابەوە ڕاوەستە. جا لوولەی تفەنگەکە بنێ بە لاجانگیەوە. باشە، ئێستە هەر لەوێ تفەنگەکەت ڕاگرە تا... دەی، نەجەف خانی ئەرباب! ئێستە ئەڵێی چی؟ ئەهێنێ؟ بە ئەندازەی باڵ ڕاوەشاندنی کوللەیەکی پێ ئەچێ چرای تەمەنت بکوژێتەوە. ئەمەوێ بزانم ئەو کارەی تۆ دەستت داوەتێ، ئەمە ئەهێنێ؟! ئەهێنێ؟!

تەوێڵی سوورباوی نەجەف ئارەقەی لێ نیشتبوو و بیلبیلەی چاوەکانی، دوو نیسکی نەشۆراو، لە ترسی بڕوا پێنەکراوی مردن بە هەموو لایەکدا ئەگەڕا و زمانی هەروا لکابوو بە مەڵاشوویەوە. خانئاپۆ بە بێدەنگ پێ ئەکەنی. عەلیخان چەخماخ بە گوێ و هەنیەی سوور هەڵگەڕاوەوە ئەلەرزی. غوڵامەڵڵاجان لە حەیبەتان دەمی داچەقابوو و ستار، بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ لێوی ئەکرۆشت.

دەنگی دەرگا و هاتنی حاجی خورسوفی جووڵەیەکی خستە ئەو ناوە. نەجەف ئەرباب ناخودئاگا سەری سووڕاند بۆ لای دەرگاکە و پەنجەی عەلیخان چەخماخ پیلکەی چرکاند. گوللە دەرچوو و نەجەف ئەرباب بە پشتدا کەوت. دووکەڵ ژوورەکەی پڕ کرد و عەلیخان چەخماخیش داهێزرا و بۆ ئەوەی بەر نەبێتەوە، پشت و شانی ترنجاندە سووچی دیوارەکە و بێ هێز و ڕەنگ مردوو مایەوە. حاجی خورسوفی لە شوێنی خۆی وشک بوو و گوڵمحەمەد چاوی مۆڕ بوویەوە. بێدەنگی مەرگ!

خانئاپۆ هەڵسا، تفەنگی لەدەست عەلیخان چەخماخ وەرگرت، تفەنگەکەی -بەو جۆرەی لە دەست جەمەل تفەنگدار فڕاندبوو- لە بەر ڕووناکی چراکەدا سەیر کرد و وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی، وتی:

ــ لە تفەنگە ئینگلیزییەکانە، خاوەن مردوو، پیر بووە!

پاشان لەو حەپەساوییەی زاڵ ببوو بە سەر ژوورەکەدا، چووە سەر نەجەف ئەرباب و لە کاتێکا بن پێ ڕووت و خرپنەکەی بە نووکی گیوەکەی ختووکە ئەدا، ددانە سپی و ڕێکەکانی بە پێکەنین پیشان دا و وتی:

ــ رابە، ڕابە! ئەمجارە وابزانە نەمردووی، ڕابە! ڕابە بزانم هەواڵی ئەو دنیا چیت بۆ هێناوین؟!

بەڵام نەجەف ئەرباب ئەتوت بە ڕاستی نایەوێ ڕابێ. خانئاپۆ دانەویەوە و یەخەی جاکەتەکەی گرت و وەکوو کەلاکی مەڕ ڕایکێشا بۆ ناو دەرگاکە و داوای ئاوی کرد:

ــ بۆ وا وشک بووی، حاجی؟! ئاو بهێنە! ئێستە زیندووی ئەکەمەوە!

ستار هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چۆکاوچۆکی کرد. عەلیخان چەخماخ بە ڕەنگ و ڕووی وەکوو گەچەوە، نیشتە خوارەوە و چاو و ناوچاوی لە قەفی بازووی‌دا شاردەوە. غوڵامەڵڵاجان سیگارێکی لە دەورییەکەی لە بەردەست خانئاپۆ دانرابوو، هەڵگرت و بەو دەستانەی کە هێشتا ئەلەرزین بۆ خۆی داگیراند و دووکەڵی لێ دەرهێنا.

لە دەرەوەی دەرگاکە، دایکی نەجەف ئەرباب، سەر و کاکۆڵی جەوانەکەی خستبوویە سەر کۆشی و بە هەزار زمان ئەیویست لە خانئاپۆ ببیسێ لاوەکەی هێشتا زیندووە. بەڵام خانئاپۆ لەبری وەڵام، دۆڵچەی ئاوەکەی لە دەست عەولا گەدە وەرگرتبوو و ئەکشایەوە بۆ ئەوەی ئاوەکە بە جارێک بکات بە سەر سەروبەچکی نەجەفدا:

ــ وریا بن ئاو، بکشێنەوە ئاو!

بەگمحەمەدیش لە برجەکەوە هاتبوویە بەر گوێسوانەی بانەکە و لە خانئاپۆی ئەپرسی چی ڕووی داوە. خانئاپۆ بە زمانی خۆیی تێی گەیاند ئاسوودە بێ، هیچ نەبووە. هەروەها خانئاپۆ بە کچەکەی عەولا گەدە و بە ژنەکەشی کە لە چێشتخانەوە هەڵاتبوویە دەرەوە، وتی دایکی نەجەف ببەنە ژوورێکەوە و شیوەنەکە بێدەنگ بکەن:

ــ یاڵڵا، یاڵڵا. ڕامەوستن! دەی... دەرگاش داخەن. تۆ، تۆش حاجی برۆ دانیشە، برۆ، برۆ ئیتر!

حاجی خورسوفی پێی نایە ناو دەرگاکە و دڕدۆنگ بوو. پێی لە ناو دیوەکە و دڵی لای نەجەف ئەرباب، هەتا گوڵمحەمەد دڕدۆنگیەکەی تێکشکاند:

ـ بۆ دانانیشی، حاج؟!

ـ له خزمەت دام خان، له خزمەت دام!

باڵا بەرز و تۆزقاڵێک نووشتاوە، بە لاجانگی دەرپەڕیوو، لووتی کشاو و توزێک خوار. له کاتێکا ئاتەکی پاڵتاوە تۆخ چووەکەی له ناو پەنجەکانیدا گرتبوو، بەرەوژوور هەڵکشا و له سەر هەر دوو چۆک دانیشت، سەری بە کڕنۆش بۆ گوڵمحەمەد چەماند و وتی:

ـ ئیشەڵڵا کە خۆش و باشن، ساخ و سلامەت و...

گوڵمحەمەد نەبیسی درۆ لەقاڵب دراوەکەی حاجی خورسوفی پێی وت:

ـ دیارە خەریکن خۆتان بۆ زەماوەن ئامادە ئەکەن؟!

زەردەخەنەیەکی سووتاو بە ڕوخساری حاجی خورسوفیەوە وشکەڵات و کەوتە منجەمنج. بەڵام زۆری نەبرد خۆی خڕ کردەوە و سەرکزانە کەوتە پەسن کردن:

ـ بۆ ئەمکارە... بۆ دەرفەت وەرگرتن مسۆگەر ئەهاتینە خزمەت سەردار. کێ ئەتوانێ لەم مەڵبەندە کچی بدا بە بووکی یان کوڕی بکا بە زاوا و دەرفەت و بڕیاری گوڵمحەمەد خانی سەرداری لە سەر نەبێ؟! بەڵێ، منی بەندە وام دانابوو بە چەند پەروارەوە بێمە خزمەتتان و دەرفەتتان لێ بخوازم. هەڵبەت دیارە خان بە گەورەیی خۆیان ڕێگە بەم کارە خێرە ئەفەرموون؟

خانئاپۆ بن باڵی نەجەف ئەربابی بە دەست گرتبوو، پێی نایە ناو ژوورەکە و بە خۆشزمانیەوە وتی:

ـ ئێستە نەجەف ئەرباب بۆمان ئەگێڕێتەوە چ باس بوو و چی بینیوە! دانیشە ئەرباب بۆمان بگێڕەوە! جا، میر عەولا، چا بێنە. بردم بە ساخ و سەلامەتی پیشانی دایکیم دا، بۆ ئەوەی چوار ڕۆژیتر پاش ملە بەیتمان بۆ ساز نەکات کە جەوانەکەیمان کوشت و زیندوومان نەکردەوە. فەرموون... بە ڕاستی تۆش تفەنگدارەکی بە زەبری چەخماخ. بەندی پەنجەیەک تا نیشانە، نەت پێکا، پیاو! هەر کەس بیبیسێ قاقا پێت پێ ئەکەنێ!

نەجەف ئەرباب وەک غەوارەیەکی میوان پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە و خیشی کردبوو. نەک هەر سەروبەچکی بەڵکو جلەکانیشی تەڕ ببوو. تاونەتاو تەزێکی پیائەهات و لەپەسا زیاتر گرمۆڵە ئەبوو و گلارەی شینی چاوەکانی -دوو دەنک نیسک- وەکوو سێبەری ڕەمیوی ترس ئەخولایەوە.

حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی، نیگەرانی باری نەجەف ئەرباب و پەرۆشی کاردانەوەی گاڵتەکانی خانئاپۆ بوو کە ئەگەر بە نیشاندانی بزەیەکی ڕزیویش بووبێ، بە دوای ئەوەوە بوو کە بوونی خۆی لە سەنگرد و لە ماڵی نەجەف ئەرباب بە کردەوەیەکی شیاو بداتە قەڵەم. بەڵام ئەوەی کە لە هەموو شت زیاتر ئەوی خستبوویە گیر و گازەوە، ئەوە بوو کە گوڵمحەمەدی سەردار دەربارەی ئەو و بوونی ئەو لە سەنگرد چۆن بیر ئەکاتەوە و چ بڕیارێکی لە سەر ئەدات:

ـ ئالیک کەم ئەهێنم ئەمساڵ، سەردار. لێم نواڕی بینیم لە ناوەڕاستی زستان پەکم ئەکەوێ. ئاژەڵیش خۆ زمان نازانێ. ئاخوڕەکەی ئەبێ پڕ بێ. وتم بێم بۆ سەنگرد و چەن بار کا و یەک دوو بار قۆزاخە لە هەماری نەجەف خان بە قەرز وەربگرم. کاری پەروار خۆت باشتر ئەزانی، تفاق لە هەمار ناهێڵێ. ئاژەڵ کە کەوتە خواردن، عاباکەی پیاویش ئەخوا. تێربوونیان بۆ نییە. ماڵکاولانە ئەڵێی لە ساڵی قات و قڕییەکە گەڕاونەتەوە! لەپەسا ئەخۆن و کاوێژ ئەکەن و دەمیان ئەجووڵێ.

عەولا گەدە سەماوەری هێنایە ژوورەوە و لە گۆشەی ژوورەکە داینا. پاشان سینی و قۆری و پیاڵە و قەندانی لە دەست کچەکەی وەرگرت. لە نزیک سەماوەرەکەوە ڕیزی کردن. حاجی سوڵتانخورد بەردەوام بوو لە سەر گێڕانەوە و پیاهەڵگوتن و، تێئەکۆشا بار و دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە. گوڵمحەمەد جارێکیتریش قسەکەی پێ بڕی و بۆ ئەوەی بابەتەکە گەورە نەبێتەوە، وتی:

ـ زانیم لێرەی، حاجی سوڵتانخورد. وتم بانگت بکەن بە دوو مەبەست. یەکیان ئەوەی کە ئەمڕۆ سکاڵات لە سەر بوو، سەبارەت

به ئاوەڕۆکانی ئەو زەوییە دێمانە کە ئەتەوێ داگیریان بکەی. زاواکەت دەستی وەشاندووە و سەری شکاندووە. کە ئەمەش بە جیاواز لێی ئەکۆڵینەوە. شتێکی‌تریش کە تۆ ئەبێ بیبیسی، پەیوەندی بە نەجەف خانەوە هەیە. گوێت لەگەڵ منە؟

حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی بە لووتی درێژ و خوار و چاوی بەقووڵا چوو و ملی درێژیەوە، لە کاتی قسەکردنی گوڵمحەمەددا، بێدەنگ بوو. کیسەی سەبیلەکەی لە گیرفانی پاڵتاوەکەی دەرهێنابوو، لە ناو دەستی‌دا گووشای و بە دژواریی وتی:

ــ گوێم لە جەنابتە، خان!

گوڵمحەمەد درێژەی بە گوتەکەی دا:

ــ چوونەتە بن کلێشەی و عەقلیان دزیوە. لە ڕاستی‌دا شووتییان داوەتە بن باڵی و ئەیانەوێ ئاگر لە جەوانی بەرێدەن. ئەم قسانەش بۆیە ئەکەم، بۆ ئەوەی تێی گەیەنم چاڵیان لە سەر ڕێی هەڵکەندووە. نەک پێت وابێ من لەوە ئەترسم یەکی وەکوو نەجەف ئەرباب لە سەر ڕێگەم قوت بکەنەوە. تۆ خۆت ئەوە ئەزانی کاری ئێمە یەکسەرە و یەک لایەنە بۆتەوە. هەم بەرامبەر بە جەماوەر و هەم بەرامبەر بە حکوومەت. لە ڕاستیەکەی‌دا ئێمە سەرمان لە کاری ئەم وازییەدا داناوە. بۆیە ئەگەر قسەیەک ئەکەین لە بەر گیان و گەنجێتی تۆیە نەجەف ئەرباب!

سینی چا گەڕا و پەرداخی قەنداخەکە عەولا گەدە لەبەردەم ئاغەی داینا. گوڵمحەمەد قومی دا لە چاکە و بێدەنگ بوو. خواردنەوەی چا، هەلێکی کورت بوو بۆ حاجی خورسوفی و نەجەف ئەرباب بۆ ئەوەی بتوانن بیر و مێشکی شپرزەیان ڕێکەوپێک و ـرەنگیشەـ دەستەبەندی بکەن. حاجی خورسوفی تەنانەت توانی بێتەوە بە خۆی‌دا و سەبیلەکەی بە بێ لەرزینی ئاشکرای دەستەکانی، داگیرێنێ. نەجەف ئەربابیش پەرداخی قەنداخەکەی نەرمە نەرمە خواردەوە. لە کاتێکا هەوڵی ئەدا، ئارام و ئوقرەی پێشووی بەدست بهێنێتەوە. گوڵمحەمەد بەلام دەرفەتی پێ نەدان. پیاڵە بەتاڵەکەی خستە سەر

سینیەکە و نیگای چەقاندە ناوچەوانی نەجەف ئەرباب و وتی:
ــ جا پێمان بڵێ نەجەف ئەرباب ئەتەوێ چی بکەی بەرامبەر بەو جووتیار و ڕەشاییەی بزن و گوێرەکە و ڕسقی منالْیان بە هۆی دزەکانی تۆوە دزراوە؟
نەجەف بەس چاوی ترووکاند و گوڵمحەمەد وتی:
ــ چەن کەسیان لەگەڵمان هاتوون بۆ ئەوەی شمەکی دزراویان لە هەمار و تەویلەی ماڵی تۆ وەربگرنەوە، چی ئەکەی؟
نەجەف جارێکیتر چاوی ترووکاند، دەسرِی لە گیرفانی دەرهێنا، تەرِایی سەر لێوەکانی سرِییەوە، سەری ورگێرِا و نیگای کەوتە سەر زەردەخەنە قەڵەوەکەی خانئاپۆ. خانئاپۆ لە نیگای نەجەف ئەربابدا، دەسبەجێ وتی:
ــ بۆ لات سەیرە؟! ئەوەتا، عەلیخان چەخماخمان بۆیە هێناوە بۆ ئێرە کە سەرت سوور نەمێنێ! خۆ ئەیناسی! دیسانەوەش سەرت سوورِماوە؟ مەگەر لەوە سەرت سوورِمابێ کە دەستی وەکوو منالْ ئەلەرزێ؟!
نەجەف ئەرباب، بە بێ وەڵام، بە دەسرِە خاوێنەکەی تەوێڵ و دەور ملی سرِییەوە و نیگای پەرێشانی بە هەموو لایەکدا سوورِاند.
ــ لە بەدناو کردنی ئێمەدا بە دوای چی ئەگەرِێی، نەجەف؟!
نەجەف لە مەنگەنەی پرسیارەکەی گوڵمحەمەددا، بێدەنگ ما. گوڵمحەمەد خاچ تێی رِوانی و وتی:
ــ عەقڵت کێ دزیوێتی، جەوانی ساویلکە؟ ئەمەوێ ئەوە بزانم! کێ فێری کردووی گەنەدز بەکرێ بگری و ناپیاوەتیەکانی خۆت و ئەوان بەناوی گوڵمحەمەدەکان بڵاو بکەیتەوە؟ کارێکی ئاوەها، پیلانێکی بەو جۆرە لە گەنجێکی منالْۆکەی وەکوو تۆ ناوەشێتەوە! قسەکەم تێ ئەگەی، نەجەف؟ تۆیان پێش کردووە بۆ ئەوەی فیتنەیی ئەوان ببەی بەرِێوە؟ ها؟ خۆ تێگەیشتوویت مەبەستی ئەو ناکەسانە چییە؟! من تێ ئەگەم ئەگەر تۆ ئەتەوێ وای دەربخەی کە تێ ناگەی! من ئەزانم ئەوانە لە بەدناو کردنی گوڵمحەمەددا بۆ چی ئەگەرِێن. بەڵام ئەمەوێ

به ناو و نیشان بزانم ئەو گەووادانە کێن؟ پاشانیش ئەمەوێ بزانم تۆ بۆچی خۆت خستۆتە ناو ئەمکارە؟ نەکا گوڵمحەمەد جێی پێ تەنگ کردووی؟! دە بڵێ دەی، بۆ قسە ناکەی؟ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند پیاوێکی بێ ناو و نیشان نەبوو. بە چەکی حکوومەت و لە ژێر ئاڵای حکوومەتدا حکوومەتی ئەکرد. قەڵاتی خوێناڵ بە ئەندازەی سەنگردی تۆ چەپەک و پەڕەوازەش نەبوو. خودی عەلی ئەشکینیش نەک هەر لەتۆ کەمتر نەبوو، زۆریش بەوەجتر و لێهاتووتر بوو. لەم قسەم تێئەگەی! ئەی چۆن بوو؟ بۆچی سەری تیاچوو؟ هیچ بیرت لێکردۆتەوە؟ من بە تۆ ناڵێم بۆچی، خۆت بڕۆ بپرسە و بزانە بۆچی! بەڵام ئەوەم لێ ببیسە و بزانە بەو ئەندازەی کە خاکی بەر پێی یارین، ئەوەندەش دڕکی چاوی نەیارین! هەڤاڵەتی ببینین چاوی خۆشمانی لێ درێخ ناکەین. خەیانەتیش ئەگەر ببینین وەکوو بزن مرۆڤ سەر ئەبڕین. ئێمە لە کاری خۆماندا گاڵتە ناکەین، نەجەف ئەرباب!... جا بە من بڵێ بزانم ئەتەوێ چی بکەی؟ من گوتارت بۆ نادەم. ئەمشەو قسەی سەرەتا و کۆتاییت لەگەڵ ئەکەم. تۆیش خۆ زەلیل و گەوج و گەمژە نیت کە مرۆڤ ناچار ببێ دڵی بۆت بسووتێ. تێ ئەگەی، نەجەف؟ ئێمە بەگوێرەی کار و ژیانمان لەم ناوچە و لەم مەڵبەندە ئەبێ دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین. ئەمانەوێ بزانین لە سەر سفرەی کام کەس دابنیشین و دەس بۆ سفرەی کام کەس نەبەین. تۆ ئەتەوێ لە کام تیرە بی؟ دۆست یان دوژمن؟... هەتا ئەمڕۆ بە دزی و بە ئاشکرا دوژمنایەتی ئێمەت کردووە. تۆ خۆت باشتر ئەزانی چیت کردووە، زۆر باش ئەزانی! گوندییەکانت بە شیشی وەکوو ئەم عەلی چەخماخە داخ کردووە. خەڵکی ناچار و نەدارت هەڵچزاندووە. خوێری وەکوو بوژدنیت ناردووە سەر ڕێ بە خەڵکی بگرن و ڕووتیان بکەنەوە و وای دەربخەن گوڵمحەمەد ناردوونی! جا، تا ئێرە دوو تاوانت هەیە. یەکیان ئەوەی کە خەڵکێکت بێپەڕ و باڵ کردووە و ماڵت دزیون؛ یەکیش ئەوەی کە هەوڵت داوە گوڵمحەمەدەکان بەدناو بکەی. جارێ ئەبێ سزا بدرێی لە سەر ئەم تاوانانەت، جا بزانین دواتر

چۆن ئەبێ. بەو قسانەی کە گوتم و بیستت، من لێرەدا لە هەقی خۆم خۆش ئەبم. بەڵام ئەوەش بزانە، ئەم یەکجارەیە و دووەمی نییە. ئەمێنێتەوە تاوانی دزی کردنەکەت کە ئەبێ سزاکەی بدەی، هەر ئەمشەو. سزای نەخت. نەخت ئەبێ تاوانی دزییەکانت بدەیتەوە. چ هی ئەو جووتیار و ڕەشاییانەی لەگەڵمان هاتوون و چ هی ئەو گوندییانەی کە من پاشتر لە سەرانسەری ئەم مەڵبەندەوە ئەیان نێرم کە ماڵی دزراویان لە تۆ وەربگرنەوە. جا خۆت ئەزانی هەقیان بە نەخت بدەیتەوە، بە دانەوێڵە یان بە ئاژەڵ. شەو ئەڕوا و ئێمەش ئەبێ بڕۆین. زووتر بیری خۆتی لێ بکەرەوە و دەس پێ بکە.

لەبری نەجەف ئەرباب کە ئەتوت دڕک لە دەمی دایە، حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی ڕووی کردە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ ئێستە ناکرێ جارێ...

خانئاپۆ ڕاست بوویەوە و لەبری گوڵمحەمەد، قسەکەی پێ بڕی و وەڵامی دایەوە:

ــ هیچ ناکرێ و ڕێوی بازی بخەرە لاوە حاجی!

پاشان ڕووی کردە نەجەف ئەرباب:

ــ مەگەر گوێت لە بڕیاری سەردار نەبوو؟! هەڵسە بە پیاوەکانت بڵێ دەرگای هەمارەکان بکەنەوە! هەر ئێستە!

نەجەف ئەرباب وەکوو پیرەپیاوان، دەستەکانی کرد بە کۆڵەکە و هەڵسا. لە کاتێکا لە پێش خانئاپۆوە پێی ئەنایە ناو هەیوان، بە عەوڵا گەدەی وت کلیلی دەرگای هەمارەکان لە دایکی وەربگرێ و پاشان بچێ بۆ کادێن و ئەو دوو جووتیارەی خەریکی ئامادەکردنی بارە کا و قۆزاخە بوون بۆ حاجی خورسوفی، بانگ بکات بۆ یارمەتیدان. زۆری نەبرد دوو جووتیارەکەی نەجەف ئەرباب لە کادێنی بەهاربەندەوە، فانووس بە دەست هاتن و فەرمانیان لە ئەربابیان وەرگرت دەرگای هەمار بکەنەوە. ئەوا هەمووان لە جووتێر و گزیر و شەلیاو لە قەراخ دەرگای هەمارەکە بەڕیز وەستابوون. حاجی خورسوفی و غوڵامەڵڵاجانیش هاتنە دەرەوە و چوونە ناو خەڵکەکە:

حاجی خورسوفی بۆ لای جووتیارەکانی نەجەف ئەرباب و غوڵام کەوتە تەک شەلیاوەکان. نەجەف ئەرباب خەریک بوو بە خانئاپۆی ئەوت با قەردارەکان دەستەوای قەردەکەیان، جۆ وەربگرن و هەروەها داوای لێ ئەکرد بە جووتیارەکان بڵێ دادگەری بۆ مرۆڤ شتێکی باشە!

خانئاپۆ لە کاتێکا بەرەو شانشین ئەگەڕایەوە، وتی:

ــ خۆت ڕازییان بکە. بە جۆرێک لێک خۆش ببن!

حاجی سوڵتانخورد خۆی تێهەڵقورتاند و خانئاپۆ چووە ژوورەوە، لای جێوبانەکە لە سەر چۆکێک دانیشت، بڕنەوەکەی لە بەردەمی دانا و بە عەلیخان چەخماخی وت دەورێکیتر چایان بۆ تێکا و بە تەوسەوە سەری ڕاوەشاند:

ــ نەجەف ئەیەوێ دەستەوا جۆیان بداتێ. هەندێکیش شتەکەی خۆیان ئەوێتەوە. لە هەمووشیان خراپتر غوڵامەڵڵاجانە! هەر دوو پێی کردۆتە ناو پێڵاوێک و ئەڵێ گوێرەکەکەی خۆمم ئەوێتەوە!

گوڵمحەمەد بە ستاری وت:

ــ بڕۆ لەوێ بە و بزانە چی ئەکەن. ئەم جووتیارانەش لەو شوێنەی بۆیان بلوێ زۆریش بەویژدان نین. بە حاجی سوڵتانخوردیش بڵێ با بێ بۆ ئێرە تۆزێک دابنیشێ. هەرچی بێ لەگەڵ خانئاپۆ هاوددانن!

ستار چووە دەرەوە و حاجی خورسوفی ناردە ژوورەوە. حاجی سوڵتانخورد هاتە ناو شانشینەکە و بە ئەنقەست درێژەی بە قسەکەی دا:

ــ ئاخر بڵێ گوێرەکەی وا لەکام مانگا بزێنن بۆتۆ، پیاوی بەویژدان!

حاجی خورسوفی لە سەر دوو چۆک دانیشت و گوڵمحەمەد خەندە بە دەمیەوە وتی:

ــ خەم نییە، حاجی! یەکێک لە مانگاکانی نەجەف خانی بۆ ئەنێرین.

هەرچەند گوڵمحەمەد بە مایەیەکی گاڵتەوە ئەوەی وت، بەڵام

حاجی سوڵتانخورد بە کاتی ئەوەی نەئەزانی گفتی سەردار بە گاڵتە دابنێ و قسە لە ناو قسەیدا بکات. بۆیە بە خەندەیەکی ساختە و ئەمجار لێکەوتووتر، کڕنۆشی خۆی نوێ کردەوە و لە کاتێکا ئەتوت لووتی بە هۆی تووڕەیی و ناڕەزامەندی دەروونیەوە خوارتر ببوو، وتی:

ــ بڕیاری شیاو بڕیاری سەردارە. هەرجۆر ئێوە بفەرموون، گوڵمحەمەد خان. بەڵام دادگەری، هەموو کەس چاوەڕێی دادگەرییە لە بەڕێزتان. داد و دادگەری، گوڵمحەمەد خان! ئاخر نەجەفیش هێشتا گەنجە، هێشتا شارەزای کاری خۆی نییە. ئێوە لەبری براگەورەی ئەون. ئیتر بۆچی مانگایەک لەبری گوێرەکەیەک؟ ڕەنگیشە بتوانێ گوێرەکەیەک لەو بابەتەی بۆ دەس بخات. نازانم. هەر چۆن خۆتان بەباشی ئەزانن. تەنها دادگەری؛ داد و دادگەری زۆر شیاوی پیاوە!

خانئاپۆ، ددانە سپی و ڕێکەکانی بە پێکەنینێکی شاد و ڕەزامەندانە دەرخست و بە مایەیەکی تەوس و تانە وتی:

ــ زۆر شتێکی باشە داد و دادگەری حاجی خان، زۆر!

حاجی سوڵتانخورد، پلارە ئاشکراکەی زمانی خانئاپۆی نەبیس گرت و بە هەمان بڕوا و شێلگیری کە پیشانی ئەدا، وتی:

ــ بڕیار، بڕیاری خۆتانە خانئاپۆ. بڕیاری سەردار، لە سەرووی هەموو قانوونێکەوەیە. هەر ئەوە ڕەوایە کە سەردار ئەفەرمێ. جا ئەگەر دەرفەت بفەرموون بڕۆم بزانم کاری شێو گەیشتۆتە کوێ؟

ــ پەلەمان نەبێ حاجی خان؛ با پەلەمان نەبێ!

حاجی خورسوفی هەڵنەساو، دانیشێنرایەوە و پزیسکەی نیگای خەندانی خانئاپۆ لە ئاڵقەی خۆشقەبارەی چاوەکانیدا، ئەتوت تەوێڵی گوڵمحەمەدی ڕوون کردووەوە و بە پێکەنینێکەوە کە لە چاو و ڕوخساریدا بوو، وتی:

ــ ئەمانویست بێین بۆ سەردانت، حاجی خان!

حاجی سوڵتانخورد لە وەڵامی خانئاپۆدا وتی:

ــ سەرفرازمان بکەن، خان. هەڵبەت کە خزمەتکردن ئەرکی

بەندەیە. من خۆم ئەمویست بۆ ڕاوێژکردن بێم بۆ قەلامەیدان. بەلام ڕاستیەکەی نەم ئەویست بە دەستی بەتاڵ هاتبێتم. دەسی دەسیم ئەکرد ئەو چوار پەرواره گۆشتیان لیٚ بنیشیٚ و چەند دانەیان هەڵگرم و بێم بۆ دەس ماچکردنی سەردار و جەنابت. هەڵبەت خرتێکم لە هەمان سەرەتاوە بەناوی خان زادەی گوڵمحەمەد خانەوە دابەستووە. بەلام ڕاوەستابووم باش دونگی شۆڕەوە ببیٚ پاشان بێم بۆ خزمەتتان بۆ کاری کچەکەم!

خانئاپۆ دەنکە بادەمێکی لە بن گیرفانیدا دۆزیبوویەوە، بە ددان قرتاندی و وتی:

ـ لەو ڕێکەوتە، ئێمەش ئەمانویست سەبارەت بە کاری کچەکەت بێین بۆ خورسوف. وادیارە خۆیشت هەندیٚ شتی لیٚ ئەزانی! جەوانەکەی ئێمە بەگمحەمەد خان مەبەستی هەیە ببیٚ بە زاوا. ویستمان چوار پێنج مەن نەبات هەڵگرین و بێین بۆ خورسوف. بەڵیٚ ئیتر، ئەوەندەی کە... هەڵبەت...

خانئاپۆ نەی ئەتوانی قسەکەی خۆی تەواو بکات و ئەمەش هەلێک بوو بۆ ئەوەی حاجی سوڵتانخورد ڕەنگە وەلامێکی لەبار بدۆزێتەوە. بۆیە لەو کاتەدا کە وشەی خانئاپۆ پادەرحەوا مابوو، حاجی خورسوفی ڕووی کردە گوڵمحەمەد و لە کاتێکا وەلامی خانئاپۆی ئەدایەوە، وتی:

ـ هەڵبەت لەیلیٚ کەنیزی ئێوەیە. ئەو ئەگەر شیاوی خزمەت بیٚ، ئەوا... بەلام، ئێستەکانیٚ... بەڵیٚ... خۆتان هەواڵتان هەیە کە لەیلیٚ دیاریکراوی نەجەف خانە. نەجەف ئێستە لێرە نییە، بەلام خوای لێرەیە خانئاپۆ! ڕاستەکەی ئەوسا کە باوکی نەجەف، خوالێخۆشبوو حاجی عەبدولعەلی هێشتا مابوو، بەڵێنی لێوەرگرتم کە... ڕاستیەکەی وامان پەیمان بەست کە نەجەف ببیٚ بە هاوسەرینی لەیلیٚ. من قەرزی ئەم پەیمانەم لە ئەستۆیە، سەردار. خەڵکی ناوچەکە هەمووی ئەزانن. بە واتایەکیتر ناوی نەجەف ئەرباب لە سەر کچەکەی سوڵتانخوردە. دیسانەوەش هەڵبەت کە بڕیار، بڕیاری

گوڵمحەمەد خان و ئێوەیە. بەڵام خانئاپۆ، داوام ئەوەیە ئاگاتان لە ڕوومەت و ئابڕووی ئێمەش هەبێ. خەڵکی زمانیان درێژە، باڵۆرەمان بۆ لێ ئەدەن. ڕاستیەکەی هەر ئەمشەو پێش هاتنی ئێوە باسی ئەوەمان ئەکرد لەگەڵ دایکی نەجەف کە ئەمساڵ، بەر لە نەورۆز بیبڕینەوە. بەڵام... دیسانەوەش وەکوو پێم ڕاگەیاندن کە... هەر جۆرێک گوڵمحەمەد خان بە باشی بزانێ، بەندە ملکەچم. هەڵبەت بەندە مەبەستم هەبوو بۆ ئەم کارە بێمە خزمەتتان. بێمە خزمەتتان و داوا لە خان بکەم بە هەر کلۆجێک بووە لە سەر سفرەی مارەبڕین تەشریفیان هەبێ. دیسانەوەش هەر جۆر ئێوە بە باشی بزانن و بڕیارتان لە سەری بێ، هەر چۆن کە خۆتان... من خۆم لە بەرامبەر گوڵمحەمەد خاندا بە خاوەن دەسەڵات نازانم...

لە بێدەنگی نیگای ڕوونی گوڵمحەمەد و بزە تەوساوییە خامۆشەکەی خانئاپۆدا، حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی کۆتایی گوتەکەی خۆی لێ ون بوو و بۆ ساتێک خۆشی ون کرد. بەڵام بۆ ئەوەی خۆی بە شتێکەوە بەند بکات، دەستی برد بۆ کیسەی تووتنەکەی و هەوڵیدا خۆی بە چاخکردنی سەبیلەوە خەریک بکات. بەڵام لە جووڵانی دەستەکانیشیدا نیگەرانی و دۆشداماویی بە ئاشکرا بەدی ئەکرا. خەمی ئەوەی کە وتبووی و نیگەرانی ئەوەش کە ئەیبیسێ. چونکە ئەوەندە ناکۆک و ئاڵۆز دوابوو، نەی ئەتوانی هیواداری وەڵامێکی خۆشی هەبێ.

گوڵمحەمەد بەڵام، یەکسەر بابەتەکەی برد بۆ لایەکیتر و مۆڕ بوویەوە لە چاوە داچەقاوەکانی حاجی سوڵتانخورد و پرسی:

ــ تۆ حاجی خان، بڵێ بزانم لە کەیەوە ئاگات لە کارەکانی نەجەف ئەرباب هەیە؟

ــ لە کامە کاری، خان؟!

ــ خۆت ئەزانی ئەڵێم چی، حاجی خان! لەم کارانەی کە ئێسیە لە سەری سزا دراوە و خەریکە ئەی بژێرێرێتەوە!

حاجی سوڵتانخورد جارێکیتر ڕەنگی هێنا و ڕەنگی برد، برۆکانی

بە بێ ئەڤان هەڵکشا و لە کاتێکا خواریی لووتی زیاتر دەرئەکەوت، کەوتە سوێند و قورئان خواردن:

ــ بە سۆمای ئەم چرایە ڕۆحم ئاگای لەمجۆرە کارانەی نەجەف نەبووە. بەو مەکەی لە...

ــ کێ لە تۆ نزیکتر لە نەجەف هەیە، حاجی؟

حاجی خورسوفی دەستەکانی -یەک بە سەبیلە و یەکیان بە کیسەی تووتن و شەمچە و لقە شەمچەوە- بەرز کردەوە و وتی:

ــ خوا ئەیزانێ، سەردار! مرۆڤ هەزار ڕەنگ و ڕووی هەیە!

گوڵمحەمەد بە تەوسەوە پێی وت:

ــ ڕاستە! ڕاستە مرۆڤ هەزار ڕەنگ و ڕووە!

غوڵامەڵڵاجان، لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە و لە کاتێکا تفی قووت ئەدا، بە دژواریی و بە هەڵچوونەوە وتی:

ــ سەردار، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە من گوێرەکەکەی خومم ئەوێتەوە. ئێستە کە -بێ ئەدەبیشە- ئەوەی خۆم لە شاخی گا ئەگیرێنم، ئێستە کە نەجەف خانی سەنگردی لە خۆم ئەکەم بە دوژمن، بۆچی ئەبێ بهێڵم بە پێنج مەن جۆ بیقەبڵێنن؟ نەخێر سەردار، من هەقی خۆم ئەوێتەوە. من ناتوانم بۆ تاوێکیش ئەو گوێرەکەیە لە بیر خۆم ببەمەوە. ئەگەر ماڵەکەی خۆم دەستم نەگرێتەوە، ئەو پێنج مەن جۆیەشم ناوێ.

گوڵمحەمەد خۆی هەڵسا و چووە دەرەوە و لە دەرەوە دەنگی بیسرا کە بانگی لە نەجەف ئەرباب ئەکرد:

ــ گوێرەکەکەی بدەرەوە. ئەشزانم ئەو گوێرەکەیە سەربڕاوە. بەڵام گوێرەکەیەکی‌تر لەبری ئەو!

حاجی خورسوفی لە بن نیگای خانئاپۆدا، چاو و ڕوخساری نیگەرانی بڕیبوویە دەرگاکە و وای دەرئەخست ئەو گفتوگۆیەی لەدەرەوە ئەکرێ، بە لووتی ئەبیسێ. خانئاپۆ هەست و خوستی پەرێشانی حاجی سوڵتانخوردی زیرەکانە خستبوویە بن نیگای خۆیەوە و شۆپی هەموو قسەیەکی لە سیمای کابرادا ئەخوێندەوە و بەهەر

قسەیەک کە شپرزەیی کابرای زیاتر ئەکرد، خانئاپۆ ددانەکانی بە خەندەیەکی خامۆش، ئاشکرا ئەبوو.

ــ جوانەگا! جوانەگایەک لە بەهاربەندەکە بهێنە دەرەوە. بڕۆ. خۆشت لەگەڵ جەمەل بڕۆ غوڵام! بڕۆ شاخبەند بدە لە شاخی جوانەگاکە و بیهێنە دەرەوە!

ئەوە گوڵمحەمەد بوو کە ببوو بە زمانی نەجەف و لەبری ئەو فەرمانی ئەدا، لە کاتێکا نەجەف خامۆش ڕاوەستابوو بە بێ ئەوەی بتوانێ وشەیەک بڵێ. حاجی خورسوفی لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا و لە کاتێکا هەڵئەسا، بە خانئاپۆی وت:

ــ بڕۆینە دەرەوە بزانین چییە، خان؟

خانئاپۆ هەڵسا و عەلی چەخماخیش بە دوایاندا چووە دەرەوە.

مانگ لە دیواری بەرزی باڵەخانە سەرکەوتبوو و لەنتەر و لامپا لە ناو حەوشەی هێڵ و هەراو، کاڵ ببوونەوە و... کاری دابەشکردنی دانەوێڵە کۆتایی هاتبوو و جووتیارەکانیش هەر کامە و بەشی خۆی دابوو بە کۆڵیدا یان لە سووچێک دایناببوو و لە سەری دانیشتبوو و چاوەڕێی ئەکرد. عەولا گەدە دەرگای هەمارەکانی قفڵ کردبوو و خەریک بوو کلیلەکەی ئەبردەوە بۆ دایکی نەجەف. دوو جووتیاری نەجەف ئەرباب لەبەردەم نەجەف و گوڵمحەمەدەوە تێ ئەپەڕین بۆ ئەوەی بچن بۆ کادێن و درێژە بە کارەکەیان بدەن. ستار بە دوایاندا، لە کاتێکا دەست و باڵی ئەتەکاند، بەرەو ئاپۆرەکە هات. وا دیار بوو کار کۆتایی هاتبوو.

گوڵمحەمەد پێی لە سەر بەرزایی بەرهەیوانەکە نایە تەختی حەوشە، بەرەو وشترەکەی ڕۆیشت و وتی:

ــ ئەڕۆین!

دەرگای بەهاربەند شەقەی هات و جەمەل تفەنگدار و غولامەللاجان لە ناو هەشتیەکەوە هاتنە حەوشە. غولامەللاجان جوانەگایەکی خەنەیی بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا و ئەهات. نەجەف ئەرباب هەروا زمانی بڕابوو و خاچ ئەیڕوانیە جوانەگا و، خۆی و،

ئەوەی لە ناو ماڵەکەیدا ڕووی ئەدا. حاجی خورسوفیش، کەمتر لە نەجەف نەحەپەسابوو. گوڵمحەمەد وشترەکەی هەڵساند و خانئاپۆ بەرەو ئەسپەکەی چوو، لە ئاخوڕەکەی وەگێڕا و بەگمحەمەدی بانگ کرد:

ــ ئەڕۆین... گوڵی ئاپۆ!

عەلی چەخماخ و ئەوانیتریش تەیار بوون. جووتیارەکان کیسەکانی خەلەیان دا بە کۆڵی چوارپێکاندا. گوڵمحەمەد چۆخەی هەڵدایە سەر بەرکۆی جیازەکە و خۆی بە شانی بادیدا هەڵکشا و سواری وشترەکە بوو. خانئاپۆش سواری ئەسپ بوو و بۆ وەرگرتنی تفەنگەکەی جەمەل، دەستی بۆ عەلی چەخماخ ڕاکێشا. عەلیخان چەخماخ تفەنگەکەی دایە دەست خانئاپۆ و خۆی ڕۆیشت بەر لە سوار بوون ئەسپەکەی بەگمحەمەد ئامادە بکات. خانئاپۆ فیشەکی ناو دەراخی تفەنگەکەی جەمەل بەتاڵ کرد و بەگمحەمەد لە بانەوە هاتەخوارەوە.

حاجی سوڵتانخورد کە ئەتوت تازە هاتۆتەوە بە خۆیدا، هەڵات بەرەو گوڵمحەمەد و خۆی گەیاندە لای شانی بادی و کەوتە مەرایی کردن. هەرچەند ئەگەر تێخت لێ بدایەت خوێنی لێ نەئەهات، بەڵام نەشی ئەویست دەست لە هەوڵدان هەڵبگرێ و کەمترین بیانوو بۆ نەرمکردنی دڵی گوڵمحەمەدی سەردار لەدەست بدات. هەرچەند ئەو بیانووە بانگهێشتن بۆ شێو خواردن بێ:

ــ ئاخر بەو جۆرە باش نییە، شێوتان نەکردووە بڕۆن، خان. ئەوە باش نییە. بەختەیان سەربڕیوە ئاخر...

گوڵمحەمەد وەڵامی دایەوە:

ــ لەسەر ڕۆیشتنین حاجی!

بەگمحەمەد هەوساری لە عەلیخان چەخماخ وەرگرت و خانئاپۆ مامزی ڕاوەشاند و کاتێکە بە بەردەمی نەجەف و گەدە و تفەنگدارەکەیدا، تێ ئەپەڕی، تفەنگە بەتاڵەکەی هەڵدا بۆ جەمەل و ئەویش گرتیەوە. عەوڵا گەدە بەرەو هەشتیەکە هەڵات بۆ ئەوەی

دەرگا بکاتەوە و حاجی خورسوفی ئەتوت خۆی هەڵواسیوە بە ملی بادیدا، وڕکی گرتبوو و تکای ئەکرد و ئەپاڕایەوە:

ـ داوام ئەوەیە ڕێگە بدەن ئەو گرێبەستە سەربگرێ، سەردار! داواتان لێ ئەکەم مەهێڵن، کاکەبرا، بەگمحەمەد خان چەتی تێ بخات، سەردار. خۆتان ڕازیی بکەن، گوڵمحەمەد خان. من چاوەڕێم جەنابت ئەو کارەمان بۆ بکەی، سەردار. ئابڕووی چەندین ساڵەی هەر دوو بنەماڵەمان لە ئارادایە، گوڵمحەمەد خان!

بەگمحەمەد لە بیستنی ناوی خۆیدا، ئاوزەنگی لێدابوو و خەریک بوو لە دەرگاکەوە ئەچووە حەوشە. خانئاپۆ لە جەمسەری ناودالآنەکە، لای وشترەکەی گوڵمحەمەدەوە -بە شێوەیەک کە حاجی سوڵتانخورد کەوتبوویە نێوان بەرۆکی ئەسپەکەی ئەو و بادی گوڵمحەمەدەوە- لەغاوی ڕاکێشابوو و ئەسپەکەی ڕاگرتبوو. خانئاپۆ ئاشنای خوو و خدەی برازاکەی گوڵمحەمەد و ئەوەی کە نەکا لالآنەوەی حاجی خورسوفی کاربکاتە سەری و بەڵێنێکی پێبدا، دەسپێشخەری کرد و وتی:

ـ ئامۆژگاری کەی لە دڵی جەوان کاری کردووە، حاجی؟!

حاجی سوڵتانخورد لە خانئاپۆ وەرگەڕا و باوەشی کرد بە لاقیدا و پاڕایەوە:

ـ ئاخر خانئاپۆ، خانئاپۆ، لەیلێ دیاریکراوی نەجەفە. ئەم دوو جەوانە دەزگیرانی یەکدین!

خانئاپۆ لەغاوی ڕاوەشاند و ئاژووت بۆ ناودالآنەکە و وتی:

ـ بەگمحەمەدی ئێمەش جەوانێکی شیاو و بەوەجە! تۆ بۆ لە زمانی ئادەمیزاد تێ ناگەی؟ ئەترسی لەگەڵ ئێمە خزمایەتی بکەی؟!

خانئاپۆ نەوەستا بۆ بیستنی ئەوەی کە حاجی سوڵتانخورد ڕەنگە بیوتایەت. ئاژووت بەرەو کۆڵان و حاجی خورسوفی جارێکیکەش وەرگەڕا بۆ لای گوڵمحەمەد بە سواری بادییەوە. نیگای بڕیبوویە نەجەف ئەرباب و ڕاوەستابوو هەڤاڵەکانی تێپەڕن و لە دەرگا بچنە دەرەوە. دەروازەی حەوشە چوارتاق ئاوەڵە بوو و سوار و پیادە ئەرۆیشتن.

عەوڵا گەدە دەستی گرتبوو بە تای دەرگاکەوە و ڕاوەستابوو تا دوا سوار تێپەڕێ. دوایین، گوڵمحەمەد بوو کە نیگای لە سەر نەجەف بوو. نەجەف ئەربابیش هەروا حەپەساو و بێدەنگ لای جەنجەڕی بیرەکە وەستابوو و وا دیار بوو بۆ بەڕێکردنی گوڵمحەمەد پێی پێش کردووە. جەمەل تفەنگدار لای شانی نەجەف، تفەنگە بەتاڵەکەی بە دەستیەوە، ڕاوەستابوو و حاجی سوڵتانخورد لە قەراخ دیوارەکە پێ‌پەڵکەی بوو. گوڵمحەمەد ڕووی کردە حاجی خورسوفی و جارێکی‌تر ڕوانیە نەجەف ئەرباب و وتی:

ــ سەرکار عەلی ئەشکینیش تۆ ناردبووت بە دوامان‌دا بۆ قەڵامەیدان. بزانە کە ئەزانم!

نەجەف ئەرباب سەیری گوڵمحەمەدی کرد و هەروا بێدەنگ بوو. گوڵمحەمەد یەخەی چۆخەکەی گرت و دای بە شانی‌دا و بەر لەوەی هەی بکا، بەرەو دەرگاکە، بە نەجەفی وت:

ــ زمانت ئەمشەو نەکرایەوە، بەڵام خوا بکا گوێت کراوە بووبێ!... هەی... هووک!...

بە دوای بادی‌دا، میر عەوڵا گەدە، دەرگا قورسەکانی دەروازەکەی هێنایەوە یەک و کێلوونی خست و بە هەنگاوی ئارام لە تاریکی ناوداڵانەکەوە هاتە دەرەوە، لای دیوارەکە و نزیک حاجی سوڵتانخورد، لە ئابلۆقەی ئەو بێدەنگیەی بە سەر هەموو شت و هەموو کەس‌دا زاڵ ببوو، خامۆش ڕاوەستا. نەجەف وەرگەڕا و ڕوانیە جەمەل. جەمەل لە قولاپی نیگای ئاغەی‌دا، بە بزووتنێکی خاو و ترسنۆک دەست و تفەنگە بەتاڵەکەی تۆزێک بەرز کردەوە. نەجەف بە بوغزێکی لەغاو پچڕاوەوە، بە وەرسووڕاندنی شانی چەپ و ڕاست جەمەلی دایە بەر زللە و هەر بەو خێراییەش تفەنگە بەتاڵەکەی لە دەستی دەرهێنا و بە مەبەستی کوشتن بەرزی کردەوە بۆ سەر سەری، بەڵام بەر لەوەی دای بهێنێتەوە، حاجی سوڵتانخورد پەلاماری نەجەفی دا و لە پشتەوە باوەشی پیاکرد و نەڕاندی بە سەر جەمەل‌دا:

ـ هەڵێ بە لایەکدا ماڵکاول! بۆ هەروا وەستاوی کە مێشکت بپژێنیێ؟!

لە کاتێکا نەجەف ئەربابی بەرەو شانشین ئەبرد، ئاوڕی دایەوە و بە جەمەلی وت:

بڕۆ بۆ گەوڕ! بڕۆ بۆ هەمار! بڕۆ بۆ هەمار! میر عەوڵا بیبە بۆ هەمار. جەمەل ببە بۆ هەمار ئەمشەو لەوێ بخەوێ!

لەبەر دەرگای ژووری دانیشتن، نەجەف ئەرباب ئاوڕی لە جەمەل، کە عەوڵا گەدە خەریک بوو ئەیبرد، دایەوە و وتی:

ـ بڕۆ بۆ هەمار و سەری مەرگت بنێرەوە! بڕۆ ئیتر ونبە لە بەر چاوم! بڕۆ ونبە بنە کەما!

میر عەوڵا، جەمەلی بەرەو هەمار خستە ڕێ و حاجی خورسوفی، نەجەفی بەرەو شانشین برد. ژنەکان دەسبەجێ چوون بۆ بەردەرگای ژوورەکە، بەڵام حاجی خورسوفی بەری پێگرتن و دەری کردن:

ـ بڕۆن بخەون. شیوەن کردن سوودی نییە. بڕۆن و قیژە و هەرا مەکەن.

عەوڵا گەدە چوو بۆ ژێر تاقی هەیوانەکە و وتی جەمەل ئەگری. حاجی پرسی:

ـ لە کوێ خەوت؟

عەوڵا لە وەڵامدا وتی:

ـ هەماری خەلە؛ هەمارەکەی ناوەوە.

حاجی خورسوفی وتی:

ـ ئەوان چی؟ ئەو دووانەی کە بڕیار بوو بارە کا تێکەن؟

ـ خەریکن، وان لە هەماری بەهاربەند.

ـ پێیان بڵێ من بەیانی ئەکەومە ڕێ، بە نیوەچڵی بەجێی نەهێڵن. ئەگەر تا بەیانیش ماونەتەوە ئەبێ تەواوی بکەن! بڕۆ، هەر ئێستە بڕۆ و پێیان بڵێ!

میر عەوڵا ڕۆیشت و حاجی خورسوفی چووە ژوورەوە. لای سەماوەرەکە دانیشت و دوو پیاڵە چای تێکرد. پیاڵەیەکی بۆ خۆی

و پیاڵەیەکیشی نایە بەردەست نەجەف ئەرباب. دەستی دایە کیسەی تووتنەکەی و ڕاوەستا تا نەجەف تۆزێ هێور ببێتەوە و خۆی بکەوێتە دوو. چونکە بەڕادەیەک شپرزە ببوو و چووبوویە ناو خۆیەوە وا پێئەچوو لە بن باری سووکایەتی و بێدەسەڵاتی خۆیدا ورد بووە.

نەجەف ئەرباب سووکایەتی پێکراو و چرووک کراو و بەو هۆیەوە ڕقێکی شێتانەی لێ نیشتبوو و تووشی نائومێدییەکی ترسناک هاتبوو. حاجی خورسوفی ئەم پیرە کۆنەکارە، باش ئەیزانی لە دۆخی شپرزەی جەوانێکی وەکوو نەجەفی حاجی عەبدولعەلی تێ بگات. کە خورسوفی خۆشی سەردەمێک جەوان ببوو و ئەیتوانی ئازاری برینی سووکایەتی پێکردن بە قووڵی بناسێ. دارەتی شەڵەژاو، لەرزۆک و تا ئەوپەڕی خۆی ڕقەبەرانە. دارەتێک کە ئەگەر هەل و دەرفەتی دەسبکەوێ، بە کەمترین بیانوو، لە تێکدانی جیهانێکێش ناپرینگێتەوە. چونکە ئەو ڕقە، بە هەر شێوەیەک بووە ئەبێ بڕژێنێتە دەرەوە و فرێی بدا. بۆیە ئەوەی کە ئێستە حاجی خورسوفی بە خۆیەوە خەریک کردبوو ئەوە بوو کە نەشتەرێک لە کوانی ڕق و قینی نەجەف ئەرباب بدات و بیورووژێنێ. نەجەف وا دیار بوو بە هەموو لایەکدا ئەبرێ، بەو مەرجەی هەست بکات سارێژێکە لە سەر برینی تووڕە و تۆسنی. کە وا بوو ئەوەی لە مێشکی حاجی خان خورسوفیدا چەکەرەی کردبوو، جێگەی ئەوەی هەبوو لە ئەندێشەی پەرێشان و ئاڵۆزی نەجەفدا جێگەی ببێتەوە و ئەبوایە جێبەجێ بکرایەت، بەر لەوەی کە نەجەف ئەرباب لەو ساتە تێپەڕ و شەڵەژاوە بپەڕێتەوە و ئارام و ئوقرە بگرێت. بۆیە لەقەز، وەک لەگەڵ نەجەفی نەبێ و لە بەر خۆیەوە قسە بکات، وتی:

ــ ئەگەر دەرگا لە سەر ئەم گرێجەنەیە بسووڕێ، دەرفەتی ئاو خواردنەوەشمان پێ نادەن! هەهـ!

لێرەدا، سەیری نەجەفی کرد. نەجەف ئەرباب لە هەمان دارەتی تاوێک بەرلەمەی، گری گرتبوو، ناوچەوانی دەرپەڕیبوو و ئەتوت هەڵووژە لە گۆنا و لاگوێی ڕوواوە. پیاڵە چاکەی بەردەمی ساردەوە

ببوو و وا پێئەچوو لەوێی کە بوو، نەبوو. حاجی خان خورسوفی سەری سەبیلەکەی بە گڕی شقارتە داگیراند و لە کاتێکا ئاخی درێخی هەڵئەکێشا درێژەی بە گوتەکەی خۆی دا:

ــ تاونەتاو پەیدا ئەبن و چییان پێخۆش بێ ئەیکەن. چییان پێخۆش بێ باری ئەکەن و لەگەڵ خۆیان ئەیبەن! سەیرە! پەککوو لەو ئاسایشە! لەو دادگەرییە! لەو ڕەوشتە! خوا نەکا ددان لە دەمی پیاودا بژمێرن، خوا نەکا مرۆڤ بە دەستوپێ سپیلکە بێتە بەرچاویان! هەه... بەو جۆرەی کە ئەمانە بناغەیان بۆ ئەمکارە داناوە، چوار ڕۆژیتر دێن و ژنی مرۆڤ لەژێر لێفە دەرئەهێنن و ئەیبەن! جیاوازی چییە؟! کاتێکە دەسەڵاتی دار و نەدارت بەدەست خۆت نەبێ، کاتێکە ئەوان خۆیان بە خاوەنی دار و نەداری مرۆڤ بزانن. چ جیاوازی هەیە کە قفڵی دەرگای هەماری خەڵک بشکێنن و تاڵانی بکەن، یان نامووسی مرۆڤ بەدیل بگرن؟!

نەجەف ئەرباب، هەروەکوو گرێی قەفخواردووی کۆتەدار، دژ و بە بێ جووڵە دانیشتبوو و کاتێکە کەوتە گۆ وا پێئەچوو یەکێکیتر لە ناخیدا کەوتۆتە دوو:

ــ نەء! ناهێڵم ددان لە دەممدا بژمێرن، ناهێڵم... پارووەخۆشەی کەس و ناکەس نیم من!... ئەمە جاری یەکەم نییە کە گوڵمحەمەدی دز خۆی ئەکا بە ماڵمدا و تاڵانم ئەکات. ئەڕۆم ئەیخەم بە لایەکدا، ئەگەر ئالاجاقی دەستی لەمکارەدا نەبێ. ئەڕۆم یەکسەرەی ئەکەمەوە!... نەخێر من پارووەخۆشەی کەس و ناکەس نیم!

حاجی خان خورسوفی ڕاوەستا و دەرفەتی دا تا دەنگدانەوەی کارتێکردنی قسەکانی خۆی لە سەر نەجەف ببینێ. جا لەسەرخۆ خۆڵی سەبیلەکەی داتەکاند، دەستی هێنا بە لالەغاوەیدا و پاشان ئارام و کارامە وتی:

ــ خراپ نییە، خراپ نییە مرۆڤ بکەوێتە ڕێ و سکاڵا بۆ هەموو دادگایەک ببات. خراپ نییە و تەنانەت ئەوەش خراپ نییە مرۆڤ

سەرەتا بچێ بۆ بەڕێوەبەرێتی جەندەرمەوە و لێی بکۆڵێتەوە و تێ بگات چ کەسانێک بە سەر سەری گوڵمحەمەدەوە وەستاون. زەرەدی نییە مرۆڤ بزانێ کێ زللەی لێ ئەدا؛ بەڵام... بەڵام مرۆڤ ئەگەر بیەوێ کاری خۆی لەگەڵ گوڵمحەمەد بخات بە لایەکدا نابێ بە دەستی بەتاڵ بۆ ئەو جۆرە شوێنانە بچێ!

ــ دەستی بەتاڵ؟! دەستی پڕ لە کوێوە بهێنم؟

حاجی خورسوفی، کاتێکە زانی نەجەف ئەرباب سەری بۆ ئاخافتن هەڵبڕیوە، نەرمەبڕتر لە پێشوو وتی:

ــ مرۆڤ ئەبێ بە شێوەیەک دەستی پڕ بکات!

نەجەف ئەرباب خاچ ڕوانیە چاوەکانی حاجی خورسوفی و پرسی:

ــ چۆن؟!

حاجی خورسوفی قەننە بەتاڵەکەی لە سەر کیسەی تووتنەکە خەواند و وتی:

ــ جەربەزە! جەربەزەی ئەوێ! مرۆڤ ئەبێ دڵ بدا بە دەریادا!

چاوە خڕ و شینەکانی نەجەف ئەرباب بە حەپەساوی لە ڕوخساری حاجی خورسوفی چەقی و ناوچەوانی گرژ بوو و پرسی:

ــ تێناگەم مامە سوڵتانخورد، تێناگەم ئەڵێی چی؟

حاجی خورسوفی تاوێک ڕاما و پاشان وتی:

ــ پێش دێ. پێش دێ کە مرۆڤ ناچار ئەبێ. ناچار ئەبێ هەندێ کار بکات کە خۆشی لە دڵەوە حەزی لێی نییە. لە ڕاستیدا، کارەکە ئەخەنە سەر ئەستۆی پیاو. کێ هەیە لە دڵەوە ڕازی بێ و حەزی لە خوێن ڕشتن بێ، ها؟... هیچ کەس! بەڵام ناتوانی تاقە یەک کەسیش پەیدا بکەی کە وازی خوێن ڕشتن لە گیانیدا نەبێ! ئادەمیزاد تا ئەو جێگەیەی بۆی ئەکرێ، خۆی لەو کارە ئەپارێزێ. بەڵام لەپڕ کاتی وا ئەگات کە مرۆڤ ناچار ئەبێ. ئەوسا ئیتر خوێن لەگەڵ ئاو و ئادەمیزاد لەگەڵ پەز، لە بەر چاویدا جیاوازییان نامێنێ. بۆچی؟ چونکە چارەی تری نییە. چونکە ناچار ئەبێ هەموو جۆرە گوناهێک بکات و تەنانەت دەست بخاتە خوێنی خەڵکی بێتاوانەوە!

ــ چۆن؟!
ــ چەند لەم پیاوەت، لەم میر عەولا گەدەیە دڵنیایت؟
ــ ئەو بۆ من وەکوو باوکمە!
ــ زۆر چاکە، کە وا بوو نیوەی کارەکە جێبەجێ بوو.
ــ باسی چی ئەکەی مامە حاجی؟!
ــ باسی ئەوە ئەکەم کە تۆ ئەبێ چل ساڵیتریش لەم وڵاتە بژی. تۆ ئەربابی سەنگردیت و نابێ وەک خۆت وتت ببیت بە پارووی هەموو کەس و ناکەسێک. لە هەمان سەرەتاوە کە ئەیانەوێ بتخۆن، ئەبێ لە گەروویاندا گیر بکەی. ئەبێ بزانن، ئەبێ تێبگەن کە تۆ پارووی ئەوان نیت! ئەمەت ناوێ؟ ناتەوێ لەوانیدی تێ بگەیەنی نابی لە سەر عەردی ڕەق بمیزن؟ با! بەڵێ. مرۆڤ ئەبێ لە سەرەتاوە دەستی خۆی بوەشێنێ. هێشتا سەرەتای جەوانیتە. پاش مەرگی باوکت، بەو ڕادەیەی کە پێویست بێ جێگەی خۆتت تۆکمە نەکردووە. لە گۆشتی تازەی ئەو بەرخە ئەچی هەر کەسە و ئەیەوێ بیکات بە پاروویەک بۆ خۆی! گەنجی وەکوو تۆ کەم نەبوون کە پاش مەرگی باوکیان دوو ساڵیش لەژێر پەلاماری داڵاشدا خۆیان پێ ڕانەگیراوە. ئەگەر نەتوانی ئەوەی لە باوکت بۆت ماوەتەوە بیپارێزی و بخەیتە سەری، دڵنیابە ماڵ و دارایيت هەر لەم سەرەتاوە تیاچووە و فەوتاوە. ئێستە کاتی ئەوەیە بۆ خۆتی ڕوون بکەیتەوە ئەتەوێ لەگەڵ ئەو قەل و داڵانەی دەوریان گرتوويت، چی بکەی؟ ئەتەوێ ڕێگەیان پێ بدەی پارچە پارچە گۆشتی لەشت بپچڕن تا ئەگەنە سەر ئێسکەکانت، یان ئەتەوێ لە هەمان سەرەتای کارەوە بەریان پێ بگری؟!
ــ نازانم چی بکەم، مامە حاجی!
ــ زانینەکەی بە من! تفەنگ چیت هەیە؟ ئەمکارە ڕەنگە یەک دوو قوربانیشی هەبێ!
ــ تفەنگ؟ قوربانی؟ بۆچی؟!
ــ لەبەر ئەوەی گوڵمحەمەدەکان داویانە بە سەر ماڵەکەتدا و هەماری خەلەیان تالان کردووە. مەگەر وانییە؟ خۆ هەر لە خۆوە

نەهاتوون و هەر لە خۆشەوە نەرۆیشتوون! وایە؟! بۆ تالآن هاتوون ئیتر؟ شوێنێکیان ئاگر داوە و کەسانێکیشیان کوشتووە ئیتر! تۆ ئەتەوێ بڵێی وایان نەکردووە؟! ئەرێ؟ ئەو کارانەیان نەکردووە؟ ئەگەر ئەو کارانەیان نەکردبێ چۆن ئەتوانی بیسەلمێنی؟ کێ قسەی وشک و برینگت لێوەرئەگرێ؟ بە قسەی ڕووت و دەستی بەتاڵەوە ئەتەوێ بچی لە بەر مێزی کام دادگادا ڕابوەستی؟ لەمەش خراپتر، ئەتەوێ ئەوانیش پێت پێ بکەنن؟ لەمەش خراپتر؟! ئەتەوێ ئەوانیش لەمان خراپتر ددانەکانت بژمێرن؟! نەء، من ناهێڵم لەمە زیاتر... من چاری جەمەل تفەنگدار ئەکەم، هەر لەوێ، لە هەمار. جووتیارەکانی هەماری کایش لە سەر تۆ!

ــ مامە حاجی؟!

ــ جار بە جەهەننەم با دە خەروار کا بسووتێ! کادێنەکە بسووتێنە، ئەمە کاری یەک جارە. کاری یەکەم و کۆتاییە!

ــ ئاگر؟!... ئەو دووانە چییان بە سەر دێ؟ جووتیارەکان؟!

ــ ئەخنکێن بە دووکەڵی کا! بە من و تۆ چی؟ گوڵمحەمەدی یاخی ئەو دزی سەرگەردەنەیە خۆ بەزەیی بە گیان و ماڵ و نامووسی خەڵکدا نایەتەوە! ئەو دەرگای کادێنەکەی لە پشتەوە بەستووە و لە کولاوکەی سەربانەوە ئاگری خستۆتە ناو کادێنەکە. ڕابە و لەخۆت بنەوە! ئەمەش نەوت و ئەمەش پەڕۆ. تفەنگیش بدە بە من. جەمەل لەپای من! ئاخر جەمەل تفەنگداری تۆ بووە، بۆیەش پارەی لێوەرگرتووی کە داکۆکی لە ماڵ و گیانت بکا. بەرگریشی کرد؛ بەڵام... کوژرا. هەڵسە!

ــ ئەی ئەو هەموو خەڵکە چییان لێدێ؟ ئەمانە ئاگایان لێ بووە کە گوڵمحەمەد چی کردووە و چی نەکردووە!

ــ کێ شایەت بووە؟ تالآنکەرەکان؟! لە کەیەوە بووە بە باو کە دز هەم بشدزێ و هەم تالآن بکات و بکوژێ، هەمیش بێ بۆ دادگا و شایەتی بدات کە ئەو نەبووە و یەکیدی بووە؟! چەن جەوانی تۆیش، نەجەف! ئەوانە ڕژاونەتە ماڵەکەت و تالآنیان کردووە! ئەوانە ڕاهێژاون بە سەرتدا و جگە لە تالآن و سووتاندن، ویستوویانە

دەزگیرانەکەشت بدزن و بیبەن! مەگەر بە چ زمانێک ئەبوایە ئەمە بە تۆ بلێین؟ دەریکە، ئەو تفەنگەم بەرێ!

ــ ئەو دوو جووتیارە چی؟ حەمزە و ئەحمەدعەلی حەسەینا؟ ئەوانە سی دانە ساڵ لە ماڵی باوکی مندا خزمەتیان کردووە؛ ئەحمەدعەلی حەسەینا ئەوا لە سیساڵیش زیاترە!

ــ قاتی جووتیار نییە، هەر دووکیان ئەناسم. جووتیار وەکوو پشکەڵ ڕژاوە. خۆم چەن دانەت بوێ بۆتی ئەنێرم؛ تفەنگ!

نەجەف ئەرباب لە کاتی هەڵسان و هێنانی ماوزێڕی ڕووسیەکە لە ناو سندووقەکەی پاشخانە، هێشتاش دوودڵ و دڕدۆنگ و وڕ بوو. بەڵام کاتێکە ماوزێڕەکەی دایە دەس حاجی خورسوفی، ناچار بوو دڕدۆنگی لە دڵی ڕادا. چونکە حاجی خورسوفی کە بە زمان نەجەف ئەربابی تا ئەم ئاستە هێنابوو، ئەوا بە کار و کردەوە خەریک بوو لە گێژەنێکیتری ئەهاویشت و نەجەف ئەرباب لە ئەفسوونی ئاگراوی زمانی حاجی خاندا خۆی بە ملکەچ و بێ داکۆکی ئەبینی و جگە لە جێبەجێکردنی ئەوەی کە خەزووری داهاتووی ئەیویست، ڕێگەیەکی تری نەئەناسی و نەشی ئەتوانی خۆی دەرباز بکات.

ــ وەرە بۆ ئێرە میر عەولا.

ــ بەڵێ حاجی خان؟

عەولا گەدە هاتە ژوورەوە و حاجی خورسوفی کەوتە تاقیکردنەوەیەکی ماوزێڕەکە و پێی وت:

ــ بزانە ئەرباب چ کاری پێتە!

نەجەف ئەرباب فانۆس و پەڕۆکەی دا بە عەولا گەدە و لەگەڵی لە دەرگای شانشینەکە چووە دەرەوە و بەرەو کادێنی ناو بەهاربەندەکە ڕۆیشت. حاجی خورسوفیش بە دوایاندا بەرەو هەماری گەنمەکە کەوتە ڕێ. هێشتا نەجەف ئەرباب و میر عەولا گەدە لە هەشتیەکە نەچووبوونە ناو بەهاربەندەکە، دەنگی دەرگای هەمار، هەڵوەستەیەکی پێکردن. بەڵام نەجەف ئەرباب دەرفەتی دڕۆنگی نەدا بە خۆی. عەولا گەدەی بە دوای خۆیدا کێش کرد و بردی. کاتێکە

گەیشتنە پشت دەرگای کادێنەکە، دەنگی قیژە و جنێودانی حاجی خان بە جەمەل تفەنگدار بەرزبوویەوە و بەر لەوەی حەمزە و ئەحمەدعەلی حەسەینا -کە ڕەنگە سەرنجیان ڕاکێشرابوو- بەرەو دەرەوە بێن، نەجەف ئەرباب دەرگای کادێنەکەی داخست و دەستەکێکی نا بە پشت دەرگاکەوە و خۆی کەوتە بەر میر عەوڵا گەدەوە و بە پلیکانەکانی سەربان‌دا سەرکەوت.

ـ دەرگاکە بۆ ئەبەستی مامەگیان؟ کردبوومانەوە بۆ ئەوەی تۆزوخۆڵی کا نەمانخنکێنیٚ!

دەنگی گوللە کاتێک هات کە میر عەوڵا و نەجەف ئەرباب لە سەر بانی کادێنەکە بوون. بە دەنگی دووەم گووللە نەجەف ئەرباب لای کولاوکەی سەربانی کادێنەکە چۆکی دادا و سەری تەنەکەی نەوتەکەی کردەوە، پەڕۆکەی دا لە نەوتەوە و ئەویتری ڕژاندە ناو هەمارەکە کە تا ناوقەد پڕ بوو لە کا. دەسبەجێ پەڕۆ نەوتاوییەکەی بە تەڵە شقارتەیەک داگیراند و ئاگری بەردایە هەمارەکە!

ـ ئەوە چی ئەکەن مامەگیان؟ ئەوە بۆ وائەکەن بابەگیان؟ ئەوە چ... چ... چ... کارێکە...

بە دەنگی سێیەم گوللە، کادێنەکە لە چەند لاوە گڕی تێچوو و جووتیار بە جووتە بەرەو دەرگاکە هەڵاتن و بە هەموو هێزی خۆیان شانیان کوتا بە دەرگاکەدا. نەجەف ئەرباب و میر عەوڵا گەدە بە پلیکانەکان‌دا هاتنە خوارەوە تاکوو بۆ دڵنیایی زیاتر دەستەکێکی تریش بدەنە پشت دەرگا و توندتری بکەن. ئەم کارە زۆری پێ نەچوو. ئەبوا زۆریشی پێ نەچێ! خۆیان لە پشت دەرگاکەدا پێ ڕانەگیرا کە لەو دیویەوە دوو پیاو بە زیندوویی گیانیان ئەدا و شێتانە و بەناباوەڕییەوە ئەیانقیژاند و هاوارایین ئەکرد. بۆیە لە ترس و ناچاری‌دا هەڵاتنە ناو هەشتیەکە و خۆیان گەیاندە هەماری گەنمەکە.

حاجی خورسوفی، لە بەر دەرگای هەمارەکە و بە سەر سەری جەمەل تفەنگدارەوە وەستابوو و ماوزێرەکەی بە هەر دوو دەست گرتبوو و بیری لەو شیوەنە ئەکردەوە لە ژووری ژنەکان بەرپا ببوو. بە

بینینی میر عەولڵا و نەجەف ئەرباب، ئەو دووانەی بەرەو شانشینەکە برد و پاڵی پێوەنان بۆ ژوورەوە. دەرگای لە ناوەوە داخست و یەکسەر بەرەو ئەو ژوورە چوو کە ژنەکانی لێوە هاتبوو. ئەوانیشی لە ناو هۆدەکەدا حەپس کرد و ڕۆیشت تا چەن بێژنگ گەنم و جۆ لە هەمار دەربهێنێ و لە بەر دەرگای هەمار و تا لای هەشتیەکە بڵاوی بکاتەوە. دواین بێژنگی کە بڵاوکردەوە، قیژە و هەرای دوو جووتیاری ناو کادێنەکە بوو بە نووزە، وزەی نەما و بە دژواری ئەبیسرا.

ئەوا لە ناو حەوشە گەورەکەی ماڵی نەجەف، بەس حاجی خورسوفی مابوو و خۆی. ئەو بیرەی کە پێشتر دایڕشتبوو ئەبوا ڕایپەڕێنێ. ئەمەیان سادەترین بەشی کارەکە بوو. بەرەو پلیکانی برجەکە هەڵات و خۆی گەیاندە سەربان. تەنوورەی دووکەڵ و ئاگر ئەوا لە کولاوکەی سەربانی کادێنەوە ئەچوو بە حەوادا و نیڵەیەکی بەنەوش و ئەرخەوانی لەژێر سینەی شەوادا ئەنواندەوە. دەنگی جووتیارەکان لە ناو کادێنەوە ئیتر نەئەبیسرا. حاجی خان گوڕی بەستەوە و بانەوبان کەوتە هەڵاتن و لە کاتێکا مێزەر و عابا و گیوەکانی بە دەم هەڵاتنەوە فڕێ ئەدا. ئەوا ئەوەندە لە ئاگر و بانەکە دوور کەوتبوویەوە کە ئەیتوانی ڕاوەستێ، بانگ و هاواری داد و بێداد بەرز بکاتەوە و خەڵکی خەوتووی ناو هۆدەکان ڕاچەنێنێ و ڕایانبکێشێتە دەرەوە و سەربانان:

ــ داد و بێداد بردیان، کوشتیان، ئاگریان تێبەردا، های... هاوار... های... کوشتار، تاڵان، ئاگر... ئایىى... خەڵکینە!...

# بەشی بیست و دووەم

## بەندی یەکەم

لە بەرەوژێریی چەوەکە، ئەو شوێنەی ئەسپەکان لە غاردان ئەکەون و سم لە چەو ئەچەقێنن و دەنگی فیشەی پەلکی لووتیان لە کاتی وێرغەدا ئاشکراتر ئەبێ، گوڵمحەمەد بادی خاو کردەوە و قاچی چەپی لە بەرکۆی جیازەکە گیر دا، دەستی گرت بە یەخەی چۆخەکەیەوە و ئاوڕی لە دواوە دایەوە. بە دوای بادی تیژڕەودا، کاروان بە درێژایی ڕێگەکە ئەهات؛ پەڕاگەندە و پەرش و بڵاو. هەر سوارەی بە هێزی لاق و سینەی ئەسپەکەی و هەر پیادەیەکیش بەگوێرەی وزەی ئەژنۆ و بین و گوشاری ترسی لە پاشینەی.

تیژتر و بەگوڕتر لەوانیتر، خان‌ئاپۆ بوو بە سینەی پانی کەونە ئەسپی بۆریەوە و لە دوای خان‌ئاپۆش ستار بوو کە هەوڵی ئەدا ناشیگەرییەکەی خۆی لە سەر زین بە غاردان بشارێتەوە. بەڵام بەگمحەمەد. ئەم شوانکارە پاسەوانە، بە ڕێی شەویش‌دا وا ئەهات کە بتوانێ چاوی ئاگاداری لە هەموویان بێ. ئەو ئەرکەی کە ببوو بە خدەی.

خان‌ئاپۆ ئەیتوانی لەوە بگات کە گوڵمحەمەد گفتوگۆی لەگەڵی نەبڕاندۆتەوە. ئەبوایە بگەنە ئەنجامێک و کار کۆتایی پێ بهێنرێ، چونکە نابێ ئێسک لە ناو برین‌دا بەجێ بهێڵرێ و ئەبوا کارەکە یەک لایەنە بکرایەتەوە. لەم گومانەدا، خان‌ئاپۆ خۆی ئەبوایە دەسپێشخەری بکات. گرێی گوتە بکاتەوە و زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد

ڕووی بکاتەوە و دەرگای دڵی لێ بکاتەوە و ئەوەی لە مێشکی دایە هەڵڕێژێ، هەرچەندە بە زمانی دڕکاوی.

خان‌ئاپۆ ئەگەر تا ئەم کاتە دەسپێشخەری نەکردبوو، لە بەر ئەوە نەبوو خۆ بە زل بزانێ و نەتوانێ بە سەردەستی گوڵمحەمەد ڕازی ببێ. نەخێر، وانەبوو. چونکە خان‌ئاپۆ هەر لە هەمان سەرەتاوە بە سەردار بوونی گوڵمحەمەد ڕازی ببوو و لە میانەی کارەکان‌دا پەسەندیشی کردبوو. هەروەها لەو ڕووەشەوە نەبوو کە خان‌ئاپۆ بڕوای بەوە کردبێ کە پەردەیەکی دڵێشان لە نێوان خۆی و گوڵمحەمەددا بەدیهاتووە و دڵی لە تووڕەبوونی پیرانەسەری گوڵمحەمەد ئێشابێ. چونکە ئەوە خان‌ئاپۆ بوو کە لە هەمان سەرەتاوە گوڵمحەمەدی بە مەزن-دەمڕاست نیشان کردبوو. هەمیش وانەبوو کە خان‌ئاپۆ لەپڕ شەرم دایگرتبێ و نەتوانێ خاچ بڕوانێتە چاوە تیژەکانی گوڵمحەمەد. هەرچەند لە ماڵی ژنەی سەرمەزاری وای لێهاتبوو و ببوو بە مناڵێک لە بەرامبەر باوکێکی کارامەی کاری ڕۆژگاردا!

ئەو دەمە بەڵام تێپەڕیبوو و ئەو بارە گۆڕابوو و ئەو ڕووداوە لە بن کارەساتێک‌دا ون ببوو. ئێستە کە خەریک بوون ئەگەیشتنە لای دیوارەکانی قەڵامەیدان، هیچ ڕوون نەبوو چەند کاژێر لەو کاتە تێپەڕیوە و ئەو شەرمە کتوپڕە کە لە ماڵی ژنەی سەرمەزاری لێی نیشتبوو، ئیتر نەی ئەتوانی لە گیانی کەڵانی خان‌ئاپۆدا مابێتەوە. بەڵام خان‌ئاپۆ ئەگەر تا ئەم کاتە خۆی دوور ڕاگرتبوو لە بەر ئەوە بوو کە نەی ئەویست بە خۆ خزاندنە پێشەوەی شەرمنانە، گوڵمحەمەد بخاتە گیروگازی بەخشینێکی ناچارانەوە و وای لێبکات بە گوتەیەک ڕووداوەکە خاکەسەر بکات و بشارێتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەبوو خان‌ئاپۆ نەی ئەویست نابەجێ خۆی بکا بە دادگەی دەمڕاستی و دادوەری گوڵمحەمەددا و بە گاڵتەجاڕی ڕێزی بشکێنێ.

لە سەرەتای ئێوارەوە تا ئەم کاتە، خان‌ئاپۆ توانیبووی کاری خۆی و شوێنی خۆی بداتە بەر لێکۆڵینەوە و بیدۆزێتەوە. هەروەها توانیبووی بە تاوتوێکردنی ڕەفتارەکەی خۆی، متمانە بەخۆبوونی

بەدەست بهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر پێویست بوو، بەگوێرەی ناسینی کردارەکەی، داکۆکی لە خۆی بکات. ڕەنگە گوڵمحەمەدیش بە ئانقەست ئەو دەرفەتەی بە مامی خۆی دابوو. هەرچەند زۆرتر وا پێ ئەچوو کە گوڵمحەمەد نەیویستبوو لە سەر ڕێی کارێکی دژوارتر، تێکهەڵچوون لەگەڵ خانئاپۆ بکا بە لەمپەری ڕێگە. هەروەها ویستبووشی بایەک بەو نێوانەدا تێپەڕ بکات، بۆ ئەوەی خوێنی هەڵچوو بنیشێتەوە، نەکا ببێ بە هۆی داگیراندنی ئاگری ناکۆکی. هەمیش دیداری نەجەف سەنگردیی لەکۆڵ بکاتەوە، بەو جۆرەی کە کرابوو:

ــ غاردە خانئاپۆ، باژوو!

بە غارێکی کورت، خانئاپۆ ئەسپەکەی کرد بە هاوشانی بادی. گوڵمحەمەد کڵاوی لە سەر کاکۆڵی توند کرد و بە بێ پێشەکی وتی:

ــ ئەم کوشتی خانئاپۆ، ئەگەر هەق و ڕێزی باوکایەتیت بە سەرمەوە نەبوایە!

لەگەڵیدا لە سەر وشترەکەوە، نیگایەکی هاوڕێیانەی هاویشتە خانئاپۆ، بەڵکوو بە بیستنی وەڵامێک خۆی قانع بکات. بەڵام بەر لە هیچ گوتەیەک، گرژینەوەیەک ڕوخساری چوارگۆشەی پیاوەکەی بە سەرسووڕمانەوە داپۆشی و دەسبەجێ دامرکایەوە؛ وەکوو گوڵێک لە بەر هەتاو بژاکێ. چاو و ڕوخسار و لێوی ئەتوت هەڵپڕووزا و ددانە درشتە سپیەکانی لە بن لێوەکانیدا ون بوون بە ئاوای شەو. پێکەنین، ئەو کارمایەی کە خانئاپۆ بە هێزی زیندووی لە هەموو چەم و خەمێکی دژوار ئەپەڕییەوە، ئەمجارەیان سووتا و دامرکایەوە و تاوێکیتر کە نەزانرا چەند و چۆن ڕابرد، خانئاپۆ وەک بڵێی لە خەونێکی قووڵ خەبەری بووبێتەوە، سەری هەڵێنا و وتی:

ــ لەسەر ژنێک؟!

گوڵمحەمەد لە سەر پشتی بادییەوە لە کاتێکا چاوی بڕیبوویە شەوی بەردەمی، وتی:

ــ نەک لە سەر ژنێک، ئەو نا بە تەنها!

ــ ئەی لە بەر چی؟ خراپ بووم بۆت؟!

پێکەنینێکی وشک. خشانی زەلێکی وشک، لە قووڵایی گەرووی گوڵمحەمەدەوە کە بە درێژایی ڕێگە لە ناو بیر و بوغزدا پەنگی خواردبوویەوە، بەرز بوویەوە و لەگەڵیدا وتی:

ــ بۆ من خراپ بوویت؟!... هەهـ! باسی چی ئەکەی، مامە گیان؟! مەبەستت لەو قسەیە چییە؟... تۆ بۆ من خراپ بووبێتی؟! هەهـ... چی ئەڵێی تۆیش!

ــ ئەی چی؟!

ــ بۆ ئەتەوێ بە لارێدا بمبەی، خانئاپۆ؟ ئەزانم کە ئەزانی من چی ئەڵێم؛ ئەزانی! نازانی؟!

خامۆشی خانئاپۆ لە وەڵامدا، وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەتوت ئەوی لە ناو گیانی خۆیدا وشک کردووە، گوڵمحەمەدی ناچار کرد ڕوو لە شەو وەربگێڕێ و بە سیلەی چاو بڕوانێتە ئاپۆی. هەرچەند کە شەو بوو و وا پێ ئەچوو خانئاپۆ و ئەسپەکەی لە ناو تۆزێکی خۆڵەمێشی و دوومانێدا مەلە ئەکەن و، هەرچەند شەوەزەنگ ڕێگر بوو، بەڵام گوڵمحەمەد ئەیتوانی چینەکانی تەوێڵی پانی خانئاپۆ، تەنگ بوونەوەی ئاڵقەی چاوەکانی و قفڵ بوونی ددانەکانی هەست پێ بکا و جارێکیتر، زانایی خۆی وەکوو چەکوشێک کوتا بە کەللەی فیلەکەدا:

ــ نازانی؟!

ــ بۆچی نا... ئەزانم!

سەری هەڵێنا و چاوی بڕییە برازاکەی. ئەسپ و بادی پێکەوە ڕێیان ئەکرد، بە جۆرێک کە خانئاپۆ و گوڵمحەمەد بۆ ماوەیەک توانیان لە هێڵێکی ڕێکدا، چاویان لە ناو چاوی یەکدا بێ. ئەو بێدەنگی و خەڵوەتەی هەر دوو پیاوەکەی گرتبوویە خۆی، گیانی ڕووتیان لە ناوچەوانی بێ پەردەدا، ڕێگەی بۆ دووانەیی و دووڕوویی نەئەهێشتەوە. خانئاپۆ کە ویستبووی وەکوو خدە خۆی لێ‌لادا، ئەوا لە بەرامبەر ڕاستگۆیی و دارەتی بێ پەردەی برازاکەیدا، ملکەچ بوو و

گوڵمحەمەد شارەزای ئەو کات و ساتەی دارەتی ئاپۆی، ڕووی وەرگێڕا و دەستی دایە یەخەی چۆخەکەی و چاوی بڕییە شەو و وتی:

ــ خەریکین پێکەوە گفتوگۆ ئەکەین، خانئاپۆ! ها، حەزت لێیە؟... ڕێگەکە کورت ئەکەینەوە.

ــ باشە بڵێ.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ چوویتەتە لای ژنی خەڵک، ئەمە ڕەوتی ئێمە نییە!

ــ ژنی خەڵک نەبوو. بێوەژنێک بوو! تۆ خۆ ئەو ژنە ناناسی، ئەگەر باوەشیان گەرم نەکەیتەوە، چاویان گەرم دانایەت! هەقیش...

گوڵمحەمەد قسەکەی مامی بڕی و تۆزێ بە توندییەوە وتی:

ــ ئاخر ئێمە خۆ بەرپرسی لە خەوکردنی ژنان نین، خانئاپۆ!

خانئاپۆ سەری لەقاند و بەنەرمی وتی:

ــ وایە... وایە!

ــ جگە لەوە، لە سەرپەرشتی ژنەشت داوە. هێوەرەکەی ئەڵێم!

ــ راستە، وایە!

ــ شەرابت خواردۆتەوە و ئەسپەکەت لە ئاخوڕی ماڵی خەڵکی بەستۆتەوە، گوڵەجۆ بکەنە بەری؛ وەکوو جەندەرمەکان!... چیتر بڵێم!

خانئاپۆ وتی:

ــ راستە... وایە.

ــ ئاخر ئێمە... خۆ بڕیارمان وانەبوو لەگەڵ خەڵکی وابین! ئێمە... چی بڵێم بە تۆ؟! خەڵکی چاوەڕوانی ئەو کارانە نین لە لایەن ئێمەوە خانئاپۆ؛ هەن؟!

ــ راستە، وایە.

ــ دوژمنمان هەیە خانئاپۆ، دوژمن! نابینی؟! دوژمنمان زۆرە. دز و خوێڕیمان بۆ قیت ئەکەنەوە بۆ ئەوەی ئابڕوومان بەرن. ئەمە خۆت ئەیزانی و ئەیبینی. کاری خۆمان جێ هێشتووە بۆ ئەوەی دز بگرین و پیشانی خەڵکیان بدەین. بەڵام ئەوەندەی گیرمان لێ هێنان

و ویستمان لە ناو گوندەکان بیانگەڕێنین، تۆ لەپڕ غەیب ئەبیت و خۆت ئەخەیتە ماڵە بێوەژن و لێی ڕائەکێشی! ئەمە خۆ خراپترە، خانئاپۆ! شۆڕاوەکانیش چەپەڵ ئەکاتەوە! مانگێک ئەچیتە بۆسەوە و خۆت لە گەنەدز حەشار ئەدەی، شەوان و ڕۆژان تەڵە ئەنێیتەوە، هەتاکوونێ دووانی وەکوو بوژدنی و چەخماخ ئەبن بە تەڵەوە. بەڵام ئەو کاتەی کە ئەبێ خۆمان لە ڕوورەشی دەراوێژین، ئەو کاتەی کە کاتیەتی و ئەبێ بە خەڵکی ڕابگەیەنی کامانە دزت گرتووە و چۆنت گرتووە، تۆ خۆت ئەکەی بە خەڵووزدان‌دا!

ــ ڕاستە... ڕاستە، مامەگیان، بەڵام...

جارێکیتر خانئاپۆ سەری هەڵێنا، ڕوانیە گوڵمحەمەد و درێژەی دا:

ــ ...بەڵام خۆ تۆ نازانی، تۆ خۆ لەوێ نەبووی کە ببینی ژنە چۆن لە پشت دیواری ماڵەکەیان‌دا ڕاوەستابوو ئاخر!... ئێمە بۆ خۆمان خەریک بووین دزەکانمان ئەگەڕان لە ناو کۆڵانەکان‌دا. لەپڕ بینیم. ئەژنۆم سست بوو بە گیانی خۆت! هاڵاوی هەوەس لە دەمی هەڵئەسا، سەگبابە! خۆیشم نەمزانی چۆن بوو. کاتێک هاتمەوە بە خۆم‌دا کە ئەسپەکەم لە بەر ماڵی ژنەدا بوو و... چۆنی بڵێم! هەندێ لەم ژنانە شەیتان وا لەژێر پێستیان‌دا، بێپیرانە! منیش خۆ...

ــ باشە بۆ ژن ناهێنی، خانئاپۆ؟!

ــ ئەتەوێ بمکەی با زاوا؟!

ــ ئەگەر حەزت لێبێ، بۆچی نا؟

قاقای پێکەنینی خانئاپۆ، جارێکیتر هێنایەوە بە خۆی‌دا:

ــ ئەیەوێ بمکا بە زاوا! ئەیەوێ بمکا بە زاوا، ها... هەه... هەه!

ئاوی سیلەی چاوەکانی بە دڵی پەنجەی وشک کردەوە و درێژەی دا:

ــ نەخێر ئاپۆ گیان، نەء! من ژن ناهێنم، نەء. یەکەمیان کە

کچی گەورەم هەیە و دووەمیش حەزم لە بەستنەوەی خۆم نییە. جگە لەوەش...

ــ جگە لەوەش چی، ها؟

ــ ناچارم مەکە بیڵێم ئیتر... نەء!

ــ منیش بزانم با؟!

ــ تەمەن، ئاپۆ گیان! ژیان متمانەی پێ ناکرێ. ئەویش لەو کات و ڕۆژەی ئێمە هەمانە. هەر کات کە بیر لە خۆمان ئەکەمەوە، هەورە برووسکەم دێتە پێش چاو. برووسکە و تریشقە! برووسکە لەپڕ ئاسمان شەقار ئەکات، دەنگەکەی دنیا و ئادەمیزاد ئەلەرزێنێ، بۆ چرکە ساتێک شەو ئەکا بە ڕۆژ و دەسبەجێ لە هەمان ساتدا... ئەمرێ! نەء، من نامەوێ ئەندێشەی خۆم بکەم بە یەخسیری یەکیدی.

ــ لەو قسانە، ئەی لەو قسانە!... ئەی بۆ زەماوەنی بەگمحەمەد بۆچ ئەوەندە بە پەلەی؟

ــ بەپەلەم! بۆ زەماوەنی بەگمحەمەد زۆریش پەلەمە، هەر زۆر! بەڵام ئاخر... حەسێبی بەگمحەمەد نابێ لەگەڵ من بە یەک بزانی. من... جەوانی من... بەگمحەمەد جەوانی منە. بەگمحەمەد منم لە جەوانی خۆمدا. گەنجێتی؛ مرۆڤ ئەبێ نرخی گەنجێتی خۆی بزانێ. یەک جار، گەنجێتی یەک جارە و پاشانیش شوێنی ئەبڕێ. جەوانیش وەکوو برووسکەیە؛ وەک ئێمەیە! بەگمحەمەدی ئێمەش گەنجە وەکوو برووسکە، هەم بە کار و پیشە و چارەنووس. بۆیەشە من ئارەزوویەکم نییە مەگەر ئەوەی بەگمحەمەد بکەمە پەردەوە. ئەو بریسکانەوەی تریشقەیە! بۆیەشە هەوڵی بۆ ئەدەم و کچی خورسوفی بۆ وەرئەگرم و ئەیکەمە پەردەیەوە!... بەڵام خۆم، نەء. نەء ئیتر. هەرگیز! هەر باسیشی مەکە! بەڵێنت پێ ئەدەم، بەڵێنت پێ ئەدەم ئیتر... ئیتر شێتێتی وا نەکەم. دڵنیا بە! بڕوا بە بەڵێنم بکە، گوڵە گیان! جەوانیم کرد ئەمجارە. هەڵەم کرد ئەزانم. چاکت کرد هاتیت و ئابڕووت کۆکردینەوە. چاکت کرد گوڵەکەم. ئەگەر چوار قسەشت پێ بوتایەتم ئێستە کە بیری لێ ئەکەمەوە، قەی نەئەکرد. شێتێتی

بوو کردم، بەڵام... ڕاستەکەت بوێ، لە هەموو ئەم شتانە ئەگەر بگەڕێین، پەشیمان نیم. پەشیمان لە کارەکەی خۆم نیم... تێ ئەگەی چی ئەڵێم؟ ژنی بەو جۆرە، حەیف بوو بە تینوێتی بەجێی بهێڵم. ئەزانی...

ـ چاکە ئیتر خانئاپۆ! با لێی بگەڕێین، هەرچی بوو ڕابرد!

لە مەیدانی قەڵامەیدان، بەگمحەمەد بەرەو برای ئاژووت و پرسی جووتیارەکان چی بکەن. گوڵمحەمەد، قاچی بە شانی بادیدا هێنا و پاش وەستانێکی کەم، ڕووی لە جووتیارەکان کە گەیشتبوون، وتی:

ـ پاراستنی ئەو قەرەبووەی وەرتان گرتۆتەوە لە ئەستۆی خۆتانە؛ خواتان لەگەڵ!

دەنگی پەڕاگەندەی دۆعا و نزا بیسرا:

ـ ئاڵات شەکاوە بێ، گوڵمحەمەد خان!

کەلاوەکەی لای دەرگا. گوڵمحەمەد بە شانی بادیدا خزایە خوارەوە و یەخەی چۆخەکەی دایەوە بە شانیدا. محەمەدڕەزای گوڵخانم بەرەوپیری هەڵات، هەوساری وشترەکەی لە گوڵمحەمەد وەرگرت و بردی لە سەر شوێنە چاککراوەکەی بیخەوێنێ و سفرەی بۆ ڕاخات.

خانمحەمەد دەرگای حەوشەی چوارتاق کردبۆوە و عەلیخان چەخماخ هەوساری ئەسپەکەی ڕائەکێشا. خانمحەمەد ماندوونەبینی لێکردن و شان بە شانی براکەی بەرەو دیوەخان ڕۆیشتن و لەکاتی ڕۆیشتندا بە کازمە شەلی وت بچێ بۆ یارمەتی و ئەسپەکان بگەڕێنێ با ئارەقەیان وشک ببێتەوە. کازم بەرەو هەشتیەکە شەلی. خانئاپۆ توربێنەکەی لە تەرکی ئەسپەکە داگرت و دای بە شانیدا و هەوسارەکەی دا بەدەست کازمەوە.

ـ دەنگوباس؟

جووتە برا، خانمحەمەد و گوڵمحەمەد، بەر لەوەی پێ بخەنە سەر هەیوانەکە بە پرسیارەوە ئاوڕیان لێک دایەوە. دەرفەتی

وەڵامدانەوەیان بەڵام پەیدا نەکرد. چونکە بڵقیس لە کاتێکا کوڕەکەی گوڵمحەمەدی بە باوەشەوە بوو، باڵای بەرزی چەماندەوە و لە دەرگاکە هاتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەی کوڕەکەی بە تفەنگەکەی گوڵمحەمەد ئەگۆڕییەوە وتی:

ــ کەی تاوێک ئوقرە ئەگری، کوڕم؟!

گوڵمحەمەد کوڕەکەی دایە دەست براکەی و لە وەڵامی دایکیدا وتی:

ــ کار... کار!

سەری بردە ناو دیوەکەوە و بە گاڵتە عەبدۆس و ماراڵی دواند:

ــ ئا، دیارە گوڵتان ئەوت و گوڵتان ئەژنەوت؟ قسەی وەکوو قەند، وەک نوقڵ و نەبات! قسەکەم پێ بڕین؟

ماراڵ ڕابوو و چۆخەی لە شانی پیاوەکەی داگرت و دای بە سەر جێوبانەکەدا و بە بانوو، کە وەکوو سایە دەرکەوتبوو، وتی:

ــ شێو، بانوو!

بانوو کە ئەتوت تا بەدڵ تێر سەیری گوڵمحەمەد نەکات، دەست و دڵی ناچێتە کار، ڕاوەستا تا گوڵمحەمەد کڵاشەکانی دەربهێنێ. گوڵمحەمەد کڵاشی داکەند. بانوو کڵاشەکانی لە سەر عەرزەکە هەڵگرت، بردی بۆ دەرەوە و بۆ ئەوەی تۆزوخۆڵی بتەکێنێ، کوتای بەیەکدا. هێنایەوە، لە بن دیوارەکە جووتی کردن و ئەوسا وتی:

ــ ئێستە سفرە ڕائەخەم!

خانئاپۆ گەیشتبوو و کوڕەکەی بە پێوە لە سەر دەستێک بەرز کردبوویەوە و دەمە گەورەکەی کردبوویەوە، بەڵکوو لێوە ناسکەکانی کوڕە بە خەندەیەکی شۆخ بپشکوێ و ئەم سەیری بکات. گوڵمحەمەد لای جێوبانەکەوە دانیشت و هەواڵی کەلمیشی پرسی. بڵقیس بڕنەوە زێوار زیوەکەی بە سووچی ژوورەکەدا هەڵپەسارد و وتی:

ــ نەمتوانی بیهێنم. نە بە پیادە ئەتوانێ بێ و نە بەسوارە.

خانئاپۆ بە دەمی پڕ بە پێکەنینەوە پرسی:

ــ دیسانەوە چووەی هاتۆتەوە دەرەوە؟ ئەرێ؟

بڵقیس بە بێ وەڵام ما و قاقای خانئاپۆ ئاسمانی ژوورەکەی دڕی. بەڵام بەر لەوەی بە گاڵتە دەم بکاتەوە، بڵقیس لە دەرگا چووە دەرەوە بۆ پێشوازی بەگمحەمەد. کاتێکیش لەگەڵ لاوەکەی هاتە ژوورەوە، هەر هەموو دابوویانە قاقای پێکەنین، تەنانەت خانمحەمەدی نەمرچیش. خانمحەمەد بە هاتنی بەگمحەمەد، درێژەی خۆشزمانیەکەی نوێ کردەوە و وتی:

ـ کۆمیەی باوکت دیسانەوە دەرهاتووە، بەگ؟

بڵقیس سفرەکەی لە بانوو وەرگرت، لە سەر بەڕەکە داینا و زۆر بە لێبڕاوی وتی:

ـ بەیانی بۆ خۆم چاکی ئەکەمەوە!

خانئاپۆ بە سەرسووڕمانێکی ساختەوە پێکەنینەکەی بڕی و پرسی:

ـ چۆن؟!

بڵقیس کێردێکی لە بەر پشتێنەکەی دەرکێشا و لە بەر چاوی خانئاپۆدا حەوای پێ شەق کرد و وتی:

ـ بەم جۆرە! ئەیبڕم و شوێنەکەی سەنگداخ ئەکەم. نیورۆژی تەواو لە هەسانم داوە و پەرداختم کردووە. موو ئەکا، موو! ئەتەوێ بە گوێی تۆ تاقی بکەمەوە؟!

ـ شێو، شێو!

ـ کێ کێشکە؟

ـ مراد.

گوڵمحەمەد لە میوانی پرسی.

ـ نیمانە!

ـ دادخوازەکان چییان لێهات؟

ـ ئەوانەی ڕێیان دوور بوو مانەوە. نان و جێمان پێداون.

ـ ئیتر؟

پرسیارەکە لە خانمحەمەد بوو. ئەویش وەڵامی گوڵمحەمەدی دایەوە:

ـ قوربان بەلووچ!

ـ قوربان بەلووچ؟!

ـ تاریک و ڕوون گەیشتە بەرەوە.

ـ بەس... قوربان بەلووچ؟

لەم پرسیارەدا گوڵمحەمەد سەیری دایکی، عەبدۆس و خانمحەمەدی کرد و پاش ڕامانێکی کورت، پرسیەوە:

ـ کێ لێرەیە؟! کێیتر هاتووە بۆ ئێرە؟ دە پێم بڵێن!

بڵقیس گوڵمحەمەدی بانگ هێشت بۆ سەر سفرەکە و وتی:

ـ جارێ نانەکەت بخۆ؛ قوربان کارێکی گرنگی هەیە!

ـ ئەو نانی خواردووە؟ قوربان؟

ـ خواردوویەتی!

ـ بانگی بکە با بێت بۆ ئێرە.

بڵقیس نەیاریی دربڕی و وتی:

ـ شەوێکیش ناهێڵێ بە دەور یەکەوە دابنیشین و پاروە نانێک پێکەوە بخۆین؟ لانیکەم لە بەر ژنەکەت!

گوڵمحەمەد سەیری مارالی کرد کە کوڕەکەی نابوویە سەرڕانی و خەریک بوو لە پیاڵەیەکدا تێکوشیوی بۆ دروست ئەکرد.خزایە بەرەوە بۆ سەر سفرەکە و پرسیاری ڕان و پەز و هەوارگەی لە دایکی کرد. بڵقیس بۆی وت:

ـ هەمان شوێنی ساڵی پێشوو. لای سەرووی خاڵە مەندەلوو. پشتی چاتووم.

گوڵمحەمەد لە کەسوکاری پرسی:

ـ سەبراو چۆنە؟ ژنەکەی... هەیقۆ؟ ئەوانیتر؟ بەڕاست... ئەی کوا تەموور؟ نەتان هێنا؟ دڵم بۆی تەنگ بووە، ئەمەوێ بیانبینم. زۆر دڵم بۆ پیرەمێردیش تەنگ بووە. خۆزگە بتانهێنایەت. تاسەم کردووە. ئەی زیوەر... ئەو چۆنە؟

بەر لەوەی دایکی وەڵام بداتەوە، گوڵمحەمەد خۆی وتی:

ـ بەیانی لەگەڵ خاڵۆ عەبدۆس ئەڕۆین بۆ لایان. ئا، خاڵۆ،

وتت چی؟ پێموابێ لە لای پەزەکان ئاسوودەتر بی. وانییە؟ کاری ئێمە ئەوەتا بووە بە دوو بەشەوە. ئەوەتا خۆت ئەبینی. زەمانەیە ئیتر. هەق نییە کە تۆ... کە تۆش لەو ئاگرەدا بسووتێی. ئەی... هەرچەن...

گوڵمحەمەد قسەکەی بە پێکەنینێکی پچڕاو و نیگایەکی گەڕۆک هێنایەوە یەک، پەنجەکانی لستەوە و لەگەڵ خانمحەمەد کە لە تەکیەوە دانیشتبوو کەوتە دوو؛ نەرم و کپ:

ـ لەگەڵ قوربان قسەت کرد؟

ـ نەء، زۆر نا. ڕاوەستام خۆت بێیتەوە. بەڵام هەروا ڕەمەکی بۆم دەرکەوت لە چەن لاوە پەیامی هێناوە. ڕاستەکەی ڕوونی ڕوون هیچم دەسنەکەوت. بەڵام وابزانم پەیامێکی لە لایەن جیهەنخانیشەوە هێنابێ.

لە هەڵسانی گوڵمحەمەددا، بڵقیس پاروویەک نان و گۆشتی بۆ پێچایەوە و بەر لەوەی پیاو چۆخەکەی بدا بە شانیدا، بە زۆر خنی بە قولی مشتیدا و وتی:

ـ لانیکەم با دڵت هێزی بێتەوە بەر! ئەمەش نانخواردنە تۆ ئەیخۆی؟

گوڵمحەمەد کاتێکە چووە دەرەوە، بڵقیس هێشتا گلەیی ئەکرد:

ـ ڕۆژگارە ئەمەش کە بۆ خۆی دروست کردووە!

گوڵمحەمەد لێگەڕا دایکی چی پێخۆشە بیلێ و یەکڕاست بەرەو چێشتخانە چوو و سەری بردە ژوورەوە:

ـ ئەوە بۆ لێرە، قوربان؟ ماندوو نەبی!

قوربان بەلووچ کە لە تەنیشت ستارەوە پاڵی دابوو بە تەنوورەکەوە، بە بینینی گوڵمحەمەد ئاخێزی کرد و بەخێر هاتنەوەی کرد:



ـ گرنگ نییە، سەردار. برسیم بوو. نان و چام خوارد و هەر لێرە لار بوومەوە چاوێک گەرم بکەم. خەڵوەت بوو...

ـ هەڵسە وەرە دەرەوە ئەگەر زۆر ماندوو نیت؟!

گوڵمحەمەد خۆی سەروشانی لە دەرگای چێشتخانە بردە دەرەوە و بەرەو ژێربالّی شەو، کە با بە تەواوی گەسکی دابوو و زەلاّلی کردبوو، هەنگاوی ئارام کرد. بەلووچ و، بە دوای‌دا ستار هاتنە دەرەوە. گوڵمحەمەد بەرەو شەودێز لە بەلووچی پرسی:

ـ هەواڵ؟

ـ هەواڵ... هەواڵ، هەواڵ سەردار، سلاّمەتی گیانت. بوندار زۆر سلاّوی هەبوو و داوای لێبوردنی هەبوو ئەگەر خۆی نەیتوانیوە بێ بۆ خزمەتتان.

ـ کار چی؟ پەیامێکت پێیە؟

گوڵمحەمەد گەیشتبوویە لای قەرە و دەستی لە ناو یالّی ئەسپەکەدا بوو. قەرە بە ڕەزامەندی کلکی ئەجووڵاند و قەپۆزی ئەهێنا بە بالّی چۆخەکەی گوڵمحەمەددا. قوربان لە پشت سەری گوڵمحەمەد و تۆزێک دوورتر لێی وەستا. گوڵمحەمەد پرسیەوە:

ـ دەی؟ گوێم لێتە، قوربان! چ پەیامێکت هێناوە؟

قوربان وتی:

ـ بوندار بۆ زەماوەن بانگی هێشتوویت، سەردار. وتی پێشتر لێتانی گێڕاوەتەوە خۆی. ڕای وایە خدیجی حاجی پەسەند بگوێزێتەوە بۆ ئەسلاّن.

ـ چ مانگ و ڕۆژێ؟

ـ شەوی هەینی سەرەتای ئەم مانگە!

ـ خۆ ئەوەندەی بۆ سەری مانگ نەماوە؛ واتە ئەم هەینیە! ئیتر کێی بانگ کردووە؟

ـ هەموو لەوێن. هەموو ئاغەکان. خانەکانی دەوروبەر... لە شاریشەوە دێن. ئالاجاقی و وابزانم جەنابی فەربەخشیش بێت. ئەو جۆرەی کە دیارە ئەیەوێ زۆر سەنگین و ڕەنگین زەماوەن بکات. باسی ئەوە بوو دوو دەستە چاوەش بانگ بکات، یان هەمان دەستەی لۆتی ڕوخەک بەسە؟

گوڵمحەمەد لەسەرخۆ سەری لەقاند، پەنجەی لە یالّی ئەسپەکە

کردەوە و بە بێ ئەوەی خاچ بڕوانێتە بەلووچ، پرسی:

ــ پیرۆزە... پیرۆزە... دەی، تۆ چی...؟

گوڵمحەمەد قسەکەی تەواو نەکرد و بەلووچ پرسی:

ــ من... چی، سەردار؟

گوڵمحەمەد وەک مێشێک دەربکات، لەپڕ دەستی بۆ بەر دەموچاوی بەرز کردەوە و دایخستەوە و وتی:

ــ هیچ... هیچ... ئیتر چی؟

بەلووچ وتی:

ــ دوو پەیامی تریشم هەیە. یەکیان هی ئالاجاقی و ئەویتریش هی جیهەنخانە، ئەگەر بشێ پێی بڵێین پەیام.

ــ دەی؟

ــ ئالاجاقی بە باشی زانیوە سەردار بیر لە پاکانە وەرگرتن بکاتەوە. واتە وتوویەتی کاتی ئەوەیە بوورین لە حکوومەت وەربگری. ڕاستیەکەی ئەو بەو جۆرەی بە باش زانیوە. هەڵبەت گوتوویەتی پارەشی تێئەچێ. نزیکەی سەد هەزار تمەن. ئالاجاقییش ئەیەوێ چاوی پێت بکەوێ. لە شار یان لە باخی تازەقەڵا.

ــ ئەویتریان ئەڵێ چی؟ جیهەنخان؟

بەلووچ وتی:

ــ چووم بۆ سەرەخس و جیهەنخانم دۆزییەوە. پەیامەکەی سەردارم پێگەیاند و داوای چاوپێکەوتنم لێکرد. شوێنی پرسی. وتم ناوچە. شوێنێکی دیاریکراوی ویست، منیش چاخانەی مەلەک مەنسوورم دانا.

ــ کەی؟

ــ شەوی هەمان هەینی سەری مانگ؛ پێنجشەممە نیوەڕۆکەی.

گوڵمحەمەد سەیری بەلووچی کرد و پرسی:

ــ مەگەر بڕیار وا نییە شەوەکەی بۆ زەماوەن لە قەڵاچیمەن بین؟ شەوی هەمان ڕۆژ؟

ــ بەڵێ. من وام دانا ئەو کاتەی بەرەو قەڵاچیمەن ئەچن لە

سەر ڕێ چاوتان پێی بکەوێ. ئەگەریش بە باشی نەزانن ئەتوانم شوێن و کاتەکەی بگۆڕم.

گوڵمحەمەد ڕووی لە قوربان بەلووچ وەرگێڕا. تاوێک ڕاما، سەیری ئاسمانی کرد و پاشان پرسی:

ــ تۆ... بەلووچی قوربان، وایە؟

ــ بەڵێ، سەردار!

ــ جیهەنخانیش بەلووچە!

ــ بەڵێ خان، جیهەنیش بەلووچە.

ــ منیش بەلووچم؛ لە ڕەگێکەوە بەلووچم. ئێمە هاوخوێنین. من، تۆ و... جیهەن! تێ ئەگەی ئەمەوێ بڵێم چی؟

بەلووچ وتی:

ــ چاوەکانم ئەکەم بە بارمتە...

گوڵمحەمەد دەستی هەڵێنا. ئەماژەی بە قوربان کرد ئارام بێ و وتی:

ــ دڵم بە من ئەڵێ کە تۆ بە پاک و ڕاستگۆ بزانم، قوربان. بە پیاوێکت نازانم شەرەفی لەگەڵ ورگی گۆڕابێتەوە. ئەهوەن و چاوتێری، ئەگەر تێریش نەبووبێتی. هەر بۆیەشە دڵم پێم ئەڵێ تۆ بە پیاوی پیاوانە بزانم.

بەلووچ هەنگاوێکی نایە بەرەوە و وتی:

ــ هەر کەسە و لەم دنیایەدا شتێکی خۆش ئەوێ، گوڵمحەمەد خان. منیش وەکوو هەمو ئادەمیزادێکی‌تر ئارمانجێکم خۆش ئەوێ. ڕاستیەکەی ئەگەر خۆشم نەوێ، ناتوانم بژیم.

گوڵمحەمەد دەستی نا بە دیوارەکەوە و وەک بڵێی سەری ئەباتە پێشەوە بۆ لای قوربان، خزمانە لێی پرسی:

ــ تۆ چیت خۆش ئەوێ قوربان؟

دەسبەجێ، بەلووچ وەڵامی دایەوە:

ــ هیممەت، گوڵمحەمەد خان، هیممەت! ئەو شتەی کە زۆریشی بۆ پیاو، هێشتا کەمە!

بێدەنگیەک کەوتەوە. گوڵمحەمەد سەر و شانی کشاندەوە و نیوەی سمتی نایە سەر لێواری ئاخوڕەکە و بێدەنگ بوو. بەلووچ بێدەنگیەکەی لە کاتی خۆیدا شکاند و پەیشۆنی قسەکەی گرت:

ـ دۆستمحەمەد خانیش بەلووچ بوو!

گوڵمحەمەد سەری بەرز کردەوە. قوربان، چاوی لە چاوی گوڵمحەمەددا وتی:

ـ تۆ من ئەخەیتەوە بیری ئەو، گوڵمحەمەد. ئەمخەیتەوە بیری دۆستمحەمەد خان. من شەیدای ناو و ناوبانگی دۆستمحەمەد بووم. ئەو توانی دەمار لە ڕۆژگاری ئینگلیزەکان دەربهێنێ. ئەگەر دەرفەتیان بدایەت، سوێندی خواردبوو سەرانسەری سنووری ئێران کەللە سەری ئینگلیزەکانی لێ بچەقێنێ! لە ئێوەی ناشارمەوە، من... دەمێکەیە حەزم لەوەیە داواتان لێ بکەم لە لای خۆتان ڕامگرن. نانی پیاو زیاتر بە من ئەکەوێ تا گۆشت و پلاوی ناپیاو!

گوڵمحەمەد بە بێ ڕامان لە وەڵامی داواکەی بەلووچدا، پرسی:

ـ ئەی جیهەنخانی بەلووچ بۆ ناتخاتەوە بیری دۆستمحەمەد خانی بەلووچ؟

قوربان وەک بڵێی نە لە وەڵامی گوڵمحەمەددا، وتی:

ـ ئای... دۆستمحەمەد خان، دۆستمحەمەد!... نەء، نەخێر سەردار. هەر ناکەسێک نابێ بە هاوتای دۆستمحەمەد خان. دۆستمحەمەد ئەگەر بوایە، پیاوێکی وەکوو ماهدەروێشی لە بانەوە هەڵنەئەدایە خوارەوە. دۆستمحەمەد ئەگەر بوایە دەستی یەکی وەکوو ماهدەروێشی ئەگرت و لە خاک بەرزی ئەکردەوە. دۆستمحەمەد گۆشتی لە لاڕانی گا ئەکردەوە. دۆستمحەمەد هەژارکوژ نەبوو. نەخێر سەردار. من زاڵمم خۆش ناوێ؛ هەرچەند پیاوم بە دەسەڵات و سەرفراز حەز لێیە. نەء! جیهەنخان ئیتر نە سەرفرازە و نە دەسەڵاتدار. جیهەن سەرشۆڕە و بووە بە نۆکەری دەسەڵات. دەسکەلای زۆردارە! دەسکەلابوونی زۆرداریی، دڵخوازی من نییە سەردار. نەء! دۆستمحەمەد و جیهەن هەر دووکیان بە بەلووچ ئەژمێردرێن، هەر

دووکیان ناویان هەیە. بەڵام دۆستمحەمەد ناوێک بوو و جیهەن ناوێکیتر. هەر دووکیان سام و دەسەڵاتیان هەیە. دۆستمحەمەد سام و دەسەڵاتی هەیە و جیهەن سام و دەسەڵاتی هەیە. بەڵام پێکەوە یەک نین. جیهەن ئەوە نییە کە دۆستمحەمەد خان بوو. ئەم دووانە بە ئەندازەی شەو و ڕۆژ جیاوازن. نەخێر... سەردار. جیهەنخانی بەلووچ من ناخاتەوە بیری دۆستمحەمەد خان! جیهەن ئەو کاتەش کە لە حکوومەت یاخی بوو، دەستی بەزەیی و چاکەی نەبوو، دەستی زۆرداریی بوو. ڕەنگە هەر لە بەر ئەمەش بوو کە حکوومەت زۆر زوو توانی مامەڵەی لەگەڵ بکات. بەڵام دۆستمحەمەد، وانەبوو. دۆستمحەمەد خان، گیانی بەهای ناوەکەی بوو کە بەختی کرد!

لە ناخی سینەوە، بەو جۆرەی کە دەنگی زایەڵەیەکی کەی وەرگرتبوو، گوڵمحەمەد پرسی:

ــ دۆستمحەمەد خانیان لە چ ڕێگەیەکەوە کۆشت؟!

بەهێز و تووڕە، هەم بەو ئەندازەش بە بوغزەوە، بەلووچ وتی:

ــ فریو!... بانگیان کرد بۆ وەرگرتنی بوورین و کوشتیان! لە ناوڕێ. بە ڕێگەدا کە ئەچوو بۆ وەرگرتنی بوورین، کوشتیان! خەڵاتیان بۆ سەری دانابوو. شەو، کاتێکە لە سەر قەرەوێڵەی چاخانە خەوتبوو، بەستیانەوە، سەریان بڕی و ناردیان بۆ پاتەخت. لە لایەکەوە بەڵێنی بوورینیان پێ دابوو، لە لایەکیشەوە خەنجەریان بۆ سەربڕینی تیژ کردبوو!

ــ حکوومەت؟

ــ بەڵێ، حکوومەت! دۆستمحەمەد خان سوێندی خواردبوو هەتا زیندووە یەک ئینگلیزی لە خاکی ئێران نەهێڵێ. چیرۆکی هەرات و...

ناخودئاگا و لە نکاو، وەک بڵێی ڕشتەی بیرکردنەوەی گوڵمحەمەد بۆ ساتێک لێک پچڕابێ، پرسی:

ــ ئینگلیزەکان؟!

ــ بەڵێ سەردار، ئینگلیزەکان!

ـ ئێستە لە کوێن ئینگلیزەکان؟

ـ لە هەموو شوێن هەن. لە هەموو بستێکی ئەم خاکە هەن و لە هەموو شوێن زیاتریش، لە باشوور هەن.

ـ چی ئەکەن... لەوێ؟!

بەهێز و ڕقاوی و بە بوغزەوە، بەلووچ وتی:

ـ نەوت، نەوت! لەوێ نەوت ئەخۆن!

ـ وابزانم هەندێ شتم دەربارەیان بیستووە. وابزانم... وابزانم... ئا... بیستوومە. گوایە ئینگلیزەکان ئەیانویست بوورین بە دۆستمحەمەد خان بدەن؟!

ـ خۆیان نا، ڕاستەوخۆ. لە لایەن ئەو حکوومەتەی بن دەستەی خۆیان بوو.

گوڵمحەمەد لە سەر لێواری ئاخوڕەکە هەڵسا، ناوچاوی گرژ بوو. بە مایەیەکی سەرنج و سەرسووڕمانەوە پرسی:

ـ تۆ... ئەم شتانە لە کێ... لە کوێوە فێر بووی، قوربان؟!

بەلووچ، بە چڕی وەڵامی دایەوە:

ـ دەماودەم، سەردار!

گوڵمحەمەد، تارماییەکی سووکەڵە و ڕەمیو، خۆی دایە پشت ئەسپەکە و بە ناو ئەسپەکانیتردا، لە ناو کەردووەکە ون بوو و پاش تاوێک بەلووچ ئەوی لە تاریک و ڕوونی مانگەشەو، لە نزیکی دەرووی ناودالان بینیەوە.

ـ بڕۆ بخەوە قوربان! بڕۆ بحەسێرەوە، ماندووی ڕێگەی. بە کازم بڵێ جێت بۆ ڕاخات. کازم!

ـ بەڵێ سەردار!

ـ لە میوانخانە جێ بۆ قوربان ڕاخە.

ـ بە سەر چاو، سەردار!

بەلووچ بەر لەوەی بە دوای کازمە شەلدا لە پلیکانەکان سەربکەوێ، بەرەو گوڵمحەمەد چوو، کیسەیەکی لە گیرفانی ئێلەکەکەی دەرهێنا و دای بە گوڵمحەمەد و وتی:

ـ ئالاجاقی ناردوویەتی. ئەمانەتیەکەی بۆی ڕاگرتبووی. گوارەکان!
ـ ئا!...
گوڵمحەمەدی سەردار، لەوە زیاتر هیچی لەگەڵ بەلووچ نەوت. کیسەی گوارەکانی لە ناو مشتی‌دا گوشی و بە قەراخ دیوارەکەدا کەوتە ڕێ و بەلووچیش بەرەو میوانخانە کشا. ستار لە سەر پلیکانەکانی میوانخانە دانیشتبوو و بە گەیشتنی بەلووچ، تەکی دایە لاوە و ڕێگەی بۆ کردەوە و بەر لەوەی قوربان تێپەڕێ، بە دەنگێکی کپ پرسی:
ـ ئا؟
قوربان بەلووچ بە بێ وەڵام بە لایدا تێپەڕی و بەرەو ژووری میوانخانە کە بە تیشکی لامپا ڕۆشن کرابوو، ڕۆیشت و ڕاوەستا تا کازمە شەل بچێتە دەرەوە. کازم جێگەی بۆ بەلووچ ڕاخست و کاتێکە ئەچووە دەرەوە، وتی:
ـ جەڕەی ئاوەکە لێرەیە قوربان. نیوەشەو ئەگەر تینووت بوو!
قوربان هیچی نەوت. ستار شەلین و دوورکەوتنەوەی کازمی سەیر کرد، پاشان خۆی گەیاندە ئەو جێگەیەی پێشتر لێی دانیشتبوو و پرسی:
ـ رازی بوو؟
دەنگی قوربان بەلووچ لە وەڵامدا هاتەوە:
ـ بە چی؟
ـ بەوەی کە تۆیش بمێنیتەوە؟
ـ گوێی لێ ڕانەگرتم.
ـ کارەکە چۆن ئەبینی؟
ـ کۆسپ!
بەدەم ڕۆیشتن بە کەنار دیوارەکەدا، گوڵمحەمەد گەیشتە سەر سووچەکە و بە ڕێگەکەی خۆی‌دا گەڕایەوە بە بێ ئەوەی سەری هەڵێنێ بۆ سەیرکردنی ستار، یان ئەو کەسەی لەوێ دانیشتبوو. ستار بەڵام لە بەر تریفەی لێڵی مانگی شکاودا، لەو سووچەی لی دانیشتبوو، سەیری گوڵمحەمەدی ئەکرد لە وەستان و هەڵوەستە و پیاسەکردنی‌دا

و وا پێئەچوو لەشی ماندووی چاوەڕوانی کۆتایی بەرەنجامی ئەوەیە کە لە گوڵمحەمەد ڕائەبرێ. بێدەنگی سەرا بە لووشەی پەلکی لووتی ئەسپێ، باعەی نابەجێی بزنێک و جار بە پێکەنین و قسەی یەک لە خێزانی کەلمیشیی ئەشکا. هەروەها هاتوچۆی ناوبەناوی بانوو و کازم. چونکە تفەنگدارەکان خواردبوویان و خەوتبوون بۆ ئەوەی لە نۆرە کێشکی خۆیاندا هەڵسن و بچنە سەربان. ستار بە نیگایەکی تێپەڕ مارالیشی دیبوو کە کوڕەکەی گرتبوو بە کۆڵیەوە و لە پلیکانەکانی باڵەخانە سەرکەوتبوو. ئێستە ئەوا لەژێر خێوەتی شەو و ئەستێرەدا، لە لێلایی تارێک و ڕووندا گوڵمحەمەد بوو پەرێش و لە ناو بیردا بە هەنگاوی ورد و سووکەڵە بە قەراخ دیوارەکەدا پیاسەی ئەکرد؛ کڵاوی لار بە لای سەرییەوە و چۆخە بە شان و کڵاشی مەلەکی لەپێدا، لە بەر چاوی وازوازی ستاردا.

ستار لەو ماوە کورتەی لە چێشتخانە لەگەڵ بەلووچ دانیشتبوو، لەو پەیام و بانگهێشتنانەی قوربان بۆ گوڵمحەمەدی هێنابوو ئاگادار ببوو و ئەوا چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێ گوڵمحەمەد ئەیەوێ چی بکات لەگەڵ خۆی و ئەو کارانەی هاتبوونە پێشەوە، بەبیر و بەگوتە و بەکردار. ئەمەی باش ئەزانی کە گوڵمحەمەدی سەردار تووش بووە و گرفتارە و ناکۆکی و ململانێی دەروونی شپرزەی کردووە. بەڵام بە کارێکی ژیرانەی نەئەزانی لەم هەل و کاتە ئاستەمەدا خۆی لە کار و ئەندێشەی گوڵمحەمەد هەڵقورتێنێ. چونکە ئەیتوانی لوانی تووڕەبوون و ڕق هەستانی کابرای گیرۆدە پێشبینی بکات. هەوڵی ئەدا خۆی نەدیو بکات، بۆیە بە خامۆشی دانیشتبوو و سەیری ئەکرد.

گوڵمحەمەد بیمێنێ بۆ کۆتایی دیوارەکە، دەستی گرت بە لێواری دەرگای بەهاربەندەکەوە و تاوێک ڕاما. پاشان، بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ یان وەرگەڕێ، بەلووچی بانگ کرد. قوربان بەلووچ، ئێلەک بە شانەوە لە ناو دەرگاکەوە هاتە دەرەوە و هەر لەوێوە وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ سەردار!

ــ خۆ نەخەوتبووی هێشتا؟

ـ نەخێر... سەردار!

بەلووچ گیوەکانی خستە سەرپێ. لە پلیکانەکان فڕکەی کردە خوارەوە و بە قەڵەمبازێک خۆی گەیاندە لای گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد خواری کردەوە بەرەو هەیوان. خامۆش و مل بەکوێن لە بەرامبەر ستارەوە تێپەڕی، دوو سێ هەنگاو ڕۆیشت و لە سەر لێواری هەیوانەکە دانیشت، شان و پانیەی سەری نا بە کۆڵەکەکەوە و وەک بڵێی پێڵووەکانی بەستووە، ئارامی گرت. قوربان بەلووچ هەروا لە نیوروخی گوڵمحەمەددا وەستابوو و سەیری ئەکرد. خامۆشی نەک وەڕەزکەر، بەڵکوو بە ترپە بوو. ئەوسا کە دەنگی گوڵمحەمەد بەرز بوویەوە وەکوو ئەوە وابوو لە دوورەوە یان لە پشت دیوارێکەوە دێ. دەنگی وشک بوو وەکوو کۆتەدار و بەلووچ سەرتاپێ گوێ بوو:

ـ ئەوەم خۆ پێ وتی کە... کە دڵم بەرایی ئەدا بە پاکی و ڕاستگۆییت، بەلووچ!... دانیشە!

بەلووچ لە بەرامبەر گوڵمحەمەددا هەڵترووشکا و ئانیشکەکانی نایە سەر ئەژنۆی، پەنجە مۆر و ئێسکدارەکانی لێک هەڵپێکا و چاوەڕێ ما. گوڵمحەمەد پانیەی سەری لە کۆڵەکەکە کردەوە و چاوی بڕییە ناوچاوی بەلووچ و وتی:

ـ ئێستە ئەمەوێ لە تۆ بپرسم... ئەمەوێ لە تۆ بپرسم کە تۆ، تۆ خۆت چۆن بیر ئەکەیتەوە؟ نامەوێ وەکوو تەتەرێکی نێردراو کە پەیامێکی بۆ من هێناوە وەڵامم بدەیتەوە! وەکوو بەلووچێک... وەکوو پیاوێکی بە هیممەت، وەکوو هاوڕێیەک و برایەک وەڵامم بدەیتەوە! چۆنی بیر لێ ئەکەیتەوە؟ زەماوەن، دیداری جیهەن، پاکانە و بوورین! ئەم هەر سێ کارە پێکەوە؟! جگە لەمانە فەربەخشیش داوای کردووە بە پێی خۆم بچم بۆ مەشهەد. ئەیەوێ بمبات بۆ لای فەرماندەکەیان! ئەمکارانە هەر هەمووی پێکەوە، بە جارێک! چۆنی لێک ئەدەیتەوە؟!

پاش ڕامانێکی کورت، گوڵمحەمەد خۆی درێژەی پێدا:

ـ من لە بەر بوندار و ئالاجاقی ئەمەوێ جیهەن ببینم نەک

بە حەزی خۆم. بوندار و ئەربابەکەی ڕوویان لێخستوم بۆ ئەمکارە. ئەوان داوایان لێکردووم کارێک بکەم جیهەنخانی سەردار پرزەیان لێ نەبڕێ! بەڵام ئێستە... ئێستە کە لە لایەکەوە بانگم ئەکەن بۆ زەماوەن و لە لایەکەوە... داوام لێ ئەکەن بوورین وەربگرم! تۆ چۆنی بیر لێ ئەکەیتەوە؟ بە من بڵێ بەلووچ! بە ڕای من تۆ بۆزەنی و ئەتوانی بۆنی ڕووداوەکان بکەی. وایە؟ ئەم سێ کارەی لە پێشە ئەگەر بخرێتە تەنیشت یەکەوە، هیچیان لێ دەرناچێ؟!... ها؟!... چاوەکانت ببەستە و بۆ تاوێک بیری لێ بکەرەوە، قوربان! دڵم پێم ئەڵێ بڕوا بە گوتە و ڕاستگۆیی تۆ بکەم.

بەلووچ قولاپی پەنجەکانی کردەوە. ئاخێزی کرد و لە سەر لێواری هەیوانەکە دانیشت و شەرمی ڕوخسار لە هەستی متمانەی گوڵمحەمەد، وتی:

ــ منەتبارم ئەکەی سەردار! منەتبارم ئەکەی! من... سوێند بێ بە ئەمەگ و ڕاستگۆیی چی تێبگەم و بزانم، لە وتنی بۆ تۆ درێخ ناکەم. سەرەتاکەی... ئەگەر دەستپێشخەریم بکردایەت ئەبوو بە لاپرەسەنی و خۆ تێهەڵقورتاندن. تا گەورە پرسیار نەکات، وەڵامدانەوە شیاو نییە. بەڵام ئێستە... ئەوا ئاسوودە بووم کە خۆت پرسیارت کرد. ڕاستەکەی... زۆر پێخۆشحاڵم کە ئەبینم بەدگومانی! بە چ زمانێک بڵێم؟ خۆت بپرسە، سەردار!

ــ ڕۆژی بینینی جیهەن خۆ بوندار دیاری نەکردبوو؟

ــ نەخێر، ئاگای لێ نەبوو.

ــ جیهەن چی؟ ئەوت بە چۆن پیاوێک هاتۆتە پێش چاو؟

ــ جیهەن؟ ئەو... هەرچەند بە ڕواڵەت بە دەسەڵاتدار خۆیا ئەکا، بەڵام هیچکەس وەک خۆی نازانێ کە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ملی شۆڕ کردووە. جیهەن چۆکی داداوە، هەر بۆیەشە بێ هیممەت و جێ مەترسیە. جیهەن دیوارێکی قەڵەشیوە. هەر لە بەر ئەمەش چ بە ڕواڵەت و چ لە ناخەوە، دوژمنی هەموو ئەو پیاوانەیە کە هێشتا لە سەر پێی خۆیان وەستاون و نایانەوێ چۆک دابدەن. پیاوێک کە

تەنانەت لەبەرچاوی خۆیشی سووک و سەرشکاو بوو، زۆر دژوارە بتوانێ پیاوانی‌تر بە سەرفرازی ببینێ. بۆیە ئەگەر من لەجێی تۆ بوایەتم. جیهەنم بە دوژمن دائەنا؛ چ بڕیاری کوشتنی منی دابێ و چ نەی‌دابێ! سەرەڕای ئەمەش خۆت ئەزانی.

ــ سەبارەت بە بوورین ئەڵێی چی؟

ــ بوورین؟

بەلووچ بەری بە پێکەنینەکەی خۆی گرت و بە کوڵەبزەیەک کورتی کردەوە و دەسبەجێ وتی:

ــ بوورینی حکوومەت! هەه! کە من خۆم ئەخەمە جێی حکوومەت بۆم دەرئەکەوێ ناتوانم گوڵمحەمەدی سەردار بکەم بە یەکی وەکوو جیهەن‌خانی سەرەخسی، سەید شەرزای توربەتی یان... نەورۆزبەگ. ناتوانم بڕوای پێ بکەم. کە وا بوو بە قازانجی خۆمی ئەزانم ئاگرەکەی گوڵمحەمەد بکوژێنمەوە، بەر لەوەی بە تەواوەتی بتەنێتەوە. بەڵام بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرەش، ئەبێ ڕێگەیەک بدۆزمەوە. ڕێگەیەک! باشە، چی لەوە باشتر کە چیرۆکی بوورین و لێخۆشبوونی بۆ بهێنمە ئاراوە؟ هەرچەن کە ئەم فێڵەم پێشتر لە دەیان گوڵمحەمەد کردبێ!

ــ کە وا بوو... تۆ لەو بڕوایەدای کە داوە؟!

بەلووچ دەسبەجێ وتی:

ــ هەر دوو سەری!

ــ ئالاجاقی... ئەو چی؟!

ــ ئەویش!

ــ باشە ئەی ئەو بۆ خۆی تێکەڵ کردووە؟ بۆ ئەیەوێ بوورین بۆ ئێمە وەربگرێ؟ ئەو... خۆ خۆت ئەزانی دارونەداری ئێمە لە هەمارەکانی ئالاجاقی دایە. ئەی ئەو کارە چۆن ئەبێ؟!

بەلووچ وتی:

ــ نێوانی من و تۆ چەنێکە؟ باڵێکیش نابێ، وایە؟

ــ وایە!

بەلووچ وتی:

ـ نان و نمەکم خواردووی گوڵمحەمەد؛ دستم بشکێ و زمانم لاڵ، بەڵام... بەڵام ئەگەر بڕیار بێ هەر ئەمشەو لاکەلەکەی گوڵمحەمەدی سەردار هەڵبدڕێ، کام دەست لە دەستی من لێی نزیکترە؟!

بەلووچ بێدەنگ بوو. گوڵمحەمەدیش هەروا بێدەنگ بوو. بەلووچ خۆی لە وەڵامدا وتی:

ـ هیچ دەستێک!

پاشان بڕوا بەخۆ و بە گوتەی خۆی، بەلووچ خاچ ڕوانیە چاوەکانی گوڵمحەمەد و بێپەردە وتی:

ـ لایەنی جووتیارت ئەگەر گرتووە، ئەبێ لە ئاغەکانیان دوور بکەویتەوە گوڵمحەمەد خان!... کاتێکە خۆم ئەخەمە جێگەی تۆ، دۆست و دوژمنی خۆم لە شەو و ڕۆژ لەبەرچاوم ئاشکراترە؛ ئەگەر دوژمنەکەم دەستی لە ناو سفرەکەشمدا بێ... یانە منی بانگهێشتن کردبێ بۆ سەر سفرەکەی و من دەستم لە قاپەکەی ئەودا بێ.

ـ ئەوە ئەڵێی چی قوربان؟! هیچت سەبارەت بە ئێمە و ئالاجاقی بیستووە؟

ـ پێویست ناکا ببیسم، بۆ خۆم دیومە!

ـ چیت دیوە؟

ـ ئالاجاقیم دیوە!

ـ لەم بابەتەوە شتێکی وتووە؟

ـ نەک لەم بابەتەوە، شێت بووە مەگەر؟

ـ ئەی چی؟

بەلووچ ئەهوەن بوویەوە و پاشان، وەک بڵێی گوتەی تازە ئەکاتەوە وتی:

ـ ئەمشەو چووبووی بۆ سەنگرد. بۆچی چووبووی؟ ئەو کارە ناوی ڕاپەڕاندنی جووتیار و ڕەشاییە! ماوەیەک بەر لەمە ئیستوار عەلی ئەشکین و جەندەرمەکانت کوشتووە و گوێی زیندووەکانیشت

بڕیوە و بەڕێت کردوونەتەوە بۆ هێزی جەندەرمە؛ بەمە ئەڵێن ئاژاوە، دوژمنایەتی حکوومەت! ئەمەش یەکەم و دواین نەبووە. خان نایبی قۆچان، ئەزانی ئەو کێ بووە کە سەری خۆی بە بڕین داوە لە جەنگی دژی گوڵمحەمەدی سەرداردا؟!

بێ ئوقرە و داگیراو، گوڵمحەمەد ڕابوو، چۆخەکەی دا بە شانی‌دا و کەوتە هەنگاونان بە بەردەم کۆڵەکەکانی بەرهەیوان‌دا، بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە بەلووچ کە هەروا لە سەر جێی خۆی دانیشیبوو:

ــ بڕۆ بخەوە، بەلووچ!

بەلووچ هەڵسا، بەڵام نەڕۆیشت. لە سەر جێی خۆی ڕاوەستا تا گوڵمحەمەد بە درێژایی حەوشەکەدا تا بەر پلیکانەکانی باڵەخانە ڕۆیشت، لەوێ هەڵوەستەیەکی کرد، پاشان بە ڕێگەی خۆی‌دا گەڕایەوە و لووتی تەقی بە لووتی بەلووچەوە لە بەرامبەری‌دا وەستابوو:

ــ ناخەوی، مەگەر تۆ؟!

بەلووچ ڕوانیە خاک و خامۆش بوو. گوڵمحەمەد وتی:

ــ قسەیەکی‌ترت پێیە؟

بەلووچ وتی:

ــ نەم ئەویست بت شەڵەژێنم سەردار!

گوڵمحەمەد کەوتەڕێ وتی:

ــ من نەچووبووم بۆ سەنگرد جووتیار ڕاپەڕێنم. من ڕۆیشتبووم هەق لە ناهەق وەربگرمەوە!

بەلووچ کە خۆی گەیاندبوویە لای گوڵمحەمەد، پیرانە بزەیەکی کرد و وتی:

ــ هەق! هەق و ناهەق!

گوڵمحەمەد خاوی کردەوە و بە سیلەی چاو لە بەلووچ مۆڕ بوویەوە:

ــ پلارمان تێ ئەگری؟!

بەلووچ لەترسی ئەوەی تووڕە بوونەکەی گوڵمحەمەد تێکی بدات، ڕووی گوتەکەی ساخکردەوە و بێ پەردە وتی:

ـ ئەم ململانێیەی تۆ گرتووتەتە بەر سەردار، ڕەگ و ڕیشەی لەم قسانە قووڵترە. ئەبێ کارەکە یەک لایەنی بکەیتەوە لەگەڵ خۆشت و لەگەڵ خەڵکیش. من بە ئەندازەی تێگەیشتنی خۆم و بە ڕادەی زانیاری خۆم دڵنیگەرانم! با بێ پەردە قسە بکەین گوڵمحەمەد خان. زۆر مانگ و ساڵە بەم ئاشکراییە لەگەڵ کەس نەدواوم!

ـ ئەتەوێ بڵێی چی؟!

جارێکی‌تر بە بەردەمی ستاردا تێئەپەڕین. بەلووچ وەڵامی دایەوە:

ـ هەندێ کەس ڕاسپێرە دەوروبەر و کارەکان هەڵسەنگێنن. ئاگرێکت لەم مەڵبەندەدا هەڵگیرساندووە، بزانە ئەتەوێ چی بکەی بەم ئاگرە؟!

گوڵمحەمەد لە ناو خۆیدا و داگیراو وتی:

ـ من هەڵم نەگیرساندووە، هەڵگیسێنرا!

ـ وایە، هەڵبەت. هەڵگیرسێنرا. بەڵام ناو و نیشانی تۆی پێوەیە ئەم ئاگرە! ئەتەوێ چی پێ بکەی؟ دەوروبەرەکەت کەم نین. ئەو کەسانەی کە ئاگرەکەی تۆ بخەنە ماڵی خەڵکەوە و لەم ماڵ گڕتێبەربوونەدا، خودی گوڵمحەمەدیش بسووتێنن!

لای بەهاربەندەکە گوڵمحەمەد وەرگەڕا و لە بەلووچ مۆڕ بوویەوە و پرسی:

ـ ئەگەر تۆ ئەیانناسی ناویان بێنە؟!

دەسبەجێ، بەلووچ وتی:

ـ بوندار، بابقولی بوندار! نموونەی ئەم کەم نین!

ـ قسەکانی خانمحەمەد ئەکەیتەوە؟! بوندار لە سایەی سەری منەوە دەوڵەمەند بووە!

ـ ئائەمە! ئەمە خۆی بەس نییە؟ هەر ئەمە خۆی بەس نییە بۆ ئەوەی تا ئەو نیگەرانی ئەو ڕۆژە بێ کە تۆ بتەوێ ئەو داراییەی کە پێت داوە لێی وەربگریتەوە؟! "سەری بڕاو دەنگی نایە!" نەت بیستووە؟

گوڵمحەمەد هەروا خێسەی لە ناوچەوانی بەلووچ بوو و وڕ و دڕدۆنگ لە سەر جێگەی خۆی وەستابوو و هیچ گوتە و وشەیەکی بۆ وتن لە مێشکی خۆیدا نەئەدۆزییەوە. بەلووچ وتی:

ــ جا خۆت ئەزانی!

دوور، وشک و سارد، وەک بڵێی ئەوە گوڵمحەمەد نییە قسە ئەکا، لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ئەزانم... خۆم ئەزانم!

بەلووچ بە ئەنقەست و بۆ ئەرخایەنی لێی پرسیەوە:

ــ بچم بخەوم، من؟

گوڵمحەمەد هیچی نەوت و دەنگی بەلووچیش نەبیسرا، نە بە گوتە و نە بە هەنگاو. گوڵمحەمەدیش هەروەها ئاوڕی نەدایەوە بۆ ئەو شوێنەی هەر ئێستە بەلووچی لێوەستابوو. پاشان هەناسەی پەنگ خواردووی بەرەڵڵا کرد و دەستی برد بۆ یەخەی چۆخەکەی، نیگای بڕییە بەرامبەری خۆی. شەو و دیوار و ئاسمان و ئەستێرە، مانگ خەریک بوو ڕووی وەشێرێ. دیسانەوە بان و دیوار و ئاخوڕ و ئاژەڵ و سەرا. شەو و ماڵ و گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد وەستابوو لە میانەی شەو و دڕدۆنگیدا. دوودڵ و ناباوەڕ؛ دڵ نابەدڵ.

ڕووت و ئاشکرا، هەر قسەیەکی بەلووچ نەشتەرێک بوو ژەهراوی کە شوێن شوێنی گیانی گوڵمحەمەدی بریندار کردبوو. بە گفت و گوتەی بێباکانەی خۆی هەموو ئەو شتانەی کە گوڵمحەمەد تا ئەم کاتە بۆخۆی دروستکردبوو و سازی دابوو، تێک و پێکدابوو ئەم بەلووچە. قوربان بەلووچ، ئەو پیاوەی کە گوڵمحەمەد چەندین بار لە لای خۆی هەلیسەنگاندبوو، چۆن ئەیتوانی ئەو پیاوە بێ؟ ئەی ئەوە کێ بوو لە دەروونی قوربان بەلووچدا کەوتبوویە ئاخافتن؟ ئەم "ئەو"ە لە کوێی گیانی بەلووچ خۆی لە بن دەمامکدا شاردبوویەوە تا ئەم کاتە؟ بۆچ لەم کات و لەم دەمەدا دەنگی هەڵبڕیبوو و کەوتبوویە دوو؟ سەیر لەوەدا بوو کە نووکی ژەهراوی هەموو وشەیەکی بەلووچ بەجێ و بە نیشانە لە گوڵمحەمەد کاریگەر ببوو

و ئەو شتەی کە ئێستە گوڵمحەمەدی ئەشەڵەژاند، ڕاشکاوی تاڵی گوتەی بەلووچ نەبوو، بەڵکوو تێکشکاندنی ئەو باوەڕانە بوو کە لە پێشەوە بۆخۆی دروست کردبوو. بەچ جەربەزە و بەچ مەبەستێک، قوربان بەلووچ بەو جۆرە بوێرانە دەمامکی لە ڕوخساری خودانکارانی خۆی، بوندار و ئالاجاقی، هەڵماڵیبوو. دزێویی ڕوومەت و ناخی ئەوانی بۆ گوڵمحەمەد ئاشکرا کردبوو؟ چی ئەویست بەلووچ لەم پەردە دڕاندنە؟ بە دوای چ سوودێکدا ئەگەڕا لەم ڕاشکاوییەدا کە ئەیتوانی خودانکارانی ڕسق و ڕۆزی ئەو بکا بە دوژمنەکانی؟ کێ بوو ئەم قوربان بەلووچە؟

«قوربان قۆچ؟!»

لەپڕ، وەک ئاگری تێبەربووبێ، گوڵمحەمەد بە دەور خۆیدا سووڕا و لە بەلووچ مۆڕ بوویەوە. بەلووچ، هاوتای شەو، هەروا لە جێی خۆی ڕاوەستابوو. گوڵمحەمەد لێی چووە پێشەوە و پرسیارێکی ڕاساو لە هەموو گیانیدا، لە بەرامبەر بەلووچ ڕاوەستا.

ــ پرسیارێک، گوتەیەک لە بیر چووبوو، سەردار؟

گوڵمحەمەد بە دڵنیایی ئەوەی سەبارەت بە بەلووچ لە خۆیدا دیبوویەوە و ناسیبووی بە ڕوویەکی کراوە و شەپۆلی شەوق و دڵەخورپە لە ژێر پێستیدا و مەشخەڵێک لە نیگایدا، وتی:

ــ ... شێروان، کێوەکانی شێروانە!... ساڵانی جەنگ، تا ساڵی بیست و چوار! گومەزقابوو؟! ئەفسەرەکان. ئەو ئەفسەرانەی لە گومەز تیاچوون! قۆچ... قوربان قۆچ... بیستبووم لە پیادەرەویدا هاوتات نییە! ئەرێ؟ قسە بکە دەی! بۆ خۆت لە من ئەشاریتەوە؟ لە من بۆ ئیتر، قوربان؟ دڵم... دڵم پێی وتم بە ڕاستی گوتەی تۆ بڕوا بکەم. قوربان؛ قوربان قۆچ!

لە بێدەنگی خۆڕاگرانەی بەلووچدا، گوڵمحەمەد دەستی بۆ هەنیە و ئەو بەشەی کاکۆڵی لە بن کڵاوەکەیەوە کەوتبوویە دەرەوە، برد و بە پێکەنین و گاڵتەی خۆمانەوە وتی:

ــ ئەی شاخەکانت کوانێ قوربان؟! ها... قوربان قۆچی خۆمان؟!

دەنگی بەلووچ کپ و گڕ، وەک لە گەروویەکی تینووەوە بەرز بوویەوە:

ــ بەیانی زوو، من هەڵئەسم و ئەکەومە ڕێ. بەر لە تاوکەوتن، گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ تۆیش ئەمەوێ لەوێ بی، ڕۆژی دیداری جیهەن!

بەلووچ وتی:

ــ هەم... مسۆگەر!

گوڵمحەمەد، شادمان لە هەر نیگا و گاڤێکیدا، لە کەنار شانی بەلووچەوە بەرەو دیوەخان کشا و بەلووچ لەبەرامبەریدا وەستا و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی پرسیاری ستار بکات، وتی:

ــ وشیار و بەزیپکە: کەسایەتیە!

ستار بیستنی ئەوەندەی بەس بوو. بەلووچ تێپەڕی و چووە ناو دەرگانەی میوانخانە و پرسیاری کرد:

ــ تۆ چی؟ ناخەوی؟!

ستاریش هەر بەو جۆرە کپ و ئارام، وەڵامی دایەوە:

ــ پێموانییە ئەمشەو بۆ ئەوە بشێ مرۆڤ بخەوێ!

بەلووچ لە میوانخانەوە وتی:

ــ من ئەبێ چاوێک گەرم بکەم. ڕێگەیەکی دوورم لەبەرە، بەیانی.

ستار سەر و ملی بەرەو دەرگای میوانخانە وەرگێڕ و بە بێ ئەوەی پشتی لە دیوارەکە بکاتەوە، وتی:

ــ بەڵێنی خەوی خۆش بە خۆت مەدە ئەمشەو، ئەوەندەت نەزانی هاتەوە بۆ گیانت!

لە کاتی ڕۆیشتنی ستاردا، دەنگی بەلووچ بە قۆشمەیی بیسرا کە وتی:

ــ هاوڕێکەت زۆر خراپ خۆی تووش کردووە!

ستار بە قەراخ دیوارەکەدا، لەژێر هەیوانەکە، ئارام و بێدەنگ کەوتە ڕێ. گوڵمحەمەد، خانئاپۆ و خانمحەمەدی بانگ کرد بۆ حەوشە

و سێ پیاو، لە نزیک پلیکانەکانی باڵەخانە کەوتنە وتووێژ. ستار وای دانا گوڵمحەمەد پەیامەکان لەگەڵ کەسانی خۆی باس ئەکات. ستار بیمێنێ بۆ بەر دەرگای دیوەخان، گەڕایەوە و درێژەی بە ڕۆیشتن دا.

دیوەخان، چۆڵ ببوو. ماراڵ ڕۆیشتبوو و عەبدۆس کەوتبوویە باوێشک دان و ئەبوا بیر لە خەو بکاتەوە. بانوو پاش خڕکردنەوەی سفرە ون ببوو و کازمە شەلیش دیار نەبوو. لە ناو هۆدەکە مابوویەوە بڵقیس و بەگمحەمەد. تاوێکیتر لە هاتنەدەرەوەی عەبدۆسدا، خانئاپۆ، خانمحەمەد و گوڵمحەمەد چوونە ژوورەوە. خانمحەمەد و خانئاپۆ دانیشتن و گوڵمحەمەد بەڵام هەر بە پێوە چاکەی لە دەست بڵقیس وەرگرت و پێی وت جێگەی خاڵۆ عەبدۆس لە میوانخانە ڕابخات. بڵقیس لە دەرگا چووە دەرەوە و گوڵمحەمەدیش چاکەی خواردەوە، پیاڵەکەی دانا و چووە دەرەوە و بەرەو کەردوو و ئاخوڕی ئەسپەکان چوو.

بڵقیس کە جێگەی بۆ براکەی ڕاخست، لە میوانخانە هاتە دەرەوە و بەرەو دیوەخان بە بەردەم ستاردا تێپەڕی کە ئەویش سەری بۆ دانەواند. بەڵام بەر لەوەی بچێتە ژوورەوە، گوڵمحەمەد بانگی کرد:

ــ دایە!

بڵقیس بە دەنگەکە وەرگەڕا و بەرەو گوڵمحەمەد چوو. گوڵمحەمەد نزیک شانی قەرە، لای ئاخوڕەکە وەستابوو. بڵقیس چووە بەرەوە و لە نزیک گوڵمحەمەدەوە وەستا. گوڵمحەمەد بە شەوقەوە ڕوانیە دایکی، بەو شێوەیەی کاتی هاتن لێی ڕوانیبوو. بڵقیس قۆڵی چۆخەکەی گوڵمحەمەدی گرت و بە دڵنیگەرانیەوە پرسی:

ــ دیسان چی بووە؟ چیتان لە پێشە؟ شەو بۆ چووی بۆ سەنگرد؟ بۆ ئارام ناگری گوڵمحەمەد؟

گوڵمحەمەد دەستی کردە ملی دایکی و لە کاتێکا بڕۆی ماچ ئەکرد، وتی:

ــ دڵم زۆر بۆت تەنگ ببوو، دایە!

دەرفەتێک بۆ ئەوەی بڵقیس چنگ بکات بە کاکۆڵی کوڕەکەیدا و هەنیەی بگووشێ بە بەنی دڵیدا:

ــ ئای... گوڵمحەمەدەکەم!

ــ زیوەر چۆنە، دایە؟

ــ بەس تۆی کەمە. زۆر بەجێی مەهێڵە. گەرمی بکەرەوە جارجارە!

گوڵمحەمەد شانی ڕاست کردەوە، نیگای لە دایکی دزییەوە و وتی:

ــ دڵم بۆی تەنگ بووە، ژنمە. ئەمەوێ بیبینم. خۆشم ئەوێ. هەندێ جار هەست ئەکەم تەواوی دنیام خۆش ئەوێ. ئائێستە دەمێکە لەو دەمانە!... سەیری قەرە بکە؛ چاوت لێیە چەندە شەنگە؟! چەندە ڕام و مل بەکوێن و چەندە هەڤاڵی ڕێگەیە! دڵم لە خۆشیان ئەسووتێ. لەم سینگەی مندا نازانم لەبری دڵ چی لێئەدا؟! سەیرکە چۆن کلک ڕائەوەشێنن مینەگەکان؟ شەو چەند پاکە، وامەزانە بایەک هەبووبێ و ڕۆژی کوێر کردبێ! بڕۆین دایە... تۆزێک لە لای ماراڵ دانیشین. وەکوو شتێک ئەتویست شتێک بڵێی؟

ــ تۆ چی گوڵمحەمەد؟ دەمێکەیە ئیتر لەگەڵ من نادوێی؟

دەستی گوڵمحەمەد هەروا لە سەر شانی دایکی بوو و بڵقیس لە کاتی ڕۆیشتندا شەلینی نەرمی قاچی کوڕەکەی بە غەمێکی بە ئازارەوە، هەست پێ ئەکرد. لەم کاتەدا بەڵام لە نزیکی کوڕەکەیەوە، غەم و شادی لە دڵی دایکدا تێک ئاڵابوون، بە بێدەنگیەکەوە کە جیهانێکی هەژاوی لە ناخدا بوو. بەو ڕادەیەی کە بڵقیس لە سەرکەوتنی پلیکانەکانی باڵەخانەدا، ئەوەندەی کە دەستی گەرمی گوڵمحەمەدی بە سەر شانی خۆیەوە هەست پێ ئەکرد، ئامادە نەبوو ئەو خامۆشیە بەشکۆیە لەگەڵ هەموو گوتەکانی دنیا بگۆڕێتەوە.

ماراڵ کوڕەکەی خەواندبوو و ئەوا خەریک بوو کەزیە و پرچی لە بن سەرپۆش ڕزگار بکات. کەزیەی بەرهەڵدا کردبوو و ئەیویست

دوگمەکانی کراسەکەی بکاتەوە کە سەرەتا بلّقیس و پاشان گوڵمحەمەد هاتنە ژوورەوە. گوڵمحەمەد بە لای بلّقیسدا بەرەو مارالّ چوو و لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا، لە پشت شانی هاوسەرەکەیەوە وەستا و دەستی هێنا بە قژی مارالّدا، تۆزێ ئالّۆزاندی و بە بلّقیسی وت:

ــ چاوت لێیە دایە؛ هەورێشمی چینە!

پاشان لەوپەڕی سادەیی و ڕاستگۆییدا ئاوڕی لە بلّقیس دایەوە و وتی:

ــ ژنەکەم ژنی چاکە، دایە! زۆر باشە!

گوڵمحەمەد منالّەوە ببوو. ڕەنگە لە بەر ئەوەی دەمێکە بوو دەرفەتی بینینی دایکی پەیدا نەکردبوو. ڕەنگە لەو ڕووەوە کە بنەماڵەی پۆشتە و پەرداخ و لە ئاسایشدا ئەبینی. ڕەنگە بە هۆی گەڕانەوەی عەبدۆس، یان زاڵبوون بە سەر نەجەف ئەرباب و حاجی خورسوفیدا؛ یان ڕەنگیشە دۆزینەوە و ناسینەوەی قوربان بەلووچ بەو جۆرە شادمانی کردبوو؟ چ جایە هەموو ئەمانە و لە هەمان کاتدا هیچکامیشیان! چونکە یەک "دەم"، ساتێکی پێوار و نەزانراو، بە بێ ئەوەی بیبینی یان بیزانی، ئەتوانێ مرۆڤ بگۆڕێ و بەراوەژووی بکات. بەڕادەیەک ئەتوانێ شادمانی پێ ببەخشێ کە کرداری، ڕاستگۆیی و سادەیی ڕەفتاری منالان وەربگرێ. هاندەر خۆی پیشان ئەدا و دیار نییە، بەلّام ساتەکان هەن و "دەم"ەکانی ئەو هەلّچوونە هەن. ئەو سات و چرکانەی کە مرۆڤ لە پۆش و بەرگی سالان ڕزگار ئەبێ، ئازاد ئەبێ، رووت و گیانی خۆی سەربەست ئەکا هەتا وەکوو سەرچاوەیەکی زەلاڵ هەڵقوڵێ و ڕەوان ببێ بە سەر هەموو لایەنەکانی بوون و ژیاندا.

بەو جۆرە بوو لەم کاتەدا، گوڵمحەمەد. وەهای لێهاتبوو. کات دەرفەتە. ئەو پیاوەی کە بە تەواوی لە جەنگەڵی ململانێی ساتەکان و ڕۆژەکان و مانگەکاندا ئاوارە و سەرگەردانی تێپەڕ بوونی بەند بەندی دژوارییەکاندا بوو، ئەوا ئەتوت منالّیی خۆی دۆزیوەتەوە و دەرفەتی لێوەرئەگرێ. بۆیە بە خراپی نەئەزانی و ڕەخنەی لە خۆی نەئەگرت

ئەگەر ئارەزووەمەندی ئەوە بوو بۆ تاوێک سەر لە سەر ڕانی دایکی دابنێ؛ چاوی ببەستێ و گفتی خامۆش. یان لە شادمانی دایکانەی بڵقیسدا، دەست بکاتە ملی خاتوونەکەی بە خۆشەویستی و لە بەر چاوی بڵقیسدا دابنیشێ، بە نیشانەی ستایشی بوون.

ــ دانیشە، دایە گیان!

بڵقیس، ماراڵ و گوڵمحەمەد دانیشتبوون. دەنگ بەس دەنگی نەرمەناسەی مناڵەکە بوو و هەنگاوە قورسەکانی کابرای کێشک لە سەر بانی باڵەخانە کە لە هاتوچۆیەکی ئەهوەندا بوو. ئەو دەنگەی کە ماراڵ، زیاتر لەوانیتر، دەمێکە بوو خووی پێوەگرتبوو:

ــ دەنگی پێی مرادە، پووری گیان!

گوڵمحەمەد بە ڕووی ماراڵدا پێکەنی و بڵقیس لە تەوسی وشەی ماراڵ تێگەیشتبوو. بەرەو نەوەکەی خزا، دەستی نەوازشی بە کاکۆڵی مناڵی خەوتوودا هێنا و وتی:

ــ ئاخرەکەشی ناومان نەنا کۆرپەکەم!

گوڵمحەمەد پەنجەی لە پێچی کەزیەی ماراڵدا، پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە و، ماراڵ ئارام و ڕام دانیشتبوو و بە دەستەکانی خەریک بوو تەقیلەیەکی کوڕانەی گوڵدۆزی ئەکرد و ئەنەخشاند. گوڵمحەمەد لە درێژەی گاڵتە و گەپی شەوانەدا، بە دایکی وت:

ــ پیرەمێرد عەیبدار نەکەی، دایە!

بڵقیس بەڵام وا دیار بوو دەماخی گاڵتەی نییە. چونکە دایک هەرچەند ڕام و بە ڕاستی خامۆش بوو، بەڵام لە خۆفدا بوو. دڵنیگەران و پەرۆش بوو، بەو جۆرەی دایکان وان؛ تەنانەت لەوپەڕی پێگەیشتوویی و شکۆمەندی مناڵەکانیاندا. نیگەرانی ئەوەن کە ژیان لە بن دەستی ڕۆڵەکەیدا سەری دانەنەواندووە و، نیگەرانن کاتێکیش کە ژیان ئاشتیخوازە و کڕنۆش بۆ ڕۆڵەیان ئەبات. دایکان نیگەرانن؛ نیگەرانی ڕۆڵەکانیان، نیگەرانی بوون و نەبوونیان. بڵقیس نیگەران بوو. لە خۆشی خامۆشی خۆیدا، لە ئارام و ئاسایشی ژیاندا، نیگەران بوو. بۆیە نەی ئەتوانی دەم بخاتە دەم گەپجاڕیی کوڕەکەی، هەرچەند

بە دڵ حەزی لە شادی و خۆشزمانی و قۆشمەیی لە گوڵمحەمەددا بوو و ئارەزوومەند بوو بۆ گوڵمحەمەد و حەزی لێی بوو. بەڵام نیگەران بوو. نیگەرانی بەردەوامی ئەم شادی و گاڵتەیە. نیگەرانی ئەم ساتە، نیگەرانی بوون و نەبوونی ئەم دەمە:

ـ پەیامی چی هێنابوو، بەلووچ؟

بڵقیس دەستی بەرز و بەتوانای خۆی کردبوو بە کۆڵەکە و لە سەر بەڕەکە دایتابوو، ڕووی بەرەو گوڵمحەمەد وەرگێڕابوو و وەڵامی ئەویست. گوڵمحەمەد ئەبوایە وەڵامی دایکی، بە پوختی و نەک بە ڕەمەکی بداتەوە. بۆیە ئەوەی لە بەلووچی بیستبوو سەبارەت بە جیهەن، بوندار و ئالاجاقی، بە ڕوونی بۆ بڵقیسی گێڕایەوە و لەو کاتەدا، دەستی برد بۆ بەر پشتوێنەکەی. کیسەی گوارەکانی دەرهێنا، کردیەوە و گوارەکانی ماراڵی خستە ناودەستی، لە بن نیگای هاوسەرەکەی‌دا ڕایگرت و بەدایکی وت:

ـ گوارەکانیشی بۆم ناردۆتەوە. تا ئێستە بیانووی ئەهێنایەوە کە نازانێ لە کوێ دایناوە! بگرە ماراڵ، هەڵیگرە!

گوارەی ئاشنا. ماراڵ گوارەکانی خۆی لە سەر دەستی شووەکەی هەڵگرت و وەک بڵێی ئەیەوێ بچووکترین ئاڵقە و کونگرەشی سەیر بکات، گرت بەبەر ڕۆشناییەکەوە، بە بێ ئەوەی بیەوێ شادی و گەشکەبوونی خۆی لە شووەکەی و بڵقیس بشارێتەوە. ڕاستەکەی گوڵمحەمەدیش زۆر لەوە شادمان بوو کە گوارەکانی ژنەکەی گەڕاوەتەوە و نەی ئەتوانی لە سەیرکردنی نیگای خۆڕاگر، بەڵام پڕ لە شەوق و خۆشی ماراڵ خافڵ ببێ.

بڵقیس بەڵام تووش و گیرۆدەی ئەندێشەیەکی‌تر بوو. ئەو لەوە شادمان نەبوو کە گوارەکانی بووکەکەی گەڕاوەتەوە، یان بە گوتەیەکی‌تر، لە بارمتە هاتۆتە دەرەوە. بە بینینی گوارەکان نەک هەر بە شادی نەپشکووت، بەڵکوو زیاتر تێکچڕژا و وردتر ئەگەر لێی بڕوانیایەتی بە ئاشکرا گرێی ناوچەوان و گووشرانی لێوەکانی و نیگای مۆڕی لە گوڵی بەڕەکە بەرچاو ئەکەوت. ئەو کاتەش کە کۆڵەکەی

دەستی ئازاد کرد و شانی دا بە دیوارەکەوە، بێدەنگیە شادمانەکەی چاو و ڕوخساری مارالٚ و گوڵمحەمەدی داگرتبوو بە تاڵی بڕی و وتی:

ــ نانەکەت لەگەڵ جووتیارەکە بەش ئەکەیت، بەڵام شێوت لە سەر سفرەی ئاغەوات ئەخۆی؟ زۆریش بەمکارەت دڵخۆشی؟ ئەریٚ؟!

گوڵمحەمەد سەیرێکی دایکی کرد و بەر لەوەی سەرسووڕمانی خۆی بە زمان دەرببڕیٚ، بڵقیس بە هەمان ساردی و قورسی درێژەی بە قسەکەی دا:

ــ نانی دەوڵەمەند مەخۆ، گوڵمحەمەد! نانت پیٚ ئەدەن و ناوەکەت ئەدزن، کوڕم. پشتیوانی دوژمنەکانیان ئەکەیت و دەست ئەخەیتە ناو دەستیان؛ ئەمە چ شێوازێکە ئاخر؟! بۆ کویٚ ئەچی؟ بۆ کوێت ئەبەن؟ ها؟ هەواڵی پڵاو خواردنت لە باخی ئالاجاقی لە ناو خەڵکی بیابان‌دا بڵاو بۆتەوە. ئەمە چ شێوازێکە گوڵمحەمەد کە تۆ گرتووتەتە بەر؟ لە سەر دەست بەرزت ئەکەنەوە، بەڵام نەک بۆ ئەوەی لەو سەرە ڕات بگرن، کوڕم. لە سەر دەست بەرزت ئەکەنەوە بۆ ئەوەی بتکوتن بە عەرزا، دایکەکەم. چاوم ئەترسیٚ، گوڵمحەمەد! ئەترسم، کوڕم!

گوڵمحەمەد کە لە کاتی ئاخافتنی بڵقیس‌دا سەری داخستبوو و لە بن کاریگەری قسەکانی‌دا دەماری هەنیە و چینی قەراخ چاوەکانی هاتبوونەوە یەک و هەڵوەستەی دڕدۆنگیان تێزابوو، بە هەمان شێوە سەری بەرز کردەوە، ڕوانیە بڵقیس و وتی:

ــ ئەم ئەشکەنجەی دڵەخورپێیە هەمیشە لەگەڵ تۆ هەبووە، دایە! بۆ نیگەرانی لە خۆت دوور ناکەیتەوە؟ تووڕی دە. لە خۆتی دوور بخەرەوە ئەم ئەشکەنجەیە!

ــ دڵم ئەڵیٚ. دڵم وام پیٚ ئەڵیٚ کوڕم. دڵم لەگەڵم ئەدویٚ. تۆ گەورە بوویت، چاوی پیس بەژێر پام. باڵات سەوڵ و دەستەکانت بەخشندەیی. ودمت چاکە و شەقاوت ڕێژەنە؛ بەڵام... بەڵام من دڵم ئەلەرزیٚ، گوڵمحەمەد. بەخێڵەکان، چاوی بەخێڵ کوێر! نامەویٚ پێتەوە بدەن. ناشمەویٚ تۆ بە مرازی دڵی ئەوان ببینم. ناوبانگی

گوڵمحەمەد، زۆر کەس هەن پێیان خۆش نییە. خەریکی پاڵ بە داراکانەوە ئەنێی. جەماوەر ڕوویان لە تۆیە و ئەمە ئاغەکان لەبەریان گرانە. جەماوەر گوتەی ڕاستی خۆی لە لای تۆ ئەڵێ، سکاڵای خۆی ئەهێنێتە لای تۆ. دادی خۆی لە دەستەکانی تۆ وەرئەگرێ. زۆر کەس ئەم شتانەیان لە بەر گرانە. داراکان بەخێڵن، حەزیان لە درەوشانەوەی ناوی تۆ نییە. چاو و دڵی من ئا لەم شتانە ئەترسێ!

ـ جارێ خۆ ئەوا خەریکن بوورینم بۆ وەرئەگرن!

ـ کێ ئەیەوێ ئەو کارەت بۆ بکات؟ ئالاجاقی؟!

ـ ئەو ویستوویەتی؛ بە سەد هەزار تمەن!

ـ کەمی هێناوە ئالاجاقی؟! ئەوەی بە ئەمانەت لە لای داتناوە بەسی نییە؟ ئەیەوێ بەر لەوەی سەرت بە بڕین بدا، سەد هەزاری تریشت لێوەرگرێ؟!

رق و نەفرەت لە گوتەی بڵقیس‌دا شەپۆلی ئەدا و بڵقیس ئەم هەستە ڕۆشنەی خۆی لە گوڵمحەمەد نەئەشاردەوە. گوڵمحەمەد بەڵام نەی ئەتوانی بەیەکجار خۆی بدا بەدەست ئەو داوەرییەی دایکیەوە. بۆیە وتی:

ـ ئەوەی لە لای دامناوە ئەمانەتە!

تەوسێک لە سەر ڕق و نەفرەتەکەی، بڵقیس وتی:

ـ ئەمانەت؟!

ـ ئەی چییە ئەگەر ئەمانەت نییە؟!

بزەیەکی تاڵ لە سەر لێوانی، بڵقیس وتی:

ـ ئەمانەت! ئەی لەو وشە سەیرە! شەریکی دز و هاوڕێی کاروان!... ئالاجاقی... ئالاجاقی!

ـ واتە تۆ ئەڵێی ئالاجاقی خەیانەت لە ئەمانەت‌دا ئەکات؟!

بڵقیس بێ هەوا دەستەکانی ڕاوەشاند. بەری دەستی کوتا بە تەوێڵی‌دا و سەری بە درێخەوە ڕاوەشاند و وتی:

ـ من هیچ نازانم، کوڕە سادەدڵەکەم. هیچ نازانم، هیچ نازانم... نازانم! لە بیرت چووەتەوە ئالاجاقی گوارەکانی ژنەکەتی

لەبری دە یان بیست تمەنی بێ بایەخ لێ گل دایتەوە؟ مرۆڤ، هەڤاڵ و دۆست و کەسی خۆی لەکاتی تەنگانەدا ئەناسێ، گوڵمحەمەد! ئالاجاقی هەمان ئەو کەسەیە کە سەری خەڵکی بێتاوانی لە سەر سفرەکەی بڕی و بەناوی دز باری کەری کرد و ناردی بۆ حکوومەت! ساڵی قات و قڕییەکە! ئەو چەن پیاوە لە دنیا بێئاگایە، بۆ کڕینی گەنم چووبوونە بەر دەرگاکەی. کێ تاوانی وا ئەکات لە سەر سفرەکەی خۆی؟ لە ماڵی خۆی؟!... غەوارەی لە دنیا بێئاگای بێچارە؟!... مرۆڤ هەر ناتوانێ بیریشی لێ بکاتەوە!

گوڵمحەمەد هەڵسایە سەر چۆک، شانی بۆ پێشەوە نووشتانەوە و چاوی بڕییە چاوە داخراوەکانی دایکی و پرسی:

ــ دەباشە... تۆ ڕێگەیەک بخەرە بەر پێم!

بڵقیس وتی:

ــ هەر ئەوەندەت پێ ئەڵێم هەمووی هەر دەست و دڵت مەخەرە کار؛ تۆزێکیش مێشکت بخەرە گەڕ!

گوڵمحەمەد سەر و شانی کشاندەوە و بێدەنگ بوو. ئەوەی کە ئەبوایە لە بڵقیسی ببیسێ، بیستبووی. بە باشی زانی لەوەی کە هەبوو، زیاتر درێژی نەکاتەوە. هیچی واشی پێ شک نەئەهات لە وەڵامی دایکیا بیڵێ. بڵقیس هەموو بۆچوونەکانی خۆی لە ماوەی ئەو خولەدا کە گوڵمحەمەد یاخی ببوو لە کورتترین وشەدا بە کوڕەکەی وتبوو و کوڕەی خستبوویە تەنگژەی دادوەری ڕاشکاوانەی خۆیەوە. جا هەر وەڵامێک لە لایەن گوڵمحەمەدەوە با بوو و بێهوودە بوو. بۆیە گوڵمحەمەد زیرەکانە تێگەیشت واباشترە زمان لەو وتووێژە بپارێزێ و بچێتە سەر خاڵێکیتر. ئەوەی کە بڵقیس لە کاتی گەڕانەوەیدا ئەمازەی پێکردبوو. ئەنجا بە دوای بێدەنگیەکدا کە بڵێی بیر لە قسەکانی بڵقیس ئەکاتەوە، گوڵمحەمەد جارێکیتر ڕوانیە دایکی و لێی پرسی:

ــ پێش نانخواردن وابزانم ئەتویست شتێکم لەگەڵ باس بکەی. چی بوو ئەو شتە؟

بڵقیس نەک وەک ساتێک لەمەوبەر کە زمانێکی زاڵ و لێبڕاوی هەبوو، بەڵکوو بە نەرمی و مڵبەکوێن وتی:

ـ ئەمەوێ ڕووت لێ بخەم. ئەگەر بەڵێنم پێ ئەدەی ڕووم ناخەیتە زەوی، پێت ئەڵێم!

گوڵمحەمەد نیگای لە ناوچەوانی دایکی، خامۆش بوو و بڵقیس لە بەر ئەوەی نەکا لەم ئاڵوگۆڕەدا بدۆڕێ، نیگای لە گوڵمحەمەد دزییەوە و چاوەڕێی کرد. ماراڵ سەیری دایک و فرزەندی ئەکرد و وا دیار بوو ئاگای لەو شتە هەیە کە بڵقیس ئەیەوێ باسی بکات و چاوەڕێیە بزانێ چی ڕوو ئەدات. گوڵمحەمەد هەروا ڕامابوو و بە مایەیەکی سەرسووڕمانی پێوار و پرسێنەر، بێدەنگ بوو و بڵقیسیش بەر لەوەی لەو بێدەنگیە نەوازەدا کە کەوتبوویەوە ببەزێ، سەری هەڵێنا و بە بێ ئەوەی بڕوانێتە چاوەکانی گوڵمحەمەد، پرسیەوە:

ـ بەڵێنم پێ ئەدەی؟!

گوڵمحەمەد بزەیەکی دڕدۆنگ بە سەر لێویەوە، بە جۆرێک کە ماراڵ بە شایەت بگرێ، تێی ڕوانی و لە وەڵامی بڵقیس‌دا وتی:

ـ بەڵێنی چی ئاخر؟! چۆن بەڵێن بدەم سەبارەت بە شتێک کە ئاگام لێی نییە؟ بەم جۆرە داوام لێ ئەکەی مێشکم بخەمە کار و دەست و دڵم لەکار ڕابگرم؟ جگە لەوەیە خۆت لە سەر ئەمە ڕەخنەم لێ ئەگری؟ ئەوسا خۆت ئەتەوێ مێشکم بخەمە لاوە و بەدڵ بڕیار بدەم؟ چۆن بەڵێن بدەم سەبارەت بەو بابەتەی کە نەیزانم؟

بڵقیس بە کوڕەکەی وت:

ـ خۆ من نەموت دڵت لە کەست درێخ بکە؛ من وتم دڵت مەخەرە بن پێی دوژمنەوە!

ماوەیەک و پاشان وەک بڵێی بڵقیس لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بووە، بە پێکەنینێک لە ڕوخساری‌دا، وتی:

ـ ئێستە تۆ بەڵێن بە دایکی خۆت بدە کە ڕووی ناخەیتە زەوی! بەڵێنم پێ بدە!

ماراڵ قۆڵی گوڵمحەمەدی گرت و بزواندی:

ــ دە شتێک بڵێ ئیتر!
گوڵمحەمەد کە بیلبیلەی چاوەکانی ئەتوت دڵ دڵیانە، لەپڕ وتی:
ــ بەڵێن؛ بڵێ!
بڵقیس لە نیگای پەرێشانی گوڵمحەمەددا لە چاوە شۆخەکانی مارالدا کە لەوی ئەڕوانی و پێکەنینێکی شیرین لە گۆشەی لێوەکانی بوو، پێشوازی هەواڵەکە، وتی:
ــ شێرۆ! شێرۆی خوشکت هاتۆتەوە!
گوڵمحەمەد بەس توانی جارێک چاو بترووکێنێ و ئیتر توانای هیچ کاردانەوەیەکی نەما و هەر بەو جۆرەی بەر لەمە لە ڕوخساری ماتی بڵقیسی ئەڕوانی، مایەوە. بڵقیسیش دەرفەتی کاردانەوەی بە گوتە، یان تەنانەت بە لەش و ڕوخسار بە گوڵمحەمەد نەدا و وتی:
ــ ئاوارەیی بەسە بۆی، سەرگەردانی بەسە بۆی. کچەکەم... ئەمەوێ کچەکەم لە لای خۆم بێ. داوات لێ ئەکەم نەهێڵی براکانت ئازاری بدەن. یان ڕووی بدەن بە عەرزا. ئەو پەنای بۆ خۆمان هێناوەتەوە؛ هاتۆتەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆی!
ــ لە کوێیە... ئێستە؟
ــ هەتا بەڵێنم پێ نەدەی، جێگەکەیت پێ ناڵێم.
گوڵمحەمەد بە بێ گوێدانە ئەو بەڵێنەی بە دایکی دابوو، دەنگی هەڵێنا:
ــ لێرەیە؟! لە قەڵامەیدان؟!
هەر بەو هێوری و لەسەرخۆییە، بڵقیس وەڵامی دایەوە:
ــ ئا، لێرەیە. بەڵام تەنها من شوێنەکەی ئەزانم. پێم بڵێ چی ئەکەی؟! شێرۆ خوشکتانە. کچی تاقانەمە. ڕووی لە ماڵە باوانی خۆی کردۆتەوە. ئەیەوێ لە پەنای براکانیدا بێ. ئەڵێی چی؟ تۆ... چی ئەڵێی گوڵمحەمەد؟
شەکەت و وەک بڵێی چەماو، خامۆش و گیرۆدەی خۆی گوڵمحەمەد پرسی:

ـ باوکم... کەلمیشی هەڵوێستی چی بوو؟

بڵقیس ئامادەی بیستنی ئەو پرسیارە، دەسبەجێ وەڵامی دایەوە:

ـ گرنگ نییە کە کەلمیشی چۆن لەگەڵی جووڵاوەتەوە! من ئەوم برد بۆ هەوارگە پیشانی باوکتی بدەم. کوڕی مەلا مێعراج بۆ من و -تەنها بۆ من- هەواڵی هێنا کە شێرۆ قەڵاچیمەنی بەجێ هێشتووە و لای ئەوانە. شێرۆ داوای بینینی منی کردبوو و منیش چووم بۆ ڕەوەندی مەلا مێعراج و هێنام بۆ ئێرە؛ بۆ لای تۆ! تۆ ئێستە جێگری باوکتی و بڕیار بڕیاری تۆیە. بڵێ بزانم ئەتەوێ چی لە کچەکەم بکەی؟

گوڵمحەمەد نەک لە تووڕەییدا، بەڵکوو بە هۆی شەکەتی هەواڵەکە، واز و حەزی وتووێژ لەگەڵ بڵقیسی لە خۆیدا بەدی نەئەکرد. بۆیە بە بێ گوتە، نەرم و غەمگین ڕابوو و لە کاتێکا شاقەلی چۆخەکەی وەکوو باڵی شکاوی هەڵۆیەک بە دوایدا ئەکشا، لە دەرگا چووە دەرەوە و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ «دیسانەوەش! دیسانەوەش گیروگرفت! با بزانم ئەوانیتر چی ئەڵێن!»

بڵقیس بە ئاخێزێکی چالاک، گوڵمحەمەدی لە ناو دوو تای دەرگاکەدا ڕاگرت:

ـ من یەکەمجار ئەم قسەیەم بە تۆ وتووە گوڵمحەمەد، نەک بە براکانت! بەوان بڵێ، پێیان بڵێ، تێیان بگەیەنە من ئەمەوێ کچەکەم لە لای خۆم بێ. من ئەمەم لە تۆ گەرەکە، گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد ئاوڕی لە دایکی نەدایەوە و وەک بڵێی خۆفێکی لێ نیشتبێ، لای کەوشکەنەکە بای دایەوە، بە پەلە بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە، لە کاتێکا شەلینەکەی زیاتر بەرچاو ئەکەوت، بەرەو ژوورەکەی خانئاپۆ و ئەوانیتری لێ دانیشتبوون و دەنگی قاقا و گەپیان ئەو ناوەی داگرتبوو، ڕۆیشت. بڵقیس ویستی بە دوایدا بڕوات، بەڵام ئاوڕی دایەوە و ڕوانیە ماراڵ و وەک پەنای بۆ ببات، گەڕایەوە

ژوورەکەی باڵەخانە. چۆکی نا بە چۆکی ژنەوە و بە پاڕانەوەیەکی دەردمەندەوە کەوتە پاڕانەوە لێی:

ــ تۆ... تۆ مارالّەکەم، برازا ئازیزەکەم، تۆ ئەبێ کارێک بکەی بۆ کچەکەم، کچۆڵەکەم. من ئەمەوێ شێرۆ لە ناو خۆماندا بێ. شێرۆم، شێرۆ زۆر چاکەی بۆ تۆ بووە، مارالّ. بەڵێنم پێ بدە بووکە جوانەکەم. ئەرخایەنم بکە لایەنی شێرۆ بگری. شێرۆ، شێرۆی منیش وەکوو تۆ ژنە، وەکوو تۆ. شێرۆش بۆ من وەکوو تۆیە، مارالّ. شێرۆش... کچەکەم... شێرۆ... شێرۆ...!

بلّقیس خۆشی نەی ئەزانێ چی ئەکات و چی ئەڵێ. هەر ئەوەندە دیار بوو بە سەر ئاگرەوەیە. ئوقرە لە بەر بڕاو و شەڵەژاوە. مارالّی لە تاسانی بێدەنگیەکەیدا بەجێ هێشت و ڕابوو. ناخودئاگا بە دەوری خۆیدا ئەسووڕایەوە و دەستی ئەدا بە دەستیدا، لە دەرگای باڵەخانە چووە دەرەوە. نا ئومێد لەوەی کە مارالّ داواکاری و لالانەوەکەی بیستبێ، لێی وەرگرتبێ و بە دوایدا دەرکەوێتە دەرەوە، بە هیوای کارئاسانی، هەنگاوێک هەڵبگرێ:

«خۆزگە لەدایک نەبوایەتی بلّقیس!»

بلّقیس فانۆسی هەڵگرت، چوو بۆ هەمار و شێرۆی بانگ کرد:

ــ وەرە دەرەوە کچە بەخت ڕەشەکەم!

دەستی لە دەستی بلّقیسدا، شێرۆ لە پەنای کەنووی ئاردەکە هاتە دەرەوە. لە بەر ڕووناکی کزی فانۆسەکەدا ڕاگیرا بۆ ئەوەی بلّقیس بەچاوە تاسەبار و غەمگینەکانی لە بینینی تێر بخواتەوە. تۆزی ئارد لە سەر جلە شڕەکانی شێرۆ نیشتبوو و ڕوخساری داتەکاوی داپۆشیبوو. بلّقیس داوێنی کراسە کۆن و شانەکانی کچەی تەکاند و بە لۆی سەرپۆشەکەی تۆزێ لە ڕوومەت ۆ برژۆڵەکانی شێرۆی سڕییەوە. جارێکیتر سەیری کردەوە بەڵکوو نیشانەیەک لە کچەکەی خۆی، بەو جۆرەی لە بیری مابوو، بدۆزێتەوە. بەڵام ڕاستەکەی ئەم شێرۆیە، یەکی دی بوو. بەبالاّ بەرز و، بە گۆشت و بار، لەڕ و لاواز وەک قالۆرە. ئێسکەکانی ڕوومەتی دەرپەڕیبوون و بن گۆناکانی بە

هۆی گوشارێکی دەمارگیرانەوە کە پێ ئەچوو هەمیشەییە، قوپابوون. لێوە ناسکەکانی لێک لکابوون و توێژێکی وشکەڵاتووی لەمێژینە دایپۆشیبوون، بەو جۆرەی کە ئەتوت ساڵەهایە تەڕایی ماچێکی نەچەشتووە. برۆکانی تیژ، چاوەکانی بەقووڵاچوو کە تۆزێک خوار خۆیای ئەکرد، تێکشکاویی ڕوخسارە گەنجەکەی پتر پیشان ئەدا. هەروەها، بڵقیس ئەگەر دڵ و دەروونی ئەوەی هەبوایە بە چاوی ڕەخنەگر بڕوانێتە کچەکەی، ڕووت و ئاشکرا ئەیتوانی ئێسکەکانی شێرۆ لە بن سەرشانی کراسە کۆنەکەیەوە دەرپەڕیبوو و مەمکەکانی ئیتر، نە خڕ و قوت، بەڵکوو داشۆڕاو و چ جایە ساف و تەخت خۆیای ئەکرد، ببینێ. پەنجەکانی ڕەقەڵە و وشک و زبر، لە قولێک گزیچار ئەچوون بە دەستی دایکیەوە، تاوێک لەمەوبەر.

بڵقیس جارێکیتر فانۆسەکەی بەرز کردەوە بۆ تەماشای کەسمی نامۆی کچەکەی لە بەر ڕووناکی بەخێڵی تیشکەکەدا، بەڵکوو دڵی ئۆخەی لێ بکەوێ. بەڵام ئەم نیگایە تەواو نەبوو، چونکە شێرۆ دڕدۆنگ و دڵ بەگومان ڕووی وەرگێڕا و بە ناباوەڕییەوە ڕوانیە بڵقیس. ئەمکارەش ئەوەند کتوپڕ و بێ ئەڤان و خێرا ڕووی دا کە بڵقیس لە تەرێقی و شەرمدا، دەست و فانۆسی داگرت، بازووی شێرۆی توند گرت و بەرەو دەرگاکە بردی. گیرۆدەی ڕەفتاری ناشیانەی خۆی، هەمیش بۆ لادانی ئەندێشەی دڵێشاوی شێرۆ، وتی:

ـ ئەڕۆین... بە هیوای خوا! بەڵکوو بەزەیی بێ بە دڵیاندا، بە هیوای خوا!

مارالّ هاودڵ و هاوزمانی پوورە بڵقیس، چوو بۆ ژووری دانیشتن و چاوەڕوانی هاتنی بڵقیس و شێرۆ، سەرنجی دابوویە کاری پیاوەکان. لە بن چاوەوە سەیری ئەکردن و گوێی تیژ کردبوو ئەگەر یەکێک شتێک ئەڵێ، بیبیسێ و مەبەستەکەی ئەوە بوو بار و دۆخەکە هەڵسەنگێنێ. بەڵام وا پێ ئەچوو تۆزێک درەنگ بووە. چونکە لەو ساتەوە ئەو هاتبوو، هەر هەموو بێدەنگ و خامۆش ببوون. ڕەنگە گوڵمحەمەد لە وشەیەک زیاتر بە مام و براکانی نەگوتبوو:

ـ «شێرۆ... هاتووە!»

بێدەنگی. پیاوەکان سەریان خستبوویە ناو شانیانەوە و چاویان بڕیبوویە دەرگای هۆدەکە. خانئاپۆ بێباک و ڕاشکاو، خانمحەمەد بە چاوی ڕقاوی و، بەگمحەمەد هەڵچوو و ڕاساو. لە هەموان بێ ئوقرەتر هەمان ئەو بوو، بەگمحەمەد.

بڵقیس و شێرۆ لە ناو دەرگاکە وەستابوون، شان بە شان. شێرۆ سەیری شوێنێکی ڕۆشن و دیاریکراوی نەئەکرد و لە بن گوشارێکی توندی تووڕەیی، بەس نێوان برۆکانی چاڵێکی قووڵی تێکەوتبوو. بڵقیس بەڵام چاوەکانی ئەگەڕان و وەک تەوارێکی بە هێرش لە قووڵایی چاوەکانیەوە باڵی کردبوویەوە و لە حەوای ناو ژوورەکەدا، فڕەی ئەکرد.

لە بێدەنگی ترسێنەر و خۆف ئەنگێزی پیاواندا، ماراڵ ڕابوو و بە بێ ترس و خۆف، ڕاست بەرەو دوو ژنەکە چوو. چاوی بڕییە ناوچاوی شێرۆ و بە ڕووی کراوەوە بەخێر هاتنی کردن:

ـ بەخێر هاتی!

شێرۆ هەرچەند نەیتوانی بە لێو بکەوێتە گۆ، بەڵام بە کەوتنە بەرچاو و چاوی لە چاوەکانی ماراڵدا، لێو و پێڵووەکانی تەزێکی نائاشکرایان پیا هات. تەزێکی سووکایەتی و شەوق. نیگای ڕۆشن و شەنگ و بەپیرەوەچووی ماراڵ بەڵام نەیتوانی ئاوازی ترپەی دڵی شێرۆ ئارام بکاتەوە و ئوخژنی پێ ببەخشێ. ڕادەی نائارامی شاراوەی شێرۆ بە هۆی لێدانی ڕەگی دەرپەڕیوی لاجانگەکانیەوە ئاشکرا و خۆیا ئەبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانەش شێرۆ ئەبوایە شەڵەژانی شێتانەی دەروونی خۆی لە بێدەنگی کوشندەی کەسانیدا، بە یارمەتی هەموو هێز و وزەی تاو بهێنێ و خۆی بە سەر پێوە ڕابگرێ؛ هەرچەندە هەموو تیرێژێکی نیگا و ڕوخی کەسانی شێرۆ وەکوو هاڵاوی بڵێسەی ئاگری ئەژدیها بوو بۆ سووتانی ئەو نەمامە نەوژەیە کە ناوی شێرۆی لێنرابوو. چونکە شێرۆ جگە لەمە هیچ دەروویەکی شک نەئەبرد و هیچ ڕێگەیەکیشی نەئەناسی. تاوهێنان و دیسانەوەش تاوهێنان،

هەرچەند لە ئەشکەنجە و ئازاردا، هەرچەند لە ئاگردا. ئەم بێدەنگیە کوشندەیە خۆ نەی ئەتوانی وەرجاوەند بێ! بەجۆرێک و بە شێوەیەک هەر تێک ئەشکا ئەم بێدەنگیە.

ـ نەء!... ناتوانم، ناتوانم!

بەگمحەمەد یەکەمین کاردانەوەی بە کردەوەی دانیشتوان بوو. بەزیوی گیانی شەڵەژاو و هەڵچووی خۆی و وەڕەز و بێزاری ئەو تەنگانەیەی تێی کەوتبوو. گیرۆدەی ڕقێکی کوێر لەوەی بڵقیس پیشانی دابوو، لە گیر و گازی شەرمی هەبوونی مام و براکانیدا، قفڵی زاری بە نەڕڕەیەک کردەوە و وەک حەوادانی بەردێک لە قەڵماسک فڕکەی کرد و بەرەو دەرگا چوو. ئەوەندە لەپڕ و ئەوەندە خێرا کە ئەوانیتر لە ترسی ئەوەی لەپڕ شێت بووبێ و بیەوێ پەلاماری شێرۆ بدات، هەڵبلۆقانەوە و ئاخێزیان کرد.

بەگمحەمەد، بەڵام نەک بە مەبەستی پەلاماردانی شێرۆ، بەڵکوو بۆ چوونە دەرەوە و دەربازکردنی دڵی لە قەفەسەی تەنگی سینەی، بەر لەوەی شێت ببێ، فڕکەی کردبوو.

لە چەقی ناو دەرگاکەدا، دەستەکانی شێرۆ لەپڕ کرانەوە و وەکوو دوو باڵی بازێک هاتنە خوارەوە بۆ سەر بازوانی تۆکمەی براکەی، بە بێ ئەوەی شێرۆ توانای ئەوەی هەبێ ڕاتەکاندنی بەهێزی براکەی ڕابگرێ. چونکە تەنها تەزێکی بەهێز و شێتانە ئەیتوانی بۆ ساتێک جەوانی کەلمیشی ڕابگرێ و لە جێی خۆیدا وشکی بکات و ناچاری بکات لە وەڵامی خوشکیدا، چاو ببڕێتە ناوچاوی شێرۆ. چونکە چاوەکانی شێرۆ لەم کاتەدا نیشانی نیگایەکی بریندار، ڕق ئەستوور و بەهێزیان پەیدا کردبوو کە لە ناخی کچەوە هەڵئەقوڵا بۆ داگیر کردنی هەموو تووڕەیی گیانی بەگمحەمەد. هەڵچوونی گیانێکی سەرپڕی ڕەنج و ئازار، لە بەرامبەر سروشتێکی جەوان و خاودا. باڵاترین وزە. هەر بۆیەش بوو بەگمحەمەدی کەلمیشی بۆ ساتێک تووشی بار و دارەتێکی سەمەرە بوو. لە تەنگانە و بێ دەرەتان وەها گرفتار ببوو خۆشی نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات؟ ڕاستیەکەی

ئاوەز لە مێشکی فڕیبوو و وزە لە لەشی.

ــ من بۆ خەنەبەندانی زەماوەنەکەی تۆ هاتووم، کاکە برا!

شتێک مرد. شتێک ڕوا. برژۆڵی وشک بووی چاوەکان لێک سوان و زۆری پێ نەچوو چاوانی مۆڕەوە بوو و ناباوەڕی خوشک و برا سەریان نابوو بە سەر شانی یەکدییەوە و بە لەرزینی بێباکانەی شانەکانیان بۆ هۆی گریانی غەم و شادمانیەوە. دەستە گەورەکانی بڵقیس ئەوا بە پشتی ڕۆڵەکانیەوە، ئارەزوویەکی تاقانە بوو لە ئازار و شەوقدا، فرمێسک لە کالانەی چاوەکانی‌دا، لێوی بنەوەی بە ددان گرتبوو و ئەیکرۆشت.

هەر بەو توند و تیژییەی برووسکە و هەم بەو خێرایی و ناباوەڕییەی کە پەیوەند و موتوربەی دڵەکان ڕووی دابوو، لێک پچڕا و لە چرکەیەکی کورتتر لە چاوترووکاندن بەگمحەمەد یاڵ و بازووی لە دەستەکانی شێرۆ دەرهێنا، خۆی کشاندەوە و بە نەڕڕەیەکی ئاوێتە بە شیوەن، کەسی خۆی لە خۆی دوور خستەوە و هەڵات بۆ بەرهەیوان و بیسرا وەک جوانەگا ئەیبۆڕاند و ئەگریا و هاواری ئەکرد:

ــ نەء... نەء! نەم ئەویست... نەم ئەویست کە بتبینم! نە... خوا لەحنەتم لێ بکا؛ ئەی خوایە گیان...

لە نیگای گوڵمحەمەددا، خان‌ئاپۆ بە جنێودان ئاخێزی کرد و بە بێ کەمترین گرنگیدان بە شێرۆ کە لە قەراخ چوارچێوەی دەرگاکەدا دانیشتبوو، لە دەرگا چووە دەرەوە و بە تووڕەییەکی زۆرەوە گوڕاندی بە سەر بەگمحەمەددا کە هەنیەی نابوو بە شانی ئەسپەکەوە و ئەگریا:

ــ ئارام بگرە، گیانەوەر! دێوی بێ شاخ و کلک ئەم شەپۆڕەت لە چییە؟ ئارام بگرە!

خۆی گەیاندە بەگمحەمەد، چنگی گیرکرد لە شانی و هەر بەو شپرزەییە وتی:

ــ ئەڵێی چی ئیتر! ڕاوەستە با سەرت بشۆم. گڕت گرتووە. کوانێ ئاو؟ ئەو دۆڵچەی ئاوە بهێنە، هۆی...

کەس جگە لە ستار، لەو ناوە نەبوو دەنگی خانئاپۆ ببیسێ. هەڵات و دۆڵچەی ئاوەکەی لە قەراخ جەنجەڕی بیرەکە هەڵگرت و بە بێ ئەوەی پەتەکەی لێ بکاتەوە بەرەو خانئاپۆی برد کە بەگمحەمەدی لە قەراخ بیرەکە دانابوو و ملی بەهێزی جەوانی لە ناو دەستەکانیدا ڕاگرتبوو. ستار بە دۆڵچە ئاوی کرد بە سەر بەگمحەمەددا و خانئاپۆ چنگی لە پرچی جەوان وەردا و لە بن ئاوەکەدا قژ و کاکۆڵی فرەی بەگمحەمەدی ئاڵۆسکاند، تێکی وەردا و پاشان بردییە لایەکەوە، پاڵی دا بە بەردی بیرەکەوە و خۆیشی لە کاتێکا بە دەست بە ستاری ئەوت بڕوات، کەوتە گفتوگۆ لەگەڵی:

ــ ئەوە ئەهێنێ؟! ئەوە ئەهێنێ ئاخر؟!

ستار گەڕایەوە شوێنی خۆی لە بەرهەیوان لە کاتێکا خانئاپۆ هێشتاش خەریکی شێلانی دەمارەکانی شان و ملی بەگمحەمەد بوو. بڵقیس کە بە دوای بەگمحەمەددا هاتبوویە دەرەوە، چووەوە ژوورەوە. ستار هێشتا لە سەر جێی دانەنیشتبوو کە بڵقیس جارێکیتر هاتەوە دەرەوە. بەرەو بەردی لای بیرەکە چوو و لە نیوەی ڕێ گەڕایەوە. پێیەکی لە دەرەوە و پێیەکی لە ژوورەوە بوو، بڵقیس. دڵێکی لەگەڵ شێرۆ و دڵێکی لەگەڵ بەگمحەمەد. ستار دایکی ئەبینی کە لەم هاتوچۆیەدا، لەم دڵ بە دوو کوتەوە کردنە و لەم گێرە و کێشە غەمبارەدا خەریک بوو ئەتوایەوە. نە کارێکی بۆ ئەکرا و نە ئەیتوانی شتێک بڵێ. بۆیە گێژ و حەپەساو و دەردەدار وتی:

ــ خۆزگە هیچکامتانم نەبوایە!

بڵقیس ئەوا لە چەقی ناو دەرگاکەدا وەستابوو و گرێی نیگای بڕیبوویە گوڵمحەمەدەکەی. خامۆش لە ناو دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو. بە لێو خامۆش بوو و بەس سەیری گوڵمحەمەدی ئەکرد. گوڵمحەمەد چاوی لە دایکی دزییەوە و بە پرسەوە ڕوانیە برا گەورەکەی خانمحەمەد. خانمحەمەد وەک قالاوێک لە سەرمای ناو لق و پۆپدا کز بووبێ، سەری خزاندبوویە ناو سینگی. تەنانەت لە نیگای پرسێنەری براکەی تێنەگەیشت. لووتی باریکی قنج ببوو و دەمارەکانی لاجانگی لێی

ئەدا. گوڵمحەمەدیش چووەوە ناو خۆی. خامۆش و داگیراو بە بێ ئەوەی چاوی لەکەس و لە شتێک بێ. قورسایی سەرمای زستان ئەتوت جەوی ئەو ناوەی خستۆتە ناو چنگی بێدەنگی خۆیەوە. لەم خامۆشیە ڕچاو و پڕ لە سووکایەتیەدا، بڵقیس خۆی پێ ڕانەگیرا. لەپڕ بە ڕق و پەلامارەوە هەنگاوی نایە پێشەوە و لە بەر نیگای لەرزۆک و ترساوی مارالدا، لە ناو ژوورەکەدا، زاڵ بە سەر کوڕەکانیدا ڕێک ڕاوەستا و بە دەنگێک کە بە ئاشکرا ئەلەرزا و لە ڕقا گڕی گرتبوو، وتی:

ــ بۆ هەروا دانیشتوون و چاوتان بڕیوەتە گونتان؟!... بۆ بوون بە بەرد؟!... بۆ لاڵ بوون، پیاوەکانی من؟! ئەمە شێرۆیە!

لەگەڵ ناوی شێرۆ، بڵقیس کە هەروا خۆگر و بەباڵا ڕاوەستابوو وەک لە عەرز ڕوابێ، سووڕێکی دا، دەستی کشاو و پیاوانەی بۆ لای شێرۆ ڕاداشت. ئەوی پیشانی کوڕەکانی دا و وتیەوە:

ــ شێرۆیە، ئەمە! خوشکتانە، کچەکەی من! نایناسنەوە؟!... ڕەنگە لە بەر ئەوەی بووە بە قالۆرەی وشکەڵاتوو؟! ها؟ لە بەر ئەوەی کە پیر بووە؟! ئەرێ؟... سەیری بکەن! دە سەیری بکەن!

لەم کاتەدا، بڵقیس لە ناو ئاگری ڕق و لەخۆ بوونەوەدا بە دوو هەنگاو بەرەو شێرۆ چوو، چنگی دایە شانە لاوازەکانی کچەکەی و وەکوو بەرخێک ڕایکێشایە ناوەڕاستی ژوورەکە. هەروا لە سەر چۆک و کۆڵەکەی دەستەکانی ڕایگرت، شانی دانەواند و دەستی دایە بن چەناگەی. سەری بەرزکردەوە، لە بەر چاوی براکان ڕایگرت و بە تووڕەییەکی دژوارترەوە نەڕاندی بە سەریاندا:

ــ سەیری بکەن! جوان سەیری بکەن؟! بەسی نییە؟! بەسی نییە؟! گۆشت بێت و پێوەی نەماوە. قژی سپی لە سەریدا پەیدا بووە. لە جەوانیدا پیر بووە؛ ئیتر چیتان لێی ئەوێ؟ ئەتانەوێ ببێ بە چی؟ ئەتانەوێ جوانەمەرگ ببێ؟ ئەتانەوێ زووخاو کوژی بکەن؟ ئەمە کچی منە؛ خوشکی ئێوەیە! ئەمە شێرۆیە! چی کردووە؟ چی کردووە مەگەر؟ جگە لەو کارانەی ئێوەش هەر کامتان بە شێوەیەک کردووتانە؟ ها؟ بۆ زمانتان لکاوە بە مەڵاشووتانەوە؟ بۆ؟... لانیکەم، قسەیەک

بکەن پیاوەکانم! دە شتێک بڵێن، دەی! جنێوێکی پێ بدەن، لێی دەن! جنێو بە من بدەن، بە من جنێو بدەن! بە من، بە دایکتان! من بدەنە بەر قامچی! من، من کە شیرم پێداون! پرچەکانی من ببڕن، ڕووی من ڕەش بکەن، من! من کە شیرم داوە بە شێرۆ!... چین؟ ئێوە چین؟ بەردن؟ ئەرێ، بەردن؟!... ئاسکۆڵەیەک پەنای بهێنێتە بەر ڕەشماڵەکەتان، دوو تەڵ گیا ئەخەنە بەری. دەستێک ئەهێنن بە سەریدا. سەیرێکی ئەکەن و بزەیەک ئەکەوێتە سەر لێوانتان. سەیری یەکدیتان ئەکرد و شادمان ئەبوون. کەچی کچەکەی من، خوشکەکەی خۆتان، نرخی ئاسکۆڵەیەکی ڕەمیویشی نییە، ئەی گورگینە؟!

خانمحەمەد بالای بەرزی ڕاست کردەوە، هەڵسا، بە ڕق و تووڕەیی هەزارەکانەوە کە ڕەنگی ڕوخساری سپی هەڵگەڕاندبوو و نیگای هەڵۆی هاویشتبوویە چاوەکانیەوە. لووتی کشاو و باریک و لێوەکانی ئەتوت دادووراون. ڕەگەکانی هەر دوو لای ملی دەرپەڕیبوون وەک شووڵی گزیچار و، نەشی ئەشاردەوە کە لەوە ئەترسێ نەتوانێ بەر بە تووڕەبوون و بەدزمانی خۆی بگرێ و زمانی هەڵبپچڕێ، دەستەکانی بکاتەوە و کار لە کار بترازێ. بۆیە بە مەبەستی چوونە دەرەوە، بەرەو دەرگاکە چوو، بۆ ئەوەی ڕۆحی تووڕەی خۆی لەو تەنگانەیە دەرباز بکات و بیباتە دەرەوە.

بڵقیس، بەڵام گۆڕابوو و ڕاوەستابوو تا کارەکە بخات بە لایەکدا، ئەگەر بە نرخی ڕژاندنی خوێنی خۆیشی بووبێ. هەرچەند هەموو خوێنێک تەنها لە دڵی ئەو ئەڕژا. بۆیە لە یەکەم هەنگاوی خانمحەمەددا، بڵقیس دەستەکانی کردەوە، سینەی نا بە سینەی کوڕەکەیەوە، ڕایگرت و وتی:

ــ نەء! نابێ، کوڕەکەم! نەخێر، پیاوەکە! قسەیەک بکە. شتێک بڵێ! یانە بە شەپێک من لە سەر ڕێت لادە و هەڵمەدە سەر عەرزەکە!

نە بە شەپان دایکی خستە سەر عەرزەکە، خانمحەمەد و نە بە وەڵامێکیش شادمانی کرد. بەڵکوو دەستی دایە باڵی چەپی دایکی، ڕێگەیەکی بۆ خۆی کردەوە و بەرەو دەرگاکە چوو. شێرۆ

بەڵام نەیهێشت. خۆی دا بە سەر لاقی براکەیدا، دەستێکی ئاڵقە کرد بە دەور قاچیدا و بە دەستێکیتر خەنجەرەکەی بەرز کردەوە و لە نیگای واشەوەشی خانمحەمەددا ڕایگرت و بە بێ دڵۆپێک فرمێسک لە چاوەکانیدا، مەگەر ڕێڕێی وشکەڵاتووی فرمێسکی پێشووی، داوایکرد:

ــ بمکوژە! بمکوژە کاکە گیان! گۆشاوگۆش سەرم ببڕە! خوێنم حەڵاڵت! بمکوژە، بمکوژە. بمکوژن براکانم. خوێنم حەڵاڵتان، خوێنم حەڵاڵ، بمکوژن!

لەوپەڕی داواکردنی شێرۆدا کە لەپەسا بەرز ئەبوویەوە و بەهێز ئەبوو، هەروەها لەو بێدەنگیە ترسێنەرەی کەوتبوویەوە، لە دەرەوە و لە بن کۆڵەکەی هەیوانەکە، لە بن کارتێکردنی ئەو شتانەی ئەبیسرا، ستار چووبوویە ناو خۆیەوە، گرمۆڵە ببوو و توانای کەمترین بزووتنی لە خۆیدا بەدی نەئەکرد. وەک بڵێی لە ناو چنگی ترسێکی تەماراویدا[٢] ڕچابوو و ورد ببوو. ترس و غەم و ناباوەڕی.

ئەو لە کوێی ئەم زەمینەدا ڕاوەستابوو؟

لە ناخی ململانێیەکی پێوار کە ژەهری سەرما ئەیخزاندە مۆغرەی پشتی ستارەوە، گومانی ڕوودانی کوشتن، لەپڕ و بە زەبرێکی پڕتاو، خانمحەمەد پەڕییە ناو هەیوانەکە و، ستار لە کاردانەوەیەکی بێ ئەڤاندا ڕاژەنرا. سەری دای بە کۆڵەکەی هەیوانەکە، هاتەوە بە خۆیدا و بێباکانە چووە ناو چوارچێوەی دەرگاکە و لێیان مۆڕ بوویەوە. لە خانمحەمەدی نەمرچ لەمە زیاتر نەبینرا. چونکە کابرا، لە ناو شەو و چاوەکاندا ون بوو و ستار، وای ئەزانی کە ئەو خەنجەر و شێرۆ و دایکی فڕێ داوەتە لاوە و خۆی دەرپەڕیوەتە دەرەوە.

لە ناو هۆدەکەدا، ئەوا سێ ژنی لێبوو و گوڵمحەمەد.

گوڵمحەمەد لە قووڵایی هۆدەکەدا؛ بڵقیس، ماراڵ و شێرۆ لای دەرگاکە. شێرۆ هەروا لە سەر عەرزەکە بوو. بڵقیس ڕاوەستا بوو و ڕووی لە خاکی دیوارەکەدا ون کردبوو و ماراڵ بەچاو ئەپاڕایەوە.

٢ ـ تەمار: notion ناو قەرەنتو، تارمایی، تاپۆ، شەبەنگ.

بە ویست و گومانی مارالْ، لەپاش ئەو هەموو شیوەن و شەپۆڕە، گوڵمحەمەد ئەبوایە گوتەی کۆتایی بڵێ. بەڵام کابرا هێشتاش خامۆش بوو. مارالْ بە بێ ئەوەی چاو هەڵگرێ، خزایە بەرەوە و لە سەر بەڕەکە، بەرامبەری پیاوەکەی چۆکی دادا و لێی ڕاما. گوڵمحەمەد پاڵی بە جێوبانەکە و مشتی قووچاوی بە گۆنایەوە، نیگای لە بەردەمی بەرز کردەوە و چاوی بڕییە چاوی ژنەکەی. ئەو نەک بە گوتە، لێی ئەپرسی چی ئەوێ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ مارالْ نامۆ نەبوو، ژنە وتی:

ـ شێرۆ! ئەمەوێ شێرۆ لە لامان بمنێتەوە، گوڵمحەمەد! شێرۆ ئازیزە، شێرۆ ئەگەر نەبوایە... ڕەنگە من و تۆ قەت بەیەک نەئەگەیشتین. ئەمەوێ سوێندت بدەم. ڕازی بە شێرۆ لێرە بمێنێتەوە. شێرۆ هاوزمان و هەڤاڵێکی چاکە بۆ ئێمە. تۆ، هەر ئەو تەنها خوشکەت هەیە. زوڵمە. ئەمە زوڵمە کە خوشکەکەتان لە ماڵی خۆتان بکەنە دەرەوە. شێرۆ هیوایەکی‌تری نییە جگە لێرە، گوڵمحەمەد. بە ئومێدی ئێمە شووەکەی جێ هێشتووە و هاتووە. ماهدەروێش ئیتر شووی ئەو نییە. هاتنەوەی بۆ ماڵەوە، دەری ئەخات لە کار و کرداری خۆی پەشیمان بۆتەوە. داوای لێبوردن ئەکا. گوڵمحەمەد، ڕووی من، ڕووی دایکت، ڕووی خوشکت مەخەرە زەوی! من تەنها ئەم یەکجارە مرازت لێ ئەخوازم، گوڵمحەمەد!

بوغزی شێرۆ تەقیبوو و ئیتر نەی ئەتوانی بەر بە گریانی پەنگ خواردووی ناو سینەی بگرێ. پڕ بەدڵ دابوویە پڕمەی گریان و هیچ خەمی ئەوەی نەبوو تۆزقاڵێک لە دفرەی خۆی پاشەکەوت بکات. وای لێهات بڵقیس کە خۆی لە شەرم و تووڕەیی‌دا ڕووی لە کەسانی خۆی وەرگێڕابوو و لە سایەی دیوارەکەدا شاردبوویەوە، ناچار بوو بچێتە لایەوە، دابنیشێ و سەری کچەکەی بخاتە سەر کۆشی و ئەوەندە بە داماوی کە بەس خۆی ببیسێ وتی:

ـ خۆزگە تۆم نەبوایە، کچەکەم!

مارالْ پرسیەوە:

ـ ئا، گوڵمحەمەد؟
گوڵمحەمەد نیگای لە چاوەکانی ژنەکەی دزییەوە و وتی:
ـ ئەوان... ئەوان نازانم چی لێبکەم! براکانم، مامم!
ـ بە سەریاندا بسەپێنە، گوڵمحەمەد. قسەی تۆ، قسەی ئەوانە! بڕیاری ئەوان، بڕیاری تۆیە.
گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:
ـ وانییە!... بڕیاری من، بڕیاری ئەوانە!
تەواو. ئیتر لە شێرۆ مسۆگەر بوو کە هەوڵدان بێهوودەیە. گوڵمحەمەد دواین ئومێدی ئەو بوو و ئەم ئومێدە ڕای خۆی دەربڕیبوو. مانەوە ئیتر سارد بوو. شێرۆ ئیتر تەواو. بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ سەری لە سەر کۆشی بڵقیس بەرز کردەوە و بە ئاستەم هەڵسایە سەرپێ. بە ئاشکرا ئەلەرزی. نەمامی بی لە بەر با دا. سەرەڕای ئەوەش توانی وەرگەڕێ و لە دەرگا بچێتە دەرەوە.
لەبری شێرۆ و لە جێی شێرۆ بڵقیس دانیشتبوو. وەکوو ئەوەی ساتەکان وڕ و گێژ ببوون. هەروا مایەوە و بە چاوانی بێ باوەڕەوە ڕوانیە گوڵمحەمەدەکەی. گوڵمحەمەد خۆیشی دارەتێکی باشتری نەبوو. مارالێش. سێ ئادەمیزاد لەو کاتانەدا کە دۆزەخ تاو ئەدەن، بەرد و بەتاڵ ڕامابوون. بەرەنجام بڵقیس دەستەکانی نایە سەر عەرزەکە، بە دژواری هەڵسایە سەرپێ و وەک بڵێی لەگەڵ خۆی بێ وتی:
ـ پارچە پارچەم ئەکەن ئێوە، ڕۆڵەکانم؛ پارچە... پارچە... پارچە...
بڵقیس ماندوو و نائومێدی گفت و لە سەر ڕۆیشتن لە دەرگاکە چووە دەرەوە و تاوێکی‌تر دەنگی شکاو و گریاناوی لە ناخی شەوەوە بەرز بوویەوە کە بە دوای شێرۆدا، ناوەکەی پاتە ئەکردەوە:
ـ شێرۆ... شێرۆ... شێرۆکەم!
بەگمحەمەد و خانئاپۆ پاڵیان دابوو بە بەردی بیرەکەوە.
ـ شێرۆ... شێرۆ چی لێهات؟ چوو بۆ کوێ؟

هەمار و گەوڕ و ژوورەکان، هەموویان بێ شێرۆ بوون.

ــ شێرۆ... شێرۆ چوو بۆ کوێ؟

خانمحەمەد ژێر سکی ئەسپەکەی قەشاو ئەکێشا و شەو تاریک بوو.

ــ شێرۆ... کچم! ئای... کچم، شێرۆ! شێرۆ گیان!

مارال لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بڵقیسی بینی بە دوای شێرۆدا سەری ئەکا بە هەموو کون و قوژبنێکدا و نەک لە کەسێک بەڵکوو لە خشتی دیوار و داری دەرگا، نیشانی شێرۆ ئەپرسێ:

ــ من لێرەم شێرۆ... شێرۆ... کچم، من... دایکت خۆ لێرە بوو، شێرۆ! بڵقیس خۆ هێشتا بوو. خۆم ڕام ئەگرتی شێرۆ. زەلیلم مەکە، دایکەکەم. زەمینگیرم مەکە، کچم. شێرۆ... هۆ شێرۆ... لە کوێ ئەبێ بە دواتدا بگەڕێم شێرۆ؟ ئایش... شێرۆ... شێرۆ...

مارال و ئەو پیاوانەش کە لە حەوشە بوون، هەر کەسە و خۆی بە کارێکەوە خەریک کردبوو، دەنگی زنجیری دەرگاکە، دەنگی دەرگا و هەروەها دەنگی شکاو و جەخاراوی بڵقیسیان بیست کە لە کۆڵان بڵاو بوویەوە. بەڵام هیچ کەس -هەر کەسەش بە هۆیەکەوە کە خۆی ئەیزانی- نەیتوانی و نەیویست بە یارمەتی بڵقیسەوە بچێ. بۆیە بێدەنگی بوو و دەنگی بڵقیس بوو کە بەو نیوەشەوە بە کۆڵانەکاندا سەرگەردان ببوو و لەگەڵ شێرۆ ئەدوا:

ــ شێرۆ... شەوە شێرۆ. شێرۆ، منیش لەگەڵ خۆت بەرە، شێرۆ. شێرۆ، منیش وا لەگەڵتم، شێرۆ... شێرۆ، کچم شێرۆ... شێرۆ گیان... شێرۆ...

**بەندی دووەم**

ــ بۆچی نارۆن بخەون؟... بۆ بەو جۆرە بوون بە ئێشکگر؟ لانیکەم لاچن لە بەر چاوم!... ئێوە ئیتر وان لە کوێ؟... گورگانە!

گوڵمحەمەد لە دەرگاکە هاتبوویە دەرەوە بۆ بەرهەیوان، لای کۆڵەکەکە وەستابوو و بە شێوەیەکی ئاوێتە بە فریوخواردن و نەفرەت و تووڕەیی -نەفرەت لە خۆی و لەوانیکەش- بە ڕقێکی ئاوێتە بە پەژارەوە، ئەیبۆڵاند و ئەیگوڕاند:

ــ بڕۆن و سەرتان بنێنەوە، قوڕ بە سەری هەمووتان!... من خۆم ئەمشەو کێشک ئەگرم. کێشکی سەربان بگۆڕە، بەگمحەمەد! تۆیش خانئاپۆ، خانئاپۆ!

لەگەڵ هاتنە پێشەوەی خانئاپۆ، ماراڵ بڕنەوە زێوار زیوەکەی دا بە دەست گوڵمحەمەدەوە و خۆی بە پلیکانەکانی باڵەخانەدا سەرکەوت.

ــ خانئاپۆ، خانئاپۆ...

بەدەم وتنەوە و بە جۆرێک کە وشەکانی لە بن ددانیدا ئەجوویەوە، گوڵمحەمەد کەوتە ڕێ و لە کاتێکا هەوڵی ئەدا شەلینەکەی بشارێتەوە، خانئاپۆی بە دوای خۆیدا ڕاکێش کرد بەرەو ناودالانەکە و لەوێ وەستا:

ــ بڕۆ ئەو پیرەژن بەخت ڕەشە لە ناو ئەو کۆڵانانە بدۆزەرەوە و بیهێنەوە بۆ ماڵەوە. شێت ئەبێ، ئەزانم ئەو دایکەی من شێت ئەبێ.

لە ئێوە... بەقەد جۆیەک گەورەییم لێ داوا کردن. بە قەد جۆیەک! کێین ئێمە؟ چ خەڵکێکین؟!

خانئاپۆ بە دوای داواکەی گوڵمحەمەددا کەوتبوویە ڕێ. گوڵمحەمەد لە تاریکی ناودالانەکە ڕایگرتەوە و بە بێ ئەوەی بڕوانێتە خانئاپۆی، وتی:

ــ بەیانی زوو ئەبێ بکەویتە ڕێ و بچی بۆ لای ئەو ڕێویانە و تێبگەی بزانی چ نەخشەیەکیان بۆ کێشاوین.

خانئاپۆ لە دالانەکە هاتە دەرەوە و لە نزیک گوڵمحەمەدەوە وەستا. گوڵمحەمەد درێژەی پێدا:

ــ یەکەمجار ئەچی بۆ لای ئالاجاقی. ئەو خۆی تۆ ئەبا بۆ بینینی بەرپرسی جەندەرمە. باسی بوورینە. بزانە چ نوقڵ و نەباتێک لە بن ددانیاندایە! لەوێ، دەمت ببەستە و گوێت تیژ ڕابگرە. ئەبێ لە قسەکانیانەوە هەموو شتێک ساخ بکەیتەوە. جا بڕۆ!

خانئاپۆ ڕۆیشت و گوڵمحەمەد بە ڕێی خۆیدا گەڕایەوە و بەدڵی شکاوەوە وتی:

«خۆزگە ئەمتوانی جێگەیەکی چۆڵ دەسبخەم و تۆزێ بگریم!... ئای... دڵەکەی من!»

بەگمحەمەد کێشکی سەربانی گۆڕابوو، بەرەو کاکەی هات و وتی:

ــ تا من لەم دنیایەدام خان برا، ناهێڵم بۆ ساتێکیش کێشک بگری!

لە هەمان کاتدا کە ئەو بوغزە شین و جەخاراوییە چنگی لە گەرووی گرتبوو، گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی سەیری براکەی بکات، ددانی لە کیرەوە هێنا و وتی:

ــ ون بە لە بەر چاوم!

بەگمحەمەد کشایەوە بۆ ناو تاریکیەکە و گوڵمحەمەد بەرەو خانمحەمەد چوو کە خەریک بوو کۆتایی بە بیانووی قەشاوکێشانی ئەسپەکە ئەهێنا. لەوێ لە نزیک خانمحەمەد وەستا و بە بێ ئەوەی

سەیری بکات، وتی:

ــ من... من نازانم چی بە تۆ بڵێم، برا... برا!

خانمحەمەدیش سەری داخستبوو و توانای ئەوەی لە خۆیدا نەئەبینی چاو ببڕێتە چاوی گوڵمحەمەد و لەگەڵی بدوێ. گوڵمحەمەد، هەر بەو دارەتە درێژەی دا:

ــ بەیانی زوو خاڵۆ عەبدۆس هەڵگرە و لەگەڵ بڵقیس بڕۆ بۆ ڕەوەند. پاشان بڵێ بە سەبراو بێت بۆ قەڵامەیدان. کوڕەکەشت لەگەڵ سەبراو بنێرە ئەبێ ببینینم!...

لەگەڵ خۆی و ڕەنگە نە لەگەڵ براکەی، گوڵمحەمەد لە درێژەی قسەکەیدا وتی:

ــ «نازانم بۆچی ئەوەندە دڵم بۆ ئەم کابرا، بۆ سەبراو تەنگ بووە!... من ئەمشەو چیم بە سەر هاتووە؟!» لێرەدا جارێکیتر بە خانمحەمەدی وت:

ــ ...ئەوەی کە شێرۆ، خوشکەکەمان بەو جۆرە ڕەنجاند... هەقی وابوو؟... ها، هەقی ئەوە بوو؟!

خانمحەمەد هەنگاوی نا بۆ ڕابردن و وەک بڵێی پاشماوەی قسەکەی گوڵمحەمەدی نەبیستبێ، لە وەڵامی فەرمانەکەدا وتی:

ــ بە سەر چاو! بەیانی ئەڕۆم و ئەیانبەم.

دوو هەنگاو دوور لە گوڵمحەمەد، خاوی کردووەوە و پرسی:

ــ کەی بگەڕێمەوە؟

گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ مەگەڕێوە! لەوێوە یەکسەر بچۆ بۆ مەشهەد و خۆت بە فەرمانده‌ی جەندەرمە بناسێنە. بزانە چ پیلانێکیان داناوە. شەوی ئەم هەینیە لە چاخانەکەی مەلەک مەنسوور یەکدی ئەبینین! بە سواری بڕۆ تا سەر شاڕێکە. یەکێکیش لەگەڵ خۆت ببە ئەسپەکەت بگەڕێنێتەوە. ئەگەر لەوێ ڕایان نەگرتی نیوەڕۆی پێنجشەممە خۆت بگەیەنە چاخانەی مەلەک مەنسوور. کاتی چاوپێکەوتنی جیهەن ئەمەوێ تۆیش لەوێ بی!

ـ ئیتر... چی؟
گوڵمحەمەد ڕووی وەرگێڕا و وتی:
ـ ئیتر بڕۆ! بڕۆ!
به دوای ڕۆیشتنی براکەیدا، گوڵمحەمەد ڕوانیە باڵای بەرزی و به خۆی وت:
ـ «تۆ ئیتر چ جۆرە پیاوێکی، برام! تۆ ئیتر چ جۆرە پیاوێکی؟!»
خانمحەمەد دوور کەوتەوە و گوڵمحەمەدی لەگەڵ وڕاوەکانی بەجێ هێشت:
ـ ئێمە... ئێمە ئیتر چ جۆرە خەڵکێکین؟ ئاخ... دایکە! خۆزگە ئەمزانی لە ناوچاومدا چ چارەنووسێک نووسراوە؟ خۆزگە ئەمزانی کێم. لە کوێم و چی ئەکەم! ئاخ... دایکە، ئاخ!
دەست و سینە و بازووی ناخودئاگا کردەوە و ئاخێکی وەهای هەڵکێشا، ئەتوت ئەیەوێ هەموو ئەو شتانەی لێی ئاڵاوە بە جارێک لێک بپچڕێنێ و ڕۆحی گرفتاری خۆی دەرباز بکات. لە ئەنجامی ئەمکارەدا چۆخە لە سەر شانی کەوتە خوارەوە و دەستەکانی کە هەر کامە و بە لایەکدا کشابوون هەروا بە ناتەواوی بە حەواوە مانەوە. لە نیوسوورێکی چەماوەدا، دەستەکانی بۆ گرتنەوەی چۆخەکەی داهاتبوونەوە، چۆخەیان دایەوە بە شانیدا و وەک بڵێی ستاری پینەچی لە بیر بردبێتەوە، لێی ڕاما و وتی:
ـ تۆ هێشتا بە ئاگای، پیاو؟! ماندوێتی، شەکەتی مەگەر کارت تێناکات؟ چەن گیانت هەیە تۆ؟ سەگی مەگەر؟!... بڕۆ بحەسێرەوە ئیتر!
ستار لە گوڵمحەمەد دوور کەوتەوە. خۆی گەیاندە ناو ڕەشایی بن دیوارەکە. بەڵام نەک بە مەبەستی ڕۆیشتن و خەوتن. بەڵکوو بەو مەبەستەی لە چاو ون بێ و گوڵمحەمەد لە نەبوون و نیگای دڵنیا بێ و بتوانێ لەگەڵ خۆیدا خەڵوەت بکات و بچێتە ناو خۆیەوە. بۆیە ستار خۆی خامۆش بوو و چاوی کراوە و بەئاگا، دڵنیگەرانی بارودۆخی گوڵمحەمەد.

ئەوا شەو و بێدەنگی و ئەستێرە، پیاو گرفتار و هەناسەی چوارپێکانی ناو پشکەڵ و پەینی پڕ لە درِک و داڵ و خاک و خۆڵ. دیوار و دەر و بان بێدەنگ بوون و دەربیجە و درز و کەلەبەر پڕ لە نەرمەناسەی پیاوانی شەکەت، کوژاوە و خەوتوو.

گوڵمحەمەد ئاگای لە بوونی خۆی نییە، بەڵام ستار تێی ئەڕوانێ و ئەیبینێ کە زەوی لە بن تەختی کلاشەکانی‌دا ئارام وەرناگرێ. ئەیبینی کە بێ ئوقرەیە و بە هەموو لایەک‌دا دێت و ئەچێ و ئارام ناگرێ. ئەچێ بەرەو پلیکانی باڵەخانە، بەڵام دائەمێنێ و دائەنیشێ لە سەر یەکەم پێ پلیکانە و پاڵ ئەداتەوە، ئانیشکی لە سەر پێ پلیکانەی دووەم دائەنێ و چاو ئەبرێتە ئاسمان. تاوێک ڕائەمێنێ و نیگای بە ئاسمان‌دا ئەسووڕێنێ، ئەگەڕێنێ. ڕائەمێنێ، ئەوەندەی کە کڵاوەکە لە سەر کاکۆڵی ئەخزێ. چۆخە لە شانی دائەکەوێ و لە گرێی ملی‌دا هەست بە بەستن و گرتن ئەکات. سەروشانی ئەسووڕێنێ. کڵاو لە سەری هەڵئەگرێ و لە سەر عەرزەکەی دائەنێ. یەخەی چۆخەکەی هەڵئەکێشێ بۆ سەر شانی. قەد ڕاست ئەکاتەوە و هەڵئەسێ. هەنگاو ئەنێ. چاو ئەبرێتە قەرە، ئەوەستێ. دەست ئەخاتە سەر دەسکی ماوزێرەکە و ئەکەوێتە پیاسە. لە ڕۆیشتن‌دا، بە ئاشکرا ئەشەلێ. ئاشکرا و بێگەم. بە هۆی ماندێتیەوەیە یان بە کاتی ئەوی زانیوە بە دوور لە چاوی غەوارە، بەدڵی خۆی پێ هەڵگرێ. وەک کەلمیشی ئەشەلێ. بەڵام نەک بەو لەباریی و ڕاهاتنەی ئەو لەگەڵ کێماسی پێی ڕاهاتووە. لە شەودێز نزیک ئەبێتەوە. ئەسپەکە خەوتووە. بە لای قەرەدا تێئەپەڕێ. لای ناوەستێ. نایەوێ بە ڕاوەستانی خۆی هەڤاڵی ڕێی لەخەو بکات. با بۆ خۆی بخەوێ:

«ئاسوودە بە هەڤاڵەکەم! کاتی خەوتنتە. بحەسێوە هێزی ئەژنۆم. تۆ ئەمخەیتەوە بیری ماراڵ، کانی و قامیشەڵانەکە و بە دواشی‌دا... ئەو گوللەیەی لە کاسەی سەرم‌دا دەنگ ئەداتەوە و پاشانیش تۆز و زەبری سمەکانت. چەندە نەرم و سووک ئەفڕی، شینەشاهۆم. سینەت کراوە، هەناسەت گەش و تەمەنت درێژ هێزی

ئەژنۆم! ئەسپەندەرت بۆ ئەسووتێنم ئاوەڵەکەم. لە چاوی پیس بە دوور بی تۆ!»

بەلای قەرەدا تێپەڕیوە. شانی دائەنەوێنیٚ و دەست ئەبا بۆ ناو ئاخوڕەکە بۆ لێکدانی کا و ئالیکی بەردەماوی قەپۆزی ئەسپەکە. لای ئاخوڕەکە ئەسپەکەی خانئاپۆ، کلک ئەلەقێنیٚ. گوڵمحەمەد ئەیەویٚ ئالیکەکە بەراوەژوو بکات بۆ نوێکردنەوە. ئەسپەکە جارێکیتر سەر ئەبا بۆ ناو ئاخۆڕ.

گوڵمحەمەد تێئەپەڕیٚ. ئوقرەی نییە. ئەوەی دەستی ئەداتیٚ ئەرکی بە کاتی کوڕی بیابان نییە، خۆ خافلاندنە. خۆ دزینەوەیە لە دڵنیگەرانی. هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئاڵقەکانی ئەو زنجیرەی لە جیهانی پڕ لە ئاژاوەی دەروونیدا بە مەبەستی ناسینی خۆی و ئەوەی بە سەریدا ڕائەبووریٚ. ڕائەبریٚ. ئوقرەی نییە. ئاخر مەگەر چەند ئەسپ و هێسر، سم زنجیرکراو لە مەیدانێکی چوار هەنگاودا ڕازاون یان بە دەوری خۆیاندا خولەیان دیٚ؟ یان مەگەر چەند ئاخوڕ و چەند ئالیک ماوەتەوە؟

گوڵمحەمەد دیسانەوە ئەکەوێتە ڕیٚ. لای دیوارەکە تا بەر دەرگای سەرتەنووردا ئەڕوات. بە لای تەنوورەکەدا تێپەڕیوە. هەڵوەستەیەک؛ ئەکەوێتەوە ڕیٚ. بە بەر پلیکانەکانی باڵەخانەدا تێئەپەڕیٚ. بە یەکەم کۆڵەکەی بەرهەیوانی گشتی ئەگات. دەست بە کۆڵەکەکەوە ئەگریٚ. لەپڕ بە خێراییەکی خێرا ئەسووڕێتەوە، بەرەو پلیکانەکان فڕکە ئەکا. شاقەلەکانی چۆخەکەی لە پشتیەوە بەدەس ڕاگرتووە وەکوو واشە بە پلیکانەکاندا وەرئەگەڕیٚ، لە کەوشکەنەکەی بەردەرگا تێئەپەڕیٚ و لە باریکە ڕێگەکەوە خۆی ئەگەیەنێتە سەربانی سەرا و لەویٚ لە بن تاقی بەرزی ئاسماندا ئەوەستیٚ. چاو لە چاوی ئەستێرەکان.

حەوتەوانەی کەڵان و حەوتەوانەی گچکە. زۆر جاران سەیری حەوتەوانەی کەڵانی کردووە و زۆریش بیری لێکردۆتەوە. حەوت براران: تابووتی برایەکی گیان بەختکردوو بە شانی چوار براوە، بە پانتایی ئاسماندا دەست ئەگێڕیٚ کە خەنجەرێک لە قووڵایی شانی

برا چەقیوە. ئەم تابووتە، ئەم گیانبازە، هەزاران هەزارەیە لە شانی براکانی دانەگیراوە و سێ برای گچکەتریش، پرسەدارانن، بۆ تاوێکیش دەست لە گەڕان و چاو و دڵیان لە شینگێڕان ڕانەداشتووە لە هەموو ئەو هەزاران ساڵانەدا.

«بۆچ ئەوەندە چوومەتە ناو مەرگەوە ئەمشەو؟!»

ـ ئەهای... توغرول خان، هێشتا بەئاگای؟

ـ بەڵێ... سەردار.

ـ شەو چۆن ئەبینی؟

ـ ئارام... سەردار.

ئەمە بەڵام دەنگی توغرول نەبوو. گوڵمحەمەد براکەی بینی بەرەورووی دێ. بەگمحەمەد وەستا و شەوباشی کرد. گوڵمحەمەد بێدەنگ و بێجووڵە، بە بێ ئەوەی تەنانەت چاو بترووکێنێ، لە شوێنی خۆی ما؛ مەگەر ئەو فەرمانی نەدابوو بەگمحەمەد بڕوا و لە بەرچاوی ون ببێ؟

ـ نەخێر کاکە. بڕوام بەم تفەنگدارانە نییە. کاتێکە خەو زۆریان بۆ بهێنێ، دنیاش ئاو بیبات، با بیبات، چ غەمیانە؟

گوڵمحەمەد هێشتا و هەروا خامۆش بوو و نیگای ئەڵماسی ئەستێرەکانی نیوەشەو، چاوی بڕیبوویە گیانی براکەی! کێ بوو ئەم بەگمحەمەدە؟ هیچ وەڵامێکی گوڵمحەمەد، بۆ پرسیارەکەی خۆی نەبوو. هیچیشی بۆ نەوترا. وەک بڵێی تەوقیان لە دەست و پێی کردبێتەوە لە عەرز بڕا و بەگمحەمەدی گرتە ئامێز و لە ناو بازووەکانیا گووشای، چەنەی نایە چاڵی شانی براکەی، بە بێ ئەوەی توانای گفت و کردەی هەبێ. براکان!

ـ زەماوەندت بۆ ئەگێڕم بەگەکەم! لەیلێت لە حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی بۆ وەرئەگرم. گووی باوکی ئەخوا، کچ بە برای من نادات. ئاسەواری بە سەر عەرزەوە ناهێڵم بە شەوی خوا قەسەم!

بەگمحەمەد نەی ئەتوانی گیان و ڕەفتاری براکەی، ئەویش لەو

کاتەدا و بەو جۆرە کتوپڕ تێ بگات؛ هەرچەند خەوزڕانی گوڵمحەمەد، خۆی ئەیتوانی وەڵامێک بێ بە گرێی گومانی نامۆی براکەی:

«بەڵام... ئاخر چی ڕووی داوە؟!»

گوڵمحەمەد هەنگاوێک لە براکەی دوور کەوتبوویەوە و نزیک دیواری بانەکە ڕاوەستابوو و وەک بڵێی سەیری کۆڵان و بانەکانیتر ئەکات، مەزانە بەگمحەمەد گوێی لە قسەکانیەتی:

ــ ژن جەڵەبانە... ژن جەڵەبانە! کلکەسووتێم بۆ ئەکەن، کورنیشم بۆ ئەبەن. بەڵام ئەوەندەی ئەمەوێ خوازبێنی کچەکەیان بکەم، دەسبەجێ ئەمنێن بە سەر تاقەوە و لەبەردەممدا ئەنووشتێنەوە. کڕنۆش ئەبەن و پێکەنینی ساختەم پیشان ئەدەن!

«خان... سەردار گوڵمحەمەد خان، بۆ دەرفەت وەرگرتن ئەمویست بێمە خزمەتتان. ڕێگە بدەن لەیلێ لە نەجەف خان مارە ببڕین! چاوەڕوان بووم پەروارەکان قەڵەو ببن!»

ــ زل زل ئەم نێن بە تاقەوە و کڕنۆشم بۆ ئەبەن؛ کڕنۆش ئەبەن و کلکەسووتێ ئەکەن. بەڵام پاشان کە بیری لێ ئەکەمەوە، ئەبینم وەکوو منداڵ لەگەڵم جووڵاونەتەوە. ئەبینم منداڵێکم و ئەوان نامیانە بە سەر تاقەوە و شەقشەقەیەکیان داوە بە دەستمەوە خۆمی پێوە خەریک بکەم. هەهە! پەروارەکان! پەروارەکانتان بە قەبری بابتان!... ئەیانەوێ ڕەزامەندی من وەربگرن؛ وەریشی ئەگرن. بەڵام پاشان چی؟... پاشان کە بیری لێ ئەکەمەوە، کە تاوتوێی ئەکەم ناتوانم باوەڕیان پێ بکەم. قسەیان لە دڵم کاریگەر نەبووە. ئەی بۆ هەر ئەو کاتە ناکوتم بە قەپۆزیاندا؟ بۆ؟ چونکە خەوشێک لە کارەکەی مندا هەیە! مسۆگەر، مسۆگەر کێماسیەک لە ئارادایە!... دڵ و زمانیان دووانە. ئەمە ئەزانم، تێ ئەگەم، بەڵام... کە چاو ئەبڕمە ناوچاویان لە ڕوودا دائەمێنم، زمانم ئەبەستڕێ. درۆ! بڕوا بە درۆکەیان ئەکەم. پێمی ئەسەلمێنن. ئەفسوونم ئەکەن. چ جۆرە مەردمێکن ئەمانە؟ چ جۆرە گیانەوەرێکم من؟ گیانەوەری شەرمن! لەحنەتی خوا لە من بێ. لەحنەتی خوام لێ بێ ئەگەر بهێڵم دەستی نەجەف سەنگردی

لە دەستی کچی سوڵتانخورد بکەویٚ!

بەگمحەمەد لە پشتی براکەیەوە وەستابوو و هەرچەندە بە ڕوونی هەستی ئەکرد و تەنانەت ئەیبینی براکەی لە بن گوشاری هەمەلایەنە و ماندوێتی زۆردا پەرێشان بووە، بەڵام جەربەزەی ئەوەی لە خۆیدا نەئەبینی داوای لیٚ بکات بڕوات بحەسێتەوە. بەڵام -بۆ ئەوەی خۆی لەو شەکەتیەدا بکا بە هاوبەش- وتی:

ــ دەرفەتم بدەریٚ کاکە، ڕێگەم پیٚ بدە. بە ئەماژەیەکی تۆ، حەزت ئەگەر لیٚ بیٚ. هەر ئەمشەو ئەدەم بە سەریاندا و لەیلیٚ لە خورسوف ئەدزم. ئەیخەمە پاش تەرکی ئەسپەکەم و ئەیهێنم بۆ قەڵامەیدان. بەس تۆ ڕات لە سەری بیٚ، کاکەگوڵ!

گوڵمحەمەد ڕووی لە براکەی کرد، دەستی نا بە سینەی پان و پتەویەوە و وتی:

ــ هەر ئەمساڵ زەماوەندت بۆ ئەگێڕم. هەر ئەمساڵ. بەر لەوەی نەورۆز دابیٚ. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ فەرمان ئەدەم دەهۆڵ بکوتن و زوڕنا لێدەن. گۆشت و پڵاو ئەدەم بە خەڵک. ناچار و نەدار تێر ئەکەم. هەموو قەڵامەیدان ئەڕازێنمەوە. ئەدەم سەد چرا لە کۆڵانەکان هەڵواسن. سەد بەران فیدای شاخێکی کاکۆڵت، بەگمحەمەد. هەر ئەمساڵ. هەر ئەمساڵ! لەیلیٚ کە ببیٚ بە بووکمان ئیتر ناهێڵیٚ هەموو شەو ئێشک بگری! خەنەبەندانی بەگمحەمەد؛ خەنەبەندان! ئەدەم تەغارێک خەنە بکەنە ناو ئاو. سەما و شایلۆغان. زەماوەنێکی یادگاریی!... بیرێک لە شەونخوونیەکانت بکەرەوە برام. ئەوەی ئادەمیزاد پیر ئەکا شەونخوونیە، بەگمحەمەد. بۆ تفەنگدارەکان سەرئێشکگر دابنیٚ، وەک سەربازخانە. گوێت لێیە چی ئەڵێم؟ وەک سەربازخانە! بەڵام... شێرۆ. شێرۆی خوشکمان هێشتاش نازانم هەق بوو بەو جۆرە لەگەڵی بجوولێینەوە؟ یا...

بەگمحەمەد وەک کۆتایی قسەکەی کاکی نەبیستبیٚ، لە وەڵامی فەرمانەکەیدا وتی:

ــ هەر جۆر تۆ بفەرمووی، کاکە! هەر چۆن تۆ پێت باش بیٚ،

کاکە گیان. نۆرە ئێشکیان بۆ دائەنێم، نۆرە ئێشک. بە سەر چاو!

گوڵمحەمەد هەر بەو جۆرەی کە هاتبوو، ڕۆیشت. کەوتە ڕێ و لە باریکە ڕێی سەربانەوە چووە خوارەوە و پێی نایە کەوشکەنی بەردەرگای باڵەخانە. بەڵام کاتێکە ویستی تێپەڕێ، لۆی دەرگاکە کرایەوە و ماراڵ بە تۆی کراسێکی گوڵدارەوە لە ناو باڵشمەی دەرگاکە ڕاوەستا و پیاوەکەی لە تەوقی نیگای خۆیدا ڕاگرت:

ــ ناتەوێ بۆ ساتێکیش ئارام بگری؟!

ــ چی؟!

ــ بۆ وا شپرزەی؟ بۆ ستار ناگری؟!

کەزیەی پەخشانی مارالْ بە سەر شان و بازوانیدا، چاوی شەوی بە شەوارە ئەخست. ئەبوا زۆر وشک و برینگ بێ گوڵمحەمەد ئەگەر بیتوانیایەت بە لایدا لا بدا بە بێ ئەوەی نەوازشێکی بکات. بۆیە بەرامبەر هاوسەر و هاوسەرینەکەی خۆی ڕاوەستا و چاوی تێبڕی. کراسە هێڵ و هەراوەکەی مارالْ، وەها ژنەی ئەنواندەوە، گوڵمحەمەد هەستی ئەکرد ئەتوانێ جارێکیتر، وەک نەدیوی سەرلە نوێ، لە ژنەکەی بڕوانێ لە ناو جەنگەی ئەو هەموو گێرە و کێشە و کار و بگرە و بەردەی بە سەریدا داباریبوو.

ــ ئەوسا کە لە ماڵەوەی، لە تەکمەوە نەبی... خەو ناچێتە چاوم!

دەستی گوڵمحەمەد داهاتەوە بۆ ناو کەزیەی پەخشانی مارالْ:

ــ ئەزانم... ئەزانم.

ــ لە پشت پەنجەرەکەوە ئەمبینیت خولەت ئەهات. ئوقرەت نەبوو، چاوم لێت بوو، کە بە پلیکانەکاندا سەرکەوتی زانیم بەرەو سەربان ئەچی. نەهاتمە دەرەوە و نەمویست ڕێگەت لێبگرم. چوویتە سەربان گوێم لە دەنگی پێت بوو. قسەکانت، گوێم لە قسەکانت گرت. گوێڕایەڵی گەڕانەوەشت بووم. نەمویست ڕێگەت لێبگرم، بەڵام ئازیزەکەی دڵم... نەمتوانی! دڵم بە دەس خۆم نەبوو کاتێکە دەرگاکەم کردەوە. لێم مەگرە، گوڵمحەمەدەکەم. کاتێکە ئەزانم تۆم

به قەد خۆم خۆش ئەویٚ... زمانم کەی ئەتوانیٚ دڵم بۆ تۆ هەڵبڕژێریٚ؟

گوڵمحەمەد دەم بە دەمی ماراڵ، گوێی نابوو بە بن گوێیەوە و چاوی لێک نابوو و دەنگی لەباری ژنەی وەکوو ڕۆینەی ئارامی جۆگەیەک ئەخواردەوە، بەو شێوەیەی نەرمە ئاوازی ئاو کۆتایی نەبوو، یان لانیکەم ئەیوست تەواو نەبیٚ. ڕاستەکەی ئەشیتوانی کۆتایی نەبیٚ و، لە سروشت و هەناوی دوو یاردا کۆتاییشی نەبوو. کتوپڕ بەڵام، وەک بڵێی شتێک گوڵمحەمەدی گەست و ورووژاندی. چونکە بە بیٚ گوتەیەکی ڕوون هەڵکەنرا، لە ماراڵ جیا بوویەوە، بەو لەز و پەلەیەی پێشتر بە پلیکانەکاندا شۆڕ بوویەوە و لەویٚ، لە خوار پلیکانەکان، نەک زۆر بە پەلە، چونکە هەوڵی ئەدا نائارامیەکەی لەغاو بکات. چوو بۆ لای کەردووەکە، ڕاوەستا و ستاری بانگ کرد.

ــ بەڵیٚ سەردار، لێرەم!

ئەوەندەی ستار لە سووچی تاریکیەکەوە بێتە دەرەوە و بەرەو گوڵمحەمەد بیٚ، گوڵمحەمەد تاوێک لێی خافڵ بوو و وەک بڵێی دەرفەتێکی بۆ قسەکردن دەس کەوتبیٚ بە بیٚ ئەوەی بزانیٚ لەگەڵ خۆی لە چی ئەدویٚ. ستار ئەوا لە پشت گوڵمحەمەدەوە وەستابوو. ئەوەندە بەنەرمی خوشابوو و هاتبوو وا دیار بوو گوڵمحەمەد هەستی بە بوونی نەئەکرد. یانە ئەیویست بوونی ستار لە بیر بباتەوە. چونکە نەی ئەویست و نەی ئەتوانی لە ناو تەونی بیرکردنەوە تەماراوییەکەی خۆی بچێتە دەرەوە. بۆیە ستار لە بن خێوەتی خامۆشی شەودا، ئەیتوانی ناوبەناو دوانی گوڵمحەمەد لەگەڵ خۆیدا ببیسیٚ. گوتنێکی کورت و چڕ:

ــ « ئاستەم... ئاستەم... ئاستەم...!»

پاتەکردنەوەی یەک وشە. یەک وشە وەک بڵێی لە میانەی یەک واتەدا گیری خواردبیٚ؛ بە بیٚ گوێدانە بیر و چەمکی گوتاری خۆی:

ــ « ئاستەم... ئاستەم... ئاستەم...!»

پاشانیش هەر لەو مایەیەدا بەڵام بۆ ئاڵقەیەکیتر، بۆ گێژەنێکیتر:

ــ « فەرتەنە... فەرتەنە... فەرتەنە...!»
پاشان ڕامانێک و بە دوای‌دا:
ــ «سەری مرۆڤ... سەری مرۆڤ لە سووڕەوە دێ! چەندە؟ چەندە؟ چەندە قەرەباڵخ؟!»
هەڵوەستەیەکی نامۆ و بێدەنگیەکی کورت. جارێکی‌تر، ددان. بەڵام ئەمجار نەک گیرۆدەی گێژەن، بەڵکوو ڕەخنەیەکی ڕەوا:
ــ «بۆچی ئاخر گوڵمحەمەد؟ لە بەر چی، کوڕەکەی بڵقیس؟ بۆ کێ و بۆچی؟... تۆ خۆت کێی؟ چیت؟... ها... کوڕەکەی بڵقیس؟!»
جارێکی‌تر بۆ گێژەنی ناو بیری گیرۆدەی هەمان کەوشەنی دژبەر:
ــ « فەرتەنە... فەرتەنە... فەرتەنە...!»
ــ بیر لە ژیان ئەکەیتەوە... گوڵمحەمەد خان؟!
گوڵمحەمەد دانەچڵەکا. چونکە وا پێ ئەچوو لە کۆتایی خێرای بیرکردنەوەی‌دا ستاری لەگەڵ بووبێ. بۆیە ئاوڕی لێدایەوە و وتی:
ــ گومانم ئەکرد نەخەوتبێتی! هاتەوە بیرم بۆ کارێک هاتبووی بۆ ئێرە. سەرەی یەکەم تۆ بووی، بەڵام دواکەس سەرەت هات. هەمیشە هەر وایە. ئەوەی کە نزیکترە، دوورتر بەری ئەکەوێ. ڕاستەکەت ئەوێ خەریک بوو لە بیرم ئەچوویەوە کە بۆ کارێک هاتبووی بۆ ئێرە! دەی... چیم ئەوت لە بەر خۆمەوە؟ بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆم ئەدوام؟ چیم ئەوت؟
ستار بە ڕێزەوە وتی:
ــ هەمووم بەرگوێ نەکەوت!
بە ڕاوەشاندنی شانی، گوڵمحەمەد چۆخەکەی بە سەر شانیەوە ڕێک کرد و بە قەراخ کەردووەکەدا کەوتە ڕێ. ستاریش کەوتە ڕێ. وەک سێبەر و لابەلا. شەو بە شنەی پاش نیوەشەو خەوی ئەزڕاند. شنەی سروە لە پلووسکە شکاوەکان بە سەر کۆمای وشکە جۆ و دڕک و ئێزنگ‌دا، ئارامیەکەی ئەلەراندەوە. ئەسپ و هێسر، وەستاوەکانیان، کلکیان بە دەم باوە ئەرۆیشت. کاکۆڵی گوڵمحەمەد، ئەو بەشەی نەکەوتبوویە بن کڵاوەکەی، نەک بە توندی و ئاشکرا، بەڵام بە شنەی

با ئەلەرییەوە. گوڵمحەمەد، لە ڕۆیشتنا، لێوارەکانی باڵی چۆخەکەی بە پەنجە گرتبوو و ستار بۆ پارێز لە شنەی دزی نیوەشەوان، قۆپچەی جاکەتە هەراوەکەی لەبەریدابوو، داخست.

ئەوا هاتبوونە ناو هەیوان و وەستابوون لەمبەروبەری باڵشمەی دەرگای ژووری دانیشتن. شانیان نابوو بە دیوارەکەوە، بەرامبەری یەک. گوڵمحەمەد نیگای سووڕاند بە حەوشە و چارەوا خەوتوو و وەستاوەکاندا و، ستار بە خواری ئەیڕوانیە بیچمی ڕوخسار و نیگای گوڵمحەمەد. ستار بڕێک چاوەڕێی کرد و گوڵمحەمەد نیگای گیرۆدەی بە لێڵایی پشتی چوارپێکان و دیوار و ئاخوڕەکەدا ئەگەڕا. دوو پیاو بە ڕوونی یەکدیان نەئەبینی، بەڵام هەستیان بەیەک ئەکرد. ستار ئەوا نیگای لە سەر کەسمی قەڵافەتی گوڵمحەمەد گواستبوویەوە، بەڵام دارەتی ڕوخساری ئەوی هەست پێئەکرد. گوڵمحەمەدیش نەی ئەڕوانیە ستار، بەڵام بیری لەو ئەکردەوە. دوو پیاو، لە دەرەوەی یەکدا لە یەکدا ئەژیان و لە قووڵایی بیر و گومانی خۆیاندا، هەر کام ئەویتری پەرداخت ئەکرد. لەو بابەتەی کە پەیکەرتاشێک دەستکارەکەی پوخت و پەرداخت ئەکات. دوو پیاو، لەیەک کاتدا مایەی بیرکردنەوەی یەکیان و ئەویتریان مایەی گومانبردنی ئەو یەکیان و هەر دووکیان لە بیر و خەریکی پەرداختکردنەوەی ئەویتریان لە ناخی خۆیدا؛ ڕێگەیەک بۆ ناسینەوەی چەندین جاری یەکدی. ورد و بە بڕوبیانوو و غەمخۆر و هەرە بە میهرەبانی. تاوێک بە توندی و ساتێک بە نەرمی. ناباوەڕ و هەمیش بەباوەڕ. شک و ئەرخایەنی. چاوانی ڕاستگۆ لەوەی کە هەیە، ئەگەر کێماسیە یان دەسەڵات، بنکۆڵکردن و گەڕان لە ناو کەمترین نیشانەکانی یادا، لە کۆتاترین بزووتن و کردار لەوەی میوانی یادە و نیشانەی لێماوە. ئامۆیی و ئامۆیی دووبارە؛ سەرەتای گێژەنێکیتر:

«بەو گوێ و گووپ و لووتە تیژەیەوە کە ئەڵێی بە بڕبەن ڕنراوە و تیژکراوە، لە درەوشی پینەچیەتیەکەی ئەچی، چی لێبکەم؟ ڕزگارم نابێ لە دەستی. ڕاستەکەشی نامەوێ لێی ڕزگار ببم. بەجۆرێک

گرفتاری سروشت و خوو و کار و کرداری ئەم پیاوەم. دڵێکم ئەڵێ پاڵی پێوەنێ و دڵێکم ڕێگەی ئەم کارەم لێ ئەگرێ. خۆشم ناوێ، بەڵام بە دوژمنیشی نازانم. وای گیرۆدە کردووم نازانم چی لەگەڵ بکەم؟ خۆزگە ئەمزانی هەموو ئەو شتانەی لە مێشکی دایە! بەس ئەوەندە ئەزانم هەموو ئەو شتانەی لە مێشکی دایە، دەری نابڕێ. ئەمە ئەزانم و بەس! گیانی دەرئەچێ هەتا شتێک بە تێر و تەسەلی بۆ مرۆڤ بگێڕێتەوە. لە بەر خۆیەوە سەد جار شتێک ئەڵێتەوە، ئەوسا دەری ئەبڕێ. ڕەنگیشە لە بەر ئەوە بێ، زمانی زکماکی تورکیە؟!... کێیە ئەم کابرایە؟ ئەوینی ئەو چییە؟!

ستار بەڵام پەیکەری خۆی، مایە و قەبارەی پەیکەری خۆی ناسیوەتەوە، لەگەڵ خۆی ساخ بۆتەوە و گومانی لە گوڵمحەمەد و بوونی گوڵمحەمەد نییە:

«یەکپارچە گەوهەرە، یەک پارچە گەوهەر! ئەم ڕق و تووڕەییەی لە دەروونیدا بڵێسە ئەدا، ئەم نائارامی و هەڵچوون و هەڵوەستە کردنە، ئەم نیگەرانی و بێ ئوقرەییە، ئەم پوختی و ئەم سەرەڕۆییە، ئەم فرکە کردنە نامۆیە -وەک جوانوویەکی سرک و چەمووش- بۆ ئەوەیە تا دنیای دەوروبەری لەگەڵ حەز و ویست و خواستی خۆی ڕێک بخات، ئەم دژوارییانە و تێگەیشتنی سەرسووڕهێنەری تەنگانەکان و سەر بە دیوار کوتانەکان، هەر هەمووی نیشانەی ئەوینە. ئەو ئەوینەی خۆی پێی نازانێ. خۆی و تێکڕایی بوونی خۆی بۆ ئەوینێک تەرخان کردووە کە ئاگای لێی نییە. بینای کاری خۆیەتی ئەگەر، زانای کاری خۆی بەڵام نییە. پەردەیەکی تۆزاوی و لە هەمان کاتدا غەمگین بە سەر چاوانی گوڵمحەمەددا کێشراوە و گومانێکی کوشندە لە نیگایدا فرەفرێیەتی. ئەم چاوانە، ئەم نیگایە چۆن و چ کات بە ڕۆشنی خۆیا ئەکات؟ چۆن و چ کات؟!»

خامۆشی و شەو و هەڵۆسە.

ـ ئەتویست چێم پێ بڵێی ستار؟

ستار تفی قووت دا، دەور لێوەکانی بە نووکی زمان لستەوە و

له وەڵامدا وتی:

ــ زۆر هەڵسووڕاوی ئەمڕۆ، گوڵمحەمەد خان! وامزانی ئەتەوێ بچی بخەوی.

ــ ئەگەر وات بزانیبا من ئەچم ئەخەوم، ڕەنگە تۆش چووبوویت و خەوتبوویت.

ستار بە گاڵتەوە وتی:

ــ پێم وانەبوو منت خستبێتە بن چاودێری!

گوڵمحەمەد لە ستار وەرگەڕا، ستار هەروا وەستابوو. هاوکات ڕووی کردە گوڵمحەمەد و چاوەڕێی وەڵام ما. گوڵمحەمەد وتی:

ــ تۆم نەخستبوویە بن چاودێری، پیاو. من وا فێر بووم هەموو شتی دەوروبەری خۆم ئەبینم!

ــ منیش ئەو خووەی تۆم زۆر خۆش ئەوێ!

ــ مەگەر شتی واش هەیە کە تۆ خۆشت بوێ؟!

ــ بۆچی نا؟... هەندێ شت.

دوو پیاو لەمبەرەوبەری کۆڵەکەی هەیوانەکە وەستابوون. گوڵمحەمەد بە پێکەنینەوە سەیری ستاری کرد. ستار لە درێژەی قسەکانیدا پرسی:

ــ نوکتە ئەڵێی؟

گوڵمحەمەد، نەک بە قاقا پێکەنی و وتی:

ــ گوایە تۆ... قەت ژنت نەهێناوە، وایە؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ وایە، من ژنم نییە.

بە هەمان مایەی بەڕاست و بەگاڵتە، گوڵمحەمەد وتی:

ــ منیش هەر ئەوە ئەڵێم ئیتر! پیاو ئەگەر نەتوانێ ژنی خۆش بوێ، ئەی چیتر هەیە خۆشی بوێ؟

ستار خۆگر و لەسەرخۆ وتی:

ــ ئەگەر ژنم نییە... واتای ئەوە نییە ژنم خۆش ناوێ!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەگەر خۆشت بویستایەت، ئەتبوو ئیتر!

ستار وای پیشاندا لێی قبووڵ کردووە و قانع بووە:

ــ ئەمەش خۆی قسەیەکە!... بەڵێ، قسەیەکە!

ستار لەوەی کە گوڵمحەمەدی دەم بە گاڵتە ئەبینی، خۆی دڵشاد بوو. بەڵام ئەشی ئەتوانی هەستی شەرمنانەی خۆی، هەرچەند نە زۆر توند، لێ بشارێتەوە. بۆیە خامۆش و شەرمن سەروملی چەماند، بەو ڕادەیەی کە هەستی بەوە کرد چەناگەی نیشتە سەر یەخەی کراسەکەی و نەشی توانی پێکەنینە مناڵانە و لە هەمان کاتدا بێ واتاکەی خۆی چارە بکات، لە بن نیگای گوڵمحەمەددا کە ئاوڕی لێدابوویەوە و تێی ئەڕوانی:

ــ مەبەستم ئەوە نەبوو ئازارت بدەم... دڵت ئێشا؟!

بۆ ئەوەی ئەو گومانە لە ئەندێشەی گوڵمحەمەد لابدات، ستار بە چالاکی و برایانە لێی ڕوانی و بەنەرمی پێکەنی. گوڵمحەمەد لە کاتی کەوتنە ڕێدا چنگی وەردا لە قۆڵی جاکەتەکەی ستار و لەگەڵ خۆی بردی:

ــ کاتێکە لە شوێنێک ڕائەوەستم قاچم ژان ئەکا!

ــ ڕەنگە لە بەر ئەوەی سووڕی خوێن ئەگۆڕێ، بۆ وێنە خاو ئەبێتەوە.

ــ بەڵام کە ئەڕۆم بەڕێدا، قاچم گەرم دادێ.

ــ لەبەر ئەوەی سووڕی خوێن خێراتر ئەبێ.

گوڵمحەمەد، وەک بڵێی نەک لە درێژەی قسەکەدا، وتی:

ــ خوێن!... خوێن!... زۆر بەنرخە خوێن، وایە؟!

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ کێشی نرخ و بایی خودی مرۆڤ.

گوڵمحەمەد قسەکەی گۆڕی:

ــ کاتێکە خەریک بووی گوللەکەت دەرئەهێنا لە ڕەوەندی ماراڵ، لە بیرمە نیوە گیان ببووم. حەک لەو کاتە!

ــ بەڵام نەتخستە خۆت!

ــ لەبەر ئەوەی گوشارێکی زۆرم بۆ خۆم هێنابوو، ئاخر! بەد نەیەتە ڕێگەت. بەڵام ئازارەکەی لەوەدایە کە ناتوانی ئازار بە کەس بگەیەنیێ!

ستار لێوی بنەوەی گەست و هەوڵیدا بێدەنگ بێ. ئەیویست زمانی ڕاگرێ و هیچ نەڵێت. چونکە ئەیزانی ئەوەی کە ئەیتوانی بە گوڵمحەمەدی بڵێ جگە لە دەربڕینی مناڵانەی ئەو شتە نییە کە لە دڵیدا ڕائەبرد. ئەوەی لە دەروونی ستاردا ڕائەبرد بە هیچ کلۆجێک نەی ئەتوانی بکەوێتە قاڵبی دەربڕینێکی ئاڵۆسکاو و داپۆشراوەوە. بۆیە ڕاشکاو، ساکار و یەکڕەنگ ئەبوو:

«ئای... گوڵ، کە لەلام ئازیزی!»

ستار بەڵام نەی ئەویست و نەی ئەتوانی بەو ڕووڕاستیە لەگەڵ گوڵمحەمەد بدوێ. تەنها دوو ڕوویی ستار ڕەنگە هەر ئەم تاقە نموونەیە بوو و تەنها شتێکیش بە پەرێز و سەرنجەوە، هەر ئەمە بوو. چونکە ستار نەی ئەتوانی خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری ناخی خۆی لەو کەسە، لە ئازیزترین کەسی خۆی ئاشکرا بکات. دژوارترین دارەت بۆ کەسی وەکوو ستار، دەربڕینی ناخی خۆی بوو؛ ئەویش بە زمانی خۆی. ناباوەڕی ڕەنگە؟ گومانلێکردنی خەنیم لە بەرامبەر ئەو شتەی ستار -ئەگەر- بیوتایەت، ئەیتوانی لەپێی بخات. نەک هەر لاوازی کابرا لە دەربڕینی هەستی زەڵاڵی مناڵانەیدا، بەڵکوو بێمتمانەیی بە توانا و لێهاتوویی ڕادەی تێگەیشتنی خەنیمیش وای لێئەکرد لێو نەبزێوێ و گەوهەری ئەوین لە دڵیدا بە شاراوەیی بپارێزێ؛ لە ترسی پلاری ناباوەڕی و -رەنگە- گاڵتە پێکردن. بۆیە سەرەڕای نوقم بوون لە زۆریی عشقدا، هاواری خۆی لەناخیدا قەتیس ئەکرد:

«ئای... پیاو، ئای... برام، چەندە لام ئازیزی!»

ــ ماندوو دیاری، گوڵمحەمەد. نەکا من ڕێگەی حەسانەوەم لێگرتووی؟

ــ خۆیەتی، هاوڕێ. ماندووم، زۆریش ماندووم. بەڵام... کاتێکە کارێکی نیوەچڵم بە دەستەوەیە، سەرم لە سەر سەرین ئۆقرە ناگرێ.

ناتوانم ئەم خووە بێپیرە لە سەر دەرکەم. کاری دنیاش خۆ تەواو بوونی نییە.

ستار وتی:

ــ ئەم خووە، ئەم ئەشکەنجە پیرۆزە بەشی هەموو ئەو کەسانەیە کە هی خۆیان نین. خوویەکە، بۆ خودی مرۆڤ ئەشکەنجەیە و بۆ خەڵکی‌تر ئاسوودەدڵی و ئاسایشە و بەرژەوەندی.

سینە بە سینەی دیواری ئاغەڵەکە، بە ڕێگەی خۆی‌دا گەڕایەوە بۆ بەرهەیوان:

ــ ئەو کەسانەی هی خۆیان نین؟ ئەرێ؟ ئەمە ئیتر یانی چی؟

هەنگاوی ئارام لە سەر تەختایی بەرهەیوانەکە، گیرۆدەی پرسیارەکەی گوڵمحەمەد. چۆن و بە چ بەیانێک ستار ئەبوایە و ئەیتوانی ئەو چەمکە بۆ گوڵمحەمەد ڕاڤە بکات؟ باش بوو گوڵمحەمەد خۆی هات بە یارمەتیەوە و بەر لەوەی ستار وەڵامێک بدۆزێتەوە، پرسی:

ــ ئەم پیاسەکردنە... کوێت ئەهێنێتەوە بیر؟!

ستار بە بزەیەکی ڕەزامەندانەوە تێیڕوانی و وتی:

ــ ئەوێ دیوارەکانی بەرزتر بوو؛ نەبوو؟!

گوڵمحەمەد وەرگەڕا و هەڵوەستەیەک لە پێ هەڵگرتن‌دا، وتی:

ــ تۆیش بەڵایەکی بۆ خۆت ها! عەقڵت لە جنۆکە دزیوە! چۆن هات بە مێشکت‌دا ئەکرێ پایەی دیوارەکە بەو جۆرە کون بکرێ؟! لە کوێوە ئەتزانی ئەوێ ڕێ دەرئەکا بۆ ژێر تاقی دیوارە گەورەی کاروانسەرا؟!

ستار کەوتە ڕێ و چاوی لە خاکی بەرپێی، وەڵامی دایەوە:

ــ زۆریش عەقڵی جنۆکەی نەئەویست. تابووە کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا بنەی من بووە، ئیتر!

شان بە شان، گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕەنگە لە پاش هەڵاتنی ئێمە وەک کەباب هەڵیانچزاندی!

ــ ئەوەندەش نەبوو. ئەگەر بیانکردایەتم بە کەباب، ئەشیانخواردم!

گوڵمحەمەد، گاڵتەکەی ستاری بە پێکەنینێک سەندەوە و پاشان وتی:

ـ هێشتاش نەمتوانیوە ئەم گرێیە بۆ خۆم بکەمەوە! ڕەنگیشە دەرفەتم نەبووە. ئەو ڕۆژانە هەرگیز نەمئەتوانی بیر لەم شتانە بکەمەوە. لە بەر ئەوەش بوو کە خۆم بە سینەی دیوارەکەوە ئەبینی خەریکن گوللەبارانم ئەکەن. ڕاستەکەی هیچ هزر و بیرێکم نەبوو جگە لەوەی کە لەو دۆزەخە خۆم دەرباز بکەم. پاشانیش بەڵام... پاشانیش بیرم لێکردەوە، بەڵام چەندەم بیر لێکردەوە کە چۆن و بۆچی ئەو بۆچوونە لە لای تۆ گەڵاڵە بوو، نەمتوانی وەڵامێک بۆ خۆم بدۆزمەوە. نەمتوانی تێبگەم. سەیرەکەی بۆ من ئەوە بوو نەمزانی تۆ خۆت بۆچی لەگەڵ ئێمە نەهاتی؟ بۆچی تۆش لەگەڵ ئێمە نەهاتیتە دەرەوە؟!

گوڵمحەمەد بۆ بیستنی وەڵامێک لە لایەن ستارەوە، ڕاوەستا. بەڵام هیچی نەبیست. بۆیە بە دەم ڕێوە وەک لەگەڵ خۆی بێ وتی:

ـ تۆ چ جۆرە ئادەمیزادێکی... ستار؟!

بۆ گوڵمحەمەد ڕوون نەبوو بۆچی، بەڵام ستار بە ڕوونی و بە ئەنقەست بابەتەکەی گۆڕی و بە بێ زەمینە خۆشکردن وتی:

ـ خەریک بوو لە بیرم ئەچوویەوە بۆ چ کارێک هاتووم! هەهـ... تۆ مرۆڤ ئەبەیتەوە بۆ ڕابردوو و ئەگەر ئاگای لە خۆی نەبێ، ئەبینی هەر لەوێ ماوەتەوە. ئاخر مێشکی ئەم ئادەمیزادە زۆر قەرەباڵخە و زۆریشی حەز لە تەمار و سەربردە هەیە. ئەڵێی نەشە ئەبێ کاتێکە شتێکی دەس ئەکەوێ بۆ ئەوەی ماوەیەک یاری لەگەڵ بکات لە ئەندێشەیدا. وەکوو ئێستە. خەریک بوو ئەچوومەوە بۆ بار و هەوای ئەو شەوە. خەریک بوو ئەندێشە هەڵی ئەگرتم. لەو کاتەوە پێم ناوەتە قەڵامەیدان، بۆ دەرفەتێک ئەگەڕێم دەربارەی جووتیارەکانی قەڵاچیمەن لەگەڵت بدوێم.

گوڵمحەمەد لای کۆڵەکەکە وەستا و پرسی:

ـ ها؟! جووتیارەکانی ئالاجاقی؟

ستار بە ڕاشکاوی پرسی:
ــ بۆ لەپڕ داچڵەکای؟!
گوڵمحەمەد تەوسی گوتەکەی ستاری پشت گوێ خست و وتی:
ــ بڵێ! بیگێڕەوە!
ستار بە بێ هیچ شاردنەوەیەک وتی:
ــ کێشەیە لەوێ، شەڕە! ئالاجاقی ئەیەوێ گەنمی پاککەردە لە قەڵاچیمەنەوە ببات بۆ هەمارەکانی لە شوێنانیتر. جووتیارەکانیش ئەیانەوێ بەروبووم لە هەمارەکانی قەڵاچیمەن بمێنێتەوە. جگە لەوە جووتیارەکان داوای ئەو لەسەتا پانزەیە ئەکەن کە قانوون بۆیانی دیاری کردووە. بەڵام بابقولی بوندار -واتە ئالاجاقی لە ڕاستی‌دا- مل نادات. لەم نێوانەدا ناجسنێکیش دەشت و خەرمانی ئاگر تێبەردا و...
ــ ئاگری تێبەردا؟! دەشتی گەنم؟ ئەم کارە کفری بەرەکەتە!
ــ نەک هەر کفری بەرەکەتە، تاوانیشە، گوڵمحەمەد!
ــ دەی؟ گرتیان ئەوەی ئاگری تێبەردابوو؟
تاوانکارەکە نا، بەڵام پاڵە و جووتیاریان لەبری ئەو بەستەوە بە ماڵبەندی ئاخوڕەوە و لەبەرچاوی خەڵکی بە قامچی و شووڵی تەڕ دایانپڵۆسین.
گوڵمحەمەد وەک بڵێی ماندوێتی لەش و گیانی دوو قات بووبێ، لە لێواری بەرهەیوانەکە دانیشت و پاشان شانی نا بە کۆڵەکەکەوە، لاقی ڕاکێشا و پرسی:
ــ دەی، بەرەنجامەکەی؟
ستار لە لای سەردارەوە لە سەر لێواری هەیوانەکە دانیشت و لەسەرخۆ وتی:
ــ ململانێی نێوان جووتیار و دەرەبەگ ڕۆژبەڕۆژ گرژتر ئەبێ!
ــ چەندە چاوچنۆکن ئەمانە؟ تۆزێ کەمتر بخۆن و تۆزێ زیاتریش بدەن بە جووتیارەکان بۆ ئەوەی قڕەکە تەواو ببێ. بۆ ئیتر کارێکی وا ئەکەن خەرمان ئاگر تێبەربدرێ؟!

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ هەر ئەو یەک کارە ناکەن، دەرەبەگەکان! قسەی جووتیاریش هەر ئەمەیە. جووتیارەکانی قەڵاچیمەن گلەییان ئەوەیە کە ئالاجاقی بەشی ساڵانەی جووتیاری ئەوان بە یەکجار نادات. قسەی ئەوان ئەوەیە بۆچی ئەبێ پێنج مەن پێنج مەن هەقەکەیان وەربگرن؟ داوای ئەوە ئەکەن مزی ساڵانەیان بە یەکجار وەربگرن. بەڵام بوندار و ئالاجاقی بە قسەیان ناکەن. ڕاستەکەی بابقولی بوندار و کوێخا حەسەنی زەعفەرانی لە لایەن ئالاجاقیەوە ڕاسپێردراون مل بەو کارە نەدەن.

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد و وتی:

ــ ئەگەر بزانم بە ڕاستی هەق بە جووتیارەکانە، ڕەنگە بتوانم ڕوو لە ئالاجاقی بخەم هەقەکەیان بدات.

ستار، بێباکانە پرسی:

ــ تۆ چۆن ئەتوانی لەگەڵ یەکی وەکوو ئالاجاقی هەڵسوکەوتت هەبێ، گوڵمحەمەد؟!

گوڵمحەمەد تاوێک ڕاما و پاشان وتی:

ــ من و ئەو زۆر جاران نان و نمەکمان پێکەوە خواردووە. یەک دوو جاریش بانگهێشتنی کردووم بۆ کەڵاتەباخ. ئێستەش... ئەوەتا پەیامی ناردووە بوورینم بۆ وەربگرێ. هەڵبەت بە سەد هەزار تمەن!... هەرچەن تا ئێستە نەمبینیوە خراپەی منی ویستبێ.

ستار پاش تاوێک سەری هەڵبڕی و پرسی:

ــ دڵنیایت لەوە؟!

ــ تۆ چی؟ تۆ... گومانت لێی هەیە؟!

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ من... بەڵێ، گومانم لێی هەیە!

ــ تۆیش قسەکانی دایکم ئەکەی!

ــ خۆ من نەمزانیوە دایکت چی ئەڵێ.

ــ داوام لێ ئەکا لەگەڵ خەڵکانی وەکوو ئالاجاقی هەڵسوکەوت نەکەم.

ستار وتی:

ــ ئەگەر لەبری تۆ بوایەتم بە قسەم ئەکرد!

ــ مەبەستت چییە؟

ــ مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ دوژمنەکەم لە دەفرێکدا نانم نەئەخوارد.

ــ دوژمنەکەم؟! تۆ لە کوێوە ئەزانی ئالاجاقی دوژمنی منە؟

ــ نەک هەر ئالاجاقی، هەموویان دوژمنی تۆن؛ نەجەف ئەرباب، بابقولی بوندار، سوڵتانخورد، خانی فروومەد و...

ــ ئاخر خۆ نابێ هەموو ئەمانە وەکوو یەک چاو لێ بکەین. هەندێکیان گا لە بەر پێمدا ئەکوژنەوە!

ــ من ئەو شتانە بە نیشانەی دۆستی نازانم.

ــ ئەی نیشانەی دۆستی چییە؟

ــ دڵت ئەبێ لەگەڵت بدوێ!

ــ دڵم؟... دڵی من پڕە لە شتی دژ و دژبەر، ستار. وەڵامی ڕاستەقینەم ناداتەوە دەست. نای بیسم. دەنگی نابیسم! نازانم چی بە سەر باری دەروونمدا هاتووە، نازانم. هەندێ جار گێژ و وڕ ئەبم، ستار!

ستار پانیەی سەری نا بە کۆڵەکەکەوە و لە کاتێکا سەیری ئەستێرەکەی سەر سەربانی ئەکرد، وتی:

ــ نیوەڕۆی ئەمڕۆ سەیری دادخوازەکانم ئەکرد. خەڵکی زەلیل و ڕیسوا کراون! ئەمبینی هەر هەموویان دادگەرییان لە تۆ ئەوێ. هەر کامیان بە جۆرێک لە تۆیان ئەویست دادیان بسێنی. هەم ئەوانەی کە زوڵمیان لێکرابوو، هەمیش ئەوەی کە خۆی بە زوڵم لێکراو ئەدایە قەڵەم. تۆیش بەڵێنی دادگەریت بە هەموویان دا و، منیش سەرم سووڕما!

ــ سەرت سووڕما؟! لە چی سەرت سووڕما؟ خەڵکی چاوەنواڕی ئەوەن بە کاریان ڕابگەم. من ناتوانم پشت گوێیان بخەم. من ئەبێ کاری خەڵکی جێبەجێ بکەم. تۆ ئەتەوێ بڵێی نابێ ئەو کارە بکەم؟!

گوڵمحەمەد لە ستار وەرگەڕابوو و خێسەی لێئەکرد. ستاریش نیگای لە بۆشایی ئاسمان وەرگرتبوو و نیوڕوخی ئارامی خۆی خستبوویە بەر نیگای گوڵمحەمەد. بەڵام ئەبوایە وەڵامێک بە گوڵمحەمەدی سەردار بداتەوە. بۆیە وتی:

ـ ئەگەر دڵت بدایە بە قسەکەی من، بۆت دەرئەکەوت کە من چەندە ئەو کارەی تۆم پێخۆشە، گوڵمحەمەد! کاتێکە ئەبینم بەو حەز و ویستە باڵایەوە هەوڵ ئەدەی گرێی کاری خەڵکی بکەیتەوە، لە خۆشیاندا گریانم دێ. جا بە من مەڵێ، من نامەوێ ئەو کارە بکەی! چۆن وا بیرئەکەیتەوە کە من نامەوێ داوای خەڵکی لەبەرچاو بگری!... ها، چۆن وا بیر ئەکەیتەوە؟

گوڵمحەمەدیش هەر بەو جۆرە بە ناباوارڕییەوە پرسی:

ـ ئەی لە چی سەرت سووڕ ماوە؟!

ـ ئێستە پێتی ئەڵێم!

ستار بەم گوتەیە لە کۆڵەکەکە بوویەوە. بە هەنگاوێکی گومان شکێن لە گوڵمحەمەد دوور کەوتەوە و گەڕایەوە، بەر لەوەی شوێنەوارێکی خراپ لە سەر گوڵمحەمەد بەجێ بهێڵێ. ئەوا دوو پیاو لە بەرامبەری کۆڵەکەکە، زیاتر لە قووڵایی بەرهەیوانەکە، ڕووبەڕووی یەکدی وەستابوون. گوڵمحەمەد بە پەلە و جەخت کردنەوە وتی:

ـ ئا بڵێ با بیبیسم!

ستار وتی:

ـ تۆ بەڵێنت بە میرخانی دزمینی دا بڕۆیت و جووتیارەکانی بۆ تەمێ بکەی؛ بەڵێنت پێنەدا؟

ـ باشە، خراپی ئەمکارە لە کوێ دایە؟!

ستار لە وەڵامی گوڵمحەمەددا وتی:

ـ لە خودی میرخانم بیست باسی ئەو جووتیارانەی ئەکرد کۆ بوونەتەوە و داوای زەوییەکانی باپیرانیان ئەکەنەوە.

ـ دەی؟

ستار درێژەی دا:

ـ ئەو ڕاست و درۆی تێکەڵ ئەکرد گوایە جووتیارەکان چوون و نەمامەکانیان بڕیوە و چی و چی...

ـ باشە! بۆ ئەبێ نەمام دەربهێنن؟! بێجایان کرد و بە قەبری بابیانەوە...

ـ ئەگەر بڕیبێتیان...

ـ تۆ ئەڵێی نەیانبڕیوە؟

ـ من لە کوێوە بزانم بڕیویانە یان نەیانبڕیوە؟

ـ ئەی چی؟ لە غەیبەوە ئەزانی؟!

ـ نەخێر! من ئەمەوێ نەدیت بڕیار نەدرێ!

ـ ئەی بۆ ئەڵێی نەمامەکانیان نەبڕیوە؟!

ستار زاڵ بە سەر کاردانەوەی خۆیدا کە لە خێرابوونی گفتوگۆکەدا خەریک بوو پەرەی ئەگرت، لەسەرخۆ وتی:

ـ جووتیار، ئەو جووتیارەی کە من بینیومە، زۆر ئاستەمە بتوانێ دڵی خۆی ڕازی بکات بۆ ئەو کارانە. چونکە جووتیار نرخی بەروبووم ئەزانێ، هەرچەن ئەو بەروبوومە لە کەنووی ماڵەکەی خۆیشیدا نەبێ. بەروبووم گیان و دڵی جووتیارە و هیچکەس ئامادە نابێ دڵ و گیانی خۆی بسووتێنێ. هەر ئەمشەو باسی ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە چۆن دەشتی گەنمیان لە قەلاچیمەن ئاگر تێبەردا و جووتیارەکانیان لە سەری تەمێ کرد!... من دڵنیام جووتیار ناتوانێ ئەو کارانە بکات.

ـ ئەی کێ دەشتەکە ئاگر ئەدا؟ ئاغەکان خۆیان؟!

ستار وتی:

ـ بۆی هەیە، بۆ نا!

ـ بۆ نا؟ بۆی هەیە؟ کەس ئەتوانێ ژیانی خۆی ئاگر تێبەردا؟! ئەبێ شتی وا؟

ستار وتی:

ـ ژیانی خۆیان نا، بەڵام ژیانی خەڵکی ئا. ژیانی جووتیار ئا!

ـ ژیانی خەڵک؟ ژیانی جووتیار؟! زەوەی و بەروبووم مەگەر هی

ئاغە نییە؟!

ستار بە تەوسێکەوە وەڵامی دایەوە:

ــ بە تاپۆ ئا!

گوڵمحەمەد زیاتر هەڵچوو و ڕقی هەڵسا:

ــ بۆ وا لەگەڵ من قسە ئەکەی، پیاو؟ خۆ منداڵی دە ساڵان نیم! لەگەڵ من یەکڕوو بە ستار. یەکڕوو! پیاو و پیاوانە. قسەکانت ژەهراوییە!

ــ نەفرینم مەکە ئەگەر قسەکانم تاڵاویان تێزاوە، گوڵمحەمەد. بە گیانی هەرچی پیاوە مەبەستم خراپ نییە، خۆت باش ئەوە ئەزانی. بەڵام ڕاستی هەر ئەوەیە کە وتم. لەگەڵ پیاو، ئەبێ پیاوانە قسە بکرێ. پیاو و پیاوانە. زەوییەکان، ئەو زەوییانەی کە ئەیبینی -بوور و بەراو- تەنها تاپۆکراوی ئاغەکانە.

گوڵمحەمەد گرێ و داگیراو، لە سەر پێ وەرگەڕا و وتی:

ــ چی ئەڵێی تۆ، قسەی سەیر ئەکەی تۆ پیاو!

ستار بە قسە ڕایگرت:

ــ با یەکدی نەجەڕێنین، گوڵمحەمەد؛ با یەکدی نەجەڕێنین! قسەی من ڕوونە، وەکوو ڕۆژی ڕووناک. تۆ کەسێک نیت لە دنیا دابڕابێتی، خۆت ئەوە ئەبینی. بەیانی هەتا ئێوارە ئەوە ئەبینی. خەڵکی، جووتیار ئەبینی. هەر کامەیان وا پێئەچێ هەزار ساڵە بە بێوچان بار ئەکێشێ؛ هەزار ساڵ و زیاتریش. ئەمانە، لە هەزار ساڵی بەر لە ئێستەدا ڕاگیراون و هەر بەو جۆرە باریان پێ ئەبەن. قسەی من لەگەڵ تۆ ئەمەیە، قسەی پیاو لەگەڵ پیاو. ئاخرەکەی تۆ ئەتەوێ دادی کێ لە کێ وەربگری؟ ها؟!... بۆ لای تۆ هەم ئاغە دێ بۆ سکاڵا و هەمیش جووتیار! چارەی من لەگەڵ تۆ چییە، گوڵمحەمەد؟!

بێدەنگی، قورسایی بێدەنگی. گوڵمحەمەد وەک بڵێی لە خەو ڕابووبێ، پێڵووی لێکدا و لە ستار مۆڕ بوویەوە. پاشان بە بڕوای ئەوەی کە دەروویەکیتر بۆ ئاخافتن کراوەتەوە. ئارام و دڕدۆنگ پرسی:

ــ چارەی تۆ؟!... لەگەڵ من؟!

ستار لە هەڵوەستەی قورسی گوڵمحەمەددا خۆی نەدۆڕاند و بە هەمان ڕاشکاوی پێشتر لە وەڵامدا وتی:

ــ بەڵێ، چارەی منی نموونەیی! من لە لایەن جووتیارەکانی ناوچەوە هاتووم لەگەڵ تۆ ڕاوێژ بکەم. ئەوان لە تۆ ئەپرسن ئەبێ چی بکەن؟ هەقیان ئەوێ و دەرەقەت نایەن. دەستیان بەتاڵە. چاویان لە تۆیە. بەڵام هەر کاتەی چاویان ئەکەنەوە کە تۆ ببینن، لە سەر سفرەی ئاغەکان تۆ ئەبینن! ئەمەیان لەلا ئاستەمە. تێناگەن! نازانن چارەیان لە لای تۆ چییە؟ ئاخرەکەی ئەیانەوێ بزانن کە گوڵمحەمەد چکارەی ئەوانە و ئەوان چکارەی گوڵمحەمەدن؟!

ــ چکارەیان؟! من چکارەی ئەوانم؟ تۆ... تا ئەم کاتە خەوتوویت کە ئەمە لە من ئەپرسی؟!

ــ گوڵمحەمەد! گوڵمحەمەد! بۆ ئەمجەڕێنی؟ جووتیارەکان لەدەس ئاغەکەیان سکاڵایان بۆ لای تۆ هێناوە. منیان ناردووە بۆ لای تۆ دەردی دڵیان بە تۆ ڕابگەیەنم. تۆ چی ئەکەی؟ تۆ چییان بۆ ئەکەی؟ چ ڕێیەک ئەخەیتە پێش پێیان؟!

گوڵمحەمەد ڕانەوەستابوو درێژەی پرسیارە بەردەوام و بێباکەکانی ستار ببیسێ. لە بەرزایی بەرهەیوانەوە خۆی هەڵدابوویە حەوشە و بەرەو قەرە ئەچوو. ئاشکرا بوو لە شتێک هەڵدێ و خۆی لە شتێک لا ئەدا. ڕەنگە نەی ئەویست کۆڵبدا بەوەی دەروونی هەژاندبوو. هەروەها نەی ئەویست دڵ بدا بە ناسینی ئەو دژبەرەی لە خۆی دووری ئەخستەوە. بەڵام ستار کە بۆ ساتێکیش لە گوڵمحەمەد خافڵ نەبوو - هەم بەدڵ و هەم بەنیگا- ئەیتوانی تێبگات کابرا چی لێ ڕائەبوورێ و لە چ دارەتێکدایە. ستار ئەیتوانی غار دا بە دوایدا، لەگەڵی بڕوا و دیسانەوەش بدا بە گوێیدا؛ بەڵام لەم کات و ساتەدا کە گوڵمحەمەد تووشی ببوو، خۆگری بە پەسندتر و لەبارتر ئەزانی. بۆیە لە گوڵمحەمەدی سەردار گەڕا تا دەستی لە کاکۆڵی ئەسپەکەیدا، لە خۆی بئاڵێ، بورووژێ و بە ناو ساتە گڕگرتووەکاندا تێپەڕێ و لە دوای ئەوە بکەوێتەوە قسەکردن. پەنجە لە یاڵی ئاورێشمینی قەرە، سینە

به سینه و گەرما بە گەرمای لەشی ئەسپەکە. پێچ و پێچراو. ڕەنجان و شەکەتی و دۆشدامان. ڕەنجی دووانە بوون. کێشەی تووڕەیی. گێژەنی دڕدۆنگی. تەزی بڕیاردان و لێبڕان. دەنگێک لە ناخی سینەوە، بە لەرزینێکی ئاشکرا و قرنجانێکی شەکەتەوە:

ــ جووتیارەکان بۆ گەنم ئەسووتێنن؟!

ــ جووتیار گەنم ناسووتێنن، سەردار! خۆ ئەمەم پێوتی!

بە بیستنی وەڵامی ئاشکرا و دەسبەجێی ستار، گوڵمحەمەد ئەوەندە تیژ و ڕقاوی سەر و شانی بەرەو ئەو وەرگێڕا کە چۆخەکەی لە شانی داکەوت و هەستی بە سووتانەوەی لێوی خوارەوەی لە بن ددانەکانی‌دا کرد و هەروەها تێگەیشت کە یاڵی ئەسپەکەی بە ڕقەوە لە چنگی‌دا ڕاگرتووە و لە چاوەکانی ستاری پینەچی مۆڕ بۆتەوە بە نیگایەکی خاچ و ئاوێتە بە نەفرەت و تووڕەیی.

ستار ئەوا لە بەرهەیوانەوە هاتبوویە حەوشە و بەرەو گوڵمحەمەد ئەچوو؛ نە گرفتاری تاودانەوەی ڕق و تووڕەیی گوڵمحەمەد لەزی خستبوویە بەری، نە گوێنەدەر و خۆلادەر، بەڵکوو لێبڕاو و ڕاشکاو، بەڵام نەک هاندەر و شەڕانی. بڕیاری دابوو قسەی خۆی لەگەڵ خەنیم یەکالا بکاتەوە ئەمشەو، ئەگەر پێویستی بەوە کردبێ ئەو وتووێژە تا ڕۆژهەڵاتیش درێژە بکێشێ. بەگومانی ستار، گوڵمحەمەد ئەیویست خۆی ببوێرێ. کار لە تێنەگەیشتن تێپەڕیبوو و وا دیار بوو بە ئەنقەست ئەیویست بارەکە بوروژێنێ و ستار نەی ئەتوانی چاو لەوە بنووقێنێ؛ هەرچەند نەئەبوا لەوەی کە هەیە تیژتری بکاتەوە. لە چاوانی گوڵمحەمەددا وەستا و بۆ ئەوەی تووڕەییەکەی بەرەو ئاخافتن ڕێنموونی بکات، وتیەوە:

ــ جووتیارەکان گەنم ناسووتێنن، سەردار!

ــ تۆ لە کوێوە ئەزانی کە نایسووتێنن، پیاو؟ مەگەر تۆ غەیب ئەزانی؟ مێروولەن ئەمانە. تۆ خۆ ئەم مێرووولانە لە من باشتر ناناسی! ئەوکاتەی کە لە بەرژەوەندیان بێ، باوکیشیان لە گۆڕ دەرئەهێنن و ئەیسووتێنن! ئەم خەڵکە بە دەسکچنی گەورە بوون.

چاویان تەنگە، وەکوو قنی کەڵەباب! بەری دەستێک زەوی و پێنج مەن تۆو بۆ چاندن! ئەمە هەموو شتێکیانە!... ڕقم لە هەموویانە، هەموویان وەکوو مێروولەن. دنیا ئاو بیبات بەڵام ئەو لەپە دەستە زەوییەی ئەوان لە سەر جێگەی خۆی بێ! جگە لە خۆیان ئەڵێی لەم دنیایەدا ئیتر هیچ کەس و هیچ شتێک نییە!... ئێستە تۆ ئەتەوێ بۆ ئەو جۆرە خەڵکە چی بکەم؟!

ستار هەروا کە لە بەرامبەر گوڵمحەمەددا وەستابوو، وتی:

ـ خۆت زۆر کارت بۆ کردوون. هەندێ کارت بۆ کردوون کە ڕووت لێ ئەخەن و دێن بۆ ماڵەکەت. ئەوان ڕوویان لە تۆیە!

ـ بۆچی ڕوویان لە منە؟! مەگەر خۆیان شەل و گێڕن؟ یان مەگەر من -خوایە تۆبە- پێغەمبەرم کە خەمی خەڵکی بخۆم؟

ـ گوڵمحەمەدی سەردار، ئەوان چاوی نیازیان لە تۆیە! خودی تۆ!

ـ من؟! بۆچی من؟ ئەی خۆیان چی؟ خۆیان چین؟... مردوون؟ مردوون؟! هەهـ... پێت وایە لە خۆوە ڕقم لێیانە؟ نەخێر!... وەک بزنی پیر لە دەنگی تفەنگ ئەترسن. وەک بزنی پیر!... تا ئێستە دیوتە یان بیستووتە جووتیارێک دابێتی بە کێودا؟ ها؟ بینیوتە یان بیستووتە؟ من کە نەمدیوە! ئەگەریش دیومە گەنەدزی لێ دەرچووە. وەکوو ئەو بوژدنیە بێغیرەتە! گەنەدزی هەژارکوژ! من ڕقم لە مرۆڤی ڕەبەنە؛ ڕقم لەوەشە ڕەبەن کوژە! ڕقم لێیە!... بەڵام من نازانم کاتێکە ئەیانبینم بۆچی بەزەییم پیایاندا دێتەوە؟ نازانم! ئەم دڵەی من، ئاخخخ. خەنجەری بەرکەوێ ئەم دڵە ناسکەی من!

گوڵمحەمەد مشتی داکوتا بۆ سینەی و لەگەڵ مشتی هەروا مایەوە، زمانیشی لە گۆ کەوت. ئیتر سەیری ستاری نەئەکرد. بەری شانی نابوو بە شانی شەودێزەوە و چاوی بڕیبوویە شوێنێکی نادیار. ستار لێی نزیک بوویەوە، چۆخەی لە خاک هەڵگرتەوە، دایەوە بە شانی پیاوەکەدا و وتی:

ـ بەڵام کەم نەبوون ئەو جووتیارانەی بە گەلەکۆمەک ڕژاون

بە سەر ئاغەکەیان‌دا و پارچە پارچەیان کردووە. ئەمەیان هەم من ئەیزانم و هەم تۆیش. چونکە هەر کەسە و چەکێکی هەیە!

وەک بڵێی قسەکەی ستاری نەبیستبێ گوڵمحەمەد، جارێکی‌تر سوورڕا و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ــ ئاخ... ئاخ لەم دڵە کۆست کەوتووەی من! ئاخ خ...

ستار بە ڕاستدا سوورڕا و بە سیلەی چاو ڕوانیە گوڵمحەمەد، لای قەرە ڕاوەستاو و وتی:

ــ جووتیار گوڵمحەمەدی سەرداریان خۆش ئەوێ. چییان لێ ئەکەی؟ ئەوان تۆیان خۆش ئەوێ گوڵمحەمەد! ڕەنگە بۆ هەر کامەیان ئەو کەسەی کە ئەوان ئارەزوویانە خۆیان هەو بن؟ ڕەنگە هەندێکیشیان تا گەیشتن بە تۆ، تا بوون بە تۆ ڕێگەیەکی زۆر دووریان لە بەر نەبێ؟ ئەمەیان بە تەواوەتی نازانم، بەڵام ئەوە ئەزانم هەر هەموویان شانازی بە ناوی گوڵمحەمەدەوە ئەکەن!

گوڵمحەمەد ئاوڕی دایەوە، لە سەر ڕوخساری ستار ڕاما و بە تەوسەوە وتی:

ــ شانازی! بەڵێ... ڕەنگە! بەڵام چیم بۆ ئەکەن؟ چ کارێک ئامادەن بۆ من بکەن؟ چەن دانەیان تا ئێستە تفەنگیان داوە بە دەس کوڕەکانیانەوە و وتوویانە برۆ لەگەڵ گوڵمحەمەد کەوە؟ ها چەن دانەیان؟ ئەوانە، بەو جۆرەی کە من ئەیانناسم، هەر کامەیان بەو لەپە خاکەوە لکاون کە هەیانە و ئەیانەوێ من ببم بە دەشتەوانیان!

ــ ئەوانەیان کە شانازی بە تۆوە ئەکەن خۆ زەویان نییە، گوڵمحەمەد. ڕووتەڵەن بۆیە بە گوڵمحەمەدەوە ئەنازن. هەر ئەوانەش دەرگای ماڵەکەیان لە تۆ کراوەیە. ئەمە بەس نییە؟

ــ لە ترسان دایە، لە ترسان دەرگای ماڵەکەیان بۆ من خستۆتە سەرپشت!

ــ جووتیار چی هەیە کە بۆی بترسێ؟

ــ خۆزگە شتێکیان هەبوایە. هەر ئەمەی من ئەسووتێنێ کە نیانە و ئەشترسن؛ ئەترسن! نازانم بۆچی ئەوەندە ئەترسن. بەڵام

ئەزانم کە ئەترسن. وەکوو سەگ ئەترسن. بەڵام تۆ ئەتەوێ من ئەم ترسنۆکانە بکەم بە تاج و بیان نێم بە سەرمەوە!

ــ بۆ ئەترسن، گوڵمحەمەد؟

گوڵمحەمەد پرسیارەکەی گێڕایەوە بۆ ستار و پرسی:

ــ تۆ ئەزانی؟!

تای دەرگای حەوشە کرایەوە و خانئاپۆ لە هەشتیەکەوە هاتە حەوشە و بە دەم هاتنەوە وتی:

ــ نییە. پیرەژن دیار نییە! بووە بە دووکەڵ و چووە بە حەوادا، بووە بە ئاو و ڕۆچووە بە عەرزدا! ئەڵێی چی بکەم؟!

لەمبەرەوە، گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ خەو خانئاپۆ! بخەوە، بەیانی کارمان زۆرە.

خانئاپۆ لەچاو ون بوو، بەڵام گوڵمحەمەد هێشتاش هەروا مابوو کە بوو. گرفتار و گیرۆدە، لێوی خەمی گەست، تەوێڵی نا بە تەوێڵی ئەسپەکەوە و بە زمانی زگماک بە دەنگێکی نامۆ و دڵتەنگ کەوتە گۆ. نامۆ و دڵتەنگ. دەنگ. گوتنێک کە ئەگەر تەنانەت بە ڕەوانیش بگوترایەت، ستار تێی نەئەگەیشت. مەگەر هەستێکی ناڕوون لە دارەتی شاراوەی ناو گوتنەکەی گوڵمحەمەددا.

بلا لە ناو خۆیدا بێ!

ستار ئارام و بێ خشپە دوورکەوتەوە. لە سەر لێواری کەردووەکە دانیشت و چاوەڕێی کرد. گوڵمحەمەد لە ناو شەپۆل و پێچ و خەمی زمانی زکماکیدا ئەتلایەوە و ڕوومەتی بە پشتی ئەسپەکەدا ئەهێنا. ڕەنگە ئەگریا. ستار لەم گومانەی خۆی دڕدۆنگ بوو. هەرچی و هەر چۆن بەجێ بوو ستاریش بە هەمان ئارامی کە دوور کەوتبوویەوە، ڕابێ، گوڵمحەمەد بەجێ بهێڵێ و بڕوات. چونکە بە ئاشکرا بۆی دەرکەوتبوو لە سەر دڵ و ئەندێشەی پیاوی بیابان، گرێ-بەردی زیاد لە پێویست بار کراوە: گرێ-بەرد، دژواریی نارێک و نالێک و تێکەڵ و پێکەڵ دەستیان دابوویە دەستی یەک و وەها جەڕاندبوویان، سەیر نەبوو ئەگەر گوڵمحەمەدی کەلمیشی هاواری وەڕەز بوون بەرز

بکاتەوە و بە بیانووی خۆ ئارامکردن دەستی تووڕەی یەخەی ستار، ئەم مێملە نزیکە لەبەردەستە بگرێ. ستار لوانی ئەو کردارەی لە لایەن گوڵمحەمەدەوە بە دوور نەئەزانی و لێی ئەترسا، بەڵام نەک لە بەر ئەوەی خۆی پلاری بەربکەوێ. بۆیە ئەبوا لەم کاتەدا خۆی وەشێرێ و لە چاوان ون ببێ. بەڵام هەستی ئەکرد ناتوانێ خۆی ڕازی بکات بەو خۆشاردنەوەیە. چونکە ئەوکارە بەواتای بەجێ هێشتنی گوڵمحەمەد بوو لەو پەرێشانیەدا و ئەمە کارێکی شیاو نەبوو. ئەی ئەبوایە چی بکات و چی پێ ئەکرا جگە لە بێدەنگ بوون و سەبرکردن تا بزانێ چی ڕووئەدات؟ لە لای خۆی بەڵام، لە سەر خاڵێک ساخ ببویەوە کە بیبڕێنێتەوە و لەوە زیاتر کابرا نەورووژێنێ. حەز و ویستی ئارامیی بۆ گوڵمحەمەد، هەرچەندە نەشی ئەویست کار بە نیوەچڵی بەجێ بهێڵێ. چونکە جێ، جێی یەک لایەنکردنەوەی کارەکە و یەکسەر کردنەوەی ڕەفتار بوو. وای بە باشتر ئەزانی ئەم یەک شەوە دڕوو لە گیانی بچەقێنێ و لەوە ئەترسا نەکا گوڵمحەمەد کەوتبێتە داوی فێڵ و دڕۆوە و -ئەگەر وابووبێ- ئەوە تاڵتر بوو لە ژەهر لە لای ستار.

ــ بۆ ئەمچزێنی پیاو؟!

ــ من؟! من تۆ ئەچزێنم؟!... وا بیر ئەکەیتەوە؟

ــ وا بیر ناکەمەوە. لە چزەی گەستنت ئەوا ئەسووتێم!

زاڵ بە سەر دانیشتووی ستاردا، گوڵمحەمەد ڕاوەستابوو. پێی لە سەر لێواری کەردووەکە، خێسەی لێ ئەکرد و وەک هەڵۆیەک باڵ بە سەر چۆلەکەیەکدا دائەهێنێتەوە، دەستەکانی نابوویە لاکەلەکەی و باڵەکانی چۆخەکەی کراوە بۆ پشتەوە. بە بێ دەرفەتی کەمترین جووڵە. چۆلەکەیەک گیرۆدەی ئەفسوونی هەڵۆ. سەر داخستوو و گیرۆدە و ناچار. بە دژواری و بەناچاری دەستی لە پشتەوە کرد بە کۆڵەکە، سینە و سەری برد بۆ دواوە و ورەی خستە بەرخۆی تا لە ڕوخساری گرژ و مۆنی گوڵمحەمەد بنواڕێ. گوڵمحەمەدیش بە هەمان هەژانی نهێنیەوە، داچەمابوویەوە بە سەر نێچیرەکەیدا، بە بێ نیشانێک لە نائارامی ئاشکرا لە ڕوخسار و چاوەکانیدا:

ـ وەڵامم بەرەوە، وەڵامم بەرەوە!

ستار هیچ دەرفەتی بێدەنگ بوونی نەبوو و هیچ دەرەتانێکیشی بۆ هەڵاتن بەدی نەئەکرد. قسە قسەی هێنابوو و، زمان گیانی هەژاندبوو و ئەم سەرەتایە کۆتاییەکی ئەویست؛ هەرچەند بە شەڕ! هەوڵدانێک بۆ دوورکردنەوەی لەش و ئەوسا هەڵوەستەیەک بۆ ئەوەی بەجێترین وشە بدۆزێتەوە و وشکی دەم ـبەڵکووـ لە ناو بچێ. چونکە خەنیم، بە ئاشکرا ئاخنراوی ئاڵۆزی و برین و تووڕەیی، هەوایەکی ئەویست بۆ ئەوەی بتوانێ تێیدا هەناسە بدات و ئەم گیانە هەڵچووە ئوقرەی نەئەگرت و لە تینوویەک ئەچوو کە ورگی لە سەر لمی داخ و شێداری قەراخ گۆلاوێک ڕاکشاندووە و لێوی وشکی پێوە ناوە؛ هەرچەند ئەو ئاوە نە بۆ خواردنەوە مابێتەوە. هەرچی چۆن بێ لەرەیەک لە سەر پێستی گۆلاو، خورینێک.

تینووە ئاوی ئەوێ.

ستار کەوتە دوو:

ـ ئەوەی وتم قسەی جووتیارەکان بوو، گوڵمحەمەد خان. مەبەستم ئەوە نەبوو ئازارت بدەم، بڕوام پێبکە!

دەستی لە سەر خالآیی، پشتی ڕاست کردەوە گوڵمحەمەد و ڕووی لە ئاسمان، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و بێئەڤان وتی:

ـ چ شەوێکی ڕژدە، ئەمشەو!

ستار توانیبووی هەڵسێ، بەڵام گوڵمحەمەد ئیتر لەوێ نەبوو. بەڵکوو کەوتبوویە ڕێ و خەریک بوو بە بێ مەبەست بە ناو چوارپێکاندا بسووڕێتەوە. بە دوای ئەودا ستاریش کەوتە ڕێ و بە ئەندازەی دەسکەوسارێک لێی دوور، وەکوو سێبەر بە دوایدا ڕۆیشت. گوڵمحەمەد لای ئەسپە چوارهەنگڵەکەی خانئاپۆ تۆزێ ڕاوەستا و وتی:

ـ خەریکە پیر ئەبێ... چارەوای چاک، چارەوای چاک!

پاشان بە بێ ئەوەی ڕوو لە ستار بکات، پێیوت:

ـ مەبەستی ئازار.. ئم!... خەریک بووی ئەتوت؟ دەی ئیتر؟

ستار وتی:

ــ بیستوومە ئەیانەوێ لەگەڵ ئەفغانەکان بتدەن بەشەڕ؟! لەگەڵ جیهەنخان و بازخان؟... خۆ بە هەڵەم نەبیستووە؟

ــ نەء!

ــ بۆ کێ و بە ئەوینی چی؟!

لێرەدا گوڵمحەمەد ئاوڕی لە ستار دایەوە و وتی:

ــ بە ئەوینی ئەوەی ناتوانم ببینم پێی ئەفغانی بکرێتەوە بۆ خاک و زێدی من!

ــ چاکە، ئەمەیان زۆر چاکە. بەڵام کێ پێی ئەوانی بۆ ئەم خاکە کردەوە؟ من و تۆ، یان بوندار و ئالاجاقی؟ تا ئەو کاتەی بە قازانجیان بوو مەڕیان لە بەر پێیاندا سەر ئەبڕی و ئێستەش کە بە زەرەدیانە داوا لە گوڵمحەمەد ئەکەن سینەی بکات بە سپەری گوللەی بازخانی ئەفغان! کێ؟ بوندار و ئالاجاقی! بۆچی؟ قەرزی تریاک. لەم نێوانەدا گوڵمحەمەد خانی سەردار بەچی ئەژمێردرێ؟ بە ماستی ڕژاو! ماستی ڕژاو، تاپۆی زیارەتان! گوڵمحەمەد چ بکوژێ و چ بکوژرێ ئەوان قازانجیان کردووە. ئەوانەی کە... چونت بۆ بڵێم گوڵمحەمەد؟ من نامەوێ سینەی تۆ بۆ داکۆکی لە ئالاجاقی، ببێ بە قەڵخانی بەڵای بازخانی ئەفغان. ئەم قسەیەت چۆن بۆ بڵێم؟

ــ دڵت بۆم سووتاوە؟ زۆر سووتاوە! مەگەر تۆ شیرت لە مەمکی دایکی من خواردووە؟

ــ مەگەر نابێ بە بێ ئەوەی شیرم لە مەمکی دایکی تۆ خواردبێ، بە برات بزانم؟

ــ ئەی کە زمانت درێژە ماشەڵڵا؛ ئەی کە زمانت هەیە!

ــ لە لای تۆ دڵ و زمانم یەکە، گوڵمحەمەد!

ــ بۆیە هەم بە دڵ و هەم بە زمان نەشتەرم لێ ئەدەی!

ــ بەدبینی ئەکەی!

ــ من؟!

ــ بەڵێ تۆ!

لەبن ملی ئەسپەکەوە، گوڵمحەمەد بە چەماندنەوەی توندی سر و شانی، هاتە ئەمبەر و سینەی نا بە سینەی ستارەوە:

ــ تۆ چ کارێکت بە من هەیە، پینەچی؟!

ستار بە بێ ئەوەی پاشەکشە بکات، لە وەڵامدا وتی:

ــ کاری من و تۆ لێک ئاڵاوە، گوڵمحەمەدی سەردار!

ــ چیت لە من ئەوێ؟

ــ ئەمەوێ ئەرک و هەڵوێستی من ڕوون بکەیتەوە!

ــ ئەرک و هەڵوێستی تۆ؟! من؟ بۆ من ئەبێ ئەرک بۆ تۆ دیاری بکەم؟ مەگەر تۆم بەستۆتەوە بە خۆمەوە؟!

ــ تۆ منت نەبەستۆتەوە بە خۆتەوە، بەڵام من بەستراوم بە تۆوە!

ــ ئاخر لە بەر چی؟ لە بەر ئەوەی یارمەتیت دام لە حەپس هەڵێم؟... دەبڵێ، بڵێ چەندەت ئەوێ لەبری ئەو خزمەتەی بە منت کردووە؟ چەن هەزار؟

تاوێک بێدەنگ بوو ستار. پاشان سەری هەڵێنا و زۆر بە دڵێشاوی پرسی:

ــ منت چۆن بینیوە، سەردار؟ چۆن؟!

ــ ئاخر ئەی من چی لەگەڵ تۆ بکەم؟!

ــ بەس وەڵامم بەرەوە!

ــ وەڵامی چیت بدەمەوە؟

ــ وەڵامی ئەوەی کە پرسیم. من لە لایەن جووتیارەوە هاتووم بۆ ئەوەی هاواری ئەوان بە تۆ بگەیەنم. وەڵامم ئەوێتەوە. جووتیارەکان ئەیانەوێ بزانن تۆ لایەنی کێی؟ لەگەڵ ئەوانی یان دوژمنەکەیان؟

گوڵمحەمەد ئارام بوو، پاشان پرسی:

ــ جووتیارەکان ئەیانەوێ بزانن یان تۆ؟!

ــ منیش!

گوڵمحەمەد وەرگەڕا، دەستە ماندووەکەی نا بە دیوارەکەوە و پێی خستە سەر لێواری ئاخوڕەکە و بە هەمان نەرمی وتی:

ــ درەنگە، کات درەنگ بووە. دیسانەوەش قسەت ماوە؟
ــ رەنگە. بەڵام دای ئەنێین بۆ کاتێکیتر. ئێستە ماندوویت.
ــ چی؟!

بەم پرسیارە، گوڵمحەمەد ستاری ڕاگرت و لێی مۆڕ بوویەوە و پرسیەوە:

ــ بڵێ! چیت ماوە بیڵێ!

ستار دەستی خستە سەر یاڵی ئەسپەکە، سەر و سینەی لە گوڵمحەمەد نزیک کردەوە و وتی:

ــ باسی ئەوەی کە... بۆ خەبات ئەکەی؟!

بە بێ وەڵام، گوڵمحەمەد سەری کاس و ماندووی نایە سەر بازووی بە دیوارەکەوە. چاوی لێکنا و یەکسەر لە خۆی بوویەوە. خولانەوە. ئەشکەنجەی شەکەتی و سست بوون. سستی ئەو ئازارەی پەیشۆنی نەبوو و لە گیانی کابرادا ون بوو. تەنگژە و گرێ. ونبوون و وڕ بوون. تاوێک ڕابرد؟ چەندی پێچوو؟ دیار و ڕوون نەبوو. پرسی:

ــ تۆ... کێی پیاو؟!

وەڵامی نەبیست. سەر و دەستی بەرز کردەوە، پێی لە سەر ئاخوڕەکە ئازاد کرد. شانی سووڕاند و سەیری شوێنەکەی ستاری کرد. ستار نەبوو. شەو هەموو سەرای پڕ کردبوو. گوڵمحەمەد بۆ بن دیوارەکە خاو بوویەوە. پانیەی سەری نا بە دیوارەکەوە، چاوی لێک نا و وەک بڵێی ئەمجارەیان لە خۆی بپرسێ:

ــ تۆ... کێی پیاو؟!

وەڵامێکی لە خۆیشی نەبیست. تاوێک هەروا ڕاما و پاشان هەڵسا و کەوتە ڕێ. نەرم و ماندوو و دڕدۆنگ. دڕدۆنگیەکی بەئازار. ئەتوت هەنگاوی نانیشێتە سەر عەرز و لەشی، وەک قایشێکی ڕەتاو بەو شاقەل و قۆڵانەوە کە بە دەم باوە ئەشەکانەوە. قیرقاجێکی گێژی هەبوو. داهێزراو، بەجارێک. پلیکانەکانی باڵەخانە. قاچی ماندووی کۆنەبرینی نایە سەر پێپلیکانە و ڕاما. بەو جۆرەی کە مێشکی بەتاڵ بووە لە هەموو بیرێک لە زۆری بیر و ئەندێشە. سەر

و شانی وەرگەڕاند و حەوشەی سەرای -مەنداوێکی وشک و وەستاو-دایە بەر سەرنج. شەو، ئاڵۆسکاو و ون لە شەوەزەنگدا بە چوارپێی نووستوو و مۆڵ خواردووەوە زۆر ترسناک و لێل بوو. ئەوەی هەبوو خەوتبوو. نەرمەناسەی هەبووی ناو سەرا، بە مرۆڤ و چارەواوە، شنەی سروەی سەررێژ ئەکرد. زاڵ بە سەر ماندوێتی و بیرکردنەوەدا، لە پلیکانەکان سەرکەوت و لە پشت دەرگا پێی لە چەرمی تێگیراوی پاژنەی پێڵاوەکەیتری گیراند بۆ ئەوەی کڵاش لەپێ دەربهێنێ، بەڵام وای نەکرد و دەرگای نزمی باڵەخانەی بە جیڕەیەک کردەوە و لەگەڵ شەپۆلی سروە چووە ژوورەوە.ماراڵ سەری لە سەر سەرینکەی بەرز کردەوە، ئاخێزی کرد و نیگای لە شووەکەی دەستی برد بۆ لامپاکە بۆ ئەوەی هەڵیکیشێ. گوڵمحەمەد لە سەر قەراخی دۆشەکەکە دانیشت، لاقی ڕاکێشا و ناخودئاگا دەستی برد بۆ شوێنی برینەکەی. ماراڵ لە بەر تێشکی نەزۆری لامپاکە توانی قووڵایی لۆچی تەوێڵ و لالەغاوەی پیاوەکەی ببینێ، هەروەها شانە دەرپەڕیوەکانی لە تاریک و ڕوونی تیژی تیشکەکەدا لە ڕەوەزێک ئەچوو کە خۆری لە کاتی خۆرهەڵاتدا شاردبێتەوە. ئازاری ماندوێتی لە لە ڕەگ و ئێسکی گوڵمحەمەددا -هەرچەند نەی ئەویست ئاشکرای بکات- ئاشکرا و ئاستەم بوو. ماراڵ دەستی ڕاکێشا و کڵاوی لە سەری شووەکەی هەڵگرت و پاشان کەوتە شێلانی شان و پیلی پیاوەکەی:

ــ بۆ ئەوەندە ستەم لەخۆت ئەکەی، گوڵمحەمەد؟ دڵت ئەگەر بۆ خۆت ناسووتێ، دڵت بۆ ئێمە بسووتێ!... تاوێک ئارام بگرە، گوڵمحەمەد!

ــ چی لە ئارامی خۆشترە، ماراڵ؟ چی لەوە خۆشترە؟ پێت وایە حەز ناکەم سەر بخەمە سەر ڕانت و گیانم ئاسوودە بکەم؟ ئای... ئای... ئایێ...! بووم بە گۆشتی دەمی سەگ بە ددانی دنیاوە!... سەرقاڵی... سەرقاڵی!

ــ خۆت ئەو هەموو سەرقاڵیەت بۆ خۆت دروست کردووە. کاری دنیا خۆ کۆتایی نییە، هەیەتی؟!

ـ نەء. نییەتی!

ـ ئەی ئەو هەمووە سەرقاڵیە لە بەر چییە؟

ـ لە زەوی و ئاسمانەوە بۆم ئەبارێ، چیم پێ ئەکرێ؟!

ـ تۆ تاقە کەسێک زیاتر نیت خۆ، شووەکەی من. تاقە کەسێک چۆن ئەتوانێ کاری دنیا یەک لایی بکاتەوە؟ ئەتوانێ؟

ـ ئەزانم... ئەزانم تاقە کەسێک زیاتر نیم. ئەزانم دەرەقەتی کاری دنیاش نایەم. ئەزانم. ئەزانم. بەڵام خەڵکی ئەو یەک کەسەیان نیشانە کردووە! چی لەگەڵ خەڵکی بکەم؟ ئەیانەوێ من گرێی دنیایان بۆ بکەمەوە! هەهـ...

ـ دنیا...

ـ چەندە گەورەیە. چەندە...! خەڵکی لە منیان ئەوێ گرێی ئەو دنیایەیان بۆ بکەمەوە. بەڵام... چۆنی بڵێم؟ نازانم، ئەوەتا ناتوانم گرێیەک لە کارێک بۆ دایکم و خوشکم بکەمەوە! من چیم و خەڵکی چۆن من ئەبینن! ئای... ئای...

ـ پوورە بڵقیس نەگەڕایەوە؟!

ـ نەء! نە بڵقیس و نە شێرۆ. جا چوون بۆ کوێ نازانم؟!

ـ بۆ دەری ئەکەی لە ماڵی باوانی؟... بۆچی شێرۆ ئەبوغزێنێ؟... بۆ ستەمی لێ ئەکەی؟ هەزار جار ڕووتان دا بە ئاگردا، سووک و چرووکتان کرد. بۆچی؟ چی بکات شێرۆ؟ هێشتاش باشە خۆی ناخاتە بەر گورگەکان قوڕقوڕاچکەی بە قەپ بچڕن! بەڵام ئەگەر... ئەگەر بەڵایەک بە سەر خۆی بهێنێ، ئەزانی تاوانەکەی لە ئەستۆی کێیە؟

گوڵمحەمەد خامۆش بوو. ماراڵ وتی:

ـ لە ئەستۆی تۆیە گوڵمحەمەد!

ـ بۆ لە ئەستۆی منە؟

ـ لەبەر ئەوەی کە تۆ گوڵمحەمەدی!

ـ ئەوانیکەش هەن. لە منیش گەورەترن! خانئاپۆ... ئەوانیتر...

ـ ئەوان بە تەمەن لە تۆ گەورەترن، بەڵام بە دەست و بە فەرمانی تۆن. هەموو دنیا ئەوە ئەزانێ. قسەی تۆ ناکەن بە دوو،

ئەوان. ئەوە تۆی کە قسەی کۆتایی ئەکەی!

ــ تۆیش گیانم ئەگەزی، ماراڵ! بۆچی؟ تۆ ئیتر بۆ؟!

ــ دایکت ڕووی لێ خستی. من، منیش هەروەها. خوشکت ، خوشکت سەری لەبەرپێ دانان. بەڵام تۆ... هەندێ جاران ئەبی بە بەرد. وا پێ ئەچێ دڵی گوڵمحەمەدەکەی من لە سینەتدا نامێنێ. هەندی جار ناتوانم بت ناسمەوە! تۆ ئەبی بە "کێ" گوڵمحەمەد؟!

ــ پێت وایە خۆشم ئەزانم؟! ها؟...

ــ داینێ! سەرت لە سەر ڕانم دانێ، گوڵمحەمەد. تۆ ماندووی. ماندووی تۆ، گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد سەری خستە سەر ڕانی ژنەکەی و خۆی دایە دەست ئارامیەکی مناڵانە. ماراڵ دەستی خستە سەر کاکۆڵی پیاوەکەی و ئەتوت بە دەستدان لە قژی گوڵمحەمەد، ئەیەوێ جارێکیتر بە هەست بیناسێتەوە. بە هەستی دەست و بە هۆی هەڵمژینی دەنگی ماندوو و خۆش ئاوازی گوڵمحەمەد:

ــ ...کێ ئەزانێ؟ کێ ئەزانێ؟... وابزانم خۆم ئەزانم؟! هەهە... چەندە جاران مرۆڤ "قسەی" خەڵکی ئەکاتەوە، "کاری" خەڵکی ئەکاتەوە، "حەزی" خەڵکی ئەنوێنێتەوە. چەندە جاران مرۆڤ زمانی خەڵک و کردەوەی خەڵکیە. چەندەها جار... چووزانم؟! ئەو کاتەی ڕووم لە شێرۆ ترشاند کێ ئەڵێ من خۆم بووم؟ کێ چووزانێ؟ لەوێ و هەر ئەوکاتە. ڕەنگە خانئاپۆ چووبوویە ناو کەوڵمەوە؟ ڕەنگە خانمحەمەد لەبری من ڕووی گرژ کردبوو؟ ڕەنگە دڵی بەگمحەمەد لە سینەمدا لێی ئەدا؟ ڕەنگیشە کەلمیشی زمانی بەستبووم؟ ڕەنگە... ڕەنگیشە خەڵکی؟! ڕەنگە چاوەنواڕی خەڵکی لە گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەدی والێکردبوو ئەو کارە بکات؟ من چووزانم؟ ڕەنگیشە چاو و نیگای دەوڵەمەندەکان؟! چووزانم من. چووزانم من کێم؟ لە لایەک زمانی جەماوەر و لە لایەک دەستی دەوڵەمەندەکانم! لە لایەک زمانی داراکان و لە لایەک زمانی نەداران! ئەم گیانانە چین لە لەشی مندا؟ چین ئەم گیانانە؟ من نازانم! من نازانم ئەبوا لەگەڵ

شێرۆ چیم بکردایەت؟ باش ئەزانم ئەبێ چی بکەم! ئەوەندە ئەزانم شێرۆم، خوشکەکەم وەکوو دڵم خۆش گەرەکە. شێرۆ ئەبوا شێرەژنی بنەماڵەکەمان بوایەت. شێرەژنیش بوو شێرۆ. شێرۆی خوشکی من! شێرۆ خوشکی منە، ماراڵ! بڵقیسیش دایکمە. هەندێ جاران مناڵ ئەبمەوە، وەک مناڵەکان! دڵم ئەوەندە بۆ خوشکەکەم تەنگ بووە، نەبێتەوە. خۆشم ئەوێ شێرۆکەم، بەڵام چ بکەم؟ چ بکەم؟ خوشکەکەم لە ماڵ دەرئەکەم! ڕێگە ئەدەم خوشکەکەم لە ماڵ دەربکرێ. بەڵام نازانم! نازانم ئەمکارە خراپە یان باشە؟ نازانم، ئەتوانم کارێکیتریش بکەم یان ناتوانم؟! دڵم پارچە پارچەیە، ماراڵ! هەندێ جار ڕوو ئەدا حەز ئەکەم بچمە سووچێکەوە و بۆ خۆم بگریم! من کێم؟!

ــ گوڵمحەمەد!... گوڵمحەمەد!

جیڕەی کرانەوەی دەرگای ژوورەکە و پاشان تەپەی پێی گوڵمحەمەد بە سەر پلیکانەکاندا، بەبەر نیگای حەپەساو و بوغزگرتووی ماراڵدا:

ــ «گوڵمحەمەد... گوڵمحەمەدەکەم!»

سینەی بە سینەی بای پاش نیوەشەوەوە، ماراڵ فڕکەی کردە دەرەوە. سەرپۆش لە سەری داکەوتبوو و کەزیەی لە دەور ملی ئاڵابوو. پێی پەتی و لەشی بێ ئوقرەی لە کراسە هەراوە گوڵگوڵەکەیدا، ئاسیمەسەر، ژێوان و تاسەبار، شووەکەی لە بن کۆڵەکەی بەرهەیواندا بینیەوە. نەک بە تۆراوی، بەڵام...

ــ چی ئەکەی لەگەڵ خۆت، پیاو؟ چی ئەکەی لەگەڵ خۆت؟ من خۆ مەبەستم ئازاردانی تۆ نەبوو. مەبەستی وام نەبوو، گوڵمحەمەد؛ بە مووت قسەم!

چەشتەی خامۆشی و ئوقرەگرتن، گوڵمحەمەد دەستی هێنا بە سەروقژی ژنەکەیدا، لاجانگ و گۆنای ئەوی خستە سەر ئەژنۆی و ئارام ما. شارەزای دارەتی پیاو، ماراڵ درێژەی پێنەدا، گۆنای لە سەر ئەژنۆی پیاوەکەی سوکنایی هات. ئارام و ئوقرەگرتوو، وەک بەرخێک بە باوەشی شوانەوە. گوڵمحەمەد شاقەلی چۆخەکەی دا بە

کەوانی شەنگی پشت و شانی ژنەکەیدا و دەستی خۆی، پارچە نانێکی گەرم، لە سەر کەوانی شۆخی بازووی ژنە دانا و بوغزی لە گەروویدا خواردەوە. گوێی لە زایەڵەی شەوانەی شەو و دەنگی گۆرانیەکەی بەگمحەمەد لە سەر بانی سەرا، ڕەنگە بۆ ڕەواندنەوەی خەو.

«شایلۆغانی خەنەبەندانەکەت بەرپا ئەکەم، برای شیرینم!»

ئارام و سەرلەبەر و یەکدڵ، ماراڵ لای شووەکەی مابوویەوە، بەو ڕادەیەی کە هەزار ساڵ ئەیتوانی بە بێ کەمترین جووڵان و وشەیەک، تەنانەت بە بێ هەناسەدان لەو دارەتەدا بمێنێتەوە.

گوڵمحەمەد بەڵام نەی ئەتوانی ماراڵی لەتەک خۆیەوە هەبێ. کابرا تووشی دۆخێکی وەکوو ڕەمین هاتبوو. ڕەمین هاتبوو. ڕەمین لەم و لەو، ڕەمین لە هەموان. ڕەمین لە خۆی. هەرچەند هیچ کار و هیچ ئەرکێکی شک نەئەبرد، ڕەنگە تەنانەت نەی ئەزانی بۆچی حەزی لە تەنهاییە و، ڕەنگە بە هەزار هۆ کە خۆیشی نەی ئەزانی چییە، نەی ئەتوانی هیچ کەس لەگەڵ خۆی و لە لای خۆی ببینێ، هەرچەند ئەو کەسە ماراڵیش بێت و ئازیزترین.

بێ ئوقرە و پەرێشان و نائومێد، لە ململانێی ئەو هێزە پەڕاگەندە و نالێکانەی دەروونیان ئەخواردەوە، بۆ ڕێگەیەک ئەگەڕا خۆی دەرباز بکات. کێشەی لە ڕادەبەدەری قەبارەی گیان و توانای بیرکردنەوەی شەڵەژابوو و لە تەنگژەی ماندوێتیدا تا ڕادەی تەقینەوە و شەق بردن گەیشتبوو. وا دیار بوو حەزی نەئەکرد ئەم شەڵەژان و شەکەتیە گیانکێشە، ئەم ئەشکەنجەی ململانێ و دڕدۆنگیە لە گیانیەوە بەرەو لایەکیتر ڕێ دەرباز بکات. چونکە گواستنەوەی ئەم ئازارە، گرێیەکی لە گرفتارییەکانی گوڵمحەمەد نەئەکردەوە. بۆیە حەزی ئەکرد بە تەنهایی بەڵکوو ئارام و ئوخژن بدۆزێتەوە. بە تەنهایی بۆ خواردنەوەی دەرد و ئازار، پیاڵە پیاڵە.

دەستی میهری بە سەر کەزیەی ماراڵدا، بە دەنگێکی ماندوو و وشک، لێوە قەتماخە بەستووەکانی هێنایە گۆ. لە هەمان کاتدا هەوڵی ئەدا نەرم و بەسۆز، نەکا گیانی ئازیز لێی بڕەنجێ:

ـ هەڵسە برۆ و بحەسێرەوە. کوڕەکە هەڵئەسێ و ئەگەر لە لای نەبی...

ـ دەستم تێوە ئەنێی گوڵمحەمەد؛ بۆ؟!

ـ ئەمەوێ بچی بخەوی!

ماراڵ قژی لە سەر گۆنای گوڵمحەمەد، هەناسە لە هەناسەیدا وتی:

ـ نەء! ئەمێنمەوە، وانییە! لە خۆت دوورم ئەکەیتەوە. باسی ئەمشەو و ئەم کاتە نییە. سڵم لێ ئەکەیتەوە!

ـ قسەی وامەکە، ماراڵ، خۆت ئەزانی چ ڕۆژێکم هەیە؟!

ـ ئەزانم و ئەبینم. بۆیەشە ئەمەوێ زیاتر لەلات بم.

چاویان لە چاوی یەکدا بوو. ژنە پڕکێشی نابوویە لاوە و پرسیارەکەی زۆر ڕاشکاوانە بوو. پرسیارەکانی، باری گلەییان پێوەبوو:

ـ من بە چ ژنێک ئەزانی تۆ؟ دانیشم و تەنها مناڵ بەخێو بکەم؟! شەو و ڕۆژم بە پەڕۆ شۆردن و شیردۆشین تێپەڕێنم؟! چەندە زوو لە بیرت چوویەوە، گوڵمحەمەد!

ـ چۆن ئەتوانم لە بیری ببەمەوە، ماراڵ! ئەو قسانە چییە ئەیکەی!

ـ دڵم وام پێ ئەڵێ. پێم ئەڵێ دڵی گوڵمحەمەدەکەم ئیتر ئەو گڕکانە پڕ لە ئاگرە نییە. دڵم ئەبینێ گوڵمحەمەدەکەم خەریکە دوور ئەکەوێتەوە. بۆچی گوڵمحەمەد؟ بەدڵت نیم ئیتر؟!

ـ تۆیش کاتت گیر هێناوە؟ ئەم قسەڵۆکانە کێ خستوویەتە سەر زمانت؟ کێ ئەمانەی فێر کردووی؟ بووی بە هاودەمی ژنانی قەڵامەیدان و خەریکی قسەی پڕ و پیرەژن ئەکەیتەوە! ئاخر...

گوڵمحەمەد هەڵسابوو و ماراڵیش. گوڵمحەمەد لە سەر هەڵاتن بوو و بینیسوار. قسەکەی بێکۆتایی بڕیبۆوە. ماراڵ بەڵام نەی ئەویست بە نیوەچڵی بیهێڵێتەوە. هەنگاو بە دوای هەنگاوی شووەکەیدا، ڕایگرت:

ـ گوڵمحەمەد!... من ژنی ناو هۆدەی باڵەخانە نەبووم. من

لە ژێر تاقی ئاسماندا پەروەردە بووم؛ وەکوو خودی تۆ! ئەم چوار دیوارییە و ئەم باڵەخانەیە قەفەسە بۆ من. من فێری گوندنشینی نیم گوڵمحەمەد. من بیابانی بووم. ئەم دیوارانە، ئەم دیوارانە منیان لە تۆ دوور کردۆتەوە. تۆیان لە من دوور خستۆتەوە. هەر بۆیەشە وەکوو قەفەس وان بۆ من. حەزم لێیان نییە ئەم دیوارانە. ئەم بنمیچ و ئەم دارابوونە. ئەم کەیبانوو بوونەی خۆمم حەز لێ نییە!... سەیری قەرە بکە گوڵمحەمەد!

شەودێز وەک بڵێی گوێی بۆ قسەیان ڕاداشتبوو. تا ئەو جێگەی هەوسارەکەی دەرفەتی دا هاتە پێشەوە. گوێی تیژ کرد و چاوی بڕییە ماراڵ و گوڵمحەمەد. ماراڵ بە ئارامی بە لای شانی پیاوەکەیدا تێپەڕی و بەرەو قەرە چوو. لە بەرامبەر تەوێڵی ئەسپەکەدا وەستا. بن گوێی ئەسپەکەی بە سەرپەنجە خوراند. دەستی بە یاڵیدا هێنا و لە کۆتاییدا قەرەی خستە ناو ئاڵقەی بازوویەوە و گرتیە ئامێز و بە بێ ئەوەی درێخی خۆی بشارێتەوە، وتی:

ـ ڕام بووین، قەرە. هەر دووکمان ڕام بووین. قورس بووین. قورس و ڕام!

خوێن وەک بڵێی لە ناکاو بە دەمارەکانی ژنەدا کەوتە گەڕ و جۆش و بێباک نەڕاندی:

ـ گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد ڕووبەرووی ماراڵ وەستابوو، لای شانی چەپی ئەسپەکەوە. ماراڵ هەستی بە بوونی پیاوەکەی نەکردبوو و لەوەی کە ئەوی لە بەر لووتی خۆیدا ئەبینی، هەستێکی نامۆی پەیدا کردبوو. لانیکەم بەو جۆرە نەبوو کە تاوێک بەر لەمە بوو. بۆیە تیژی گوتە، بەو جۆرەی کە ماراڵ دەستی پێکردبوو، خۆبەخۆ گیرا؛ بەڵام نەک ئەوەی بیخواتەوە. پاشان مۆڕ بوویەوە لە کاکۆڵی قەرە و پەروای نیگای گوڵمحەمەد، پرسیاری کرد:

ـ ئەم ئەسپە... هیچت ناهێنێتەوە بیر؟

لەو بەری یاڵی ئەسپەکەوە، گوڵمحەمەد دەستەکانی بەرز

کردەوە، دەستی نایە سەر دەستەکانی ماراڵ، پەنجەکانی لە ناو دەستی خۆیدا گرت و بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

ــ با. ژیانم، تۆم ئەخاتەوە بیر!

ماراڵ نیگای لە سەر کاکۆڵی قەرە گواستەوە، سەری بۆ لای گوڵمحەمەد وەرسووڕاند و بە نیگایەک کە شەوی شەق ئەکرد تا لە سەر چاوانی گوڵمحەمەد بنیشێ، بە ڕاشکاوی وتی:

ــ ئەو ڕۆژانە، ئەو ڕۆژانەم ئەوێتەوە!

گوڵمحەمەد بە بێ پچڕاندنی پەیوەندی دەست و پەنجە، سەر و گوێی ئەسپەکەی بەبن قۆڵیدا تێپەڕاند و هاتە لای ماراڵەوە. نیگای لە نیوروخی گڕگرتووی ژنە، ڕاوەستا و تاوێک بە خامۆشی لێی ڕوانی و پاشان وتی:

ــ چیتە تۆ؟ چیت لێ قەوماوە؟ بووە مرۆڤ بتوانێ بگەڕێتەوە ئەو ڕۆژگارەی ڕابردووە؟ بووە ڕۆژێک تێپەڕێ و ڕۆژێک لە تەمەنی ئادەمیزاد کەم نەبێتەوە؟ ڕێگەی دوێنێ ئیدی داخراوە ماراڵ، تۆ باسی چی ئەکەی؟ ئەو ڕۆژانە، ئەو ڕۆژانە بوون و ئەم ڕۆژانە، ڕۆژانیترن!

ماراڵ ڕووی لە پیاوەکەی کرد و وتی:

ڕەنگە پێت وایە داویە لەسەرم؟! نا، گوڵمحەمەد. نا! ئەمە ئەزانم کە مرۆڤ بەرەو بەیانی ئەڕوا، ئەزانم مرۆڤ ناتوانێ پێ بخاتە دوێنێ. منیش لە تۆم نەئەویست بۆ ڕۆژانی پێشووم بگەڕێنیتەوە. بەڵام داوام لێکردی ڕێگەم بدەی لە ماڵ دەرکەوم. بهێڵی پێ هەڵبگرم. ئاو بوەستێ ئەگەنێ. تۆ لە بەیانی ڕۆژە خۆشەکانەوە پاشوەنت لە پێم بەست، بە جێت هێشتم و خۆت پێش کەوتی. هەمان ئەو ڕۆژەی ئەسپەکەت ڕام کردم. لەو ڕۆژەوە جێت هێشتم و خۆت ئاژووتی. منت بەجێ هێشت و داتەغار. لەو سەروبەندەوە من پیادەم و تۆ سوارە. بۆچی وایە؟ بۆ ئەبێ وابێ؟ تاوانم کردووە ئەگەر تۆم ویستووە؟ ئەگەر تۆم ئەوێ، ئەبێ خۆم فڕێ بدەم؟ ئەگەر تۆم بە سەرفەراز ئەوێ، خۆم ئەبێ سەر لە گۆڕ نێم؟ من بووم بەچی،

گوڵمحەمەد؟! ئەبێ بخۆم و بخەوم و ڕۆژ بە ڕۆژ بپەنەمێم؟ بووم بە خاتوون؟ بووم بە چی کە ئەوەندە لە خۆ بێزارم؟!... خۆزگە ئەمتوانی دڵی شێرۆ خۆش بکەم!

گوڵمحەمەد، دەستی لە ملی ماراڵدا، ڕوخسار و هەنیەی نا بە سینگیەوە، تاوێک لەو دارەتەدا ڕایگرت و وەک بڵێی لەگەڵ خۆی بێ، وتی:

ـ ماراڵم... ماراڵم... ژنەکەی من!

ماراڵ لە ئامێزی پیاوەکەی خۆی هێنایە دەرەوە، هەنگاوێک بەرەو پاش چوو و بە بێ ئەوەی لە سەر پێ بەند ببێ، وتی:

ـ لەگەڵت دێم!... لە ئێستەوە لەگەڵت دێم! بۆ هەر کوێ بچی. لە هیچکام لە تفەنگدارەکانت کەمتر نیم. لۆخەندان ئەبەستم و سوار ئەبم. گورگی بیابانم سەد جار لە سەگی ماڵی پێ باشترە؛ سەد جار!

ماراڵ قسەکەی لە سەر دواین پلیکانی باڵەخانە تەواو کرد و دەسبەجێ لە نیگای گوڵمحەمەد ون بوو. گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی بیەوێ، تا بەر پلیکانەکان بە دوای ماراڵدا ڕۆیشت و پاش تاوێک زانی هەر لەوێ لە جێی خۆی ڕاوەستاوە. هەستی کرد بەگمحەمەد ئەبێ هاتبێتە سوانەی بانەکە. گوڵمحەمەد سەری هەڵنەهێنا. با، جارێکیتر هەڵیکردبوو و سەری ئارامگرتنی نەبوو. گوڵمحەمەد شاقەلەکانی چۆخەکەی گرت و هێنایەوە یەک. قەرە سەری بۆ لای پلیکانەکان سووڕاندبوو و لە گوڵمحەمەدی ئەڕوانی. گوڵمحەمەد بە نیگا وەڵامی ئەسپەکەی دایەوە و لە سەر یەک پێپلیکانە دانیشت.

شەوی بێداد و گژەبا!

لە هەزار هاواری شاراوەی پیاودا، جیهانێکی شەڕاژۆ بەرپا ببوو. ماراڵ؛ ئەمەش ماراڵ! ئەم ژیانە ئەڵێ چی؟ چی ئەوێ ئەم ژیانە؟ فەوجی هەزار ئەندێشە ئەیەوێ ئەم گیانە تاقانەیە، ئەم هەڤرسە[۳]



---

۳ـ هەڤرس: cypress ڕووەک درەخت ناو ئەفرا، ناژ، نەوژ، سپیندار، سنەوبەر. ع شجرة السرو N sypress د سرو.

بچەمێنێتەوە. دەستی هەزار داوا لە هەزار لاوە یەخەی گرتووە و کار، ئیتر لە تکا و داوا تێپەڕیوە. کۆمەڵی زۆر و زەبەندی ویست و داوا ئەڵێی سەری شەڕیان هەیە و هەر دەستە شەپازللەیەکە دادێتەوە بدرێ لە ڕوخساری گوڵمحەمەد. هەموو ویستیارن و خوازیار، تەنانەت ئەوەی لە سەر بان بە حەزی دڵ و ئەوینەوە پیاسە ئەکا و ئێشک ئەکێشێ، لە گومانی گوڵمحەمەددا قورسایی شاخێکە لە سەر شانەکانی. خەو و بێدار، هەیە و نییە، بێگانە و ئاشنا، چاوی هەزار داڵن بە هەزار خەنجەری هەڕەشە بە دەنووکەوە. خاوەن قەرز چەندە زۆرن!

ئەوا ڕاساوی ئەی سوار، ئەی نەوژ، ئەی دارستان، ئەی پیاو. ئەوا سەرت هەڵداوە لە قووڵایی سەد دۆڵ و شیوی تاریک، لە مەزنی بیابان و دەشت. لە قووڵایی خاک هەڵکشاوی و بەری ڕەز لە تۆ داوا ئەکەن خەڵکی ئەم خاکە. بۆیەشە سەرهەڵدانت لە دەریزانی هەتاودا، لە سەر یاڵی گردێکی سەوزینەیە، بە سواری قەشانێکی سوور لە ئاسۆگەی بەرە بەیاندا. یاڵ و باڵ و پرچ و مشکیت داوە بە دەم شنەی شادەوە و شایی بەخۆ، بە خواری سەیری جیهان ئەکەیت و خەڵکی دانیشتووی سەرلێواری بێ کەناری خاک تا حەوتەمینی ئاسمان. خەڵکی؛ چاوی داوای خەڵکی خەریکە دڵت ئەتەقێنێ و تۆ ناتەوێ لە تان و پۆ و بوونی خۆت لە چاو و گومانی جەماوەردا بزانی. بڕوات لێڵ ئەکەیت و چاو لە بوونی خۆت لە چاو و گومانی جەماوەردا ئەبەستی. هەڵوەستە. سمدەست لە سەر خاکی مێرگ هەڵئەگرێ سوورە قەشان و کەوانی مل و یاڵی بە دفرەیی و شەق ڕائەگرێ، هەمیش تاڤگەی کلک و سمت و تەڕاد.

ئەوا تۆی هاڵاتووی لە بیر و ئەندێشەی جەماوەردا بە هەزار نەخشی سەوز و ئەرخەوانی و سوور. یاقووبی مسگەری، ڕزاقی، حەمزەیت و حسێنی، سمایل و سیاوەخشی. کام ئەمیری ئەی ئەمیری ڕۆڵەی بڵقیس؟ ڕۆڵەی خاک؟ ستاری سەرداری یان بە کینەبەری ئەچیتەوە سەر سەباح؟ تۆ کێی ئەی شوانی هەزار ئاواز؟

«خۆیشم نازانم کێم! هەم ئایە من، هەم؟!»

هەی! هەم لە بوونی بێدار و هەم لە گومانی ئەندێشەدا. هەیت و نەک هەر نەخشێکی خۆش کە بەگوێرەی هەموو بوونەوەرێک، لێوەشاوەترینی. لەو ڕووەوە کە هەر کەس نەخشێکی شیاوی لە یاد و گومانی‌دا هەیە و تۆ لە هەر یادێک‌دا لێوەشاوەترینی!

ـ «خۆشم نازانم، خۆشم نازانم کێم؛ چیم؟!»

جەماوەریش!... کە ئەوانیش بەرگی وێنای ئەندێشەی خۆیان بە بالآی تۆ بڕیوە.

«منیش ئاخر بە خۆم...»

«من» ئیتر تواوەتەوە، لە بوون و نەبوون‌دا. «من» لەرینەوەیەکی سەیری هەیە. ئەوەندەی ڕوخسارت لە لای جەماوەر دەرخست، ئیتر نە خۆتی، بەڵکوو تاودانەوەی هەزارانی. من هەیە. خولیا و گەڕیدەی نەبوون؛ لە خۆبەختکردن‌دا بەڵام، ئەبێ بە بوون. بوونێکت بە مانەوە هەیە تۆ و مانەوە لە ڕەوتی ڕێ. «من» لە کێشەی بێ کۆتایی، یەکسەر بەرەو نەمان بەڕێوەیە، بەڵام تۆ لە ئەندێشەی «چی بوون» وەک نەبوو بە داماوی داماوی. تۆ کێی بە تەن تەنها؟ تۆ کە ئەتوانی هەبی لە یەکبوون و یەکەبوونی خۆت‌دا؟ چەند لە تامەزرۆیی دۆزینەوەی خۆت‌دا سەر ڕائەدەی و گیان بە گوڵمێخی بێدەنگی دائەکوتی؟ گیان یەک گیانە مەگەر ئەی گیانی هەزار لە یەک گیان‌دا؟ ئەوا زمانی نامۆی هەزاران سەر و گوتە لە کامی وشک‌دا قەتیس بووە، بەچاوی بێ هەژماری هەزاران هەزار برسی لە کاسەسەری هەراسانی سەری تۆدا، لە سووڕانەوەی ئوقرە لە بەر بڕاوان. لەو دەم و کاتە، دەستانی سەد ستەم ئامادەی دەرکەوتنە لە قۆڵی تۆوە بۆ بڕینی ملی وەک مووی جەماوەر، وەکوو مووی کلکی ئەسپ. دڵی دارماڵی ئەوینیش لە سینەت‌دا لێ ئەدا ئەم کاتە کە لە ئاسۆگەی بەیان‌دا بە سواری ئەسپەکەت دڕدۆنگانە دانیشتوویت. لە کات و سات‌دا، هەزار خەنجەری قین. ژەنگی زەردی سالآنی لە پاشملەی تۆ خۆی پەرداخت ئەکا، ئەی خەنیم. ئێستە ئەوا تۆی کە لە تۆدا بۆ کێ هاشاوڵ بەرێ!

«من...!»

من ونبووی وەستان. من خەریکە خۆی بەتاڵ ئەکات. بۆ ئەوەی پڕ ببێ بە نەخشی هەزاران منی بە بێ ئەسپە مارۆ و خەنجەر و بڕنەو، لە سووچی ساباتی دەشتی شۆڕدا، لە با و هەتاو و برووسکەی بێ بارانی شەو ئەکەن بە ڕۆژ، بۆ ئەوەی ڕۆژ بەپێی پیادە، بە دوای پارووە نانێکدا، چاویان لە زەوی بڕیوە. بەرە و خاک و خەرمان و خەرمانگە بەڕێوەن. سەرپڕ ئەبێ «من» لە خەڵکی. ون ئەبێت و فەنا ئەبێ. ئەژێتەوە و باڵا ئەکا. من ئەبێ بە من. شارەزا ئەبێ و کارامە. زەریای نائارام. سەحرای بێوچان. ئایە بڕوات بە وەستانی ڕەوەز و سەوزە و دەشت کردبوو؟ ئایە گوێت لە خەندەی گیا و گەنم و هاواری بێ ئوقرەی خاک ئاخنیبوو؟! هەورە و بایە و خاک و بەهار بێئارام لە ئارامی. بەرەگەی گیانی تۆ ئەوا نە کاسەی بچووکی من، بەڵکوو بەربەرینی جیهانە لە تاریک و ڕوونی نامۆ و ئاڵۆسکاودا. تۆ جیهانی جەماوەری و جیهانێکی لە جیهانی جیهان. نەخشی گومانی جەماوەر، نەخشی جووڵەی بە ئاستەم لە تۆدا ڕەنگ ئەداتەوە؛ هەر بەو شێوەی کە تاودانەوەی جووڵەیەکی نامۆی تۆش لە گومانی ئەواندا. ئەی دەم بە دەم گیرۆدەی بوون و نەبوون، لە چی ئەگەڕێی؟ بۆ کام ئامانج؟ بە کام ڕێبازدا ڕێ ئەکەی بۆ دۆزینەوەی خۆت؛ ئەی من؟ لە کام کەلەبەر بۆ با ئەگەڕێی؟ ئەی لە گەڕانی بە دوای خۆتدا جار و جاران ڕێ ون ئەکەی؟ لافاو و سڵکردنەوەی مامزئاسا و ڕووانی گیا بەرگت بۆ ڕاگرتنی کام گەردیلە دائەدڕێنیٚ؟ «من» چییە کە تۆ حەوت زەریای سامناک و سەد بیابانی ترسناکت بە سەرگەردانی بە دوایدا بە گۆچان کوتان گرتۆتەبەر؟ من، خاڵێکە مەگەر، کە بەو جۆرە وەکوو پەڕگاڵ بە دەوریدا باوەخولێتە؟ یان مەگەر ماینێکی لە ئاخوڕ دابەستراوە؟ یانە گوزەرکردنی سێبەری هەور و ڕەمینی باڵەکانی قورینگە بە سەر چاڵ و بەرزی زەویدا؟ لە گەڕان بۆ کامیان بەو جۆرە بەلەز و پەلەی؟ ئەم بەهارە خۆنەگرە، ئەم ژیانە بەردەوام و بەکردارەش ڕەنگە تۆ بی؟! لە چیوەیە و بۆ چییە گەڕانی تۆ و دۆزەدۆزت؟ بە دوای "من"دا؟ تا کوێی

تویکانی لەش ئەگەڕێی ئەی پیاو. ئەی شووره و قەڵاتی گرفتار؟ تاکەی ئەڕۆی، ئەو جیهانەی کە ئەیپێوی؟ هەیت، ئەگەر ڕەوانی. هەیە ئەگەر ڕەوانە و نییە ئەگەر ڕەوان نییە. ئەوەی کە ڕەوانە چۆن ڕائەگیرێ، مۆرکراو بە مۆری خۆت؟ ئەگەریش بەو ئەندێشە دڵخۆش بکەی، نییە ئیتر. تۆ چ نیشانێک ئەتوانی لە نەبوون بدەی؟ بوون، ئەی سروشتی بوون، تاودانەوەی بوون، خودی بوون، گەوهەری بوون، ئەی بوونی ڕەوان، بزۆز و نەمر و نەسرەوت و وەرجاوەند، بگەڕ و بەڕەو، ئەی پیاو، ئەی مرۆڤ، ئەی گوڵمحەمەد!

ئێستە ئەوا تۆی گیانی هەڵاتوو لە بوون و ڕەوان لە گیان و تێپەڕ لە بوون و لە گیانەوە؛ سەرهەڵدانت ئەوا لە ئاسۆگەی بەربەیاندا، ویستنی بوونە تا لەغاو ڕاچەنێنێ وەک کوفارەی هاوار لە دەشتی بەربەرینی سەد مەڵبەند و بیابان. دەنگ دەنگی جیهان، هاوار هاواری مەردمە و لە گەرووی گوڵمحەمەددا پەنگی خواردۆتەوە. ئەمە داوای بێ سنووری دەستان و زمان و دڵانە لە ناختدا بڵێسە ئەدا بۆ سووتان یان داگیرساندنت. ئیدی تۆ نەک یەک گیان، کە ویست و حەزی هەموو گیانێکی بە دڵخواز و مەبەست و نیاز. دەرفەتی ئارامیت ئەگەر نییە و دەرەتانی ڕاوەستانت ئەگەر لێبڕاوە و، بەردەڵانی گیانت ئەگەر ئامانجی سەد لەشکری خوێنخۆرە، ئەمە خۆی پەژاردنەوەی بوونی تۆیە لە کایەی بەربەرینی بووندا و بزانە هاواری خەڵکی ئەیەوێ لە گەرووی تۆوە بەرز بێتەوە. بیناسە، دەنگی تۆ و ئاوازی تۆ!

«ئازار... ئازار... ئازار! لاجانگەکانم، ئاخ... لاجانگەکانم!»

کراژ فرێدانی مارانت زۆر دیوە. هەمیش ڕووانی گیا و هەم پشکووتنی گوڵەکان. گیانت قەبارەیەکی تازەی ئەوێ. تازە، سەرلەنوێ. جیهان لە گیانتدا جێگیر ئەبێ. بار لە بوون هەڵئەگری. ئازاریشت لەم پشکووتنەیە. ئەم بەر و ئەم ژیانەوەیە هەردەم، دەمادەم. بەر ئەگریت. جێی خۆت ئەکەیتەوە و پێست ئەترەکێنی. جیهان لێت ئەبارێ. ئازاریشت لە هەڵچوونی بوونە. بوون بە جیهان بسپێرە. خۆی هەم قاپ و هەم ناوقاپ، خۆی هەم گیان و هەم جیهان. کراژ خستنی

مارانت زۆر دیوە.

«لێم گەڕێ، لێم بەرەوە، کارت پێم نەبێ. ئەمکوژی!»

ئەمە نە منم لە کاری تۆدا، کە تۆ لە کاری ئەم جیهانەدای، کە تۆ لە کاری ئەم مەردمە دای و ئەم مەردمە لە کاری تۆدا. تۆی وەستاوی لە ئاسۆگەی بەرەبەیاندا، لە سەر گردێکی سەوزینە، بە شانازییەوە سواری پشتی مارۆ، باڵ و یاڵی داوە بە دەم شنەی باوە، بەو هەتاوەوە کە ئەیەوێ لە شانەکانت بڕوێ. ئەمە نە منم لە کاری تۆدا، کە تۆ لە کاری ئەم جیهانەی، ئەم مەردمەی و دێمەکاران چاویان بڕیوەتە تۆ!

«بەوان مەگەر دەست و بازووی کار نییە و، خەبات نییە؟ بۆچی من و بۆچی من؟!»

لەبەر ئەوەی کە ئەتوانی؛ کە هەر کامیان خۆی سوارێکە وەک تۆ بێگومان و بێنێزە و بێتیر. تاوێک بیر بکەرەوە لە خەڵوەتی خۆتدا! باوەڕی بوونی بە بێ ئەوان، کەران ناخاتە قاقاکیشان؟ بەوانەوە هەی. بێ بوون چۆن ئەتوانی هەبی؟ سەری بێ لەش و زمانی بێ دەم و چاوی بێ نیگا؟ ئەندێشەی خاو! ئەندێشە لە ئەندێشەدا. ئەستێرەیەک لە ئاسمان، گوڵی بەڕەیەک، گوڵێکی سەحرا، بەردی ڕەوەزێک، هەناسەی جەماوەر، یەکێک لە یەکان، گیانێک لە گیانان. ئەمەی تۆ، هەر تۆ! لە بووندا جگە لە قبووڵکردنی ئەم ڕاستیە و ئەم پەرداختە، چارە کوا و لە کوێیە؟

«وابزانە کە من نیم!»

وابزانە؟! ئەی ئەو سوارە وەستاوەی ئاسۆگەی بەرەبەیان، لە سەر گردی سەوزینە، ڕووی لە کێیە؟

«هەڵۆسەیە ئەمە، تەمارە!»

ئەندێشەیان لە کێ ناسیووە و لە کێ وەرگرتووە ئەو خەڵکە؟

«ئارەزوومەندن ئەوان، ئارەزوو و ئەندێشەیان لە ئارەزوومەندی خۆیان هەڵبەستووە!»

ئارەزوویان لە تۆدا بەدیهاتووە، ئەی تاودانەوەی ئارەزووەکانی

ژیان هەڵپڕووکاوەکان!

«چ چارە؟ من چ چارەیەک بکەم؟ من ئەترسم!»

پێزانین؛ خۆفی ناسین. بیتەرێنە بەر لەوەی بە سەرتدا زاڵ ببێ، چونکە ناسینی خۆ، هەندێجار ترسناکە. ئەم گێژەنە ئەبوایە تێک بشکێ و ئەم سیاچاڵە ئەبێ ببڕدرێت. ترسی بەخۆدا هاتنەوە و خۆفی ناسین بتەرێنە. خۆت هاویشتۆتە ڕێگەیەکی دژوار، لێی گەڕاوی و لێی ڕابردووی بە هەنگاو و هەنگاوی ئەوین. ئێستەت تێگەیشتن و ترس لە هەنگاوی وەستاندا.

«ئەوە ڕاستە خۆفم هەیە، خۆف! ماندووشم بەڵام، ماندوو!»

نەکا، گوڵمحەمەد! نەکا ماندوێتی کۆڵت پێ بدات. چونکە خۆبە دەستەوەدان پەڵاسێک لە گیانی مرۆڤ ئەتەنێ، ڕاخراو لە بەر شێی نارەسەندا بێ بەزەیی بە پێڵاوی سووکایەتی پێی لێ ئەنێن. سپیندار واتای بە وەستانە و پیاو واتای بە سەردانەنەواندن. بیانووی خۆ پەراندنەوە لە خۆت مەئاڵێنە، پیاو! لەگەڕان بۆ منی تەنها لەخۆڕایی پێڵاوت مەدڕێنە. جیهان بگەڕێ، گەڕان بۆ من. ماندوێتی دەربکە و چاو لێک نێ بەخەو. سەر جێگە. با لەش بحەسێتەوە. گیانمایە بە سەر پێوە ماندوو مەکە. فڕینی باڵندە، باڵ مەشکێنە. لەش ئاسوودە و گیان ئازاد کە. ڕابە، ئەی پیاو!

ــ ئاخ... ئاخ... داد بۆ کێ بەرم لە دەس ئەم ژیانە؟!

لە ئەنجامدا، بەڵام زۆر بە دژواری، وەک بڵێی ئەیویست لە ژێر بارێکی کەمەرشکێندا پشت ڕاست بکاتەوە، ڕابوو. سەر و شانی ڕاست کردەوە، ڕووی لە ئاسمان کرد و ئەو هەوایەی لە سینەیدا قەتیس ببوو بەجارێک وەکوو نێرینەیەک، لە لووت و دەمیەوە فڕێ دایە دەرەوە. بە دوایشیدا درێژ و بەردەوام بەڵکوو داگیراوی گیانکێشی ماسوولکە و دەمارەکانی بۆ تاوێک لێی بگەڕێ. هەنگاو لەدووی هەنگاو. نەئەبوا لە شوێنێک ئارام بگرێ. ترس. ترسی ئەندێشە، ڕێگەی لە پیاو ئەگرت لە جێگەیەک و شوێنێکدا ڕاوەستێ. هێرشی ئەندێشەی ناکۆک کە دڕدۆنگیەکی گیانکێشی لە دەروونیدا ئەچاند. لە جێی خۆی هەڵی

ئەکەند، ئەیتەراند. ڕەوانی ئەکرد. ئەشبوایە ڕەوان ببێ. گرێ گرێ هەڵۆسەی ئاڵۆسکاو و لێکهەڵپێکراو ئەبوایە لە خۆیدا بگەڕێنێ، ئەبوایە لە خۆی دوور بخاتەوە، ئەبوایە ڕەوانیان بکات بە هیوای ژیان.

سەرەتا ئەوەی کە ئەنگێزە و هاندەری ئەم کێشە و ململانێیە، هاندەری ئەم ئەشکەنجە و بێ ئوقرەییە بە ئازار دیاری بکرێ و بدۆزرێتەوە. پاشانیش زۆربەی ئەم تەنگژانە ئەبوایە بڕەوێنرێتەوە یان لێکهەڵپچڕێ. بۆچی و بە ئەوینی کێ ئەبوایە یەک لایەنی بکرایەتەوە. ئەوین، کە وا بوو ئەوکاتە نەیەت کە ئەوین لە بیر چووبێتەوە. نەکا مارال ون کرابێ؟! بڕوانە ژیان! چەند تاڵ و ترش لە دەوری مرۆڤ پۆپکە ئەدا! گرێ گرێی ڕۆژگار ئەوەندە تەنگ و پەرەگرە کە ئەوین، کە خۆی لە بیر ئەباتەوە؛ لە داڵانە نادیارەکانی گیاندا.

«تاوێک بەر لەمە لێرە بوو. مارال، مارالّم لێرە بوو. مارالی من، لەگەڵ من بوو. لە لای من بوو، لەبەردەمم، لە ناو دەستمدا، کۆترەکەم! خوا بمکوژێ. گەرمای بوونی ئەوم نەهێنایەوە یاد! مارالی من لە دەستم دایە و من نایبینم! لەگەڵ من و لە تەک منەوەیە، لە سەر جێگەمە و من... ئای... خوا بمکوژێ! چی لێم ئەویست، ژنەکەی من؟ بۆچی هاتبوو؟ ها؟ بۆ چ داواکارییەک؟ چی ئەویست؟ ڕەنگیشە نا؟... نازانم، چووزانم؟! بۆچی مێشکی من لەبنا کار ئەکات؟! چیم ونکردووە من؟ بڵقیس... دایکم! شێرۆ... خوشکم! ئای... چەندە تەنگە ئەم ژیانە، چەندە تەنگە! ڕێکم ئەگووشێ. لەش و گیانم ئەڕەتێنێ. ڕەنگە ئەوینی لە یادی مارالّیش دزیبێ! بڵێی وابووبێ؟ ئەبێ؟! نەء، نەء! بەڵام پووش و پەڵاش و دڕک و داڵ هێندە زۆرە دەرەتانی بینینی نزیکترینیشم پێ نادا. دوور کەوتوومەتەوە لە خۆم؛ ون بووم. واتە خۆمم ون کردووە؟ بووم بە کوێخا؟ بووم بە دادوەر؟ بە دادیار؟ بووم بە ئەمیر؟ خان یان ئاغە؟! زۆرجار ئەبینم بە دەوروبەری خۆمەوە چاودێریم ئەکەن. هەندێ چاو چاویان لێمە. لە دوور و لە نزیکەوە. چییان ئەوێ لە من، ئەو چاوانە؟ تەنانەت کاتێکە خەوتوویشم ئەیانبینم ئەو چاوانە کە سەیرم ئەکەن! بۆچی؟

چییان لێ بکەم؟ بە دوودڵی سەیرم ئەکەن. دوولایەنە قسە ئەکەن. ئەمڕەنجێنن. لێم ئەرەنجێن. ڕێم لە بەر پێدا دائەنێن. ڕێم لێ ئەگرن. ڕێنوێنیم ئەکەن. لاڕێم پیشان ئەدەن. تێ ئەچێنن تا بەدناوم بکەن. دڵسۆزیم بۆ ئەکەن! ئای... کە هەر کامەیان کۆسپێکن و قەبارەیەکن. هەر کامەیان قەڵەنگێکن. هەر کامەیان... ئەم چاوە برسیانە چییان لە من ئەوێ؟ ئەم چاوە برسیانە چییان لە من ئەوێ؟ ئەم ورگە تێرانە چییان ئەوێ لە گوڵمحەمەد؟ ئەیانەوێ بوورین بۆ گوڵمحەمەدی سەردار لە حکوومەت وەربگرن؟! تەتەر ئەنێرنە بەر دەرگاکەم. تەتەرەکەیان پێچەوانەی ویستی ئەوان قسە ئەکا. ڕێم لێ خوار ئەکا. خۆی پەیامی هێناوە، خۆیشی پێم ئەڵێ ئەو کارە مەکە. ئەو کێیە؟ قوربان بەلووچ. گەدەی ماڵی بوندار! کێ بووە؟ قوربان قۆچ. پاڵەوانێکی بەناوبانگی لێڕی شۆراو کە ئێستە خۆی وەشێراوە و وەکوو شتێ لێوەکانی دادووریوە! بەڵام بۆچی؟! ئەم شتانە شپرزەم ئەکەن. ئەم گرێ پووچکانەیە کە تێیان ناگەم! چاوانی برسی، دەمی داچەقاو، زمانی بێگوتە، هاواری بێزمان، دەستی بەتاڵ، مەردم، جەماوەر و... ئەم یەکەیان، ئەم پینەچیە قیرسیچمەیە کە هێشتاش نازانم ڕقم لێیەتی یان خۆشم ئەوێ!»

خێرا و ئەوەندە بەلەز و شەڵەژاو، گوڵمحەمەد فڕکەی کرد پێش ئەوەی بگاتە لای دەرگای چێشتخانە کە شانی دای بە دیوارەکەدا و تووڕە لە خۆی بۆ ئەو لەغاو پچڕاندن و هەڵچوونەی گیانی ئاگر تێبەردابوو، هەر ئەمەش وای لێکرد بە مشتێکی توند بکوتێ بە دەرگای چێشتخانەدا و بنەڕێنێ:

ــ وەرە دەرەوە!

ــ بەڵێ سەردار، لە خزمەتدام!

مرادی تفەنگدار خەواڵوو لە ناو دەرگاکەدا وەستابوو و تا ڕادەیەک ترساو چاوی لە کاردانەوەی گوڵمحەمەد بوو.

ــ تۆ نا، ئەویتر!

عەلیخان چەخماخ لە پشت شانی مرادەوە سەری کێشا و وتی:

ـ لە خزمەتدام، خان!

گوڵمحەمەد پرسی ئیتر کێ لە چێشتخانە خەوتووە! کاتێکە کەسی مەبەستی نەدۆزیەوە، بەجێی هێشتن و یەکسەر بەرەو هەمار چوو. دەرگای هەماری کردەوە و چووە ژوورەوە و پڵیتەی فانۆسەکەی هەڵکێشا. لە چەند تفەنگداری خەوتوو، محەمەدڕەزای گوڵخانم دەست لە سەر تفەنگ سەر و شانی هەڵێنا و ڕاما، بە بێ ئەوەی توانای لێو بزواندنی هەبێ. پاشان هاونیگای بەگوژمی سەردار بە سەر پیاوە ماندووە خەوتووەکاندا نیگای سووڕاند و چاوەڕێی فەرمانی سەرداری کرد. گوڵمحەمەد بەڵام زیاتر لە خۆی پرسی تا لە کوڕی گوڵخانم:

ـ ئەی ئەم مێملە بێ کتێبە لە کوێیە؟!

ـ کێ ئەفەرمووی... سەردار!

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی وەڵامی کوڕی گوڵخانم بداتەوە، فانۆسەکەی لە سەر جێی خۆی کردەوە بە بزمارەکەدا و چووە دەرەوە و یەکسەر بەرەو ژووری دانیشتن ڕۆیشت. لەوێش کەسانی خۆیی خەوتبوون، ماندووی ڕێگە و سواریی ڕۆژ. هاتە دەرەوە و بەرەو ژوورەکەی بن پلیکانەکان بەپاڵ دیواری بەهاربەندەکەدا ڕۆیشت. لەوێش بانوو خەوتبوو. چووە ناو بەهاربەندەکە و دای بە ناو ئاژەڵەکاندا. ئەسپ و هێسر، چوارپێ گوێیان قوت کردەوە و تاک و تەرا کلک و ملیان لە عەرز ڕاکرد و ڕاست بوونەوە. گوڵمحەمەدیش بە هەمان شەکەتی و تووڕەیی، شپرزە و دێوانەسەر بە سووڕێکی خێرا لە ناو ئاژەڵەکان هاتە دەرەوە و بەرەو هەشتیەکە کەوتە ڕێ. لە دەریزانی ناودالاّندا وەستا و دەست لە سەر ماوزێڕەکەی بەرپشتێنی، بە بێ ئەوەی ناوی کەسێکت تایبەت ببات، پرسی:

ـ ئەی تۆ لە کامە دۆزەخ خۆت ون کردووە؟

دەنگی بەگمحەمەد لە سوانەی بانەکەوە لە وەڵامدا بەرز بوویەوە:

ـ کاکە!

ـ لەگەڵ تۆم نەبوو!... بۆچی نۆرە ناکەی تۆ؟... ئەتەوێ ئەو

پەردە گۆشتەش بە لەشتەوە نەمێنێ؟!

بەر لە وەڵامدانەوەی بەگمحەمەد، گوڵمحەمەد هاواری کرد:

ـ ئەهای... کوڕی گوڵخانم!... یەکێک بنێرە بۆ کێشک، با بەگمحەمەد چاوێک گەرم بکات!

ـ بەڵێ خان، بە سەر چاو!

ئەوەندەی گوڵمحەمەد وەستابوو، سێبەرێک وەک بڵێی لە هەمارەکە هاتە دەرەوە و بەرەو پلیکانەکان ڕۆیشت جێگەی بەگمحەمەد بگرێتەوە. گوڵمحەمەد گوێی لە دەنگی پێی کابرای تفەنگدار، پێی نایە ناو هەشتیەکە. چووە پشت دەرگاکە و دەستی برد بۆ زنجیری ئاڵقەرێزەکە. بەڵام بەر لەوەی زنجیر لە قوڵفە دەربهێنێ، شتێک -رەنگە گیانەوەرێک- لە سەر سەکۆی قەراخ هەشتیەکە جووڵا و لە گەڕانەوەی خێرای گوڵمحەمەددا، ڕاوەستا و وتی:

ـ تازە خەریک بوو چاوم گەرم ئەبوو.

گوڵمحەمەد لە ڕەشایی بن بنمیچی هەشتیەکەدا ئەیتوانی چاوەکانی ستار بخاتە بن نیگای خۆیەوە، سەرەڕای ئەوەش وەک بڵێی چاوی لە تارمایی کابرا بڕیوە، وتی:

ـ لە تۆ ئەگەڕام!

ستار وتی:

ـ ئاگام لێ نەبوو.

توند و لێبڕاو گوڵمحەمەد وتی:

ـ با بڕۆین!

ستار بەرەو دەرگای حەوشە هەنگاوی نا. گوڵمحەمەد هەر دوو تای دەرگاکەی کردەوە و وتی:

ـ سوارە!

ستار لە دوای ئەو فەرمانە بەرەو گوڵمحەمەد چوو و شان بە شانی بەرەو کەردووەکە کەوتە ڕێ. گوڵمحەمەد ئەسپە دەسکەوتەکەی پیشانی ستار دا و خۆیشی دەستی دایە زینەکەی قەرە. پاش زینکردن، گوڵمحەمەد ئەبوایە قوڵە بڕنەوەکەی دەست بخستایەت. چوو و هاتەوە.

ستار و ئەسپ ئامادە بوون. گوڵمحەمەد لەغاوی قەرەی گرت و بەرەو هەشتیەکە ڕایکێشا. ستاریش بە دوایدا. لە کۆڵان گوڵمحەمەد پێی لە ئاوزەنگی نا و ستار دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست و سوار بوو.

بەگمحەمەد وەک بڵێی خۆی پێ ڕانەگیرابوو، لە کاتێکا چاوی هەر لەوان بوو چالاکانە بە سەر دیوارەکەدا هات و کە گەیشتە سەربانی ناو دالانەکە، ڕووی لە کۆڵان وەستا و بە پارێزێکەوە پرسیاری کرد:

ــ لەگەڵتان بێم، کاکە؟

ــ نەء!

ــ بە دواتاندا؟

ــ نەخێر! بڕۆ خوارەوە، دەرگاکە ببەستە و پشوویەک بدە. بەیانی کارمان زۆرە!

ڕێگە بە بەگمحەمەد نەدرا لەوە زیاتر لە سەری بڕوات.

گوڵمحەمەد لەغاوی ڕاوەشاند و ستاریش هەوڵی ئەدا لەو نەرمەغارەدا، خۆی بە سەر زینەکەوە ڕابگرێ. بەگمحەمەد هەروا مات و حەپەساو چاوی لە سوارەکان بوو. بەڵام بەر لەوەی لە کۆڵانەکە بابدەنەوە، خۆی هەڵدایە کۆڵان و چەند هەنگاوێک بە دوایاندا هەڵات، بەڵام ناچار بوو بە ئەمازەی گوڵمحەمەد ڕاوەستێ و بگەڕێتەوە. گەڕایەوە و ڕۆیشت وا بکات کە براکەی پێی وتبوو.

با، ئەوەتا لە سینەی سوارەکاندا بوو. لە مەیدانەکە دەرکەوتن. گوڵمحەمەد بە نەرمەغار ئەسپەکەی بە هەورازەکەدا داژووت و پاش تاوێک دوا دیواری قەڵامەیدانیان بەجێ هێشت. ڕێگە سەنگرد. بە ڕێی سەنگرددا ئەرۆیشتن. بەڵام لە ستار ڕوون نەبوو بۆ کوێ ئەچن و بۆ چ کارێک. بۆ سەنگرد؟ پێی وانەبوو. بۆ چ کارێک گوڵمحەمەد ئەیتوانی بەو جۆرە سەرکەش و بێ ئوقرە بەرەو سەنگرد باژوێ؟ ئەگەریش بۆ سەنگرد نەئەچوون، ئەی گوڵمحەمەد بۆ کوێی ئەبرد؟ بۆ کوێ و بە چ مەبەستێک؟ ئەم سوار بوون و ڕێکەوتنە ئەوەندە سەیر و لەپڕ دەستی پێکردبوو کە ستاری تۆقاندبوو. بە درێژایی شەو ئاگای لە شپرزەیی گوڵمحەمەد هەبوو و لەباری دەروونی ئەو تێگەیشتبوو. بەڵام ئەوەی

کە ئەو پەرێشانیەی دەروونی گوڵمحەمەد ڕێ بەرەو کام مەبەست دەرباز ئەکات لە ستار شاراوە بوو. ئەیتوانی وای دابنێ گوڵمحەمەد لەو تووڕە بوو. بەڵام... گریمان واش بێ! ئایە گوڵمحەمەد توانای ئەوەی نەبوو کاردانەوەیەکی شیاوی هەبێ؟ ڕەنگە نییەتی! بەڵام... هەرچی چۆن بێ، ئەم بیرکردنەوەیە بێهوودە بوو و بە هیچ کوێیەک نەئەگەیشت. بۆیە ستار بەباشی زانی خامۆش بێ و هیچ نەڵێ، تا ئەنجامی کارەکە بە کوێ بگات.

ڕێگە گۆڕا.

گوڵمحەمەد توولەڕێکەی گرتبوویە بەر و ئەسپەکەی ستاریش خۆبەخۆ بە دوای قەرەدا، سەر لە لای کلک ئەڕۆیشت. گەونەجاڕ. چاڵووک و کاوێر و تەنگز. کەند و ئاودڕ لێرە و لەوێ. با لە وشکاڕۆی گەونەجاڕەکەدا ئەیهووژاند و سمدەستی ئەسپەکان لە نەرمە خاکەکە ڕۆئەچوو و دوو پیاو، خۆیان بە سەر بەرکۆی زینەکەدا دانەواندبوو، شەو و بیابان و گەونەجاڕیان بە لێبڕاویەکی نەناسراو تێئەپەڕاند.

لەبن گردەکە، گوڵمحەمەد دابەزی و وەک بڵێی بۆ دڵنیایی، دەستی خستە سەر ماوزێڕی بەر پشتێنەکەی و پاشان لە کاتێکدا قایشی بڕنەوەکەی ئەکردە شانی، دەسکەوساری ئەسپەکەی گرت و قیرقاج بە هەورازەکەدا سەرکەوت. لە سەر یاڵی گردەکە ئاوڕێکی دایەوە و ڕوانیە هاوپێکەی. ستار بە دژواری پێی هەڵئەگرت و سەرئەکەوت. گوڵمحەمەد بە خامۆشی لێی ئەڕوانی. ستار گەیشت و وەستا.

دوو پیاو بە دوو ئەسپەوە لە سەر تەوێڵی گردەکە ڕاوەستابوون و بە بێ ئەوەی -لانیکەم بە گومانی ستار- ئامانجێکی ڕوونیان هەبێ، با شاقەلەکانیانی ڕائەوەشاند. ستار کە خەو بە تەواوەتی لە چاوی تۆرابوو، نیگای، دڕی بە تاریکیەکە ئەدا و دەستەکانی لە ناو گیرفانیدا قووچاندبوو، کاکیلەکانی بە بێ ئەڤان ڕێک ئەگووشران، کەوانی پشت و شانی داشۆڕاوی بە ئاشکرا دیاربوو و، بڵێی نەڵێی لە بەر خۆیەوە ئەلەرزی.

هەرچەند کۆتایی شەوی پایزی ئەیتوانی پیاو بلەرزێنێ، بەڵام

لەرزینی لەشی ستار زیاتر بەرەنجامی پێواری و نەزانراوی ئەو کات و ساتە بوو تێی کەوتبوو. پێواری و نەزانراوی. لەم کاتەدا تەنها شتێک ئەیتوانی ئارامشی پێ ببەخشێ. ئەویش ئەوەی بیزانیبا چی بە مێشکی گوڵمحەمەددا ڕائەبرێ و، بیزانیبا بڕیار چییە و چییان لەپێشە و چ ڕووداوێک ئەیەوێ ڕووبدات؟ ئەگەر وتاردانێکی دوور و درێژیش لە پیش بوایەت، دیسانەوەش لەو دارەتەی کە هەبوو، ورووژێنتر بوو. ئەوەی کە کوشندە بوو، نەزانین بوو. ئەوەی کە ئەشکەنجەی گیانی ستاری قورستر ئەکرد مووش کردنەکەی گوڵمحەمەد بوو کە ڕێگەی لە هەر شێوە وتووێژێک بەستبوو. چونکە کابرای بیابانی ئەوەندە دژ و سارد و تووڕە خۆیای ئەکرد کە دەرفەتی هەموو جۆرە دوانێکی لە ستار گرتبوو.

ون و خامۆش، دوو پیاو و دوو ئەسپ، هێمایەکی جیهانی کۆن. وەستاو لە سەر تەوێڵی گردێکی بەردەڵان وا پێئەچوو هیچیان نازانن بۆچی لەوێن؟

ــ ئاگر!

لە خامۆشی مەرگدا، گوڵمحەمەد ئەمەی وت و کەوتە کۆکردنەوەی پووش و پەڵاش و لە چاو لێکنانێکدا ئێزنگ کەڵەکە بوو. ستار پێی نایە سەر ئێزنگ و گوڵمحەمەد بە تەڵە شقارتەیەک ئاگری تێبەردا. بۆ ئەوەی لێژنە گەون با نەیبا، ستار چەند بەردی نایە سەری و گڕ لە میانەی پیاوەکانەوە بڵێسەی کێشا. دوو پیاو بە دەوری ئاگرەکەوە. ئەمجار ئەیانتوانی چڕوچاوی یەکدی لە بەر لەرینەوەی بڵێسەکاندا ببینن و سەیر بکەن. بەڵام ئەوەیان کە جەربەزەی ئەو کارەی ببوایە، ستار نەبوو. گوڵمحەمەد ڕوانیە چاوەکانی ستار. بڵێسە لە بیلبیلەی چاوانی ستاردا گیانی ئەدا و پرووسکی لێژنە گەون لە گوژمی بڵێسەکاندا قرچەی ئەکرد و تێک ئەشکا. دەستی گوڵمحەمەد خۆبەخۆ ئەتوت بەرزەوە ببوو و لە بەر پشتێنەکەیدا دەسکی ماوزێڕەکەی گرتبوو و لە هەمان کاتدا چاوەکانی ئەتوت هەراوتر بوونەتەوە و گلێنەی چاوەکانی لە کالانەدا ئەخولانەوە تا ئەو

کاتەی کە لە سەر تەوێڵی ستار گرسانەوە؛ جووتێک گوڵمێخ!

گومان بێهوودە بوو و ئەوا لێی مسۆگەر ئەبوو خەریکە سزای بوونی، سزای خۆتێهەڵقورتاندن و مێملّ بوونی ئەبژێرێتەوە و، ئەمە لە گومانی ستاردا بێ پێشینە نەبوو. بۆیەش بوو ئەگەر ئەو ناخودئاگا گوڵمحەمەد خانی سەرداری لە قەڵافەت و قەبارەی سەردارێکی جەنگەڵیدا ئەبینی، گوژمی ڕق و تووڕەیی بە ناوچەوانیەوە. تاقە دەرفەت ئەوە بوو، بە خێرایی کەوتنی ئەستێرەیەک هەموو یاران و هاوڕێیانی بەسەرکاتەوە بە ڕووناکی بڵێسەکان لە چاوانی خۆیدا. تامی وشکی دەمی قووت دا و هەوڵیدا ڕاوەستاو بوەستێ، چاوەکانی دادووراوی ئاگرەکە. وەستاوی ڕاوەستاو، نەکا سستی کار بکاتە سەر ئەژنۆکانی و نەکا لەرزینی ترس...! بەڵام نەی ئەتوانی بە سەر لێدانی بێ ئوقرەی دڵیدا زاڵ ببێ و بێگومان ئەم لێدانە بێ ئەمانە، تاودانەوەیەکی لە لەش و چڕوچاویدا هەبوو. ژیان و مەرگ. دڵی مرۆڤ ئەڵێی کات و سات ناناسێ و بەر لە ستار داژوێ و ستارئەگرێ. ستار توانی بەیەک نیگا کوشتنی خۆی سەیر بکات. زۆریش دزێو نەبوو. هەرچەند مەرگ و کوشتن دزێوترین ڕواڵەتی بوون بوو و، هەرچەندە کوشتن بە قورقوشمی گوللەی گوڵمحەمەد، ژانێکی دووپاتەی هەبوو. بەڵام... شەوێکی بەو فراوانیە، ئاگرێکی ئاوا سوور و شوێنێکی ئاوا بڵیند. هەرچی چۆن بێ، ڕوانگەیەکی زۆر بێ نرخ نەبوو. یەکیش ئەوەی کە توانیبووی ڕوخساری خەنیم ببینێ و ئەمەش خۆی ئەی پەڕاندەوە لە سەگمەرگی، بەو جۆرە ناجوامێرانەیەی کە زۆر جوامێر ئەکوژرێن. بەو جۆرە ناجوامێرانەیەی کە زۆر جوامێر کوژران بە شیری پیاوکوژانی سوڵتان مەحموود خانی زوڵفەقاری. لێرە تەنانەت هیوای ئەوەش هەبوو کە پێش تەقەکردن، دەرفەتی ئاخافتنیش هەبێ. بۆچێ نەبێ؟ مەگەر مەرگێکی بەو جۆرە نابێ هۆیەکی هەبێ؟! وانییە؟!

ــ بەس ئەوەم پێ بڵێ بۆچی ئەتەوێ بمکوژی؟! لانیکەم ئەمەم پێ بڵێ!

لە پشت پەردەی دووکەڵ و ئاگرەوە، دوو پیاو چاویان لێک

بڕیبوو و هەردووش لە خەرمانێکی نیگەرانیدا ئەسووتان. دەردی گران ئەوە بوو کە گوڵمحەمەد نەی ئەزانی لەگەڵ ستار چی بکات. ئەگەر بەو باوەڕە بگەیشتایەت کە ئەبێ گوللەیەک بنێ بە ناوچەوانی ئەم پینەچیە بەدفەڕەوە، خۆ ئیتر خەمی نەبوو. چونکە گوللەیەکی پێوە ئەنا و گیروگرفت چارە ئەبوو. بەڵام ڕاستیەکەی ئەو هێشتا نەگەیشتبوویە ئەو بڕیارەی کە ستاری پینەچی ئەبێ بکوژرێ و ئەوەش کە زیاتر تووشی ئەکرد، ئەم دڕدۆنگی و دوودڵیە بوو. چاوەکانی کە بە زەقی سوور ببوون و دەرپەڕیبوون، نیشانەی تا و هەڵچوونێکی توندوتیژ بوو. ئەوەش کە ڕێکی ئەگووشی، ئەو تووڕەییە بوو چنگی لە تان و پۆی دەمارەکانی وەردابوو و نەی ئەزانی چی لێبکا چۆن لەگەڵی ڕێ بکەوێ. تووڕەیی و ماندوێتی و پەرێشانی، هێرشی بە کۆمەڵی هەزارسەر وەهای قوشقی کردبوو، دیار بوو زۆر ژیر بوو کە تا ئەم کاتە پیلکەی دەمانچەکەی نەچرکاندووە و دوای خستووە.

ژیان. تاسەی ژین. بێگومان خولیا و حەزی سەمەرەی ژیان ئەو شتە بوو کە لە قووڵایی ناخی ستارەوە بڵێسەی ئەکێشا و لە دەروویەک ئەگەڕا بۆ دەرباز بوون و لە هەمان کاتدا ئەشیویست بە زێواری تێگەیشتن و ناسینیش بیڕازێنێتەوە. ناسین و تێگەیشتنی هەموو لایەنەکانی ئەنگێزە و هاندەری گوڵمحەمەد لەو کارەیدا کە دەستی دابوویێ. ئەم هەستە سەیرە لە ستاردا، تەنها لە تامەزرۆیی بۆ ناسینی ئەنگێزەی کاری گوڵمحەمەد خۆی نەئەبینیەوە. بەڵکوو ئەم هەست و ویستە بەدەسهێنانی دەرەتانێک بوو لەخۆی و بۆخۆی. ڕەنگە بیانوویەک بوو بۆ کڕینی کات و دەربازکردنی خۆی. ئەوە ڕاست بوو کە ستار خەریک بوو دڵ بدا بە شێوە و شێوازی کوشتنەکەی خۆی. بەڵام گیانمایەی ئەم کارەساتەی ئەوەندە بە پووچ و گاڵتە ئەهاتە بەرچاو کە وای لێئەکرد بە هەموو شێوەیەک کە بۆی کراوە، ڕێگەی مردنەکەی دوور بخاتەوە. کوشتن! مردن بە دەست و گوللەی گوڵمحەمەد! کوژران بەڵام لە پێناوی چ تاوانێکدا؟ مردن لە تاوانی کامە بووندا؟ نەبوون لە پێناوی کامە بووندا؟ کاری نیوەکارە و هەوڵدانی بێسوود؛

جامی مەرگ چۆن بنۆشیٚ؟ نەء، لە لیٚکدانەوەی ستاردا، ئەمە نەی ئەتوانی بە کۆتاییەکی خۆش دابنریٚ یان بە گیان بەختکردنیٚکی بویٚرانە. کۆتاییەکی بەو جۆرە بەس گاڵتەجاڕی بوو و نەخوازە کەمتریش ناپەسەند! سەرەڕای ئەمانەش لە پارەپارەی بیر و ئەندیٚشەی ڕەمۆک و یاوکردووی خۆیدا، ستار هیٚشتا توانای تیٚگەیشتنی ئەوەی لەدەس نەدابوو کە زۆر دژوار نییە و جیٚی سەرسووڕمانیش نییە، ئەگەر یەکیٚک ئەوکارە بکات کە گوڵمحەمەد ئەیویست بیکات. لە هەمان کاتدا بڕوای بەوەش هەبوو کە بۆ کار و کرداری مرۆڤ جگە لە ئەنگیٚزەی ڕۆشن و ئاشکرا، کۆمەڵیٚک زانیاری نامۆ و نەناسراویش هەیە کە ناسینەوەیان دەرفەت و هەلیٚکی دوورودریٚژی ئەویست، لەو تەنگژەیەی ئەو تیٚیدا گرفتار ببوو. بۆیە سەیر نییە ئەگەر گوڵمحەمەدی کەلمیشی لوولەی ماوزیٚڕەکەی بنیٚ بە هەنیەی ستاری پینەچیەوە و تەقەی لیٚ بکات. هەرچەند ئەم ڕیالزمە بەرهەستە ڕیٚگەی لەو تامەزرۆییەی ستار بۆ ژیان نەئەگرت کە نیگەران و بەجۆش لە قووڵایی گیانیەوە هەڵئەقوڵا:

ــ ئەتەویٚ لە سەر سفرەکەت بمکوژی؟!

گوڵمحەمەد دەستی لە سەر دەمانچەکەی هەڵگرت، پەنجەکانی پرواند؛ وەک بیەویٚ پاشەرۆکی تاوانیٚکی لیٚ هەڵوەریٚنیٚ. پاشان ڕووی کردە ئاسمان و وەک لەگەڵ خۆی بیٚ، وتی:

ــ چ شەویٚکی شوومە!

ستار هەستی کرد بە ئاسوودەیی هەناسەی دیٚتەدەر و کاتیٚکە شۆپی نیگای گوڵمحەمەدی گرت، شەوی هەرچەند تۆزیٚ نیگەران، بەڵام بە جوان هاتە بەرچاو. گوڵمحەمەد نیگای وەرگیٚڕا و دوو هەنگاو دوورتر لە ئاگرەکە لە سەر کەڵەکە بەردیٚک دانیشت، قاچە بە ئازارەکەی ئازادکرد و بە ستاری وت:

ــ دانیشە!

ستار ئاگرە دامرکاوەکەی دەوردایەوە، لە گوڵمحەمەد نزیک بوویەوە و باڵیٚکی بمیٚنیٚ بۆ لای، نە زۆر بە ئەرخایەنیەوە، دانیشت و قۆڵی کرد بە قولاپی دەور ئەژنۆکانی. گوڵمحەمەد ئانیشکی دادا.

ڕاکشا. پەنجە لە پەنجەی‌دا، لە خاکە ڕەشەکە ورد بوویەوە. شەوقی بوون، حەزی دەسخستنەوەی گیان، ستاری هان ئەدا وزەی لەبەرماوی، بە ئاخافتن دەرببڕێ. جێگەکەشی بە ناجێ نەئەزانی. بەڵکوو بتوانێ کابرا لەم گیر و گرفتارییە، بپەڕێنێتەوە. بەر لەو بەڵام، گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا، خاچ لە چاوەکانی ستار مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ تۆ کێی... پیاو؟ تۆ کێی؟ بۆ خۆم بە قەرزاری تۆ ئەزانم؟ بۆ دەست بۆ هەر کارێک ئەبەم، چاوەکانی تۆ پشت ملم ئەسووتێنێ؟ بۆچی تۆ بە تێکدەری کار و ژیانم ئەزانم؟! بۆ هەمیشە و لە هەموو لایەک سەر و کەللەی تۆ قیت ئەبێتەوە؟ بۆ ون نابی لە بەر چاوم؟ بۆ لەپڕ دەرئەکەویتەوە. بۆ خۆم بە منەتباری قەردی تۆ ئەزانم؟ بۆچی؟ مەگەر من چکارەی تۆم؟ لە سەر من بە قامچی ئەشکەنجەیان کردی، بۆ لە بن ئەشکەنجەدا ڕاستیت شاردەوە؟ لە بەر چی؟ دلاوەری شوان ئەیویست نیوەشەو بمکوژێ، بەڵام تۆ نەتهێشت! بۆ؟ مەگەر من برای تۆ بووم؟... بۆ هەمیشە لەگەڵ منی؟ تەنانەت ئەو کاتانەش کە لێم ونی، لەگەڵمدای! بۆچی؟ چۆن چویتەتە بەرگی منەوە کە هەمیشە لەگەڵ منی؟ تۆ جادووگەری، چیت؟! بۆ نازانم تۆ کێی؟ بۆ ناتوانم ئەمە بزانم. بەڵام لێت ئەترسم، بۆ؟ لەم هەموو دنیایەدا من تەنها لە تۆ ئەترسم! بۆچی لەتۆ ئەترسم، لە کاتێکا دڵنیاشم تۆ دوژمنی من نیت؟ دوژمنم نیت، بەڵام ناتوانم بە دۆستیشت بزانم! لە دۆستایەتیت ئەترسم. بۆ، بۆ سڵ ئەکەمەوە لە دۆستایەتی تۆ؟ ئەمە چ جۆرە ژیانێکە من لەگەڵ تۆ هەمە؟ یەک! یەک شتی سەیرت هەیە تۆ کە بێزارم ئەکات، ئەم ترسێنێ! دەست لەسەرم هەڵگرە، بەر لەوەی کە...! ئێستە ئەزانی بۆچی ئەمویست بتکوژم؟! نەفرەتم لێبێ! نەمتوانی. سوور ئەو کاتەی کە ئەبوا بتکوژم، نەمتوانی. دڕدۆنگی! دڕدۆنگی! ئەم دڕدۆنگیە ئەمکرۆژێ، ئەمخواتەوە! ئەگەر بمکوشتایەتی مسۆگەر ژێوان ئەبوومەوە. ئێستەش کە نەمکوشتوویت، پەشیمانم! تۆ ئیتر چ گرێیەکی کە نە بەدەست ئەتوانم بتکەمەوە و نە بەددان؟! تەنانەت بە خەنجەریش ناتوانم بتبڕم. تۆ جادووت لێکردووم، نازانم،

لەگەڵ تۆ چی...

خشەخشی خوشانی گیانەوەرێک بە سەر دڕک و داڵ و چەو و بەردی یاڵەکەدا، دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی ستار پشوویەک -هەرچەند بۆ ساتێکی کورت- بدات بۆ خۆ دەربازکردن لە دەستی گوڵمحەمەد. ئاوڕی دایەوە و هاوکات لەگەڵ گوڵمحەمەد چاوی بڕییە شوێنەکە. دەنگی خشەخشەکە ئاشکراتر ئەبوو. هەڵسان. دوو هەنگاو کشانەوە. لای ئاگرەکە گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ شانی و بڕنەوەکەی ئامادەکرد و سیرەی گرت. دەنگەکە کز بوو. تەواو بوو و پاش تاوێک ناڵەی نیوەگیانی پیاوێک لە ناو دەوەنە چاڵووکەکانەوە بەرزەوە بوو:

ـ لەوەزیاتر... ئیتر... نا...

گوڵمحەمەد، بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا. بەڵام ستار قۆڵی بە هەردوو دەست گرت و ڕایوەشاند. گوڵمحەمەد ئاوڕی لێدایەوە. ستار وتی:

ـ من!... با من...

ستار هەنگاوی نایە پێشەوە؛ چەند هەنگاو. لە پەنای دەوەنە گەونێکدا پیاوێک کەوتبوو. بە پەتێک دەستەکانی بەسترابوو و پانەوە ببوو، لە مارمێلکێکی بێڵ لێدراو ئەچوو. تەوێڵی لە خاکەکە چەقیبوو و نیوەگیان.

ـ بیهێنە بەرەوە!

ستار بنباخەڵی پیاوەکەی گرت و بە دژواری سینەی لە خاک هەڵبڕی. بەرزی کردەوە و نزیک ئاگری نیوەسووت بەری دایەوە. ڕوخساری تێکقوپاوی بوژدنی لە بەر کزە ڕووناکیەکەدا بە ئاشکرا ناسرایەوە. ستار وتی:

ـ ئاگری بینیبوو... پیاوی نەگبەت!

لە بێدەنگی گوڵمحەمەددا، ستار لای بوژدنیەوە چۆکی دادا بۆ ئەوەی لە بەر تۆزە ڕووناکی ئاگرەکەدا برین و زامی لەش و سەروچاوی کابرا سەیر بکات. بە قرساندن وا دیار بوو بوژدنی شوێنی ساخی نەمابوو. ستار ڕوانیە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد ماوزێرەکەی بەرەو

ستار ڕاگرت. ستار ماوزێڕی لێوەگرت. گوڵمحەمەد وتی:

ــ بیکوژە!

دەمانچە و دەستی ستار بە ئاشکرا کەوتنە لەرزین. گوڵمحەمەد وتی:

ــ بینێ بە ناوچەوانیەوە!

داماو و بێواز، ستار چاوی بڕییە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد وتی:

ــ خۆتم پێ بناسێنە و پێم بڵێ کێی! لێیدە! بیکوژە!

ستار توانی بڵێ:

ــ پەنای بۆ ئێمە هێناوە، سەردار!

بەڵام شمشێرێک لە دەنگی گوڵمحەمەددا بوو:

ــ خۆتم بۆ دەرخە! بیکوژە!

دەنگی گوللە، ئەسپەکانی ڕاچەناند و گوێیان چاوەڕوانی بەرنجام، قوت بوویەوە. گوڵمحەمەد فەرمانیدا:

ــ یەکێکیتر!

گوللەیەکی تر و مل و گوێی ئەسپەکان جووڵا و ستار بەو قاچانەوە کە ئەتوت هینی ئەو نین و، بەو دەستەوە کە ئەتوت بە شانیدا هەڵواسراوە بەرەو گوڵمحەمەد ڕۆیشت. دەمانچەکەی دایەوە دەستی و هەر لەوێ چۆکی دادایە سەر خاکەکە و بە گریانێکی جەخاراوی شانی کەوتە لەرزین. ئێستە ئەو، ستار، ئەو پیاوەی کە بەو جۆرە بێپەروا لە پێ کەوتبوو، ئەگەر نە بە گوڵمحەمەد بەڵکوو ئەبوا بە خۆی بڵێ کێیە؟ خوێنی ناوچەوانی بوژدنی بە سەر عەرزەکەدا جۆگەلەی بەستبوو و کابرا بە لای ئاگرەکەوە، ئارام خەوتبوو.

ئای... ئای... خۆزگە خوێنت بە چاو نەدیبایە لەمەوبەر، ئەی پیاو!

لە کوێیت و بەرەو کوێیت؟ لە کام گۆڕستانەوە مەرگ سەری هەڵێنا بۆ پێوانی دالانەکان و گەناوەکان؟ لە کوێیت و بەرەو کوێیت، ئەی سەری سەرکێش، ئەی دڵی هەزار مناڵ لە سینەتدا. لە ڕێبازی خوێناوی خاکدا، ئایە ئەوە تۆ نەبووی بە قەمەی سەمەدخان هەزار

جار پارچە پارچە کرای؟ گریان بۆ؟ ئەی لە سەر بانی مزگەوتی شین بەسەد گوللە داگیرای، نیشانەی ئاگر. ئەوسا، فرمێسک بێگانە بوو لەگەڵ چاوەکانت ئەو کاتەی ئەژنۆکانتیان لە باخی ئەتابەک ئەشکاند میراتگرانی زۆڵەزای تۆ. گریان بۆ ستار؟ گریان بۆ؟ لە کام لای ئەم زەوییە ڕواوی، ئەی خاک، ئەی دڵی خاک کە ئەوەندە تەرچک خۆیا ئەکەی؟ نە مەگەر لە خاک، لە خودی خاک؟ کارت بە چی زانیوە و ئەچیتەوە سەر کێ، ئەی کە بە ناوچەوان و ئێسکی ڕوومەتت لە پارە کەرپووچێکی سوورەوەکراو ئەچی؟ کارت بە چی زانیبوو و بنەچەت بە کێ؟ کار و... هەمیش بنەچە!

کار... کار... کار. دەمت بەس وشەی کار ئەتوانێ پڕی بکات. ئەگەر زمانی گێڕانەوەی خۆت هەڵپچڕی و چاوەکانت بە نیگا و بیری کار. تا تەمەنی دەستەکانت، تا یاد و پێچاوپێچی هەزار توێی نیگات، تا شان و یاڵ و ئەژنۆ و شەقی گەردنت، جگە لە کار و کار نازانێ. تێخی سیاوەخش و نێزەی زۆراب، ڕمی ئەشکەبووس و ئەڕابەی داریووش تۆ سازت کردووە. هەمیش قامچی ئەو یەکەش تۆ چنیوتە و زنجیری ئەو هەموو درۆ و شکۆ، لە پێ و دەستی تۆ ئالا. خەسرەو و کۆشک بە دەستی تۆ دروستکران، بە بوون و یادگاری تۆ. مووزەی نادری و بەڵەکی تەیمووری، ڕێگەی هەورێشم و نەخشی شینباوی پەرستگەی خوا، بوونیان لە بوونی تۆ پەیدا کردووە ئەی کاروانکوژەی شەوانی دووری دەشتی شۆر. شوانی ڕانەکانی میرهەزار و وەرزێری کێڵگەکانی جیرۆفت. جارێکیان تۆش لە بن دیواری هەماراو لە دایک بووی. ڕەنگە شاگردی کردنت لە کورەخانەی ئەو ڕۆژگارەش بە هەتیوی بوو. تەمەنت ئەگاتە هەزاران و، شوێنی لەداکبوونت بە هەزار دوورگەی نەدۆزراوە. لە سەر شانەکانت جێ نیشانی کەژاوە، مۆر و نیشانی کۆیلەتی. لە بەڵخ کۆیلە بوویت لە خزمەتی تەکینەکان، لە شووش بەردتاش بوویت و لە هەورامان ئەسپت لەوەڕاندووە و لە هەمان نیوەڕۆی گەرماژۆدا تەونکەرێکی پسپۆڕ بووی لە مەڵبەندی کاشان. تۆ سەدجار، سەد سەدجار لەدایک بوویت و مردی تا لەدایک ببیتەوە. سەدجار. سەد

سەدجاران بوون و مردن!

«زۆرتر... زیاتر... بوون و مردن؛ بوون و مردن!»

لە کار و جەنگ؛ لە جەنگ و کار. شەڕت کردووە، بەشەڕ دراوی. تا سەقلاو و ڕۆم و پیشاوەر، بەو لەزەی کە ئەڕابەکانی شەراو. لەوێ لە ئاستانەی خاک و لە بەردەمی ئاودا قوربانی کراوی. جەیحوون و هاموون و حەوت زەریای شینکی مەیدانی ڕمبازی بازوانت لە ململانێی شەپۆل و سەوڵ. پاشان گەڕایتەوە بۆ ڕوخساری سپەرێکی زەنگباری. شمشێری بێخەمی ئەسکەندەر، ڕاست لە دڵت چەقیوە مەستی شەرابی سەرکەوتن. جارێکیتر، قوربانی سەرکەوتن، قوربانی پێشکەشی سەرکەوتوو. شاکان لە سەر خوێنی تۆ، لە خوێنی تۆ، بە خوێنی تۆ بوو کە جامیان لە جام دا. چیرۆکی ئەسکەندەر و دارا بەڵام، لە سەر پێستی پۆرگ بەستووی تۆ نووسرا.

«من دیسانەوەش زیندوو بوو، تا دیسانەوە...»

ئەوسا هێرش. تۆ قوربانیت، دیسانەوە تۆ. تۆ ناڵی ئەسپت دروست ئەکرد و دەستێکت بەکاری دروستکردنی چەرخ و پەڕی ئەڕابەوە خەریک بوو لە هاتوچۆی قەحبەکاندا. سەگێک لە بن ورگی ئەسپەکەی ئەنووشەدا ڕای ئەکرد، ئەوسا کە تۆزێکی سوور بەرز بوویەوە سوور وەک بڵێسەی ئاگر، لە ناخی ئاگرەوە. ئاتەشگە ئاگری تێبەردرا. لەوێ قوباد ڕەشی لە بەر کردبوو، مەرگی میراتی باپیران. لەوێ ئەنووشە بە ئارامی بەرگی خاکی لە بەر کرد. خاک بوو بە سیاچاڵ. چاڵەوچاڵ لە گۆڕەپاندا، بە سەد سەد ددان و ددان و ددان. لەوێ لە سەرەوە خورای بۆ بنی خاک. بڕوانە!

ــ «ئەو لەشکرەی کە پێشڕەوەکەیان یەکی وەکوو تۆ بێت، خەڵاتی لەوە باشتریان شیاو نییە!»[٤]

٤ـ لە پەراوێزی ڕۆمانەکە نووسراوە کە قوباد ئەمەی وتووە. هەرچەند ڕووداوەکە لە سەردەمی قوباددا ڕووی داوە، بەڵام زۆر سەرچاوە ئەڵێ کە ئەوە قسەی نەوشیروانە. بۆ نموونە خاجە نزامەلمولک، سەدەی یانزەی زاینی، لە پەرتووکی سیاسەتنامەدا نووسیوێتی، ئەمە گوتەی نەوشیروانی کوڕی قوبادی یەکەمە. واتە کاتێکە مەزدەکی بامدادان داوای پێغەمەرێتی ئەکا، نەوشیروان داوا لە باوکی

«من لەو نیوەڕۆ گەرماژۆیەدا خورام و ئەمجارەیان نازانم لە کوێ لەدایک بوومەوە!»

نازانم لە هێند بوو یان لە کوێ ژەهری سوجەمار لێیدام. کاتێکە هەڵسامەوە سوارەکانم بینی لە باشتینەوە بەرەو مەراغە داژووتن. لەوێ بوو کە من سەری خۆم کرد بەدارا. پاش ئەوە بوو تەیموور ملی شکاندم و مۆغەرەی پشتی ڕاخستم تا بە ناڵی پۆستاڵی نادر بهاڕدرێ. نازانم، نازانم شا سمایل بوو یان ئەویتر ناچاری کردم بۆ کوشتنی سونییەکان شمشێر دروست بکەم و پاش ئەویش یەکیتر بوو، نازانم کێ، فەرمانی دا خەندەک لێدەم بۆ شاردنەوەی تەرمی شێعەکان. بە سوننە کوشتم، بە شێعە کوژرام. بە شێعە کوشتم، بە سوننە کوژرام. کوشتم و کوژرام. قەڵاتم ڕووخاند و قەڵاتم ساز کرد. کڵاو پێستەکەی قولی میرزا زۆر گرانبایی بوو. جبەخانە... زرێ و جبە... زرێی بەری شاروخ میرزا کاری من بوو. نازانم، نازانم. دەستەکانم لە کوێ لێ ون بوو و لە کوێ دۆزیمەوە.

سەرم زۆر قەرەباڵخە، زۆر. نایەتەوە بیرم بەڵام ئەوە زۆر باش ئەبینم کە چاوەکانیان لە کالانە دەرهێنام، بە گوڵمێخ. من لە لای خەرمانێک چاوی ڕەشەوە نێژرام. بەڵام دەستەکانم، نازانم دەستەکانم لە کوێ ون کرد. دەستەکانم، دەستەکانم؛ کاتێکە لە ڕەزەکەی چناران پێمەڕەم لێ ئەدا، کەللە سەری خۆم دۆزیەوە. پاش ئەوە بوو کرام بە

---

ئەکا مەزدەک بداتە دەس ئەو. پاشان پەیام بۆ مەزدەک ئەنێرێ و داوای لێ ئەکا ناوی یارانی خۆی بۆ بنووسێ. واتە ئەگەر ژمارەیان کەمە با زیادی بکەن و ئەگەر ژمارەیان زۆرە با وەکوو ئایینێکی تازە کە ئەویش ئەیەوێ ببێ بە لایەنگریان، ڕای بگە یەزدانناس. مەزدەک ناوی دوانزە هەزار لە یارانی بۆ ئەنووسێ. نەوشیروانیش فرمان ئەدا بیانگرن و بیست بیست بیانکەنە ژوورێکەوە، ڕووتیان بکەنەوە و سەرەوەخوار و قاچ لە حەوا، هەتا ناوقەد لە مەیدانێکی بەرفرەدا بیانچەقێنن. لە کۆتاییدا مەزدەکیش بانگ ئەکا و پێی ئەڵێ:

«ئەو لەشکرەی کە پێشڕەوەکەیان یەکی وەکوو تۆ بێت، خەڵاتی لەوە باشتریان شیاو نییـە!» پاشان مەزدەکیش تا پشتێنەی لە عەرز ئەچەقێنن و نەوشیرەوان پێی ئەڵێ:

«جا تۆیش بۆ خۆت سەیر بکە!»

ڕۆنگر. لەوێ ڕۆن گەرچەکم ئەگرت و هاوپێی ئەسپ ئەوەندە بە دەور چەرخەکەیدا گەڕام تاگێژوحۆل بووم. لە ڕۆنگرخانە کە هاتمە دەرەوە ئەوەندە گێژ بووم دنیا بە دەوری سەرمدا ئەخولایەوە. ئەوەندە حۆل بووم نەم ئەتوانی دەوروبەری خۆم ببینم. وتیان سەردار سپا لە نزیک خێوەتەکانی شێخ خەزعەل لە بیرە نەوتێک هاتۆتە دەرەوە. لێرەدا بوو کە تفەنگەکەیان لێوەرگرتم و ناچاریان کردم شوێن بۆ داربرجی پەمپی تازەی پەترۆڵ هەڵکەنم. ئەم داربرجانە لە سەرووەکانی باخی دڵگوشا نەئەچوون. من دەرەلنگەکانم هەڵکرد، کڵاوی بەختیاریم لە سەر هەڵگرت و کڵاوێکی بە وریشەی ئاسنم کردە سەرم و نازانم چ کات بوو کە بیری نەوتەکە ئاگری گرت، کاتێکە هاتمەوە بە خۆما لە دەوروبەری سەبەلان بووم و بینیم خەریکم زەوی هەڵئەکەنم تا تفەنگێکی یادگاری حەیدەرخان لە بن خاک دەربهێنم. من لە کەناری ئاراس کوژرام ئەمجارە و تینوو بووم. کاتێکە هەڵسام هەوا بۆقی کردبوو. هەستم ئەکرد خەریکم ئەخنکێم. چاوەکانم کردەوە و بینیم لە ئازەربایجانم و خەریکم پینەچیەتی ئەکەم!»

ــ باوک و دایکت؟!

ــ باوک و دایکم نەبووە!

ــ چی؟

ــ لە بیرم نییە هەمبووبێ!

ئەسپەکان پەلەیان نەبوو لە ڕۆیشتندا، چونکە سوارەکان بە لەز نەبوون. دڵ بە دڵ و ڕووی گوتەیان لە یەک بوو. بێ بڕوا و بێ دوو، گوڵمحەمەد لە سیلەوە نیگای پرسێنەری بڕیبوویە ستار و چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی زیاتر بوو. ستار شوێن قسەکەی خۆی گرت:

ــ ڕەنگیشە دایک و باوکم هەبووبێ. بەڵام وابزانم... یان کوژراون یان لە ئاراس خنکاون. ئیتر هیچ هەواڵێکم لێیان نییە، هیچ!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەگەر ئەوەندە قیرسیچمە نەبوایەتی، ئەبوا بۆت بگریم!

ستار بە تەوسەوە وتی:

ــ ئێستە بەڵام بۆ ئەوە ئەشێم پێم پێبکەنی؟

ــ ها؟!

ستار نەک بە گوڵمحەمەد، وتی:

ــ پێکەنینم بە خۆم دێ!

ــ لە چی؟

ستار وتی:

ــ لەوەی کە بەو ئاسانیە بوژدنیم کوشت!

ــ نارەحەتی؟

ــ بێ خەمیش نیم!

گوڵمحەمەد چاوی بڕییە بەردەمی و وتی:

ــ منیش حەزم لە کوشتنی ئادەمیزاد نییە. بەڵام ناچار ئەبم.

ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد و پرسی:

ــ ئەگەر من بە قسەم نەکردایەتی، چیت لێ ئەکردم؟

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە ستار بداتەوە وتی:

ــ خۆم ئەمکوشت!

ــ ئەی بۆ منت ناچار کرد ئەو کارە بکەم؟

بەو نەرمیەی کە ئەسپەکان ئەڕۆیشتن، هەل و دەرفەتی ئەوە هەبوو گوڵمحەمەد ڕوو وەرگێڕێ و بڕوانێتە ستار کە لە ڕێکیەوە ئەسپی داژووت:

ــ ئەتەوێ لە دوورەوە دەس بگری بە سەر ئاگرەکەوە؟!

ــ نەء!

ــ ئەی بۆ دەستت ئەلەرزێ؟ بۆ ئەترسی لە نزیکەوە بەشداری بکەی؟

ــ بۆ نزیک بوونەوە، بۆ بەشداریکردن ئەبوا بە مسۆگەری بکوژم؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ مسۆگەر! کاری ئێمە بووە بەمە. بووە بە ئۆباڵی ئەستۆمان ئەم کارە. شەریکی ئێمە بوون واتە ئەمە. واتە کوشتن! دڵنیام تۆ وات

بیر نەکردۆتەوە کە خەریکی ئەبی بە هاوبەشی بەشکۆیەکی بازرگانی! خۆ وا بیرت نەکردبوویەوە؟! تا ئێستە مرۆڤت کوشتبوو؟

لەبری وەڵام، ستار قەڵامەیدانی پیشان دا و بانی ماڵێک کە ئاگر بڵێسەی ئەکێشا؛ بانی سەرای سەردار! ئەبێ چی ڕووی دابێ؟ چ بووە؟ دەرفەت و کاتی وەستان نەبوو. دایانە غار. دەرکەوت ئاگرەکە نیشانە بووە. سەرا تێکچڕژابوو و قەڵامەیدانیش خەریک بوو تێک بقرمێ. هەموو لە خەو ڕاببوون و بە شپرزەیی بە هەموو لایەکدا ئەرۆیشتن و لە گوڵمحەمەد ئەگەڕان.

ــ چی ڕووی داوە؟!

شێتی تووڕەیی، خانمحەمەد لە وەڵامی براکەیدا وتی:

ــ نەجەف ئەرباب کادێنەکەی ئاگرداوە، دوو جووتیارەکەی لە کادێنەکەدا حەپس کردووە بۆ ئەوەی بخنکێن. پاشان کەوتۆتە بانان و هاوار و هەرا کە کەلمیشیەکان هاتن و تاڵانیان کردم و ماڵەکەمیان ئاگر تێبەردا و کوشتیان و ڕۆیشتن!

ــ کێ هەواڵەکەی هێنا؟

ــ حەیدەری مەلا میعراج. پەزیان لەو نزیکانە بووە.

ــ ئێستە لە کوێیە؟

ــ ئەوەتا، لای سەرتەنوور!

گوڵمحەمەد هەنگاوی بەرەو سەرتەنوور نا و هاواری کرد:

ــ زین کەن!

بێنە و بەرە، زین و بەرگ. فەرتەنە. هەموو چالاک و گورجوگۆڵ بە کردەوە و بە کردار. کەم بە گفت و پڕ بە کار. بە چاوتروکانێک لەدەرگا دەرکەوتن. دواین کەس گوڵمحەمەد بوو کە چۆخەی لە بەر کردبوو و خەریک بوو پێ لە ئاوزەنگی بنێ، دەستی بە یاڵی شەودیزەوە.

ــ تۆ سواری بادی ببە، گوڵمحەمەد! قەرە دابنێ بۆ من! دەنگی ماراڵ.

گوڵمحەمەد ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە. ماراڵ لە سەر بەرزترین

پێپلیکانە وەستابوو بە بەژن. بڕنەو بەدەست، دوو ڕیز فیشەکی ڕاست و چەپ، مناڵەکەی دابەستراو بە کۆڵیەوە؛ وەکوو تاوسێک لە ڕووناکی تەماراوی کازیوەی سپێدپەهنا، باڵی بە شانازییەوە پەخشان کردبوو. گوڵمحەمەد خامۆش و حەپەساو، لە بەژن و باڵای ژنەکەی ڕامابوو. مارالیش بە هەمان شکۆ، هەنگاوی نا بەرەوخوار و وتی:

ــ پێکەوە!

کۆتایی بەرگی حەوتەمی کەلیدەر

# بۆ بەرگی ٨

٢٤٧٦
کەیدەر
بەرگی حەوتەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و. سیامەند شاسوارک